# بازیل نیکیتین

# و

# کوردناسیی

## بەرگی یەکەم

نەجاتی عەبدوڵڵا

*لەفرەنسییەوە کردوویە بەکوردی*

*و پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیووە*

٩٥٦,٦٦٧

ب ٢٣٤ بازیل نیکیتین و کوردناسیی/ وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. ـ سلێمانی: (چاپخانەی شڤان)، ٢٠٠٤.

ب.١ (٢٧٢ل)، وێنە، ١٤,٥×٢٠,٥سم.

١. عێراق ـ کوردستان ـ مێژوو. أ. نەجاتی عەبدوڵڵا (وەرگێڕ).

- زنجیرە: ٤
- ناوی کتێب: بازیل نیکیتین و کوردناسیی
- بەرگی یەکەم
- بابەت: کۆمەڵێك گوتار
- وەرگێڕانی لەفرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا
- تایپ: وەرگێڕ
- بەرگ: قادر میرخان
- چاپخانە: شڤان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ٤٤٢
- چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

لەبڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

# پێشکەشە بە:

یادی پیرۆزی

مەلا سەعید قازی کوردستانی،

مامۆستای زمانی کوردی بازیل نیکیتین،

کە بەشی زۆری بەرهەمە

کوردناسییەکانی نیکیتیین،

بەرهەمی قەڵەم و زادەی مێشکی

ئەم رووناکبیرە

کوردە

ناو وونبووەن.

وەرگێر



بازیل نیکیتین و هاوسەرەکەی

# پێڕەست

لاپەرە | بابەت


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| 1- پێشەکی وەرگێر ........................ | 9 |
| 2-یادێک لە مەلا سەعیدی شەمدینانی........................ | 12 |
| 3-سەرچڵێک لە ژیان و کارە کورناسییەکانی بازیل نیکیتین... ........................ | 17 |
| 4- بیبلیۆگرافیای کرۆنۆلۆژی کارە زانستیەکانی نیکیتین لە بارەی کوردەوە........................ | 28 |
| 5- کوردەکان باسی خۆیان دەگێرنەوە........................ | 38 |
| 6- والیەکانی ئەردەلان........................ | 68 |
| 7- شەمدینان........................ | 108 |
| 8- ستایشێکی کوردیی سوننیزم........................ | 122 |
| 9-حکایەتا دەروێشی کوردی سلێمانی و موجتەهیدی کەربەلایی ........................ | 145 |
| 10- بابەتە ئایینییەکانی ناو تێکستە کۆکراوەکانی بازیل نیکیتین........................ | 161 |
| 11- حەکایەتا سۆتۆ و تەتۆ........................ | 188 |
| 12- بەدرخانی........................ | 213 |
| 13- برادۆست........................ | 217 |
| 14- گۆرەمار........................ | 221 |
| 15- بەهلوول........................ | 229 |
| 16- رەواندز........................ | 230 |
| 17- ئەلبووم ........................ | 235 |
| 18-ئیندێکسی ناو و شوێنەکان........................ | 253 |

# پێشەکی وەرگێر

هاوزمانە خۆشەویستەکانم،

یەکێك لەو کارانەی کە بۆ دەوڵەمەندکردنی هەر زمانێك پێویستە رەنگە بە پلەی یەکەم کاری وەرگێڕان بێت. بێگومان ئەم کارە بۆ کورد لەوانەیە سەد هێندە و هەزاران هێندەی نەتەوەکانی دیکە پێویست تر بێت. من نیازم نییە قسە لەبارەی گرینگی وەرگێڕانەوە بکەم، بەڵکو نیازمە قسە لەسەر هەژاری کتێبخانەی کوردی بکەم کە لە ناوچەکەدا لە کتێبخانەی هەمووان هەژارتر و پەرپووتترە.

کوردناسیی ئەگەر بۆ رۆژهەڵاتناس و کوردۆلۆگەکان هەر ئامانج و مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە بووبێت، بەڵام بۆ کورد هەرچۆنێك بێت "تا رادەییك" بە خێر شکاوەتەوە و کەم و زۆر برێك لە حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی مێژووی کوردیان رووناك کردۆتەوە، هەر ئەوان زۆر دەستنووس، بەیاز و لاپەرەکانی مێژووی ئێمەیان لە فەوتان رزگارکردووە، کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەمرۆ حەشارگەکانی مێژووی وڵاتەکەمان زۆر لەوەی ئێستە تاریکتر دەبون. بەڵام ئەوە نابێ بەو مانایە بێت کە هەرچی "ئەوان" نووسیان و گووتیان بکرێنە "نووشتە" . لە ناو کوردۆلۆگەکاندا زۆریان بە مەبەستێکی دیکە کاریان لەسەر کورد کردووە، بەڵام لەناو ئەمانیشدا تاکە تاکەیان هەبوون کە عەشقی نوسین و لێکۆڵینەوە راپێچی ئەو بوارەی کردبوون، رەنگە نیکیتین یەکێك لەو کوردۆلۆگە دەگمەنانە بووبێت کە بکەوێتە ناو ئەم خانەیەوە.

نایشارمەوە لە وەتای لە پاریس گیرساومەتەوە ئاشناییم لە گەڵ نیکیتین پەیداکردووە و کەم و زۆر ئاگام لە بەرهەمە کوردناسییەکانی ئەم زانا گەورەیە بووە، کە لە دوای خۆیەوە بەرهەمێکی زۆری بەجێهێشت. وا بۆ پێنج ساڵ زێتر، من ناوە ناوە خەریکی وەرگێڕانی کارەکانی نیکیتینم و ئەم بەرگی یەکەمەش بەرهەمی کارکردنی ئەم چەند ساڵەیە و بەرگەکانی دیکەش ئەگەر عومری شیرین باقی بێت لە دەرفەتێکی دیکەدا بڵاویان دەکەینەوە.

ڕەنگە ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زێتر پێویستمان بە ناوەندێكی تایبەت بە كوردناسیی هەبێ كە لە ناوەوەی كوردستاندا كار بۆ وەرگێران و بڵاوكردنەوەی ئەو بەرهەمانە بكات كە لەسەر كوردەوە نووسراون. ئەمڕۆ بە زمانەكانی : ئینگلیزی، فرەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی و زۆر زمانی دیكە بە سەدان كتێب و گووتاری چاك و بە كەڵك هەن كە پێویستە بە بێ دەستكاری و وەكوو خۆیان بكرێن بە كوردی، سەفەرنامەكانی سەدەی هەژدەهەم، نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی ئاوروپاییەكان – كە تا ئێستا هیچ شتێكی ئاواییان لێنەكراوەتە كوردی– لە ڕووی مەتریال و كەرەسەی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەبی و زۆر لایەنی دیكەی ژیاری كوردەوە دەكرێ خزمەتی زۆری كتێبخانەی كوردی بكەن، كە لە هەموو ڕوویێكەوە پێویستی بە دەوڵەمەندكردنە.

ڕۆژهەڵاتناس و كوردۆلۆگەكان سێ سەدە زێترە لە سەر ڕۆژهەڵات كاردەكەن و عەقڵی ئێمە دەخوێننەوە، سێ سەدە زێترە ئێمە هەڵدەسەنگێنن، تۆ بڵێی ئەمڕۆ كاتی ئەوە نەهاتبێ كارەكانیان وەربگێڕینە سەر زمانی كوردی و ڕوانینەكانی " ئەوان " بۆ كورد بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە بخوێنینەوە؟ تۆ بڵێی كاتی ئەوە نەهاتبێت ئێمە كار لەسەر خۆمان بكەین و ئەگەر بە نیازین نەتەوەی كورد دروستبكەین با هەرهیچ نەبێت خۆمان بناسین و بتوانین خۆمان بخوێنینەوە تا بوارێك بۆ " عەقڵ " و مەودایێك بۆ ناسینی خۆمان بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین هەر هیچ نەبێ لەو بازنە بۆشە دەربچین كە لەوەتای هەین تێیدا دەخولێینەوە.

هاوزمانە خۆشەویستەكانم،

من كە ئەم بەرهەمانەی نیكیتین دەكەمە كوردی زۆر نیازمە لێكۆڵەرەوەكانی مێژووی كورد بە كارەكانی نیكیتین دابچنەوەو كاری زێدەی بخەنە سەر. حەزدەكەم بەر لەوەی خوێنەر بچێتە ناو خوێندنەوەی بابەتەكان لەوە ئاگادار بێت كە ئەم بابەتانە لە دید و ڕوانینی بێگانەیەكەوە نووسراون و بەرهەمی سەردەمی خۆیانن، بۆ خوێنەری فرەنسەوی زمان نووسراون و مامەڵە لە گەڵ ئەقڵی خوێنەری ئەم زمانە دەكەن. من نازانم چەندە لە وەرگێرانی ئەم بەرهەمانەدا سەركەوتووم، با ئەمە بۆ خوێندەواران جێبهێڵم و بڵێم لە هەر جێگەیەكیشدا

سەرکەوتووم، با ئەمە بۆ خوێنەواران جێبهێڵم و بڵێم لە هەر جێگەیەکیشدا ناتەواوی یا هەڵەیەك لە وەرگێراندا هەبووبێت ئەوا تەنها یەخەی ئێمە دەگرێتەوە.

دواجار حەزدەکەم لێرەدا سوپاسی زۆری هاوڕێی خۆشەویستم عەبدوللا مەردوخ بکەم کە ئەزیەتی کێشا و دەستنووسە کوردیەکەی خوێندەوەو لە راستکردنەوەی برێك هەڵەدا کۆمەگی پێکردم، بە تایبەت لە وتاری والیەکانی ئەردەلان، کە راستکردنەوەی زۆربەی ناوی ئێل و شار و دەڤەرەکان لە سایەی ئەوەوە بوو. دواجار لە چەند جێگەیەکدا تێبینی لەسەر بابەتەکە نووسیبوو و من هەرچی تێبینیەکی ئەو بوو لە پەراوێزدا بە ناوی ( ع.مەردوخ) ەوە نووسیوومەتەوە. هەروەها سوپاس بۆ هاوڕێ ی هێژام ئەمیری حەسەنپوور کە بە سوپاسەوە وێنەکەی نیکیتین و هاوسەرەکەی بۆ هەناردم لە گەڵ یەك دوو وێنەی مەلا سەعیدی کوردستانی کە لە National Armey Museum وەرگیراون. دواجار ئەگەر ئەم بەرهەمە کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی بگرێ زۆر شادمان دەبم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەجاتی عەبدوللا

پاریس 17-02-2004

# یادێک لە

# مەلا سەعیدی شەمدینانی

***(1918-1885 )***

مەلا سەعیدی شەمدینانی، یا وەکوو مەلا سەعیدی قازی کوردستانی ( 1885–1918)  یەکێکە لە رووناکبیرە ناو ونبووە کوردەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم. مەلا سەعید  بە فارسی لە بارەی ژیانی  خۆیەوە بە خۆی  نووسیوویە:

> " بەندەی حەقیر، قازی کوردستانی، مەلا سەعید لە هەرکیەکانی بێناژی شارۆچکەی نەهری، ناوەندی قەزای شەمدینانم. ماوەی دە ساڵ لە تەکیەی شێخ موحەمەد صدیق و کورەکەی سەید تەها سەرقاڵی وانە وتنەوەی زانیاری بووم".[1]

www.zheen.org

بەداخەوە ئێمە لە باری ژیانی ئەم رووناکبیرە زانیاریەکی ئاوامان لەبەردەستدا نییە، بە قسەی نیکیتین ساڵی 1915 کاتێك مەلا سەعید فەتوای دژ بە فەتوای جیهادی راگەیندراوی عوسمانی دەرکردووە تەمەنی 30 ساڵ بووە، بەمپێ یە دەبێ ساڵی 1885 یان بەلای کەمیەوە لەم دەوروبەرانە لە دایك بووبێت.[2] چ

1  Mackenzie, D, N., The Kurdish of Mulla Said Samdinanî, In The Journal of Kurdish studies, volume I, Ed. Peeters Press, Louvain 1995, p. 1.

2 Ibid p. 2.

ڕێکەوتێکە هەر لە هەمانساڵ خۆیی و نیکیتین ساڵی 1885 ئەویان لە پۆڵەندا و ئەمیشیان لە شارۆچکەی نەهری لە دایکبوون.

*زستانی 1914–1915 مەلا سەعید لە بارەی ئەو فەتوا پێچەوانەی دژ بە فەتوای کوشتنی مەسیحیەکان دەریکردووە بانگهێشتی لای قایمقامی شەمدینان دەکرێ و لەوێ زۆر بوێرانە داکۆکی لە بیرو را ئینساندۆستیەکانی خۆی دەکات،* ساڵی 1915، هەر دوای ئەوەی مەلا سەعید فەتوای دژ بە جیهاد رادەگەیەنێ، راکێشی بەردەم دادگە دەکرێ و لەوێ زۆر بوێرانە داکۆکی لە بیرورایەکانی خۆی دەکات و دەڵێ:

*( ..... با وادابنێین من فەتوام داوە، بەڵام من بەرپرسیار نیم نە بە گوێرەی یاسای ئسلام و نە بە گوێرەی یاسایی مەدەنی، چونکە من نەمبیستووە لە شەریعەتی ئیمە داوا بکات خەڵکی بێوەیی و بێگوناه بکوژرێ، لەو لای دیکەشەوە یاسای حکومیش تا ئێستە فەرمانی کوشتنی نە داوە. بە پێچەوانەوە ئەم یاسایە زێتر مافەکانیان دەپارێزێ....... هەرچی پێوەندیشی بە فەتواو و ئیرادەی iradé سوڵتانیشەوە هەیە پێم وایە سۆز و بیرفراوانی شێخی ئسلام و هەروا دادوەری و رەحمەتی خەلیفە زۆر دوورن لەوەی بتوانن فەتوایێك و فەرمانێك بدەن بۆ کوشتن و تالانکردنی رەعییەت گەلێکی هەژار ( مەسیحییە نەستووریەکان) کە لە وەتای دەورانی موحەمەدی پێغمبەرەوە تا ئێستە هیچکات چەکیان هەڵنەگرتووەو جەنگیان نەکردووە).*[3]

دواتر مەلا سەعید بە دەستبەسەری رەوانەی موسڵ دەکەن، لە ڕێگەدا لە لایەن لایەنگیرەکانیەوە رزگاردەکرێ[4] . هەر لە گەڵ دەستپێکی هێرشی سوپای

---

3 Nikitine., Les Kurdes : étude sociologique et historique, Ed D'aujourd'hui, 1975, p. 222
4 Nikitine.Les kurdes ……op.cit, p. 222.

بنکەی ژین
www.zheen.org

و ئازەربایجانی فارس داگیر دەکات، بازیل نیکیتین دەگوازرێتەوە کونسلی ئیمپراتۆریای رووسیا لە ورمێ، هەمان ساڵ: مەلا سەعید دەبێتە سکرتێر و مامۆستای زمانی کوردی نیکیتین و هەر بە یاریدەی ئەویش نیکیتین یەکەم فەرهەنگۆکەی سەربازی کوردی- رووسی لە ورمێ بڵاودەکاتەوە.

ماوەی ساڵانی 1916 تا کوژرانی لە تەمموزی 1918 کۆمەڵێک گێرانەوەی مێژوویی وسەربوورده و هەقایەتی کوردیی نووسیووە کە بەشی زۆریان بوون بە مەتریال و کەرەسەی کارە کوردناسییەکانی بازیل نیکیتین بە زمانی فرەنسی. مەلا سەعید بۆ نیکیتین هەروەکوو مەلا مەحموودی بایەزیدی وابوو بۆ ژابا. ئەم مەلا رووناکبیرە بە قسەی نیکیتین گووتەنی " کوردێکی راستەقینە " و " خوێندەوار و رووناکبیر " بووە. زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی زانیووە و لە پاڵ ئەمەشدا زمانەکانی: عەرەبی، تورکی و فارسیشی زانیووە. بە گوێرەی ئەو چەردە زانیاریانەی لە ژێر چەند وێنەیەکی دەگمەنی مەلا سەعید نووسراون و ئێستە لە National Armey Museum پارێزراون هاتووە مەلا سەعید بە " زانای هەرە گەورەی کوردی ناوچەکە"[5] ناودەبات و هەر بە گوێرەی هەمان سەرچاوە مەلا سەعید ( ئینجیل) دەورەی نوێی بۆ مسیۆنی ئامریکایی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی[6]. ئەم مەلا رووناکبیرە بە سایەی نیکیتینەوە کۆمەڵێک بەرهەم و دەستنووسی لە دوا بە جێماوە، کە جگە لە رووە مێژووییەکانیان دەکرێ بۆ مێژووی نووسینی پەخشانی کوردی و رێنووس و زور رووی دیکەی زمانەوانی کەلکی زۆریان ببێ. هەر لەم روانگەیەوە بوو کە ئێمە هەردوو تێکستی چاپکراوی

---

[5] He is the most learned Kurd in the district.

[6] بەداخەوە شوێنەوارێکی ئەم وەرگێرانەی (ئینجیل) کە گوایە لە لایەن مەلا سەعیدەوە کراوەتە کوردی دیار نیە، نازانرێ داخۆ هێشتا هەر دەستنووسە یا چاپکراوە؟ شایەد لە ئەرشیفخانەکانی ئەمریکا یا لە جێگەی دیکە دا رۆژێک بەردەست خاوەنی خۆی بکەوێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە ئەوەیە نیکیتین لە هیچ جێگەیەکدا ئاماژە بۆ ئەم باسە ناکات. بە دوور نازانرێ نووسەرانی ئەم چەند دێرەی مۆزەی نیشتمانی سوپا National Armey Museum مەلا سەعید قازی و دکتۆر سەعید خان یان لێکەڵ بووبێت، کە من لە دڵەوە بە هیوام مۆزەی نیشتمانی سەرچیغ نەچووبێ، وەرگێر.

بنکەی ژین www.zheen.org

کەلکی زۆریان ببێ. هەر لەم روانگەیەوە بوو کە ئێمە هەردوو تێکستی چاپکراوی کوردی ( حەکایەتی سۆتۆ و تەتۆ- 1923)[7] و (حکایەتا دەروێشی کوردی سلێمانی و موجتەهیدی کەربەلایی - 1934 ) کە نیکیتین بەو رێنووسە کوردییەی ئەوکات چاپیکردووە وەکوو خۆیمان هێشتووەوە و دووبارە چاپمانکردنەوە، کە دەشێ لە رووی زمانەوانییەوە کەلکێکی زۆری بۆ زمانەوانەکانمان ببێت. بازیل نیکیتین هێشتا چیرۆکی دیکەی کوردی بڵاوکراوەی مەلا سەعیدی بە شەرح، تێکستە ئۆرژیناڵەکە و تەرجەمەوە بڵاوکردۆتەوە کە بەر بەرگی دووەمی ئەم کارە دەکەون.

کارە کوردناسییەکانی نیکیتین بەشی زۆریان بەرهەمی قەڵەم و زادەی مێشکی ئەم مەلا رووناکبیرە کوردە ناو وونبووەن. ئێستە کە ئەم گووتارانە سەرلە نوێ لە فەرەنسییەوە دەکەینەوە کوردی پێم وایە ئەگەر ناهەقی نەبێ دەبێ ناوی مەلا سەعید لە گەڵ بازیل نیکیتین بنووسین. ئەم مەلا رووناکبیرە، مەلایەکی راستبێژ و رووناکبیرێکی وورییای سەردەمەکەی خۆی بووە.

سەد مەخابن، لە تەمموزی 1918 لە ورمێ بە دەستی کوردەکان خۆیانەوە دەکوژرێ کە تا ئێستە رەوشی کوشتنەکەی زۆر روون نییە[8]. زۆر بە هیوام رۆژێک لە ئەرشیفخانەکەی نیکیتین[9] وشایەد لە لای دیکەش هەموو

---

[7] بێگومان ئەم مێژووانە ، مێژووی بڵاوکردنەوەی تێکستەکانن، دەنا سەردەمی نووسینەوەی هەردووچیرۆکەکە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی 1916-1918 و هەردوو تێکستەکەش لە نووسینی مەلا سەعیدی قازی کوردستانین و بە قەڵەمی ئەم مەلا رووناکبیرە نووسراون، ئەم تێکستانە دەگرێ وەکوو نموونەیەکی پەخشانی کوردیی سەرەتای سەدەی بیستەم لە زۆر گۆشە نیگاوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، وەرگێر.

[8] بە داخەوە سەربوردەی ئەم کوشتنەش بۆ خۆی یەکێکە لە تراژیدیا زۆر و زەوەندەکانی عەقڵی عەشیرەتگەری کورد کە تا ئێستە پەردەی خراوەتە سەر و وەك زۆر دیاردەی تیرۆرکردنی دیکە هەر بە نهێنی ماونەتەوە، وەرگێر.

[9] دەڵێن گوایە سەرجەمی دەستنووسە کوردیەکانی مەلا سەعید کە بە خەتی خۆی بۆ نیکیتینی نووسیوون لە ناو فایلێکی گەورەدا لای نیکیتین پارێزراو بوون و دواتر دوای مەرگی نیکیتین گوایە کەوتوونەتە دەست مەکەنزی و دواتریش تۆمابووا، دوای مەرگی ئەمەی دوایش هەموو

دەستنووسەکانی ئەم مەلا رووناکبیرەمان بەسەر یەکەوە بە ناوی خۆیەوە چاپبکرێنەوە. بەداخەوە بیۆگرافیەکی زیتری ئەم مەلا رووناکبیرەم لە بەردەستدا نەبوو و لێرەدا لە گەڵ دووبارە وەرگێڕانی وتارە کوردناسیەکانی بازیل نیکیتین رێز لە رۆحی کوردانە و ئینساندۆستانەی مەلا سەعید دەگرین و هەزارانجار دیمانەی بە خێر[10].

---

ئەرشیفخانەکەی تۆمابووا لە پاریس دەکەوێتە دەست( کەسێك )کە تا ئێستە سۆراغێکی ئەم فایلەی نیکیتین دیار نییە، وەرگێر

[10] بە داخەوە وەرگێری لە فارسییەوە بۆ کوردیی کتێبی ( کوردو کوردستان ) ی بازیل نیکیتین، کاك خالیدی حسامی ( هێدی) لە پەراوێزی لاپەرە 635 ی کتێبە وەرگێراوەکەیدا زۆری ناهەقی دەرهەق بەم رووناکبیرە گەورەیەی کورد کردووە و دەنووسێ :

*( لە گوندێك بووە بە ناوی ( ئەرگوش)، زەمانی شێخ محمد بارزانی لەوێ دەریانکردووە دیارە کەسیش لە سەر کردەوەی چاك و پەسند دەرناکرێ)*

راستیەکەی مەلا سەعید سالی 1915 لە گەڵ زۆر خانەوادەی دیکەی کورد لە دەست زولم زۆری عوسمانی پەرپووەی ورمێ بووە، ئەگەر ئەم پێوانەیەی کاك خالید راستبێ دەبێ هەموو تێکۆشەرەکانی کوردستانی رۆژهەلات: هێمن، هەژار، زەبیحی و، قزلجی و دەیان تێکۆشەری دیکە ( لەسەر کردەوەی چاك و پەسند ) دەرکرابن.

چ سەیرە وەرگێری کتێبی ناوبراو ئەو هێندە رێز بۆ نیکیتین دادەنێ و لە بارەی مەلا سەعیدیشەوە دەنووسێ ( لە وێشەوە چووەتە موسل، ئیتر لە مووسل زانیویانە کوشتنی لە دەربەدەرکردنی باشترە لەوێ پشوویان لێ بریوە)، بگەرێوە بۆ واسیلی نیکیتین، کورد وکوردستان، وەرگێر خالیدی حسامی ( هێدی)، هەولێر، 1998، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، لا: 635.

# سەرچڵێک لە ژیان و کارە کوردناسییەکانی

# بازیل نیکیتین

## (1885 تا 7-6-1960)

بازیل نیکیتین ساڵی 1885 لە Sosnovitsé ی پۆلۆنستان لە دایکبووە. هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵەکەی نیکتین بەکاری ڕۆژهەڵاتناسییەوە خەریك نەبوون. وەك خۆی گووتەنی لە تافی لاوێتی خوێندنەوەکانی هەر بە زمانی پۆلۆنی و رووسی بوون. گفتوگۆیەکانی مامۆستای زمانی فرەنسی Charles Neyroud کە خەڵکی شاری لۆزانی سوێسرا بووە و تەواوی ناوچەکانی ئاسیای رووسیا l'Asie Russe و دەریای ناوەراستی بەسەرکردبۆوە نیکیتینی بەرەو رۆژهەڵات بزواندووە، دواجار چەند گەشتێکی بۆ کەناری دەریای رەش و قەوقاز، شایستەیی نیکیتینیان بەرەو رۆژهەڵاتناسی دیاریکرد. نیکیتین لەمبارەیەوە لە یادداشتەکانی خۆیدا نووسیوویە: ساڵەکانی 1900--1902 بواری ئەوەم نەبوو سەری کۆنستانتینۆپل بدەم، بەڵام دووجاران دەرفەتی ئەم هەبوو سەری (قرم) بدەم. لە سەفەری دووەم جاریدا لە قرمەوە دەچێتە سێباستۆپۆل و لە وێشەوە بۆ یالتا، لەوێ خۆی لە ناو کۆمەڵێك خەڵك دەبینێتەوە، تەتەرو موسلمان کە بە دیالێکتێکی تورکی دەئاخڤن. لە پشووی هاوینی 1903 نیکیتین لە وارشۆ وە سەردانی مۆسکۆ دەکات. لە Yaroslavl یشەوە بەرەو قەوقاز و پایتەختی جۆرجیا و دوا هەنگاویش دیسان دەچێتەوە قرم و لەم سەردانەدا وەك خۆی دەڵێ تەواو شەیدای رۆژهەڵات دەبێ و ئەمە دوا هاندەرەی نیکیتین بووە بەرەو خوێندنی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی. داوا لە باوکی دەکات ڕێگەی بدات بچێ لە مۆسکۆ رۆژهەڵاتناسی بخوێنێ، باوکیشی نەك هەر ڕێگەی لێنەگرت بەڵکو پێشیخۆشبوو کەوا کورەکەی بچێتە مۆسکۆ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ئەنستیتۆی لازەرێف

بەمشێوەیە نیکیتین دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆ خوێندنی رۆژهەڵاتناسی دەچێتە ئامۆژگای لازەرێف لە مۆسکۆ. ئەنستیتۆی لازەرێف سەرەتا لە دەورانی کاترینی دووەم (1729–1796) هەتیوو خانەیەك بووە بۆ منداڵە هەتیوە ئەرمەنیەکان و لازەرێف ناوێکی خەڵکی جەلفای ئیسفەهان درووستیکردووە. بەرەبەرە ئەم هەتیوخانەیە فرانبووە و دواتر بووە بە ئامۆژگای ناوەندی و قووتابیەکانی زۆربەیان لە ئەرمەن و جۆرجیەکانی قەفقاز بوون. ساڵی 1870 حکوومەتی رووس وا بە باش دەزانێ وانەی زمانە رۆژهەڵاتیەکان لە پرۆگرامی خوێندنی ناوەندی جیابکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە وانەیەکی سێ ساڵی تایبەت بە رۆژهەڵاتناسی دروستکرد. ئەمە بنچینەی کلاسە تایبەتیەکانی ئەنستیتۆی لازەرێف بوو. ئەم کلاسانە بۆ ئەوە بوون کادری بەرێوەبەری دروستبکەن بۆ قەوقاز و بە شێوەیەکی گشتیش بۆ هەرێمە دانیشتوان موسلمانەکان. لە خوێندنی ئەنستیتۆی لازەرێف ئەو ئامانجە لەبەر چاو گیرا بوو بناخەیەکی چاك بە قوتابی بدەن دەربارەی زمان و مێژووی رۆژهەڵاتی ئیسلام.

نیکیتین لە ئەنستیتۆی لازەرێف زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دەخوێنێ. لە کاتی پشوی هاوینەکانی خوێندنی لە مۆسکۆ ساڵی 1905 سەردانی کۆنستانتینۆپل دەکات و سێ مانگ لە وێدا دەمێنێتەوەو لەوێ تەواوێك ئاشنایی لە گەڵ زمانی تورکی پەیدا دەکات. پشووی هاوینەی ساڵی 1906 بەشێکی بۆ ئیتالیا و بەشێکیشی لە فەرەنسا بەسەر دەبات و دواجاریش بۆ بولگارستان و لەوێ لە گەڵ تورکە-لاوەکان پێوەندی دەگرێ.

## بەرەو وەزارەتی کاروباری بێگانە

ساڵی 1907 ئامۆژگای لازەرێف تەواو دەکات و مامۆستاکەی نامەیەکی دەداتێ بۆ ئەوەی لە زانکۆی پێترەسبوورگ بخوێنێ. ساڵی 1908 لە قوتابخانەی درومگانی کاروباری دەرەوەی سانت پێترەسبۆرگ وەردەگیرێ، تا ئاخەلێوەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

1909، بە بێئەوەی هیچ بڕیارێك لە لایەکەوە درابێت، خۆی بۆ خوێندنی تورکەوانی یا لێکۆڵینەوەی بالکانەوانی balkanique ئامادە دەکات، لە پڕ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرەو ئێران دەچێ. سپێدەیەکی مانگی ئایاری 1909، پرۆفیسۆر Joukovsky پێی رادەگەیەنێ کەوا شیمانەی ئەوە هەیە دوو قوتابی بۆ دەورەیەك بنێرن بۆ ئەسفەهان بۆ کونسلی رووسیا لە ئێران، هەقی سەفەرەکە و خەرجی ئەم دەورەیە کە زۆر گران رادەوەستا هەمووی لە ئەستۆی وەزارەت بوو. هەمان ساڵ دەچێتە ئەسفەهان و پاییزی 1909 دەگەڕێتەوە سان پێترەسبوورگ و لە دوای گەڕانەوە لە مانگی نووتی 1910 زەماوەند لەگەڵ هاوڕێی درێژایی ژیان خانمی فەرەنسەوی هـ. لێروی H. Leroy دەکات.

بەهاری ساڵی 1910 دوای کۆتایی هاتنی خوێندن کە ماوەی شەش ساڵی خایاند، دەچێتە ناو وەزارەتی کاروباری بێگانە و لە ئەرشیفی سیاسیی کاردەکات. ئەم ئەرشیفە دیپارتومانێك بو تایبەت بە سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بالکان و تورکیا و تا ساڵی 1911 هەر لەو دیپارتومانە ماوەتەوە.

## لە سان پێترەسبوورگەوە بۆ رەشت

بنکەی ژین
www.zheen.org

بازیل نیکیتین دوای ئەوەی لە کونکوری concours کاروباری هەندەران سەرکەوتوو دەبێت، نۆڤەمبەری 1911 وەکوو سکرتێر و وەرگێر لە کونسلخانەی رووسیا لە رەشت ناوی دەردەچێ، مانگەکانی کۆتایی ساڵی 1913 دوای مانەوەیەکی کەم لای دایك و باوکی لە وارشۆ، لە فێڤریەی 1912 لە وارشۆوە هاوڕێ لە گەڵ خێزانەکەی بەرەو ئێران - رەشت بەرێدەکەوێ. بۆ دوایین جار ماڵئاوایی لە باوکی دەکات و ئیتر جارێکی دیکە باوکی نابینێتەوە و تا نووتی 1914 هەر لە کونسلخانەی رووسیا لە رەشت دەمێنێتەوە. لە کۆتایی هاوینی 1913، دوای رۆیشتنی کونسلی رووس لە رەشت، نیکیتین دەبێتە کارگێری کونسلخانە و بەرپرسیاریتی گەورەترین پۆست و کۆنترین بالوێزخانەی رووسیا لە ئێران بە دەستەوە دەگرێ. هاوینی 1914 پۆستی جێگری کونسلی

کونسلخانەی گشتی لە تەوریز پێدەسپێرن، بەڵام ئەمە هێندە درێژە ناکێشێ و تەنها هاوینی ساڵی 1915 لەم کارەدا دەمێنێتەوە و هەر زوو دەیکەن بە کونسلی رووسیا لە ورمێ. کە بە قسەی خۆی گوتەنی ئەمە بەرەو پێشەوەچوونێکی خێرا بوو.

## رەوشی سیاسیی ئازەربایجان

زستانی 1914-1915، رووسیا خەریکبوو بەرگیری لە نفوزی تورکیا دەکرد لە ناوچەکانی بەرەی جەنگ لە ئازەربایجان و توانیبوویان بەرەو ورمێ و تەبریز پێشرەوی بکەن و ئەم ناوچەیە بوو بوو بە گۆرەپانی جەنگ و بە قسەی نیکیتین گووتەنی بەشی زۆری سوپای تورک لە کەسانی غەیرە نیزامی کوردەکان بوو و هەموو ئەم هۆزانە لە ژێر دروشمی جیهاد کۆببوونەوە. پاییزی 1915 نیکیتین بە ناوی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی کونسلی رووسی کۆلۆنێل یاس Yass کە دیسامبەری 1914 لە ناوچەکە دەکوژرێ سەردانی سابلاغ دەکات. نیکیتین خۆی ئەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ وەختایەک زانیم تورکەکان لە گەڵ کوردەکان دانیشتوون، سەفەرێکی سابلاغم کرد، من لە وێدا مەبەستی خۆم ئاشکرا نەکرد و گوتم بۆ کاری لێکۆڵینەوە لە کوشتنی کۆلۆنێل یاس هاتووم. لەم سەفەرەدا نیکیتین دەیەوێ سەرۆکە کوردەکان بۆ لای رووسیا رابکێشێ و پێیان بڵێ چاکتر وایە رێگەیەکی عەقڵانە بگرنە بەر. هەر لەم سەفەرەدا نیکیتین توانیبووی سەرۆکهۆزە کوردەکان عەلی خانی کوڕی سەرداری موکری ( کە تورکەکەکان سەرەتای ساڵی 1915 کوشتیان)، باپیر ئاغای مەنگور و هی دیکە بناسێ. ئەم سەفەرە ئەو ئەنجامەی نابێ چونکو زوو ناچار دەبێ سابلاغ جێبهێڵێ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا توانیبووی پێوەندییە شلەژاوەکانی کورد و رووس کەمێك بهێنێتەوە جێگەی خۆی. وەك نیکیتین بە زاری خۆی دەڵێ من لە پاییزی 1915 هەر لە سابلاغ بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە فێربوونی زمانی کوردی لە گەڵ خەڵکەکە و دواتر لە گەڵ مەلا سەعیدی شەمدینانی.

بنکەی ژین www.zheen.org

## ورمیٚ : دوا هەوار لە ئێران

مانگی ئایاری 1915 تێلگرامێك دەگاتە دەست نیکیتین و داوای لێدەکەن دەستەوجێ کونسلخانەی رووسا لە ورمیٚ بکاتەوە کە لە دیسامبەری 1914 چۆڵکرابوو. ئەم شارە تازە کەوتبووە بەردەست رووسەکان، دوای ئەوەی چەندین مانگ لە سۆنگەی بێلایەنی ئێراندا شالاوی لەشکرکێشی و تالان و برۆییەکانی سوپای عوسمانی چەشتبوو.

### کوردی پەیمانشکێن

نیکیتین لە یاداشتەکانی خۆیدا لە بارەی سیاسەتی کوردی رووسیا لە ناوچەکە بە ئاشکرا هۆی دوورکەوتنەوەی رووسیا لە کوردان بۆ پەیمانشکێنی کوردان دەگێرێتەوە، و لە بەر نەبوونی پلانێکی هاوبەش هەر بالوێزخانەیەك بۆ خۆی رەوتاری کردووە، لەمبارەیەوە چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە. نیکیتین لە بارەی پەیمانشکێنی کوردەکان دەنووسیٚ هەرسیٚ کونسلخانەکانی : ورمیٚ، خۆی و کرماشان سرنجی تایبەتیان هەبوو لە بارەی سەرۆکهۆزە کوردەکان، سەرۆکی دیپلۆماسی رووس دەڵیٚ گوایە کوردەکان چەکەکان بۆ خۆیان گلدەدەنەوە و دەستکەوت و ژنە مەسیحیەکانیش دەدەنەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا دەبیٚ گەرەنتی ئەوەیان بدەینیٚ بە ئازادی لە گوندەکانیاندا دابنیشن. لە بنکەی سەرکردایەتی لە تفلیس Tiflis یەکێك لە سەرۆکە کوردەکانی سەر بە بنەماڵەی پاشایەتی بدلیس پارەو پولێکی زۆر و زەوەندەی لە رووسەکان وەرگرتبوو بۆ چەکدارکردنی کوردەکانی ناوچەکە بەلام دواجار هیچ. کونسلی خۆی پێوەندی لە گەڵ سمکۆ دەگریٚ و دیاری زۆری دەداتیٚ، بەڵام دواجار سمکۆ لە دەرەوە ئارام دەبیٚ بەڵام لە ژێرەوە بە دزی پێوەندی لە گەڵ تورکەکان دەگریٚ و دواجار هەلێك دەقۆزێتەوە و لە 4 ی ئاداری 1918 مارشەمعوون دەکوژێ. دواجار دەڵیٚ منیش لە ورمیٚ لە سەرچیخ چوون رزگارم نەبوو، بەڵام هەرکە تێگەیشتم هەموو چەشنە پەیمانێك لە گەڵ کوردەکان بێئەنجامە، لە جیاتی ئەوە دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەی رەوشی

کوردستان و فێربوونی زمانی کوردی. ئەمە سەرەتای ئەزموونی نیکیتین بوو لە بواری کوردناسیی و هەر لەودەمانەدا بوو رابەرێکی ئاخاوتنی کوردی -رووسی و نامیلکەیەك لە بارەی کوردەوە بە زمانی رووسی بۆ سەربازە رووسەکان ئامادە دەکات و دەشێ ئەمە بە سەرەتای چوونە ناو بواری کوردناسی نیکیتین دابنێین.

## هۆزە کوردە تاڵانچییەکان

نیکیتین لە بیرەوەریەکانی خۆیدا تابلۆیەکی زۆر تراژیدی هێرش و پەلاماری هۆزە کوردیەکان دەگێرێتەوە کە بە بیانووی جیهادەوە کردوویانەتە سەر ورمێ وناوچەکانی دەوروبەری. نیکیتین دەڵێ لە سەرۆکهۆزێکی کوردم پرسی هۆی ئەم چاپاوڵ و تاڵانکارییە چییە؟ وەڵامی دامەوە " گرینگ نیە ئەمرۆ من تاڵانی دەکەم، سبەینێ هی دیکە من تالان دەکەن". راگەیاندنی جیهاد[11] و هاوسۆزی لە گەڵ سوپای عوسمانی زوو بە زوو بە ناو هۆزە کوردەکاندا بڵاوبۆوە، تەنها شێخێك کە لە ناو کوردستانی رۆژهەڵات دژی راگەیاندنی جیهاد بووبێت، شێخ بابا بووە لە دەوروبەری سابلاغ و دژی جیهاد و تورکەکان وەستاوە کە دواتر تورکەکان لە زستانی 1915-1916 بە تۆمەتی دژە جیهاد و هاوسۆزی لە گەڵ مەسیحیەکان لە سێدارەیاندا.

## روانینێک بۆ کورد، روانینێکی دیکە بۆ ئاسووری

نیکیتین لە بیرەوەرییەکانی خۆی کە نزیکەی چارەگە سەدەیەك دوای رووداوەکان لە پاریس نووسیوویەتەوە زۆر دڵرەقانە لە گەڵ کورد جولاوەتەوە و بە ئاشکرا هاوسۆزی لە ئاسووریەکان دەکات، لە کاتێکدا ئەگەر دڵرەقی و کاری

---

[11] بۆ دەقی تەواوی راگەیاندنەکەی جیهاد بگەرێوە سەر: André Mandelstam ; Le sort de l'empire Ottoman, Ed. Payyot, 1917.

رەشەکوژی ئاسووریەکان لەو سەردەمە لە بەرامبەر بە کورد لە گەڵ کاری کوردەکان بەراورد بکەین. ئەگەر لە کاری کوردەکان دڵرەقانەتر و نا ئینسانیتر نەبووبێت ئەوا هەرگیز ئەهوەن تر نەبووە، من هەوڵدەم هەر لە یادداشتەکانی نیکیتین خۆی چەند نموونەیەك بهێنمەوە.

نیکیتین لە بارەی سمکۆی شکاك زۆر قین لە دڵانە دەنووسێ :

*( نزیکەی دوو ساڵ ورمێ لە ژێر نفووزی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و کارە وەحشیەتگەریەکانی ئەودا بوو تا دواجار سوپای ڕێکخراوی ئێران لە ساڵی 1922 شکستیان پێخوارد و رایکرد و ورمێ کەمێك گەڕایەوە باری ئاسایی).*

کەچی هەر خۆی کەمێك دواتر روداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە و دەڵێ دوای کوشتنی مارشەمعوون بە دەست سمکۆ، ئاسووریەکان دەست بە کوشتن و تاڵانبڕۆیی موسلمانەکان دەکەن و دەست ناپارێزن و ئەو موسلمانانەی نەیانتوانیبوو رابکەن کوشتیان، لە ئاوایی عەسکەر ئاوا قەڵایەکی لێ بوو کە خەڵکەکە لەبەر مکومی قەڵاکە ژن و منداڵ پەنایان بۆ بردبوو، دوای ئەوەی ئاسووریەکان بە زەبری تۆپ قەڵاکە دەروخێنن و خەڵکەکە دەدەنە چیا. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ کە نەیانتوانیبوو رابکەن. پەنا دەبەنە بەر مزگەوتێك، ئاسووریەکان مزگەوتەکە بە تۆپ بەسەر پەناهەندەکان وێراندەکەن و هیچیان لەوانە بە زیندویی دەرناچن. دەپرسم ئەگەر ئەگەر نیکیتین بێلایەن و مرۆ دۆست بووایە دەبوو هەر هیچ نەبووایە بەم کارەی ئاسوریەکانیشی بگووتبایە وەحشەتگەری، کە من پێم وایە ئەمە زۆر لە وەحشەتگەریش زێترە.

## لە وررمێ وە بۆ پاریس

سێ ساڵی ژیانی لە ورمێ (ئایاری 1915 تا نیسانی 1918) یەکێك لە سەرمایە گرینگە رۆژهەڵاتناسییەکانی نیکیتین بوون و رێگەیان بۆ خۆشکرد بەشێکی چاکی ژیانی بەکاروباری ئاسینی کوردەوە تەرخانبکات. شار لەژێر هەرەشەی

لەشکرکێشی عوسمانەکان و پەلاماری هۆزەکاندا بوو، ناوچەکە لەو پەری ئاشوب و هەرا دابوو، ئامادەیی سوپای رووس تەنها گەرەنتیەکی کاتی بوو. هەوڵەکانی کونسل بە حەوسەڵە بوون، بەڵام ئاڵۆزیش بوون و بۆ گفتوگۆ کردن پێویستی بە پێوەندیگرتن بوو لەگەڵ سەرۆکهۆزەکان. ئەمە رێگەی بۆ نوماینەدەی شار خۆشکرد هەموو هەرێمەکانی کوردستانی رۆژهەلات بگەرێ و لەنزیکەوە کورد بناسێ*. لەم گەشت و گەرانانە دابوو کە دەرفەتی وەرگرت کەرەسەو ماتێریالی ئیتنۆگرافی و زمانەوانی زۆری کۆکردنەوە کە پاشتر بوون بە سەرچاوەی بەشی سەرەکی بەرهەمە رۆژهەلاتناسی و کورد ناسییەکانی نیکیتین.

کۆتایی ساڵی 1917و سەرتای ساڵی 1918 لەبەر یەکهەلوەشانەوەی لەشکری رووسیای بینی لە ئێران، کە پرۆپاگەندەی کۆمۆنیزمی تێکەوتبوو. شاری ورمێ بوو بوو بە شانۆی پێکدا هەلپرژانێکی گەورە لە نێوان فەلە و موسلمانەکاندا. بۆ راوێژ کردن کونسلیان بانگهێشتی پایتەخت کرد. لەوە بەدوا بازیل نیکیتین بە یەکجاری لە پۆستی کونسولگەری دوور کەوتەوە. چوو بۆ قەزوین، لەماوەی سەفەرێکی 18 رۆژیدا بە کاروان کە لە کتێبی (ئێرانێ کە من ناسیم ) La Perse que j'ai connu زۆر بە درێژی ووردەکاریەکانی ئەم سەفەرە دەگێرێتەوە وچەند وەردەکاریەکی سەیرو سەمەرە دەگێرێتەوە. بە داخەوە ئەم بیرەوەریانە تا ئێستەکەشی لە گەڵدا بێت دەسخەتە فرەنسیەکەی لە کتێبخانەی زمانە رۆژهەلاتیەکان (لانگزۆ) لە پاریس بەدەستخەتی هەڵگیراوەو بڵاونەکراوەتەوە[12].
بازیل لەم کتێبەدا چەند وەردەکاریەکی سەیرو سەمەرە بەدەستەوە دەدات.

---

* نیکیتین لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ناوی ئەو سەرۆکهۆز و سەر خێلانە دەبات کە ووتوێژی لە گەڵ کردوون، ئەمانە ناوی سەرۆکهۆزەکانە: بەدرخان بەگ و گورگین بەگ لە هۆزی بەگزادەی دەشت ( نازناوی کوردۆیە) .. بارۆ خالۆ و تەیموور ئاغا شێخ عەبدوللا بەگ بەگزادەی بێنار.، کەریم خان و پیرۆ بەگ، هەرکی، سولێمان خان مەنسوور وئەلمولك، زەرزای شنۆ.، هەمزە سەمێن، مامەش.، تەواوی سەرۆکهۆزەکانی موکری و دەوروبەری بۆکان لە گەڵ عەلی خان، کوری سەرداری موکری کە تورکەکان لە سێدارەیاندا.

12 ئەم یاداشتانەی نیکیتین لە رووی دەستنووسە فرەنسییەکەوە لە لایەن علیمحمد فرەوشی کراوەتە فارسی و دوو جاران لە تاران چاپکراونەتەوە. یەکەمجار ساڵی 1326 بە نێوی ( ایرانی

لەسەر داوای ژەنەراڵێکی رووس، داوای لێکرا سەفەری گیلان بکات بۆ وتوویژ لەگەڵ یاخیەکانی بزووتنەوەی جەنگەڵ[13]. گیلان[14] ئەو کات سەرە رێگەی ئازادی لەشکرکێشیەکانی تسارو ئینگلیز بوو بەرەو قەوقاز، ئەرکێك کە خەریکبوو بەشێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بە ژیانی نیکیتین بهێنێت.

لەتەمووزی ساڵی 1918 لەگیلان گەڕایەوە، چەند مانگێك لەبالوێزخانەی رووسیا لە تاران مایەوە، لەوەدەمانە هەواڵی تراژیدی بەتالیۆنەکانی ئاسوری و ئەرمەنیەکانیان بۆ هێنا کە لە ورمێ بە پێچەوانەی رای نیکتین راپەریبوون و کەوتبوونە بەرامبەر دوژمنێکی باڵا دەست لە ژمارە، بە بێ ئەوەی هیچ کۆمەکی و هاوپشتیەکیان هەبێت. لێرەدا بازیل بریاریدا ئێران جێبهێڵێ بریار دەدا بچێتە پاریس کە هەموو ئۆپۆزیسیۆنە سیاسیەکانی بۆلشەویك لە پاریس کۆببوونەوە، جگە لەوە خزم کەسی خێزانەکەیشی نامەیان بۆ نووسیووە و بانگهێشتی پاریسیان کردووە. لە نۆڤامبەری ساڵی 1918 بە خۆیی و خێزانەکەی ئێران بە جێدەهێڵن و لە رێگەی باکۆر باتۆمەوە بەگەنە فرەنسا. بڕوانامەی دیپلۆمی قوتابخانەی زانستە سیاسییەکان l'Ecole des science politique رێگەیان پێدا بچێتە ناو بانکی فرەنسی بۆ بازرگانی دەرەوە و لە کایەی کاری لێکۆلینەوەی ئابوورییدا کار بکات و لەپاڵ ئەوەشدا هەموو کاتی خۆیشی بۆ لێکۆلینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان تەرخانکرد و ماوەی 28 ساڵ لەم کارەدا مایەوە. لەم ماوەیەدا

بنکەی ژین www.zheen.org

---

که من شناختەام ) و دووەمجاریش ساڵی 2536 بە نێوی ( خاطرات و سفرنامه موسیو ب نیکیتین قنسول سابق روس در ایران ) هەردوو جاریش لە لایەن ( کانون معرفت) ەوە بڵاوکراونەتەوە. وەرگێر.

[13] بزووتنەوەی جەنگەڵ لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ بە رێبەرایەتی میرزا کوچك خان لە ناو دارستان (جەنگەڵ) مکانی ناوچەی گیلان سەریهەڵدا، کە لە وەوە بزووتنەوەکە ئەم ناوەی پێبڕا، وەرگێر.

[14] ناوچەی گیلان: دەکەوێتە سەر کەنارەکانی باشووری- رۆژئاوای دەریای قەزوین. رووبەرەکەی 15 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. رەشت و لاهیجان لە گرینگترین شارەکانیەتی. دارستانەکانی نزیکەی نیو ملوێن نیو هێکتار زەوی دادەپۆشێ، بنۆرە.، الدکتور کمال مظهر احمد. دراسات في تاريخ ایران الحدیث و المعاصر، بغداد، 1985، ص: 247.

لە زۆربەی گۆوارە ئەکادیمییەکانی فەرەنساو دەرەوەدا نووسین و گوتاری زانستی بلاوکردۆتەوە کە کوردناسیی بۆ خۆی بەشێکی گرنگی کارەکانی گرتبوو.

ساڵی 1956 کتێبە گرینگەی (*کورد: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆگی و مێژوویی*) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردەوە کە تا ئێستەکەش لە ریزی کتێبە یەکەمینیەکانی کوردناسیی دەژمێردرێ و بۆ زمانەکانی: رووسی، تورکی، فارسی، عارەبی، کوردی وەرگێردراوە.

رۆژی 7 ی حوزەیرانی ساڵی 1960 لە Mortecerf ( Seine-et-marne ) بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد و دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. هەمیشە دیمانەت بەخێر بازیل نیکتین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە:

بۆ ئامادەکردنی ئەم کورتە باسە لەبارەی بیۆگرافی بازیلی نیکیتینەوە بە شێوەیەکی سەرەکی سوودمان لە کتێبی بیرەوەریەکانی بازیل نیکیتین خۆی وەرگرتووە La Perse que j'ai connu کە لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس پارێزراوە، هەروەها سوودمان لەو کورتە گووتارەی هاورێ ی نیکیتین R. Levy وەرگرتووە کە لە ژمارە 54 ی ساڵی 1961 لە گۆڤاری *l'Afrique et l'Asie* دا بە بۆنەی ماڵئاوایی نیکیتین بڵاویکردۆتەوە. هەرچی بۆ بیبلیۆگرافیای بڵاوکراوی بەرهەمەکانی نیکیتین- یشە لە بارەی کوردەوە سوودمان لەو بیبلیۆگرافیە کورتەی سەرجەم بەرهەمەکانی نیکیتین وەرگرتووە کە نیکیتین خۆی لە سەر داوای دەستەی نووسەرانی گۆواری *l'Afrique et l'Asie*[15] ئامادەی کردووە،

---

[15] بگەرێوە بۆ گۆواری *l'Afrique & l'Asie*, n° 49, 1960, pp. 67-68.

هەروەها پشتمان بە خودی بڵاوکراوەکان بەستووە کە  خۆشبەختانە بەشی هەرە زۆری ئەم بەرهەمانەی نیکیتین لە کتێبخانەی تایبەتی ئێمەدا دەستدەکەون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بیلۆگرافیای

## کرۆنۆلۆژی کارە زانیستییەکانی نیکیتین

## لەبارەی کوردەوە.

### یەکەم: بە زمانی رووسی

### 1916

- فەرهەنگی چکۆڵەی سەربازیی کوردی-رووسی، چاپخانەی کەشیشە لازاریستەکان، 72 لاپەرە.

### 1917

- لە بارەی کوردەکان و نیشتمانەکەیانەوە: ورمێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### دووەم: بە زمانی پۆلۆنی

### 1925

Kwestja Kurdyjska a Mosul, In <u>Przeglazd Wspolezesny</u>, Cracovie, n° 50-51.

پرسی کورد و موسل، گۆواری کراکۆڤی هاوچەرخ، ژمارە 50-51، ( بە زمانی پۆلۆنی- شاینی گوتنە ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەمە رەنگە یەکەمین و دوایەمین گووتاری نیکیتین بێت بە زمانی پۆلۆنی لە بارەی کوردەوە).

### ( بە زمانی فرەنسی و ئینگلیزی )

### 1921

1-Quelques observations sur les Kurdes, In <u>Mercure de France</u>, Paris, Tome CLV, pp. 662-674

( چەند تێبینییەک لە بارەی کوردەکانەوە).

***

2-Les valis d'Ardelan, In Revue du Monde Musulman, vol XLIX, Paris, pp. 77-104.

(والیەکانی ئەردەلان. لە ناو ئەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

3-Une petite nation victime de la guerre : les Chaldéens, In Revue des sciences politiques, Vol XLIV, Paris, pp. 602-625.

(خالدیەکان: نەتەوەیەکی چکۆلەی قوربانی جەنگ).

**1922**

4-Un sujet de fable ( Variantes Kurdes et Persane, In Revue d'Ethnographie et des Traditions populaires. Tom III, 3 e année, n° 10, Paris, pp. 129-140.

بنکەی ژین
www.zheen.org

( بابەتێکی ئەفسانەیی ( گێڕانەوە کوردی و فارسییە جیاوازەکان ).

***

5-La vie domestique kurdes, In Revue d'Ethnographie et des Traditions populaires. N° 3, Paris, pp. 334-344.

***

( ژیانی ناومالیی کورد).

6-Les kurdes et le Christianisme, In Revue de l'histoire des religions, tom LXXXX, n° 3, Paris, pp. 147-156.

( کورد و مەسیحیایەتی).

**1923**

7-The Tale of Suto and Tato[16], In Bulletin of School of Orneit and African Studies, Vol I, London, pp. 69-106.

(حەکایەتا سۆتۆ و تەتۆ- ئەم گووتارە وەرگێرانی ئینگلیزی چیرۆکێکی کوردیە، چیرۆکـــە لـە نووسینی مەلا سەعیدی قازی کوردستانیە و بازیل نیکیتـــین و مێجـەر سـۆن لـە کوردیـەوە کردوویانە بە ئینگلیزی- ئەم چیرۆکە لەم بەرگی یەکەمەدا بڵاوکراوەتــەوە.

***

8-Les thèmes religieux dans les textes kurdes de la collection de B.Nikitine, In Actes du congrès international de l'histoire de la religion, tenu à Paris, 1923, tom II, Paris, pp. 413-431.

( بابەتە ئاینییەکانی نا و تێکستە کۆکراوەکـانی ب. نیکیتـین- ئـەم گووتـارە لـەم بـەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

1924

9-Quelques observations sur la question de Mossoul, In l'Asie Française, n° 220, mars, pp. 115-118.

( چەند سرنجێك دەربارەی پرسی موسل).

---

[16] ئەم چیرۆکە سالی 1988یوسف زەنگەنە و جەواد مەلا کردوویانە بە کورمانجی خواروو و دوایی هێناویانەتە سەر تیپی لاتینی. ئەم دوو نووسەرە کارێکی چاکیان نەکردووە بەوەی تێکستە رەسەنەکەیان لە کورمانجی سەرووەوە کردووە بە کورمانجی خواروو، وەك بلێی لە زمانێکی دیکەوە کردوویانە بە کوردی، ئەم کارە بە هەر نیازێکەوە بێت یەکێتی زمانی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، قسە لەسەر بە لاتینیکردنەکەش ناکەم چونکە ئەمە ئەژدیهایەکی دیکەیە بۆ زمانی کوردی. بنۆرە: چیرۆکی سۆتۆ و تەتۆ، کۆکردنەوە و بە ئینگلیزیکردنی: میجەر سۆن و باسیل نیکیتین؛ بە کورمانجی خوارو و لاتینی کردنی: یوسف زەنگەنە و جەواد مەلا، بڵاوکراوەکانی کوردۆلۆژیا، ژمارە 7، لەندەن،1988، وەرگێر.

***

10-Vue d'ensemble sur le théâtre de la grande guerre dans le Nord-Ouest de la Perse, In l'Asie Française, n° 225, septembre-octobre, pp.340-345.

( تێروانینێکی گشتی دەربارەی شانۆی جەنگی گەورە لە باکوور- ڕۆژئاوای ئێران).

## 1925

11-Les kurdes racontés par eux-mêmes, In l'Asie Française, n° 231, Mai, pp. 147-157.

( کوردەکان باسی خۆیان دەگێڕنەوە- ئەم گووتارە لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

12-La féodalité kurde, In Revue du Monde Musulman, Tom 60 (deuxième trimestre), Paris, pp. 1-26.

( دەرەبەگایەتی کورد).

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

## 1926

13-Kurdish Stories from my collections, In Bulletin of School of Orient and African Studies, Vol IV, London, pp. 120-138.

( چیرۆکە کوردییە کۆکراوەکانم).

## 1929

14-Les afshârs d'Urumiyeh[17], In Journal Asiatique, tom 214,

---

[17] بە شێکی ئەم گووتارە ئەوەی تایبەتە بە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوللاّی نەهری لە لایەن وەرگێڕی ئەم کتێبە لە فرەنسییەوە کراوە بە کوردی و لە کتێبی ( شۆڕشی شێخ عوبەیدوللاّی

1929, pp. 67-123.

(ئەفشارەکانی ورمێ).

***

15- Quelques fables kurdes d'animaux, In Folklore, n° 40, sept, London, pp. 228-244.

( چەند داستانێکی ئەفسانەیی ئاژەڵانی کوردی).

## 1932

16-Où en est le Kurdologie ? In Annali del Real Institute Orientale de Naploli, Napoli, pp. 1-5.

( کوردۆلۆژی بە کوێ گەیشتووە ؟).

## 1933

17-Une apologie kurde du Sunnisme, In Rocznik Orjentalisty, Tom VIII, Lwon, Pologne, pp.116-160.

( ستایشێکی کوردیی سونییزم- ئەم گووتارە لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

18-Notes sur le kurde, In Oriental Studies in honour of Cursetji Erachji Pavry, (ed. By Jal Dastur Cursetji Pavry), London, Ed. Oxford University press, pp. 305-335.

( چەند سرنجێك لە بارەی کوردەوە).

***

## 1934

18-Shamdinan, In Encyclopédie de l'Islam, Tom IV, Ed. Lib C.Klincksieck & Lib et imp de E. J. Brill, pp : 313-316.

---

نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسییدا 1879-1882 ) بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، کوردستان 2004 بڵاوکراوەتەوە.

( شەمدینان- لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

## 1935

20-Essai de classification de folklore à l'aide d'une invention social-économique, In XVI congrès international d'Anthropologie, Bruxelles, pp. 1-12.

هەوڵدانێك بۆ پۆلینکردنی فۆلکلۆر لە سەر بنەمای دۆزینەوە سۆسیۆ-ئابووریيەکان).

***

21-Le système routier du Kurdistan, In Géographie, Tome LXIII, n° mais-juin, Paris, pp. 360-385.

( سیستمی رێگەوبان لە کوردستاندا).

***

22-La question kurde, In Dictionnaire diplomatique. Académie diplomatique international, Paris, pp. 1200-1204.

( پرسی کورد- هەمان ئەم گوتارەلە رووی چاپێکی دیکەی ساڵی 1933 ەوە کراوەتە تورکی عوسمانلی و ساڵی 1934 لەلایەن ناشری حاجۆ لە شام وێرای نامەیەکی فرەنسی بازیل نیکیتین بۆ جەلادەت عالی بەدرخان بە سەریەکەوە لە نامیلکەیەکدا بڵاوکراونەتەوە. بنۆڕە:

- کورد مسئلسی بر اجنبی نقطة نضرنــــدن. ممتاز مستشرق موسیو بازیل نیکیتینیك دیکسیونیر دیپلوماتیکدە کورد مسئلسی دقندە نشر اونان مقالە ترجمەسی، شام، 1934، (39 لاپەرە).

## 1936

23-Christoff (Dr. Hellmuth)-Kurden und Armenier, Eine Untersuchng über die Abhangigkeit ihrer lebensfromen und

charakterntwicklung von der landschaft, In l'Ethnographie, n° 33-34, Paris, pp173-175.

( کریستۆف: کورد و ئەرمەن، رانانی کتێبە ئالمانیەکەی کریستۆفە لە بارەی کورد و ئەرمەنەوە بە زمانی فرەنسی).

## 1937

**24-** The Yazidis, past and present, by ismael Chol, Yazidi Amir of Sinjar, In Journal Asiatique, Tom CCXXIV, Janv. p. 161.

( ئیسماعیل چۆل الیزیدیه قدیما و حدیثا– رانانی کتێبەکەی اسماعیل چۆلە بە زمانی فرەنسی).

***

## 1940

25-L'élement kurde dans la situation internationale en Orient Moyen, In Bulletin quotidien de société d'études et d'information économiques. N° 40-41 (supplement n° 6), Paris, (14 p).

( بابەتی کورد لە رەوشی نێودەوڵەتی رۆژهەلاتی ناوەندا).

## 1941

**26-**La Perse que j'ai connu, 1905-1919, Paris, l'Institut National des langes Orientales, (236p), manuscrit.

( ئیرانێ کە من ناسیم، 1919-1905، پاریس، ئەنیستیتۆی نەتەوەیی زمانە رۆژهەلاتیەکان، ( 236 لاپەرەیە)، تا ئێستە بە دەستنووس ماوەتەوەو چاپنەکراوە.

کۆدەکەی لە لانگزۆ ئەمەیە: BC.I. 27

## 1944

27- Le pluriel en-T, In l'Ethnographie (Bulletin de la société d'ethnographie de Paris), Paris, n° 42, pp. 137-151.

( ئامرازی‌كۆ به پیتی - ت)، ووتاریكی زمانه‌وانییه لـه بـاره‌ی شـێوه‌ی كۆكردنـه‌وه لـه زمانی كوردیدا به یاریده‌ی پیتی ت ) .

## 1946

28-Problème kurde, In Politique étrangère, n° 3, juillet, Paris, pp. 251-262.

( پرسی كورد).

29- Le Kurdistan, In En Terre d'Islam, Lyon, pp. 16-30 ( L. Narlis- alias de Nikitine).

( كوردستان).

## 1947

بنكه‌ی ژین
www.zheen.org

30- La poésie lyrique Kurde*. In l'Ethnographie, n° 45 (1947-1950) , Paris, pp : 39-53

( هۆنراوه‌ی لیریكی كوردی).

## 1956

31-Les kurdes: étude sociologique et historique, préface de M. Louis Massignon, éditions Klincksieck, 15 maps, bibliographie pp: 311-326, (360p).

( كورد- لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی) كتێبه گه‌وره‌كه‌ی نیكیتینه دوو جاران به

---

* ئه‌م گوتاره له لایه‌ن هه‌ڵكه‌وت حه‌كیم كراوه به عه‌ره‌بی، بنۆره: دراسات كردیه، العدد : 2-1، السنه الثانیة، كانون الثاني 1985، ص: 41-53.

فرەنسی ساڵەکانی 1956 و 1975 بڵاوکراوەتەوە، تەرجەمەی زۆربەی زمانـەکان کـراوە، رووسی (1964)، فارسی ( 1366 ) و عەرەبی ( 1958 و دواجار 2001 ) ، کـوردی ( 1998 ) و تورکی ( ئەنقەرە، بێ ساڵی چاپ) هی دیکە.

## 1957

32- "Ria Taze", Journal kurde d'Erevan, In l'Afeique et l'Asie, n° 43, p. 57.

( " ریا تازە" رۆژنامەی کوردی لە یەریڤان)."

## 1959

**33-**l'Etat social des kurdes et du Kurdistan, In l'Afeique et l'Asie, n° 46, pp. 49-55.

( باری کۆمەڵایەتی کورد و کوردستان).

***

**34-** Reader's letter, In Kurdistan, London, Ksse, avril, n° IV, p. 31.

## 1960

35- La structure sociale des kurdes de la Transcaucasie, In l'Afeique et l'Asie, n° 49, pp. 61-66.

( سترەکتووری کۆمەڵایەتیی کوردەکانی قەوقان).

***

36- Baradust., In Encyclopédie de l'Islam. ( Nouvelle édition), Tome I, A-B, Eeyde, Ed. E.j. Brill, 1960, p. 1061.

( برادۆست- لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

37- Bahlul, In Encyclopédie de l'Islam, ( Nouvelle édition), Tome I, A-B, Ed. E.j. Brill, p951..

( بەهلوول- لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

38- Badrkhani, In Encyclopédie de l'Islam, ( Nouvelle édition), Tome I, A-B, Ed. E.j. Brill, p. 895.

( بەدرخانی – لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

39-Oraamar, In Encyclopédie de l'Islam, ( Nouvelle édition), Eeyde, Ed. E.j. Brill, 1960, p. 1059-1061..

( ئۆرەمار- لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

***

## 1989

40-Shivanê Kurde, Le berger Kurde, Paris, Ed. l'institut Kurde de Paris, (325p)

( هەوەڵجار ساڵی 1935 لە یەریڤان بە ناوی شیڤانێ کارماستا بڵاوکراوەتەوە و هەر زوو کراوە بە رووسی، لە رووی چاپە رووسیەکەشەوە بازیل نیکیتین کردوویە بە فەرەنسی. ساڵی 1989 وەرگێرانە فرەنسیەکە و دەقە کوردیەکە بە سەر یەکەوە لە کتێبێکدا لە لایەن ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بڵاو کرایەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

***

## 1994

41- Rawandiz, In Encyclopédie de l'Islam, 8, pp. 478-479.

(رواندز- لەم بەرگی یەکەمەدا کراوە بە کوردی).

# کوردەکان

## باسی خۆیان دەگێڕنەوە [18]

شۆڕشی کورد بەڕێبەرایەتی شێخ سەعید ( لەتەریقەی نەقشبەندی) بوو بەکەرەسەی بڕێك لێکدانەوە لەچاپەمەنییەکانی پاریسیدا. من نیازم نییە لێرەدا باشی و خراپی ووتارەکان دەستنیشانبکەم. هەندێکیان شۆڕشی کوردەکان بەدەسیسەی بێگانان دادەنێن کە مەبەستیان خاشەبڕکردنی دەسەڵاتی تورك بووە لەو ناوچانەی گێرمەو کێشەیان لەسەرە و دەوڵەمەندن بە نەوت. هێندێکی دیکە بە بەرتەکی راگواستنەوەی بڕێك ناوچەی دەدەنێن و هەروەها ئارەزووی کوردەکان بۆ قۆزتنەوەی ئەو زەوی زارانەی کە بە نەکێڵراوەیی بەجێهێڵراون. دوواینجار هی واش هەیە پێی وایە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا کردەیەکی سیاسەتی ناوەخۆیی تورکیای نوێ دەبینن کە تێیدا هەموو کەس وابەستەی موستەفا کەمال پاشا و ((لایکیەتی)) Laicité ئەو نابن.

من موناقەشەی ئەم بیروڕایانە ناکەم. تەنها لەم ووتارەدا ئەوە پێشنیاز دەکەم ئەوە نیشانی خوێندەوارانی گۆڤاری *L'Asie française* بدەم کە چۆن لە کوردستان رووداوەکان لەماوەی ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی دوایی و تا

---

[18] لە دوا ژمارەی گۆوارەکەماندا ( لا:132) وادەمان بە خوێنەران دابوو دەکۆمێنتێك بڵاوبکەینەوە کە بڕێك لە بیروڕای تووڕەی rancune کوردەکان دژ بە تورکەکان روونبکاتەوە. ئەم کرۆنیکە سرنجراکێشە کە بە خامەی بەڕێز ب.نیکیتین نووسراوە، پێمان وایە لەمبارەییەوە جێگەی رەزامەندی تەواوی خوێنەرانی گۆواری ئاسیای فرەنسەویی *L'Asie Française* دەبێت. دەستەی نووسەران.

سبەینێی جەنگی گەورەی جیهانی روویانداوە، سەرەتا چ پێوەندییەك لەنێوان دەسەڵاتکارانی تورك و کوردەکان و دواتریش لە نێوان زۆربەی هۆزە کوردیەکاندا هەبووە. ئەم ئامانجە لە ڕێگەی وەرگێرانی تێکستێکی کوردی وەجێدەهێنم کە بەداخەوە ناتوانرێ ئۆریژینالەکە پێشکەش بکرێ تا کورد ناسەکان کەڵکی لێوەربگرن[19]. ئەم وەرگێرانە بە ئاسانی دەمانباتە ناو ژیانی بەشێکی کوردستانی ناوەند، بە تایبەت ئەو بەشەی کە دەکەوێتە نێوان موسل و ورمێ و کۆمەڵەی گەلان Société des Nations ویستی چارەسەرێك بۆ کێشەی نێوان ئینگلیز و تورك بدۆزێتەوە کە پێشتر بابەتی دوو تێبینیم بوون کە ماوەیەك بەر لە ئێستە لەئەستوونەکانی گۆڤاری *L'Asiefrancaise*[20] ی خۆشەویست بڵاوکرانەوە. پێموایە لێکدانەوەکان زیادەن وتێکستە مێژووییە کوردییەکە بۆ خۆی قسە دەکات و راماندەکێشێتە ناو کرۆکی مۆنتالیتی و شێوازی ناکۆکیەکانی نێوان ئەم مەسەلەیەوە. مێژووی بنەماڵەی شێخەکانی بارزان بە تێبینیەك دەربارەی مەولانا خالید، بڵاوکەرەوەی تەریقەی نەقشبەندی لەکوردستانی ناوەندو لەگەڵ تێبینیەکی دیکە لەسەر بنەماڵەی شێخەکانی نەهری تەواوکراون کە دەکرێ هێشتا قسەی لەسەر بکرێ. شادمان دەبم ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە کە لە ساڵەکانی جەنگ لە ماوەی مانەوەم لە کوردستان وەگیرم خستوون، بتوانن بەشداری بکەن لەباشتر

[19] توانیم بۆ بابەتێکی دیکە لە سەر مێژووی کوردەوە ئەوە بکەم، بۆیە ئەوانەی ئارەزوو دەکەن نموونە کوردییەکە ببینن کە من بڵاومکردۆتەوە بگەڕێنەوە بۆ: (The Tale of Suto and Tato Kurdish text With Translation and Notes, by B. Nikitine and the late Major E.B.Soane; *Bullet.of the School of Oriental Studies London Institution,* vol III.Paart.I, 1923.) لە لایەکی دیکەوە، لە بەشی ئیسلامناسی، لە کۆنگرەی مێژووی ئایینەکان Congrès d'Histoire des religions کە لە ئۆکتۆبەری 1923 بەسترا، باسێکم لە بارەی بیرو را ئایینییەکانی کوردەکان پێشکەش کرد کە دواتر لە گەڵ کارنامەکانی کۆنگرەکە بڵاودەبێتەوە.

[20] بنۆڕە *Quelques observations sur la question de Mossoul* (1924, mars, p.115-118, carte) & *Vue d'ensemble sur le Théâtre de la Grande Guerre dans le Nord-Ouest de la Perse* (1924, septembre-octobre, p.340-345).

www.zheen.org

وەڵاتەی خاوەنی جوانیەکی خۆرسك و دڵگیرە، کە هێشتا چاوەڕوانی ئەوە دەکات نرخی خۆی پێبدرێت.

ب. نیکیتین

## بنەماڵەی شێخەکانی بارزان

گوندێکی هۆزی زێباری[21] ناوی بارزانە. ئەم گوندە گەورەترین و مەزنترین گوندی تەواوی ئەم هۆزەیە. ئەم گوندە بەوە ناسراوە کە هەر لە دەورانی زۆر کۆنەوە شوێنی دەرچوونی مەلاو فەقێ یان[22] بووە. بنەماڵەیەکی تێدایە کە ئەندامەکانی لە باوکەوە بۆ کورەکانیان خوداناس بوون. لەم بنەماڵەیە بەتایبەت چەند مەلایەك دەستنیشاندەکەین، مەلا عەبدوڵڵا دوو کوڕی هەبوون، گەورەکەیان ناوی مەلا عەبدولرەحمان و بچوکەکەشیان مەلا عەبدولسەلامی ناوبوو و هەردووکیان بە زیرەکی و نموونەییەوە ناسرابوون. ئەم بنەماڵەیە پێیان دەڵێن ((سەیداتی بارزان)). سەیدا Seida لەزمانی کوردیدا، واتەی ڕێزدار، مامۆستا دەگەیەنێ، لەکاتێکدا سەید لە زمانی عارەبی بەمانای نەوەی پێغەمبەر دێت. لەسەردەمانێکی دووردا، وەختایەك سەید تەهای[23] شەمدینان، کە لە مەولانا خالیدەوە هەقی وانە وەرتنەوە (ئیرشاد)ی تەریقەی نەقشبەندی وەرگرتبوو، بوو بە مورشیدو لە نەهری جێگیر بوو، مەلا عەبدولرەحمانی بارزانی چووە لای ئەو و

[21] هۆزی نیشتەجێ ی زێباری لە مەحەلی بارزانی قەزای بیرا کەبران Bira Kebran ی ویلایەتی مووسڵ، لە سەر زێی گەورەدا دەژین.

[22] شارەزای فیقە fiqh ، قەزاناسی موسڵمان.

[23] نیکیتن پێی وایە سەید( تا) Seiyed Ta ڕاستە نەوەکا سەید تەها Taha . کە پێی وایە پیتی (تا) لە قورئاندا وەکوو زاراوە بۆ ئاسانکردنەوەی خوێندنەوە بەکار هاتووە.

بە موریدی *murid* [24] ئەو. لەمارەی چەند ساڵێکدا، ئەرکەکانی موریدی لە ڕێگەی سولوك و زیارەت La voie du perfectionnement et l'abstention بە جیهێناو ئەویش بۆخۆی بوو بە خەلیفە، واتە نوێنەری شێخ. پاشان گەڕایەوە بارزان و دەستیکرد بە ئیرشاد دان.

مەلا عەبدولسەلامی برای بچووکی، ئەویش چوو بۆلای سەید تەها، تا ببێتە خەلیفە، بەڵام سەید تەها پێیگوت:

> *"من نامەوێ تۆ بێیتە ناو تەریقەت، پێم وایە تۆ دەبێ تەنها وانە tedris بلێیتەوەو کوڕەکەم شێخ عوبەیدوڵلا، لای تۆ دەرز دەخوێنێ".*

مەلا عەبدولسلام، وێڕای ئەوەی کە لەم ناوە قەڵس بوو بەڵام ڕازی بوو. هەم لە نەهری و هەم لە بارزان تا مەرگی سەید تەها دەرزی دەگوتەوە.

دوای مەرگی سەید تەها، براکەی شێخ ساڵح جێگەی گرتەوە. مەلا عەبدولسەلام وای بۆچوو کە کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی سولوك‌و زیارەتەوە ببێتە خەلیفە. بەڵام براکەی، مەلا عەبدولڕەحمان، بە شێخ ساڵحی گوت کە نابێ مەلا عەبدولسەلام بۆ پایەی خەلیفە بەرز بکرێتەوە ((من چاکی دەناسم: دواتر دەبێتە گوناهباری ئاژاوەیەکی گەورە. شێخ ساڵح گوێی بە ئامۆژگاریەکانی مەلا عەبدولڕەحمان نەداو مەلا عەبدولسلامی بۆ پایەی خەلیفە بەرزکردەوە. مەلا عەبدولسلام دەستیکرد بەدەرز ووتنەوە لە بارزان.

دوای مەرگی مەلا عەبدولڕەحمان، وەك ئەوەی منداڵەکانی دەستەپاچە بوون، گۆڕەپانەکە بەتەنها بۆ عەبدولسەلام چۆڵبوو. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەڵەمڕۆییەکەی زێدەتر دەبوو. نێوی شێخ عەبدولسەلامیان لێنا. لەوبەرەوە شێخ ساڵحی نەهری مردو شێخ *عوبەیدوڵلا* شوێنی گرتەوە. شێخ *عوبەیدوڵلا* زۆر دەوڵەمەند بوو و زۆر

---

[24] بنەماڵەی سەیدەکانی نەهری، شەمدینان بنەماڵەیەکی زۆر ناسراون لە کوردستانی ناوەندا. بنچینەی خۆیان دەگێڕنەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە سەرەتا تەریقەی قادری بڵاوکردۆتەوە تا دواتر چوونەتە ناو تەریقەی نەقشبەندییەوە. شێخ عوبەیدوڵلا کە سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە بەهێزە بوو سالی 1883 شۆرشێکی دژ بە تورکیا و فارس هەڵگیرساند و ئازەربیجانی داگیر کرد. کورەکەی عەبدولقادر، سیناتۆری تورك، تا ئیستەش لە ژیاندا ماوە.

پابەند بوو بە دونیاوە و خواستی بوو ببێتە سەرکردەیەکی دونیایی و لەهەمان کاتیشدا سەرکردەیەکی رۆحی. وەڵامی بۆ شێخ عەبدولسەلام هەناردو پێیووت نابێ ناوی شێخ وەربگرێ. ((تۆ زۆر لە مەلا یا سەید یا خەلیفە زۆرتری، بەلام شێخ نا)) مەلا عەبدولسەلام وەڵامی دایەوە:

*"ئەوەی خودا بیدات هیچ کەس هەقی لێسەندنەوەی نییە. خودا نێوی مەلا، سەیدو خەلیفەی پێبەخشیووم، بۆ ئەو ئاساییە نێوی شێخیشم پێببەخشێ".*

ئەمە بنچینەی ناکۆکی نێوان ئەم دوو شێخە بوو. شێخ عەبدولسەلام چیتر نەچۆوە بۆ نەهری.خەلیفەکانی هەردوو شێخ بوون بەخەنیم. خەلیفەکانی شێخ عەبدولسەلام پێیان دەوت غەوس، ئەم ناوە بەشێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخشراوە کە گلکۆکەی لە بەغدایە " غەوس [25] "؛ واتە ئەوکەسەی ئازاری هەموو موسلمانەکان هەڵدەگرێ. وەختایەك ئەم ناوە نوێیە ئاشکرا بوو و ناسرا، شێخ *عوبەیدوڵلا* ووتی: ((شێخ عەبدولسەلام و موریدەکانی شێتن، گومراو وابەستەی شەیتان بوون)). هەرچی شێخ عەبدولسەلام بوو، بەهەموو هاتووەکانی دەگوت کە لەوەتای مەرگی شێخ سالحەوە، کانیاوی (پاکی‌ئایین) لە نەهری ووشك بۆتەوە و ئێستە لە بارزانەوە هەڵدەقوڵێ. ئێستەکە مەلایەکانی نەهری چیتر شێخ نین، بەڵکو ((ئاغا))ن (واتە سەرکردەی دونیایی) پابەندی زەویوزارن. لەو سەرەوە ژمارەی موریدەکانی شێخ عەبدولسەلام زۆرتر دەبوون و هۆزەکانی گەردی، مزوری، شێروانی و زێباری [26] هەموویان دەسەڵاتی شێخ عەبدولسەلامیان ناسی.

---

[25] غەوس: gowth

[26] گەردی ژێری Gurdi Jéri ( گەردی خواروو ) دانیشتووی دەوروبەری هەولێرن، خەڵکانێکی نیشتەجێن، هەرچی گەردی ژووروە Gurdi juri گەردی سەروو ) ناوەکەیان لە مەحەلی قەزای شەمدینان ( ویلایەتی وانەوە ) هاتووە. مزووریەکان هاوسێی زێباریەکانن و لە محەلی هەمان ناوردا دەژین، دواجار شێروانیەکان لە قەزای رواندز لە محەلی بەرەسیان و مێرگەسووردا دەژین.

شێخ *عوبەیدوڵلا* ترسی لێنیشتبوو. لەشکرێکی گەورەی لەهەموو هۆزە هاوسێیەکان کۆکردەوەو بۆسەر گەردییەکان ڕۆیشت. ماڵی هەموو موریدەکانی شێخ عەبدولسەلامی تالاّن کردو هەتا هەندێکیشی لێکوشتن. لەوێوەوە چووە سەر شێروانییەکان، بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵکردن، هەروەها مزوریەکانیش. شێخ عوبەیدوڵلا هێشتا نەگەیشتبووە ناوچەی زێباری کە پێشتر شێخ عەبدولسەلام رایکردبوو و چوو بووە ئاکرێ. ساڵێك لەوێدا مایەوەو دواتر گەڕایەوە بارزان و زۆر وریایانە لەبەرامبەر شێخ عوبەیدوڵلا هەڵس و کەوتی دەکرد.

هەڵبەت موریدەکانی شێخ عەبدولسەلام تا دەهات زۆرتر دەبوون و دواتر پێیان دەگوت مەهدی ((هۆ مەهدی)) ! رابە بڕۆ شام، تۆ لەوێدا زۆر لایەنگیرت دەبێ و، ئێمە کۆنستانتینۆپل دەگرین و تۆ لەشوێنی خەلیفە دادەنیشی. سولتانەکانی عوسمانی مافی خەلیفەیەتیان نییە، هەموویان ملهوڕن[27].

شێخ عەبدولسەلام دیگوت ئەم هەوڵدانە لەتوانای ئەم بەدەرە: "من پیاوێکی فەقیرم و مەهدی نیم". کەمێك دواتر شێخ عەبدولسەلام کوێر بوو. خۆی لە دەست موریدەکانی رزگار دەکردو خۆی دەشاردەوە، بەلاّم ئەوان دەیاندۆزییەوە. زۆرجاران سەریان تێدەکردو پێیاندەگوت: "تۆ مەهدی، بۆچی خۆت وەکو مەهدی ناناسێنی؟". چەند ساڵێك بەسەر ئەم رووداوە رەتبوون. لەم ماوەیەدا شێخ عەبدولسەلام زۆری بەدەست موریدەکانی خۆیەوە چەشت. دواجار مرد[28] و کورەکەی شێخ موحەمەد شوێنی گرتەوە.

شێخ موحەمەد[29] تەنها مەلایەکی کەم خوێندەوار بوو، نیوە مەلا (کۆلکە مەلا) بوو. وەك ئەوەی لەکوردستان وای پێدەڵێن. شێخ موحەمەد پتەزمان بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[27] بە نیسبەت نەقشبەندیەکانەوە دەزانین کەوا دوا زنجیرەی زێڕیان chaîne d'or خەلیفە ئەبوبەکرە.

[28] شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ساڵی 1844 کۆچی دوایی کردووە و بە شوێن خۆیەوە لە دوو ژنان، دوو کوری لە پاش بە جێما قاسم و شێخ موحەمەد، وەرگێڕ.

[29] شێخ موحەمەد بارزانی ( 1837–1902) باوکی شێخ عەبدولسەلامی دووەم ( 1874– 1ی کانوونی یەکەمی 1914)، شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا موستەفای بارزانییە، وەرگێڕ.

بەڵام ئەویش دەستیکرد بە دەرزگوتنەوەو موریدەکانی زۆر بوون. هەموو سێشەمووان و هەموو هەینییەک، پیاوان و ژنان لەبارزان کۆدەبوونەوەو شێخ '' تەوەجوهی بۆ دەدان. ئەمەیان پێکهاتی ئەو داب و نەریتە ئایینییە بوو لای کوردەکان: شێخ لەناوەڕاستی موریدەکان دادەنیشت و سەربووردەی بۆ هەموو وەچە نزیکەکانی شێخەکانی تەریقەکەی دەگێرایەوە، لە کاتێکدا موریدەکانی هات و هاوار دەکەن و وەکو سەگان دەوەڕن یا وەکو کەران دەزەڕن[30]. بەکورتی ئەمە پێچەوانەی شارەستانیەتە، پێچەوانەی عورفی جوان و عەقڵە، ڕووداونووسەکە ئیزافەی دەکات.

لە نووژەنەوە شێخ *عوبەیدوڵڵای* (نەهری) هێزێکی کۆکردەوە بۆ سەر بارزان. ئەمجارە شێخ موحەمەد زۆر بەپەلە پێیزانی و شەو خۆی رایکردە نەهری و پەنای بردە بەرمزگەوتی شێخ عوبەیدوڵڵا. لەمزگەوت رایگەیاند کە خەونی بینیووە شێخەکان لەسەریان کردووە تاخۆی پێشکەش بە شێخ عوبەیدوڵڵا بکات و لە شێخەوە هەقی دەرز گوتنەوە وەربگرێت.

> *"من ئاوها هاتمە ئێرە، لە وێردی خاوێنی ئەم پیرە ڕۆشن ویژدانەو هەموو فەرمانێک کە پیرۆزی شێخ پێم بدات، جێبەجێی دەکەم".*

شێخ *عوبەیدوڵلا* زۆر دڵشاد بوو و فەرمانی بە خەلیفەکەی، مەلا سەدیقی خاتوونە دا تا شێخ موحەمەد دەرس بدات بۆ وانەکانی تەریقەت و دواتر بیکات بە خەلیفە. ((موریدی زۆری هەنە و بەکەڵکمان دێت)). بە کورتی شێخ عوبەیدوڵڵا زۆری ڕێز لێنا و کردی بە خەلیفە و دوای ئەوە بە هاوەڵی مەلا سەدیق ناردیەوە بۆ بارزان: مەلا سەدیق ساڵێك لەوێدا مایەوە.

---

[30] ئەمە لەناو هەموو کوردستاندا و لە ناو هەموو تەریقە ئایینیەکان هەر وابووە و ئێمە لە بەر پاراستنی ئەمانەت و دەستپاکی لە وەرگێڕاندا حەزمانکرد ئەم پەرەگرافە وەك چۆن لە فرەنسییەکەدا هاتووە وەکوو خۆی بڵاوبکەینەوە . وەرگێڕ



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم پێوەندی‌یە دۆستانەیە سێ چوار ساڵێکی خایاد تا جەنگی شێخ عوبەیدوڵلا دژ بە ڕۆمەکان (تورکەکان)[31] و دورخستنەوەی شێخ بۆ حجاز.ئەمە بەشداری لە بڵاوبوونەوەی نفوزی شێخ موحەمەد کرد، بەشێوەیەك ((ئاغا))یەکانی هۆزەکانی دەوروبەر زۆربەیان دەسەڵاتی ئەویان ناسی. لەوکاتەوە موریدەکانی شێخ موحەمەد دەستیان کردەوە بەوەی ناوی مەهدی لێبنێن، بەو بیانووەی کە بەگوێرەی فەرموودەکانی پێغەمبەر، ناوی مەهدی دەبێ هەمان ناوی موحەمەد بێ، هەروا (وەك ئەوەی ئەوان دەیلێن) شێخی ئێمە مەهدیەکی تەواوە)).

موریدەکانی شێخ موحەمەد دەستیان بەکڕینی چەك و چۆڵ کرد. چاکدەزانین لە هەموو کوردستاندا، هۆزەکانی زێباری، شێروانی و مزووری لەهەموویان کێوی ترن. ئەم هۆزانە چەند لەشکری وەفاداریان خستە بەردەست شێخ موحەمەد، ژمارەیەك لە 5000 پیاو زێتر. وەختایەك هەموویان پێکرا گردبوونەوە، بڕیاریاندا کە هیچ کەس ناتوانێ بەرەنگاریان بکات.

*"دەچینە موسل، ئەم شوێنە دەگرین، لەوێوە بەرەو شام دەڕۆین، بە پێ ئەم حەمیدە چکۆلەیەی پاشایەتی هەمووان دەگرین و لەسەر تەختی عەرشەکەی فریدەدەین، حەزرەتی مەهدی لەجێگە دادەنێین. دەبێ ئەو، شێخ موحەمەد شوێنی نوماینەدەی پێغەمبەر بگرێتەوە".*

وەختایەك ئەم عەقلیەتە ئاشکرا بوو. هەموو ((مەلا))یەکانی ئەم هۆزانە وتیان: ((بوەستن ! ئەم مەسەلەیە مەحالە، حکومەت لەناوتان دەبات)). موریدەکان وەڵامیان دانەوە کە بێگومان ئەم مەلایانە ((کافر))ن و لە دین وەرگەڕاون ((دەبێ بیانکوژین، دەنا بەشێوەیەکی دیکە کاروبارمان بە هیچ ناگات)). مەلا پێریزی هەبوو، پیاوێکی زانا و شارەزا بوو، بەکەرامەت و شەرەف لەناو هۆزی زێبارییدا ناسراو بوو و خزمایەتی لەگەڵیاندا هەبوو. موریدەکانی

---

[31] لە ساڵی 1883 دا ( بنۆرە سەرووتر، لا 149 و تێبینی ژمارە 2 ی یەکەم کۆلۆن ( لاپەرە و ژمارەکە هی گۆوارە فرەنسیەکەن و مەبەستی لە تێبینی ژمارە (24 ی ئەم کتێبەیە. وەرگێڕ).

بنکەی ژین
www.zheen.org

شێخ موحەمەد لەوەوە دەستیان پێکرد و پارچە پارچەیان کرد دوای ئەوە لەقەدی پیرە دارگوێزێکی کلۆریان ناو و سووتاندیان. بکوژەکان بەهەمووان هاتن و دەیانگوت: ( ئەمە جەنگی جیهادە بۆ پیسی حاجی، ئەوانی دیکە هاوڕا بوون: "بەڵێ، هیچ جیاوازیەکی نییە و کردەکەی تۆ پێشتر لای خودێ نووسراوە". دواتر مەلا مستەفای عادیلی هۆزی مزووریان گرت و لەبەرزاییماڵەکەیەوە فڕێیاندایە خوارەوە و پارچە پارچە بوو. دواتر نۆرەی مەلا موحەمەدی مزووری گوێزی و مەلا مارفی پیران هات. لەم نمایشە نامرۆڤانەیەدا، مەلایەکانی گەردی و هەموو ئەوانەی هێشتا لای مزووریەکان و شێروانیەکان مابوون، لە ئامێدی و ئاکرێ و رواندوز خۆیان رزگار کردو خۆیان لەوێدا شاردەوە. تاکە مەلایەك چیە چیتر لە ناو ئەم هۆزانە نەمانەوە.

لەشکری مەهدی بوو بە دوو پەل، پەلێکیان ڕێگای ئاکرێ و ئەوی دیکەیان ڕێگای رەواندزی گرت. هەردوو پەل بەرەو موسل هەڵکشان. قایمقامی ئاکرێ و رەواندزیان گرت و تیریان تێهەڵدان و ماڵەکانیان بەتالانبرد. هەواڵەکان گەیشتنە موسل. لەوکاتەدا سالح زەکی پاشا والی موسل بوو. پیاوێکی تێگەیشتوو بوو و رایگەیاند ((لەهیچ مەترسن، من بەئاسانی بە رەوتارێکی وەستایانە دووری دەخەمەوە)). وەختایەك لەشکری مەهدی! گەیشتە سێ سەعاتی شاری موسل، والی فەرمانی بە ئۆردووەکانیدا خۆیان ئامادە بکەن و تۆپەکان لەبەردەم هەموو دەرگایەکانی شار ئامادە بکەن و هۆشیار بوەستن. ((هەرچیمن، والیگوتی، لەگەڵ چەند ژەندرمەیەك دەچم بۆ چاوپێکەوتنی مەهدی)).

وەختایەك والی گەیشتە لای مەهداوییەکان mahdistes بینی کە چەکەکانیان بایی هیچ ناکات، چەکەکان کۆن و فرە مۆدیل بوون. والی ئارەزووی کرد میوانداری لە شێخ موحەمەد بکات، پێی ووت کە زۆر دەمێکە چاوەڕوانی رووداوەکانی ئەو دەکات و خۆی وا نیشاندەدا کە زۆر دڵشادە بەوەی ئەم رووداوانە لەماوەی ژیانی ئەودا روویانداوە. ئەوەشی زێدەکرد کە لە موسل، سەربازەکانی ئامادەن پێوەندی بەمەهدیەوە بکەن و لەگەڵ ئەو دژ بە سولتان

حەمیدۆك[32] هێرش بکەن. ((ئەگەر ڕێگەم بدەن، منیش لەگەڵ ئێوە دێم)). شێخ موحەمەد زۆر دڵشاد بوو و تەواو خۆشنوود بوو. بە موریدەکانی گوت:

*"ئەم والیە موسلمانێکی زۆر تەواوە، ئێوە دەبێ دەستی بۆ شۆر بکەنەوە".*

بەشادی و هاوارێکی فرەوە هەموو خۆیان لەوالی نزیك کردەوە، دەستیان بۆ شۆرکردەوەو شەرافەتمەندیان کرد. لەوکاتەدا والی گوتی:

*"وەك چۆن حەزرەتی مەهدی لووتفی کردووەو قەبوولی کردووم و من پتر ئاگام لەرەوشەکە هەیە، لێتان دەپارێمەوە هیچ هەنگاوێك بەبێ ئامۆژگاری پێشینەی من بۆ جەنگ هەڵنەگرن".*

شێخ موحەمەد گوتی: ((نا بەڵێ، من بەبێ بیروڕای ئێوە هیچ شتێك ناکەم)). موریدەکانی گوتیان فێسە سوورەکەی سەری والی حەزی پێناکەن و لە جەنابی والی دەپارێنەوە کە سەرپۆشەکەی بگۆڕێ. والی رازیبوو گوتی: ئەمە دژی حەزی ئەوە کە کڵاوی ئەم ((سەگە تورکانەی)) لەسەر ناوە، مەهدی ئەمر بکات و من جێبەجێی دەکەم)). مەهدی گوتی جەمەدانێکی پەمۆیین لەگەڵ شاڵێکی سوور زۆر جوان لەوالی دێن. ئەمیشیان هەر دەمودەست، ژاندرمەیەکی نارد لەدوای ئەم کڵاوە بگەڕێ تا لەسەری بنێ. ((من چیتر والی نیم، من سوکترین خزمەتکاری مەهدیم))- والی گوتی. پاشان ئەوەی گوت کە ئەگەر چەند سەد کوردێك لەناکاوێکەوە لەناو شار وەدیار بکەون، لەوانەیە خەڵکەکە بترسێن. پێشنیادی کرد کە مەهدی لەگەڵ چەند پیاوێکی بەرێز بچنە ماڵەکەی ئەو و هەرچی لەشکرەکەشە بۆ سێبەش دابەش ببن و لەسەربازخانە نیشتەجی بن ((سەربازەکان لەمەودوا خزمەتکاری مەهدی دەبن و پەنجەیان بۆ حەمیدۆك بەرز ناکەنەوە)). شێخ بەدوای رای والیدا چوو کە ئەو تا کۆنستانتینۆپل گیر نابێت و کەس جەنگی لەگەڵدا ناکات: وەك چۆن هەموو کەس دوژمنی حەمیدۆکن، هەموو گوێڕایەڵی مەهدی دەبن. بەکورتی، هەموو ئامۆژگاریەکانی والی لەلایەن مەهدی و

---

[32] سووکردنی گۆکردنی ناوی حەمیدە بە کوردی.

پیاوەکانیەوە قەبووڵکران. بەبێ هیچ گومانێك بەگوێرەی دەستنیشانکردنەکانی والی بەرێکەوتن. موریدەکان هاواریاندەکرد: ((سوپاس بۆ خودا، بەبێ جەنگ موسلمان گرت)).

مەهدی و موریدەکانی دوو یا سێ رۆژێك لەگەڵ سەربازانی تورك مانەوە کە گەواهی هەموو رێزلێنانێکی شایستە بوون. وایاندەزانی والی، سەربازەکان و خەڵکەکە هەموویان لەگەڵ ئەوانن. والی لەشێخ پارایەوە تا فەرمان بدات پیاوەکانی جلکانیان بدەن بۆ شووشتن پێش سەفەر، چونکە سەفەرەکە درێژو سەخت دەبێ. شێخ داوایەکەی بەجێگەیاند و پیاوەکانی هەموویان لەناو سەربازخانەکە خۆیان لەبەرکردەوە بێ ئەوەی هیچ پشتەرازێکی نهێنیان هەبێ.

هێندەی نەبرد، ئەوجا لەناکاوێکدا، سەربازەکان و خەڵکەکە دەوری ((موریدەکانیان))دا و گرتیانن و چەکیان کردن. شێخ موحەمەد دەستگیر کراو لەگەڵ (فەقێ) عەبدولرەحمان و محێ چیچۆ لە ماڵێکی سێنهۆمی لە کەناری دەچڵە زیندانیکران. راپۆرتێك لەسەر رەوشەکە بۆ کۆنستانتینۆپل[33] نووسرا. فەرماندرا هەموویان بۆ تەرابلس[34] رابگوێزنەوە. شێخ تێگەیشت کە هیچ هیوایەکی نییە بۆ خۆ دەربازکردن و بە ماوەڵە دەستبەسەرەکانی گوت: ((ئێمە ناتوانین بەهیچ شێوەیەك خۆمان دەرباز بکەین جگە لەوەی خۆمان لەپەنجەرەوە فرێدەینە ناو دەچڵە، جا ئەگەر خنکاین، بۆیەکجار تا هەمیشە ئارخەیان دەبین، خو ئەگەر نا باشتر)). بە کورتی پشتێنەکانیان[35] لێکگرێداو لە پەنجەرەکەیان بەستەوە و لەنیوە شەودا یەك لەدوای یەك خۆیان هەڵدایە ناو رووبارەکە، ئەو دەمانە بەهار بوو، دونیا سارد بوو، بەڵام خەڵکی بارزان لە ماسی چاکتر مەلە دەکەن و لە ئاو ناترسن. هەرسێکیان بەناوشەختەدا لە رووبارەکە پەرینەوە. لە گەڵ خۆیان کراس و ژێردەرپێکانیان هەڵگرت و بەم شێوەیە خۆیان پۆشیەوە و گەیشتنەوە زێبار و شێروان. بۆ ماوەی یەك ساڵ خۆیان شاردەوە و چارەنووسی

---

[33] دەشێ گەران بە ناو ئەرشیفخانەکانی تورکیا ئەم راپۆرتەمان بەردەستبخات، وەرگێر.

[34] ترابلس Tripoli لیبیا.

[35] ئێمە دەزانین پشتێنێکی کوردی چەند درێژە.

خۆیان ئاشکرا نەکرد. ((موریدەکان)) هەڵوەدای تریپۆلی و یەمەنستان کران، دوای چەند ماوەیەك لە تاراوگە هەندێکیان بە گروپی چەند کەسی بەیەکجاری خۆیان رزگارکرد و خۆیان گەیاندەوە وڵات. بەڵام بەشی زۆرترینیان هەر لە مەنفا مانەوە و تا ئێستەکەش نازانرێ داخۆ مردوون یا زیندوون.

لەم حاڵەتی پەرتەوازییەدا هەتا بیریان لەناوی مەهدیش نەدەکردەوە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کەسێك لە زێباری، شێروانی و مزوورییەکان نەیوێرا قامك بۆ ((تەریقەت)) هەڵبڕێ. بەڵام لە گەڵ سەردەم، کەم کەمە لە نوێوە بیریان لەوە دەکردەوە بە نهێنی و بە وریایی بچنە ناو تەریقەتەوە! قایمقامی زێبار، شەوقی ئەفەندی، زێتر دۆستی کوردەکان بوو و وایکرد کە شێخ موحەمەد لە حکومەت نیگەران نەبێ. لە لایەکی دیکەوە، شێخ موحەمەد رەوتاری خۆی گۆڕی، هیچ شتێکی نەکرد دژ بە دەسەڵاتکاران و بۆ نزیکەی سێ ساڵان، دەیتوانی هێشتا سەرقاڵی ئیرشاد بێ. ((موریدەکانی)) برێك جار رێگەیان بە خۆیان دەدا دژ بە ((مەلایەکان)) رەفتار بکەن، جنێویان پێدەدان، بەڵام هەرکە شێخ موحەمەد پێی دەزانی سزای دەدان.

لەو کاتەوە شێخ موحەمەد بوو بە دوژمنی شێخی بجیلی، و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتی زێباری و سورچی بوون بە قوربانی. ئەم دوژمنایەتییەی نێوان دوو شێخ و هۆزەکانیان لەسایەی شێخ موحەمەد سدیقی نەهریەوە[36] هێمن کرایەوە. بەداخەوە ئەم شێخە باڵا دەستەش لەشوێنی خۆیەوە جامی رقی خۆی بە سەر هۆزەکانی زێباری و مزووریدا رشت. ئەم هۆزانە نەیاندەویست چۆك دابدەن. جەنگ پێوەچوو و ناکۆکی نێوان شێخ موحەمەد سەدیق و شێخ موحەمەد بارزانی بۆگەن بوو. زۆر پێکداهەڵپرژانی چەکداری روویاندا. جارێکیان شێخ موحەمەد سەدیق پەلاماری بارزانی داو هەموو شتێکی وێرانکرد. شێخ موحەمەد

---

[36] کوری شێخ عوبەیدوڵلا یە کە پێشتر ئیشارەمان پێکرد. لە ماوەی ساڵانی جەنگ و داگیرکردنی نەهری لە لایەن رووسەکانەوە مەریەم خانم بێوەژنی شێخ مەحەمەد سەدیق بوو کە بە شایستەیی و دەسترەنگینیەوە نارچەکەی بەرێوە دەبرد کە بەڵگەی ژنانی گەورەی کوردن لە رەوشێکی ئاوەهادا.

ناچار بوو بچێتە ڕەواندز. حکومەت ئامادەیی خۆی وەرگرتبووو ڕەوانەی بارزانی کردەوە و شکستی بە پیاوەکانی شێخ موحەممەد سەدیق هێنا بەڵام زوو دواتر مرد. شێخ موحەممەد سەدیق زۆر دڵشاد بوو. وەختایەك کوڕەکەی شێخ موحەممەد، شێخ عەبدولسەلامی دووەم شوێنی باوکی گرتەوە و دەستی بەئیرشاد کرد، زۆر گەنج و زۆر کەم خوێندەوار بوو.

شێخ عەبدولسەلامی دووەم، هەرکە جێگەی باوکی گرتەوە، هەوڵیدا مەلایەکان بۆ لای خۆیەوە رابکێشێ، دەیووت باوکی هەڵە بووە کە ڕێگەی بە چەوساندنەوەی مەلایەکان دایە کە بوون بەنیشانە. ((هەموو کۆمیونێتەی ئایینی دەبێ پیاو ئایینیەکانی خۆی قەبووڵ بکات. من گەنجم و ناشارەزام، پێویستم بە مەلایەکە تا دەرسم بدات، مەلا ئەحمەدی ئەفەندی ئاکرێ بوو بە مامۆستای عەبدولسەلامی دووەم. لە دوو یا سێ ساڵاندا شێخی گەنج، بە نیوە مەلا (کۆلکەمەلا) یەك دەژمێردرا، بە هەر حاڵ، هێشتا لەباوکی زیتری لێدەزانی. پیاوێکی زۆر قۆز بوو. هەموو بەگزادەی هۆزەکان قەڵەمڕەوی ئەویان قەبوڵکرد و بەخششی چاکیان بۆ دەهێنا تا بۆ لای خۆیانی رابکێشن. ئەو هەمیشە بە خەڵکەکەی دەگوت: ((یەکگرتوو بن، ئەگەر کۆمەککاری یەکتر بکەن، کەس ناتوانێ ئازارتان پێبگەیەنێ دەنا هەمووتان دەبن بە قامیشی ژێر قاڵی)) ئەم قسانە وایانکرد هۆزەکانی زێباری، شێروانی، مزووری، برادۆستی، ڕێکانی و گەردی[37] دڵسۆزی بن. عەبدولسەلام کاتی خۆی کردبووە سێبەش: بەشێکی بۆ خوێندەواری خۆی تەرخانکردبوو، بەشێکی دیکە بۆ ئیرشاد، بەشی سێیەمیش بۆ کاروباری دونیایی هۆزەکان تەرخانکردبوو. هاوسێیەکەی شێخ موحەممەد سدیق زۆر دڵشاد بوو بە مەرگی شێخ موحەممەدی باوکی عەبدولسەلام، بەڵام ئێرەیی بە بەرەو پێشەوە چوونی نفوزی شێخ عەبدولسەلامی دووەم دەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بە هیچ وەسیلەیەك دەسەڵاتی کەمبکاتەوەو کاروبارەکان بەو شێوەیە بوون تا شێخ موحەممەد سدیق مرد و کوڕەکەی سەید تەهای دووەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

37 برادۆستیەکان لە محاڵی دەشتی بەرازگیر Barazguir ی قەزای رواندز دەژین و ڕێکانیەکان لە محاڵی هەمان ناو لە قەزای ئامێدیدا دەژین.

شوێنی گرتەوە. شێخ عەبدولسەلام تێیگەیاند کە باپیرە گەورەیان هاوڕێبوون و هەروا بەهەمان شێوە باوکیشیان هاوڕێ بوون، وێرای ئەوەی چەند ناکۆکییەک لەنێوانیاندا هەبوو کەچی هەر هاوڕێ بوون: ((لێتان دەپاڕێمەوە، با رابووردوو لەبیربکەین و با هاوڕێ بین)) سەید تەها ئەمەی رەتنەکردەوە و بوون بە هاوڕێ. بە رووبەروو یەکتریان نەدی، بەلام لە رێگەی پەیام و نێوانکاری گەواهی هاوڕێیەتیان دەدات.

دوای لەسەر تەخت لاچوونی سولتان عەبدولحەمید و جێگیربوونی مەشرووتەی عوسمانی، والی موسل فازیل پاشا[38]، ژەنەرالی فیرقەی سەربازی بوو. والی بانگهێشتی عەبدولسەلامی‌دووەمی کرد بۆ موسل بۆ دیدەنی. لەموسڵ، لەئاکرێ و لەئامێدیەوە هاوڕێیانی شێخ وریایان کردووە متمانە بە والی نەکات و نەچێتەلای، چونکە حکومەت دەیەوێ دەستگیری‌بکات. شێخ بانگهێشتنەکەی والی رەتکردەوە و تکای لێکرد ئاگاداری بکاتەوە چ کارێکە پێویستی بە چوونی ئەو دەکات. فازیل پاشا تێگەیشت کە شێخ نایەت، لەوکاتەوە 600 سەربازی کۆکردەوە لەگەڵ شەش تۆپ و، لەشکرکێشی کردە سەر ئاکرێ. لەوێوە هەواڵی نارد ئەگەر شێخ نەیەت، بارزانی نیشتەنی شێخ تێك و پێك دەدات. شێخ وەڵامی دایەوە کە نایەت و گوللەیەکی مارتینی martini لەناو نامەیەك خست و لەگەڵ ئەم رستەیەدا بۆ پاشای رەوانەکرد ((من ژیانی خۆم هێندە لەلا خۆشەویست نییە، لەم پەیامە بەدواوە پێوەندییەکانی من و رۆمەکان تەنها بە تەقەی دەمانچە دەبێ، هەرچییەکت دەوێ بیکە و با ئاشتی بە سەر سەرمانەوەبێت)). فازیل پاشا فەرمانی بەهۆزەکانی: سورچی، خۆشناو، بالەك، مامەش و شنۆ[39] دا تا پێوەندی پێوە بکەن بۆ جەنگی ((موریدەکانی)) شێخ عەبدولسەلامی‌دووەم. ئاشکرایە لەم سەردەمە مامەشەکان و هۆزەکانی شنۆ لەژێر قەڵەمڕۆی دەسەڵاتکارانی

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[38] موحەمەد فازیل پاشا والی موسل بووە لە ساڵی 1907 دا.

[39] سورچییەکان لە محاڵی ئاکرێ، خۆشناو لە محاڵی بێتواتەی نزیك بە کۆیە، باڵەك لە محاڵی وەلاش لە قەزای رواندوزدا دەژین.

عوسمانیدا بوون[40]. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە قەرەنی ئاغای مامەش و سولێمانخانی شنویی[41] گوێڕایەلیان کرد و بەخۆیان و پیاوەکانیانەوە هاتن.

جەنگ مانگێکی تەواوی خایاندو عەسکەرێکی زۆر کوژران. دواجار لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی ئازووقە موریدەکان شکان و پەرت و بڵاو بوون. شێخ عەبدولسەلامی دووەم یەکەمجار خۆی پەنای بردە بەر چیای هیرێ ( لەنزیک بارزان). وەك چۆن لەدڵنیاییدا نەبوو، جل وبەرگی خۆی گۆڕی و رایکردە تیاری و تخوب، بۆلای رەعیەتەکانی مار شەمعون ئەفەندی[42]. هەرچی هۆزە دڵسۆزەکانی شێخ بوون بەشێکیان ملیان بۆ تورکەکان دا، دوای ئەوەی بەخشران، گەرانەوە زێدی خۆیان و بەشێکیشیان دەستگیر کران و رەوانەی موسل کران.

یەکێك لەئەفسەرە تورکەکان، سەفوەت بەگ بەبێ ئاگاداری فازل پاشا راپۆرتی بۆ کۆنستانتینۆپل نووسی کە بەرای ئەو لەبەر شکۆی شۆرشی مەشرووتە پێویستە لە شێخ عەبدولسەلامی دووەم و موریدەکانی ببوردرێ و ڕێگەیان پێبدرێ بگەرێنەوە بارزان تا تێیدا ویرد و دروود بۆ سەرکردە نوێیەکان بنێرن. سەفوەت بەگ توانی لێبوردن بۆ شێخ عەبدولسەلامی دووەم و موریدەکانی وەربگرێ بەڵام دەیەوێ بزانێ داخۆ شێخ دەتوانێ بە ئارامی بگەرێتەوە شوێنی خۆی. ئەو دەم شێخ عەبدولسەلامی دووەم لە گوندی بابسیڤا Bab sefan، لەناو هۆزی مزووری ژووریدا دەژیا و لەوێوە نامەی بۆ سەفوەت بەگ نووسی کە ناوێری بچێتەوە بارزان و لێی پارایەوە بڕواتە لایی و بۆ دڵنیا کردنەوەی قسەی لەگەڵدا بکات. وەختایەك سەفوەت بەگ ئەم پەیامەی بەدەست

---

[40] ئەوە دەستدرێژی تورکەکانمان وەبیر دەهێنێتەوە بۆ سەر هەرێمەکانی ئێران ساڵی 1906 و دواتر. دوایىجار لە ساڵی 1911 و سنوورەکە بە تەواوی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستنیشانکرا.

[41] لە ماوەی ساڵانی جەنگدا، قەرەنی ئاغا تورکەکان لەقەبی پاشایان پێداو و پێوەندی بە تورکەکانەوە کرد و چالاکانە بەشداری لە جەنگی پیرۆزکرد . هەرچی سولێمان مەنسوور مولووك بوو، سیاسەتێکی زۆر سینگفراوانتری لە بەرامبەر رووسەکانەوە هەبوو. من یادگارێکی زۆر چاکم لە گەڵ ئەم سەرۆکە کوردە هەیە، پیاوێکی خوێندەوار و خۆش مەشرەب بوو.

[42] پاتریارشی نەستووریەکان بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەیشت لەبارزان بوو، هەرچی فازل پاشا بوو لەئاکرێ بوو. سەفوەت بەگ داوای لە فازیل پاشا کرد داخۆ دەتوانێ بچێ شێخ ببینێ یا نە؟ هەروەك ئەوەی فازیل پاشا ئارەزووی نەدەکرد شێخ بگەرێتەوە بارزان، وەڵامی سەفوەت بەگی دایەوە کە شێخ دەبێ بە ویستی خۆی بگەرێتەوە. ((ئەم کوردانە کێوی و شێتن، دەتوانن بتگرن، بەڵام بە دوو ژەندرمە بەخشینەکەی بۆ بنێرە، خۆ ئەگەر دڵنیا بوو پێی ئەوا چاکتر، دەنا با لەگەڵ شەیتان برۆات!)). سەفوەت بەگ لەم وەڵامە تووڕە بوو، بەڵام نەیتوانی هیچ شتێك بکات دژ بەفەرمانی فازیل پاشا. ملیداو بەهۆی دوو ژەندەرمە بەخشینەکەی بۆ نارده بابسیڤا. شێخ لەمەدا گەرەنتی بینی بەڵام تەواو دڵنیا نەبوو. ژەندرمەکان نەیاندەتوانی بۆی لێکدەنەوە بۆچی سەفوەت بەگ بە خۆی نەهاتووە. شێخ بەمچەشنە وەڵامی سەفوەت بەگی دایەوە کە زۆر سوپاسی چاکەی ئەو ئاوڕلێدانەیەوە و بەخشینەی دەکات کە لەلایەن حکومەتەوە بۆی وەگیرخستووە، بەڵام چۆن زستان نزیك بۆتەوەو ماڵەکەی لەبارزان سووتاوە، ناتوانێ ئێستە بگەرێتەوە بارزان و زستان لەبابسیڤا بەسەر دەبات و بۆ بەهار ئینشائەللا دەچێتەوە بارزان.

ئەو هەمیشە ئامادەیە بۆ گوێڕایەلیکردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتکاران ((ملم تەنها تاڵە داوێکە بەسەر شمشێری پادشای ئیسلامەوە، نومایندەی باشترین پێغەمبەری سەیدولمورسلین لەسەر زەوی)). سەفوەت بەگ ئەم وەڵامەی بەدەست گەیشت و لەگەڵ لێکدانەوەکانی خۆی لەسەر رەوشی وەڵات و مۆنتالیتەی سەرەتایی خەڵکەکەی، رەوانەی کۆنستانتینۆپلی کرد. لەپایتەختەوە فازیل پاشایان راسپارد بۆ ئەوەی لێبگەرێ شێخ عەبدولسەلامی دووەم ئارام دابنیشێ. پاشا لەوە نارازیبوو، دژە راپۆرتێکی بۆ کۆنستانتینۆپل هەنارد کە تێگەیشتووە سەفوەت بەگ پارەی لە شێخ وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەرگری لێبکات. هیچیان وەڵامی فازیل پاشا نەدایەوە، بەڵام سەفوەت بەگیان بانگی پایتەخت کرد. لەرۆیشتندا، سەفوەت بەگ شێخ عەبدولسەلامی دووەمی راسپارد، ئەگەر فازیل پاشا هێرشی بۆ کردی. بە توندی بەرگری بکە، ((من لە کونستانتینۆپل تێیان

دەگەیەنم کە بەرپرسیاری راستەقینە، فازیل پاشایە)). سەفوەت بەگ بۆ کۆنستانتینۆپل رۆیشت.

فازل پاشا چیچێنی بوو، لە نەوەی شامیل داغستانی بوو، گوتی: ((تورك بێشەرەفن، بۆ چوار قرۆشان ئاییني خۆیان دەفرۆشن)). 400 سەربازی لەهاونیشتمانییە چیچێنیەکان، چەرکسەکان و ئارنوودەکان (ئەلبانیەکان)ی خۆی کۆکردەوە. هەروا کوردە دوژمنەکانی شێخیشی بەگەڵ دان و بەدوو تۆپ و چوار مەترلیۆز هێرشی بردە سەر بارزان. لە بابسیڤاوە بۆ بارزان، شەش کاتژمێر رێگەیە. فازیل پاشا پیاوەکانی خۆی دەدواند: ((ئێوە تورکی بێناییڼو یاسا نین، ئێوە هەمووتان خەڵکی عەشیرەتەکانن، لەچاو نەترسەکانن هیوادارم کە شێخ و موریدەکانی شێخ دەستگیر بکەن یا بەیەك دەستوەشاندن بیانکوژن و لەناویان ببەن. سەربازەکان پەیمانیاندا هەموو هەولێك بدەن. بەکورتی، فازیل پاشا بەشەو سەربازەکانی بۆ دەوروبەری بابسیڤا هەنارد.بەر لەدەرچوونی سەربازەکان، دوو پیاو دەرچوون و هەموویان بۆ شێخ گێرایەوە. شێخ دەوریەری 300 پیاوی چەکداری لە دەورە بوو. پێیگووتن: ((فازل پاشا گەورەترین دوژمنمە. سەفوەت بەگ رۆیشتووە بۆ کۆنستانتینۆپل. ئەمزستانە، ناتوانین بۆ هیچ لایەك رابکەین. تەنها یەك رێگەمان هەیە بۆ رەوتار کردن تا یەکێك لە ئێمە مابێ، دەبێ شەرافەتمەندانە خەبات بکەین بۆ مردن)). هەموویان سوێندیان بە تەلاق خوارد[43]. شێخ بە خۆی هەنگاوی هەڵگرت و لەگەڵ ئەواندا رۆیشت. پلانەکەی شێخ پێویستی بەگوێرایەلیەکی تەواو هەبوو: ((هەتا ئێوە دەنگی تەقەتان گوێ لێنەبێ، هیچ کەس تەقەنەکات ئینشائەللا ئەم جارە بەیارمەتی باب و باپیرانمان ئاوەها

---

[43] سوێند بە تەلاق خواردن، سوێندێکە لە حاڵەتی قەسەمدا دەخورێ و هەرکەس بیخوات تەلاقی دەکەوێ. کوردەکان بە کاراکتەری خوزراوە و زۆربەی جار ئەم سوێندە دەخۆن. دەرئەنجامەکەی لە لایەن قازیەکەوە بە هۆی کەسێکەوە کە پێی دەڵێن مومەللەل ( ئەوەی حەلال دەگەرێنێتەوە، ریگەپێدراو) ئەمەیان هاوسەرێتی لە گەڵ ژنە تەلاقدراوەکە دەکات، کە دواتر دەتوانێ لە گەڵ مێردە یەکەمەکەی، خۆی مارەبکاتەوە. قازی فەتاحی سابلاغی یان بۆ دەستنیشانکردم وەکو وەستای بێهاوتا، کە ئەم جۆرە زەماوەندانە بەرێوە دەبات کە بۆ ئێمە کەمێك سەیر دەهاتە بەرچاو.

عەسکەرەکان سزا دەدەین کە ببنە نموونە! هەموو ئەم چەرکەس و ئەوانی دیکە قورسایی کورد دەناسن و ئێمە چیتر بەبێ بیانوو و هۆ هێرش نابەین. با فووزول[44] بزانێ ئەگەر (10) کورد ئەژنۆ لەسەر زەوی بچەقێنن بۆ جەنگ، سەد چەرکەسی کەرو ئەوانی دیکە ناتوانن جێگەیان پێچۆل بکەن)). بەکورتی نزیکەکانی خۆی دەدواند.

لەو دیوو ئاوایی بابسیڤا، لەناو چیایەکاندا دەربەندێکی درێژ هەیە، بەرتەسک و قووڵ. پیاوەکان چووبوونە هەردوو دیووی دەربەندەکە. شێخ بۆ خۆی چووبووە کۆتایی لای دیکە و گوتی: ((تا عەسکەری فازل پاشا لە ئێمە تێپەڕ نەبن، ئێمە هیچ ناکەین)). پیاوەکان خۆیان لەپشت گاشە بەردەکان شاردبووبۆوە. بەرەبەری کازێوە بوو عەسکەر گەیشتنە ناو دەربەندەکە کە تاکە ڕێگەی هاتوو چۆ بوو. تۆپهاوێژەکان گووتیان ئەم دەربەندە بۆ تۆپەکان سەختە (( دەبێ عەسکەر تا ئاوایی بچن ئەو کاتە ئێمە لێرەوە تۆپ دەهاوێین، کوردە تۆقیووەکان خۆیان ڕزگار دەکەن و ئێمەش بە دوایان دەکەوین)). پاشا بڕیاریدا و عەسکەر بەناو دەربەندەکەوە وەربوون. هێشتا تاریک و لێڵ بوو، زۆربەی عەسکەرەکان لە ناو دەربەندەکە بوون کە کوردەکان، ویستیان دەستبکەنەوە، بەلام شێخ ئارامی بەنزیکەکانی خۆی گرت:

*(( ئەوان گومان لەهیچ شتێك ناکەن، لێیان گەڕێن با بە تەواوی بکەونە ناو دەربەندەکەوە ئەوکاتە بە ڕێژنە تەقەیان لێدەکەین)).*

وەختایەك هەموو عەسکەرەکان گەیشتنە ناو دەربەندەکە، شێخ فەرمانیدا تەقەیان لێبکەن، 300 گوللە لەیەکجاردا دەتەقی. لە ناو دەربەندەکە عەسکەرەکان تەواو سەریان لێتێکچوو بوو، نەیاندەزانی بۆ کوێ رابکەن. ئەو کوردانەی لەگەڵ عەسکەرەکان بوون کەمینەکانیان دەناسی و لەچیاکانی هەردوولاوە خۆیان ڕزگار کرد: چەند عەسکەرێك بە شوێنیاندا رایانکرد. هەرچی ئەوانی دیکە بوون ((لەناوچوون)). 200 عەسکەر بەدیل گیران و بەدەست بەستراوەیی هێنایانەوە بابسیڤا و لەمزگەوت تیماریان کردن. تۆپهاوێژەکان دەستیانکرد بەتۆپ

---

[44] یارییکردنە لە گەڵ ووشە، فازیل واتە بێخەوش، هەرچی فووزوولە، واتەی جنێو ئەدات.

هاوێشتن، بەڵام تۆپێك دەتەقیەوە و ئاگری تۆپەكان هیچ ئەنجامێكی نەدەبوو. ((سەرەرۆیەكان)) پەلاماری تۆپەكانیان دا، تۆپچییەكانیان یا كوشت یان بەدیلیان گرتن. ((سەرەرۆیەكان))[45] دەیانگوت: ((تۆپە پارچە پارچە بووەكە دەبێ خاوەن ئیمانی چاكبێ. وەستاوە تاجەنگی شێخ نەكات، ئەوە هەتا شەهیدیشە)). هەموویان تۆپەكەیان ماچ كردو گەیاندیانەوە بابسیڤاو هەموو كەس ماچیان دەكرد. هەرچی تۆپەكەی دیكە بوو بە گاوریان لە قەڵەم دا و لەبەرزایی گاشەبەردەكانەوە فرێدراو پارچەپارچە بوو، وەك چۆن گاورێك، بێئاینێك جورئەت بكات جەنگی شێخ بكات و هەروا خۆی نیشانی ((فوزول)) (جنێودانە) فازل پاشا بدات. بەهەمان شێوە، تۆپچییەكانی ئەو تۆپەی كە پارچەپارچە بوو، هەموویان بەخشران و دیارییان وەرگرت. هاوەڵیان كردن بەرەو بارزان و ئازاد كران. بەپێچەوانەوە ئەو تۆپچییە بەدبەختەی كەجورئەتی كردبوو تۆپ بهاوێ لە بەردەم هەموو زیندانیەكان تیرباران كرا. كوردەكان پێیان دەگوتن كە ئەوان جەنگی حكومەت ناكەن، بەڵكو جەنگی فوزوول پاشا و (( كەرەكانی داغستان )) دەكەن كە دەتوانن هێزی عەسكەرییان لە گەڵ هی كوردەكان بەراورد بكەن.

دوای ئەم رووداوانە، شێخ بە پەلە وەڵامی بۆ زاواكەی، عەبدولعەزیز ئاغا ناردە ئامێدی و بانگهێشتی كرد بۆ بابسیڤا لە گەڵ میرزایەكی چاك كە یاساكان بناسێ. عەبدولعەزیز گەیشتە بابسیڤا لە گەڵ میرزایەكی باوەڕپێكراو. پێكەوە راپۆرتێكی دوورو درێژیان بۆ كۆنستانتینۆپل ئامادە كرد[46] و شەرحیان كرد كە شێخ لەسەر بنەمای ئەو لێبووردنەی لە لایەن سولتانەوە پێی بەخشراوە گەڕاوەتەوە بابسیڤاو لەبەهاردا ویستوویەتی بچێتەوە بارزان بۆ ماڵەكەی خۆیی و نوێژی خودا بۆ حكومەت بكات. لە ناكاوێكەوە، لەلایەن كوردەكان و خەڵكی داغستان پەلامار دراوە كە لەلایەن فازل پاشاوە نێردرا بوون. شێخ وای بۆ چوو

---

[45] بنۆرە The Mad Molla مەلای شێت لە سودانی ئەنگلۆ میسری كە جاران ئەو هێندە زۆر ئازاری بە گۆردۆن پاشا Gordon- Pacha گەیاندبوو.

[46] ئەم راپۆرتە رەنگە ئێستە لە ئەرشیفخانەكانی ئەستەمبوول وەگیربكەوێ ئەگەر كەسێك هەبێت بە دوایدا بگەڕێ. وەرگێر.

بوو کە ئەمە پەلاماری کوردەکانە و بەرگری لە خۆی کردووە و تەنها دوای جەنگەکە تێگەیشتووە کە عەسکەریش لەمێرشەکە دابوون (( ئێمە تەواو شەرمەزار بووین و داواتان لێدەکەین لێمانببەخشن و کەسێکی دیکە لەجێگەی فازل پاشا دابنێن، ئەو ((پیاوی عەشیرەتە)) و حەزی لە تۆڵەسەندنەوەیە کارمەندێکی دادوەر بنێرن، ئەمەیان قەناعەت بە گوێڕایەڵی و دڵسۆزیمان دەکات. ئەم نامەیە لە ئامێدییەوە رەوانەکرا.

وەختایەك راپۆرتەکە گەیشتە کۆنستانتینۆپل، دوای دەستا و دەستکردنی لە لایەن ئەنجوومەنەوە کە تێیدا سەفوەت بەگ بە توندی پشتگیری لەکوردەکان کردبوو. بڕیاری لێبوردن بۆ شێخ دەرکرا. هەرچی فازل پاشا بوو، داوایان لێکرد بچێتەوە سەر پۆستی خۆی لە موسل. فازل پاشا زۆر تووڕە بوو بەوەی شتەکان بەو بارەدا شکانەوە. چەند پیاو ماقولێکی لە ئاکرێ وە نارده لای شێخ بۆ ئەوەی تکای لێبکەن زیندانییەکان ئازاد بکات. شێخ گووتی ئەو هیچ شتێکی دژ بە زیندانیەکان نییە، بەڵام چونکە ئەم کەرانە جەنگی ئەویان کردووە دژ بە ویستی حکومەت، هەروەك چۆن بەڵگەی لێبوردن لە کۆنستانتینۆپلەوە بۆ شێخ هاتبوو، دەبێ فازل پاشا بیانکڕێتەوە. فازل پاشا ناچار بوو ملبدات و 200 لیرەی تورکی بۆ شێخ هەنارد تا ((کەرەکان)) لەبەرامبەر ئەم بڕە پارەیە بەربدات. بەڵام بەپێچەوانەوە، شێخ رازی نەبوو چەکەکان بداتەوە. ((چەکی چاك بۆ جەنگاوەری چاکە، هی خراپیش بۆ هی خراپ)). لەگەڵ ناردراوەکان چەند چەکێکی ناشیرینی ناردەوە کە لە مەراغە[47] و سلێمانی دروستکرابوون. کاتێك فازل پاشا ئەم

---

[47] شارۆچکەیەکە لە رۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ وە، ئێستەکە بەرچاو نییە، جاران پایتەختی مەغۆلەکان بووە. لێرەوەیە سرنجدانەکەی عومەر خەیامی گەردووناس و شاعیری بەناوبانگ لێرەوەیە. چەند کارخانەیەکی چەکسازی تێدایە کە چەکی زۆر ترسناکی تێدا دروستدەکەن هەم بۆ ئەو کەسەی تەقە دەکات و هەم بۆ ئەوکەسی تەقەی لێدەکرێ. لە لایەکی دیکەوە دەزانین کەوا سیمای جەنگاوەری و خەریتە لە شان ئەمە هەمیشە لە وەڵاتی ئێراندا جێگەی شانازیە، ئەمانە بەراستی نەتەوەیەکی شانازیکارن.

چەکانەی بینی هێندەی تر تووڕەتر بوو. نەفرەتی لە تورکەکان کردو چۆوە موسل، وازی لە والیەتی هێناو چۆوە بەغدا وەك ژەنەڕاڵێکی سادەی فیرقەی سەربازی[48] دانیشت.

سەرەتای خاکەلێوە، شێخ چۆوە بارزان، ماڵەکەی خۆی چاککردەوە، قوتابخانەیەکی بۆ منداڵان دروستکردو داوای مامۆستایەکی لە حکوومەت کردو لە موسلەوە مامۆستایەکیان بۆ هەنارد. هەروا حکومەت بۆ چاوەدێریکردنی شێخ و ((موریدەکانی)) حوسنی ئەفەندی ((قایمقام)) و (10) ژەندرمەی بۆ هەنارد. بۆ ماوەی دوو ساڵان رەوتاری شێخ بێغەلوغەش بوو و هەموو فەرمانەکانی حکومەتی بەجێدەهێنا. پێوەندییەکانی لەگەڵ سەید[49] تەهای دووەم چاك و هاوڕێیانە بوو. لەوردەمەوە شێخ عەبدولقادر، مامی سەید تەها چوو بۆ کۆنستانتینۆپل و لەگەڵ سەید تەهای برازای تێکگیربووبوون و سەید تەها لای دەسەلاتکاران تاوانبار کراو رەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا[50]. لەوێوە خۆی رزگار کردو گەیشتە نۆڤۆرۆسیك Novorosik و لەلایەن رووسەکانەوە پارێزگاری لێکراو دواتر لە ورمێ بەدیارکەوتەوە. لە گوندی راژانی هەرێمی مەرگەوەر ماڵیان بۆ دەستنیشانکرد. شێخ عەبدولسەلامی دووەم پەیامی بۆهەنارد و داوای لێکرد پێوەندییەکی چاك لە گەڵ رووسەکان رابگرێ "تورکەکان جێگەی دڵنیایی نین، رۆژێك دێت، لەوانەیە بەمزووانە کوردەکان پێویستیان بە یارمەتی زلهێزێك بێ و پێویستە هانا بۆلای رووسەکان ببەین".

---

[48] لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەرەکانی جەنگ لە نزیك بەسرە سەری تێداچوو.

[49] لە دەقە فرەنسییەکە نووسراوە شێخ تەها، وەرگێر.

[50] ساڵی 1911 دوای مەرگی کورە گەورەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، موحەمەد صدیق، مام و برازا ( شێخ عەبدولقادر و سەید تەهای کوری شێخ محەمەد صدیق) لە سەر میراتی دەسەڵات کەوتنە ناکۆکیەکی خێزانی قووڵ و دوای خوێنرشتن دواجار بە هەراکردنی سەید تەها بۆ رووسیا مەسەلەکە هێورکرایەوە، وەرگێر.

ئامۆژگاریەکانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم لای تورکەکان شاراوە نەبوون. فازل پاشا کە هەمیشە خوازیاری زیان گەیاندن بوو بە شێخ، لە راپۆرت نووسین نە دەوەستا دژ بە ئەو و سەفوەت بەگ. ئەمەی دوایی پێی زانی و بە دزییەوە لەکۆنستانتینۆپلەوە هاتە بارزان و بە شێخی گوت نابێ متمانە بە حکومەتی تورك بکات، تورك نە شەرف و نە بەزەییان نییە و خزمەت و دڵسۆزیان لەبەرچاو نییە.

> *"بفەرموون هەردووکمان بابچینە لای رووسەکان. کۆبوونەوە لەگەڵ سەیدتەها و عەبدولرەزاق بەگ[51] بکەین، ئەگەر بگەینە ئەوەی ئەوای حکومەتی رووس وەربگرین، ئەوا چاکترە بۆ میللەتەکەمان،[52] خۆ ئەگەرنا، دەبێ بچینە لای ئینگلیزەکان یا رەوو هەر ناسیۆنێکی شارەستانیخوازی دیکە بچین. لەلایەنی تورکەوە هیچ هیوایەك نییە بۆ ئێمە. دەزانم لە نووژەنەوە داواتان لێدەکەن بۆ موسل و ئەمجارە دەتخنکێنن. بەرگری لەخۆت بکە تا دەتوانی، ئەگەر نەتتوانی چیتر بەرگری بکەیت، لای رووسەکان خۆت رزگار بکە".*

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەکجار ئەو ئامۆژگاریانە درانە شێخ عەبدولسەلام، سەفوەت بەگ چوو بۆ ورمێ، دواتر چوو بۆ رووسیا و ئیتر نازانین چی بەسەر هات. پێشبینیەکانی راستدەرچوون. شێخیان بانگ کرد بۆ موسل، ئەو رەتیکردەوە بچێ. لەبەهارەوە

---

[51] عەبدولرەزاق بەگ لە بنەماڵەی میرەکانی بەدرخان بەگ بوو کە حوکمرانی هۆزی بەهێزی بۆتانی دەکرد لە هەرێمی جەزیرەدا. ئەوە دەزانین کەوا بەدرخان لە سەردەمی عەبدولمەجید دژی تورکەکان راپەری. عەبدولرەزاق بەلای ئەوەدا دەچوو میرنشینێکی کوردی دابمەزرێنێ، لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە زینداندا لە موسل خنکێندرا. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە لە ناو هۆزی بۆتاندا، نوێژی هەینی بە ناوی خەلیفەی ئەستەنبوولەوە ناکەن کە وەك داگیرکەر تەماشای دەکەن، ئەوان نوێژ بۆ دوا خەلیفە عەباسی دەکەن، کە وەك دەڵێن ئێستەش ئاڵا رەشەکەی لە ناو ئەم هۆزەدا هەر پارێزراوە.

[52] بە گوێرەی ئەم تێکستە بێت، دەبێ سەفوەت بەگ کورد بووبێت، وەرگێر.

عەسكەر بۆ بارزان رەوانەكران، مانگێك شەڕیان كرد، عەسكەرێكی زۆر كوژران لەكۆتاییدا شێخ و نزیكەكانی چوونە وورمێ و تفلیس، دەسەڵاتكارانی رووس تكایان لە شێخ كرد بچێتە تفلیس. شێخ چوو بۆ تفلیس، دەسەڵاتكارانی بینی و گەڕایەوە ورمێ. موریدەكانی لە مەرگەوەر نیشتەجێكران، بنەماڵەكەی لای سەید تەها لە راژان. ئەوكاتە سەید تەها لە تۆرۆس خەریكی كاروباری مولكایەتی بوو.

پاشان بە شێخیان گوت بۆ ئەو چاكتر وایە خۆی بشارێتەوە، چونكە توركەكان، داوایان لە فارسەكان كردووە هەڵاتووەكان رەوانە بكەنەوە. جا لەبەر هۆی سیاسی نایانەوێ ئێستەكە دژایەتی توركەكان بكەن. ((دوو یا سێ مانگێك ئارام بگرە، ئامۆژگاری شێخیان كرد، ئەوكات دەبنین یا ئێمە (رووسەكان) پێوەندیمان زۆر چاكدەبێ لەگەڵ توركەكان و بە ئاسانی لێبوردنت بۆ وەردەگرین. یا ئەوەتا دەبینە دوژمن لەگەڵ توركەكان و هێزێكی چەكدارت دەدەینێ كە تۆ بتوانی پێیبچیتەوە بارزان بە بێنەوەی خەمی توركەكانت هەبێ.

شێخ پێچەوانەی ئەم ئامۆژگاریانەی كرد، بەڵام نەیدەویست وای دەربخات تەنها گوتی: ((خۆ شاردنەوەم بۆ ماوەی سێ مانگ، من ناتوانم لە شوێنێكی دیاركراو دا بژیم، من دەبێ بە هەموو لایەكدا بسووڕێمەوە. جل گۆڕاو لەگەڵ چەند خزمەتكارێكی دلسۆز لە راژان، تاوێك لە مەرگەوەر. یا شنۆ، لە سۆمای، لە برادۆست[53] .....هتد.

شێخی بەدبەخت قاڵ بووەی ناو سیاسەت نەبوو و كوردێكی سادە بوو و وادەی مەرگی هاتبوو! گوێڕایەڵی ئەو ئامۆژگاریانەی نەكرد كە پێیان داو گوتی: ((وای بۆ دەچم دەمدەنەوە دەست توركەكان)). - ((چۆنت دەوێ وابكە)) وەڵامیان دایەوە.

شێخ چۆنی لاچاك بوو هەر وایكرد. ماوەی یەك مانگ بۆ هەموو لایەك دەچووو ویستی بچێ سمكۆ ببینێ. جەودەت بەگ، والی وان بوو لە شكاكەكانی[54]

---

[53] هەموو ئەم ناوانە لەناو هەرێمە فارسیەكانی هاوسنووری توركیاوەن.

[54] هۆزێكی بە هێزی كوردە لە وڵاتی فارس، لە هەرێمەكانی قوتوور، چەهریق و برادۆستی سۆمای بە درێژەی سنووری تەركی-فارسی دا دەژین. سمایل ئاغای سمكۆ یا سیمقتۆ،

گەیاند کە حکومەتی عوسمانی وادەی ویسام و داهاتی تەمەنی داوە بەو کەسەی شێخ بکوژێ یا شێخ دەستگیر بکات. لە هۆزی شکاکەکانی برادۆست و لە تیرەی بارۆهالۆ، سۆفی عەبدوللا بەگ ناویك بوو. بەخۆیی و پێنج پیاوەوە لەسەر ڕێگەی شێخ خۆیان لەبۆسەدا دەنینەوە. شێخ عەبدولسەلامی دووەم بە بێ هیچ گومانێك بە ئارەزووی خۆی هاوەڵی پیاوەکانی کرد. کاتێك گەیشتنە ناو کەمین، ڕێژنەیەك سێ لە پیاوەکانی کوشت، یەکێکی دیکە بریندار و ئەوەی دیکەش رایکرد. ئەمەی دوایی عەلی ناو بوو کوری محۆچیچۆ[55] بوو. شێخ زیندانیکراو گەیاندیانە وان. عەلی بەتالووکە خۆی گەیاندەوە ڕاژان و رووداوە دڵتەزێنەکەی گێڕایەوە. هەموو بنەماڵەی شێخ بە شەو چوونە تورکیا بۆ بەشداریکردن لە چارەنووسی سەرکردەکەیان، دڵسۆزترین ((موریدەکانی)) بە هەمان شێوە هاتن. تورکەکان بە هەموو شەرافەتمەدیێکەوە شێخ یان رەوانەی موسل کرد و ئەوەیان بڵاوکردەوە کە حکومەت شێخی بەخشیووە و لە موسل تەکیەکی بە سەدەقە دەداتێ، کە لەوێدا دەتوانێ سەرقاڵی ئیرشاد بێت. بەم هەواڵانە موریدەکانی شێخ زۆر دڵشاد بوون، ((زیرەکیان وەك زیرەکی ورچ بوو، تێنەگەیشتن کە هەنگوینی ژاراویان پێداوە)). بەکورتی زۆر لە نەجیبزادەکان چوون بۆ موسل بۆ بینینەوەی شێخیخۆیان هەرچی خەلکە سادەکە بوو، بە ئارامی لەناو چیاکاندا مابوونەوە. ئەمە دوو مانگی خایاند. پاشان، لەناکاویکدا لە لایەن والیەوە بە دوای شێخ و هەر چوار نەجیبزادەکە هاتن. شێخ گومانی لە هیچ نەبور تا ئەو کاتەی بردیانە بەردەم پەتی

---

سەرۆکهۆزی شکاکەکانە. ئەویان بە تەنیا شایانی باسێکی مێژوویی تایبەتە. لێرەدا دەستنیشانی ئەوە دەکەم کە سمکۆ دوای ئەوەی لە لایەن سوپای فارسەوە شکا لە پاییزی 1922 لە گەل سەید تەها هەڵاتنە ناوخاکی تورکیا. ئەمەی دوایی توانی هاوسۆزی ئینگلیزەکان بۆ خۆی بباتەوە تا وەکوو کردیان بە حاکمی رەواندز.

[55] ئەم محی چیچۆیە، خزمەتکاری دلسۆزی بنەماڵەکە بوو. پێشتر لە گەل باوکی شێخ عەبدولسەلام لە موسلدا ژەهر خواردوو کرابوو( بنۆرە سەرووتر لا : 151 – مەبەست لاپەرەی چاپە فرەنسیەکەیە).

سێداره و بەر کورسی مەرگ. شێخ داوای کرد ئەمە مانای چیە، وەڵامیان دایەوە ئەمە فەرمانی حکوومەتە هاوارەکان و نارازیبوونەکانی بێسوود بوون. لە سێدارەیاندا، بەهەمان شێوە چوار هاوەڵەکەیشی. دوای جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی شێخ، عەسکەر بە بارزان وەربوون و خەڵکەکەیان چەککرد کە وەك ((جووتیاری‌ساده)) دەژیان. هەرچی سۆفی عەبدوڵڵای خۆفرۆش بوو، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هاوکارەکانی لە وان مانەوە و چاوەڕوانی پاداشت بوون. ((هەتا سەلکە پیازێکیشیان وەرنەگرت))! دەیانگوت: ((بە چ بێشەرەفیەك رازیبووین؟)) جەودەت بەگ دڵی دەدانەوە: ((ئێوە تەنها ئەوەتان بۆ ماوەتەوە دەمتان پاکبکەنەوە)) ئەوانیش لای رۆمیەکان ((تورکان)) بەدبەخت بووبوون و لەولای دیکەشەوە نەدەوێران بچنەوە شوێنی خۆیان. ((ئەوان درکیان هەڵکەنی وایانزانی بەری لێدەچنەوە)) بەڵام نەیانزانی کە دوای چقل زۆربەی جار تەنها درك هەیە!

بنەماڵەکەی شێخ، واتە خێزانەکەی، منداڵەکانی و برایەکانی شێخ، کەتەمەنیان (نۆ)ساڵان و (5) ساڵان بوون، لە لای هۆزی شێروانی لە ئاوایی بیێ پەناهەندە بوون کە لەوێدا مولکایەتیەکیان هەبوو دەیانتوانی بژێوی پێبکەن. کۆنە مامۆستاکەی شێخ، مەلا ئەحمەد ناچار بوو زستان لەچیایەکاندا بەسەرببات بۆ خۆ دوور خستنەوە لە بە دوا گەڕانی تورکەکان، بەڵام ئەو وازی لە ریسواکردنی رەوتاری تورکە کافرەکان نەدەهێنا لەبەرامبەر شێخ. (( رۆمیەکان بکوژن )) لەو گوندانەی کە بۆ بژێوی رووی تێدەکردن وەعزی دەدا.

> *"ئێمە نابێ، نەمەسیحیەکان، نەجولەکەکان بکوژین کە نووسراویان هەیە، چونکە قورئان بەرگریان لێدەکات، بەڵام تورکەکان کە بەخۆیان دەڵێن موسلمان هیچ ئاینی ئیسلامێتی‌یان نییەو دەڵێن دەستوورەکانی ئەحمەد جەودەت پاشا لەقورئان چاکترە. رۆمیەکان بکوژن! ئەوانە دڵڕەقن، مەرگو پیسێتی کەیفسازیان دەکات."*

## پاشکۆی یەکەم :

درەختی بنەماڵەی شێخەکانی نەهری، ساداتی نەهری (شەمدینان، ناوچیــا، ویلایــەتی وان)، ئەم بنەماڵەیە بنچینەی خۆیان دەبەنەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بەو پێیەی کە کوڕەکەی شێخ عەبدولقادر، عەزیز هاتۆتە ئاکرێ بۆ ئەوەی تەریقەی قادری تێدا بڵاوبکاتــەوە. ئەمەی دوایی لەوێدا نێژراوەو گلکۆکەی هێشتاکە هەر ((زیارەتگایە)). شێخ ئەبوبەکری کوری لەناوچەی هەکاری لە گوندی ستوونی جێنشین بووە، کە دوای ئەو کوڕەکەی شێخ حەیدەر لــە وێدا نیشتەجێ بووە. پاش سێ یا چوار نەوە لەوێوە، لەسەردەمی مەلا حاجی، بنەماڵەکــە لــە گوندی مێلێن melain لە ناوچەی خومارو جێگیر بوون. چەند نەوەیەك لە گونــدی مێلێــن و هەروا لە گوندی دێمانێ‌سوفلا Demane Soufla تا دەگاتە مەلا ســاڵح لــەوێدا ماونەتــەوە. لەم کوڕەیان بەدواوە تەریقەی قادری جێدەهێڵن و دەچنە ناو تەریقــەی نەقشــبەندییەوە. هــەر لەم مێژووەوە یەك دەزگای ئایینی لەنەهری (ناوەندی ئیداری لە شەمدینان) دامەزرا.

ژین www.zheen.org




درەختی بنەماڵە (سەرجەڵە)ی شێخەکانی شەمدینان لە مەلا حاجییەوە.

# تێبینیەك دەربارەی مەولانا خالید

لە ناوچەی شارەزوور[56] كوردیكی ساكار هەبوو، دوای ئەوەی خویندنی لە مزگەوت تەواو دەكات دەبیتە مەلا خالید و لە سلیمانی دەرس دەلیتەوە. خەونیكی بینیووە لەو خەونەیدا شیخ عەبدوللای دیهلەوی وەكو دەرویشیكی ساكار بینیوە و فەرمانی پیداوە: ((هۆخالید، برۆ حەج، تۆ لە ناو كەعبە دەرویشیكی تەواو وەكو من دەبینی كە بەدوای ئەسپییان دەگەرێ و دەیكوژێ، تورە مەبە داوینی عەباكەی ماچ بكە، یارمەتیت دەدا بۆ بە مەرام گەیشتنی هەر چیەك تۆ دەیخوازی))[57]. خالید گوێ بەم خەونە نادات و چەند ساڵ ئەو خەونە دووبارە دەبیتەوە.

خالید تەواو ئەم خەونەی لەبیر كردبوو، وەختایەك چوو بۆ حەج و لە ناو كەعبە دەرویشەكەی بینی كە ئەسپییان لەسەری خۆی دەكوژێ. خالید تورە بوو و سەرزەنشتی كرد: (( بە گریرەی بنچینەی چ ئایینیك تۆ ئەمە دەكەیت، بیئابروو)). دەرویش تەنها ئەم وەلامەی دایەوە: ((هۆخالید، تۆخەونەكەت لە بیركردووە، ئەگەر تۆ نەچیتە دەلهی، ریگەی كۆتایی بۆ تۆ دریژ دەبێ)).

خالید تەواو پەریشان گەرایەوە سلیمانی و خۆی بۆ ئەم سەفەرە دریژە ئامادە كرد. مەلایەكان وورییایان كردەوە كە واز لەم سەفەرە بهینێ و پییان گوت ئەو پیشتر بۆ خۆی ئەو هیندە زانایە. بەلام هیچ سوودی نەبوو و خالید رۆیی.

---

56 مەحالی شارەزوور، سنجاقی سلێمانی ویلایەتی موسل.

57 دەزانین كەوا لە سۆفیگەریدا دەشی ئیهانەكردن زۆر دوورتر بروا لەوە.، بە نموونە ئەمەیان نووسراویكی R.A Nicholson لە Studies In Islamic Mysticism لا: 16 وەرگیراوە:

One day, when I ( c'est Sa'id Abou ibn Abi'l-khayr Mekhnier qui parle " ainsi) was riding on horseback, may horse dropped dung. Eager to gain a blessing, the people came and picked up the dung and smeared their heads and faces with it

لەسەر ڕێگەیدا سەفەری ئەهری کرد کە لەو کاتەدا وەکو ((مودەریس)) سەید عەبدوڵلای شەمدینانی لێبوو. سەید عەبدوڵڵا پێیگوت: بۆچی دەچیتە ئەوێ؟ بێسودە ! یانەگەر ئەو هێندە پێویستە منیش لە گەڵ تۆ دێم. وەڵامی خالید ئەم دێرە شیعرەی شاعیرێکی فارس بوو.

*ادیب من جلیس من شود درحلقه رندان*

*بگوشش گر رسانم ناله مستانه خود را*

واتە: ((مامۆستاکەم خودی- خۆی دەبێتە هاوەڵی سەرمێزم ئەگەر ورێنەی سەرخۆشی بە گوێچکەدا بچرپێنم)). ڕۆیشت بۆ دەلهی و چەند ساڵێك لە لای شێخ عەبدوڵڵا لەناو تەنیایی و ڕۆژوودا مایەوە و خۆی بۆ خودا تەرخانکردو گەڕایەوە سلێمانی. بوو بە مورشیدی تەریقەی نەقشبەندی، شەعبێتیەکەی گەلێك ئێرەیی و دوژمنی بۆ پەیدا کرد، لە هەمووان بەر نفوزتر شێخ مارفی نۆدەیی و مەلا موحەممەدی بالەك بوون.

ئەوان هەروەها دژی مانەوەی مەولانا خالیدیش بوون لە کوردستان: (( کوردەکان خەڵکی سادە و خۆشباوەڕن، دەستدەکەن بە بەخشش بۆ تەکیەی نەقشبەندی و ئەمیش پێی دەوڵەمەند دەبێ. ئەمە گرفتاریەکی گەورەی لێوە پەیدا دەبێت چ بۆ کاروباری دونیایی و چ بۆ کاروباری ئاییني. منداڵەکانی ئەم شێخە نەقشبەندیانە لە سایەی دەوڵەمەندییتی باوکیان لە ناو بەختیاری و ژیانی دەوڵەمەندانە گەورە دەبن و ئەوانە نەوەیەك پێدەگەیەنن لووتبەرز و باوەڕبەخۆبوو کە بنچینەکانی باوو باپیران و ژیانی سادە لە بیر دەکەن. کاروبارەکانی ئاییني دەبنە ئارمانجی دوورتری دووەمیان. لەگەڵ لەقەبی شێخانەیاندا دەست لە کاروباری دونیایی وەردەدەن، دەسەلات دەخوازن. لە خراپ بەرکار هێنانی قەڵەمڕۆییان بە سەر خەڵکی سادەوە، لەراستی ئایین هەڵدەگەڕێنە و تەنها بیر لەوە دەکەنەوە لە ناو خودی- خۆیاندا بمێننەوە. پلانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

خۆپەرستیەکانیان بە دڵی حکومەت نابن: لەو سەرەوە حکومەت لەشکر دەنێرێتە سەر کوردستان، کە نە ئارامی و نە دادپەروەری تێیدا نامێنێتەوە)).

بەمشێوەیە دوژمنەکانی مەولانا خالید بەڵگەیان دەهێنایەوە و بەو ئەنجامە دەگەیشتن کە دەبێ بیکوژن.

*"ئەمە تەواو ئاساییە ئەگەر پیاوێکی خراپ بێ، یا چاک بێ، بەڵام وێرای ئەمە بەرئەنجامی نفووزەکەی بۆ کوردستان شووم دەبێ و بۆ رێگەگرتن لەمە دەبێ بیکوژن، چونکە کردەیەکی خراپ دەبێتە رێگە پێدراو ئەگەر بە نیازی رێگەگرتن لەکردەیەکی خراپترەوە بکرێ".*

بە کورتی، ئەم بریارەیان لە مەولانا خالید گەیاند و ئەویش وەکو پیاوێکی دادپەروەر هیچ بەرەنگاری نەکرد و چوو بۆ کۆنستانتینۆپل. سەرکەوتنی لە دەرز گوتنەوەکانی لەپایتەخت وای لە مەلایەکان کرد ئامۆژگاری بکەن بچێتە عارەبستان. "خەڵکی لەوێدا لە ناو بڕوای خۆیاندا داخراون و کەمتر شایستەن بۆ هەڵگرتنی نفوزی بیروڕای نوێ". دوای چەند ساڵێك لە تەبشیر لە سوریا، مەولانا خالید لەوێدا کۆچی دواییکرد ولە سالحییە لە کەناری دیمەشق نێژرا:

*"پیاوێکی موخلیس pieux و دادپەروەر بوو، بەڵام ئەو تۆوەی لە کوردستانی چاند، بەکەڵکی ئەم وڵاتە نەهات".*

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە:

*l'Asie Française* ( Bulletin mensuel du comité de l'Asie Française, n° 231, mai 1925, pp. 148- 157.

# والیەکانی ئەردەلان

## *پێشگوتار*

ناکرێ نکوڵی لە گرنگی مێژووی ناوچەیی بکرێ. زۆربەی جار لەهەرێمەکانەوەیە کە ترادسیۆنەکان بە گرینگی پێدانێکی باشترەوە خۆیان دەپارێزن کە دەتوانین زۆر نیشانەی ووردی لێکۆبکەینەوە کە بە چاوپێداخشانێك روناکیەکی زۆر دەخەنە سەر چەند خاڵێك کە تا ئەو دەم نا رۆشن و لێڵ ماونەتەوە. لەسەرێکی دیکەوە جا ئەگەر مێژووی ناوچەیی گرینگی‌یەکی دیکەی هەبێ لەمێژووی وڵاتێکدا کە دەسەڵات پێش لە پەرەسەندنی گشتی بگرێ و چەند بنەماییك وەدیبهێنێ کەمێژووی ناوچەییەکە دیاری دەکەن، کەوایە بێسوود نییە بڕێك جار بچینە پەراوێز prépherique و لەوە تێبگەین کە هەرێم لە ژێر چ رەوشێکدا لە ناوەند دەروانێ و چلۆن لەگەڵ رووداوەکانی ناوەند دا مامەڵە دەکات. ئەم لەبەر چاوگرتنە گشتیانە هێشتا لە پیادەکردنی مێژووی وەڵاتی ئێران گرینگی‌یەکی زێتریان هەیە، بە جۆرێك نمایشی زۆر غەریزەیی خواستەکانی ئەم و ئەو خێڵ دەخاتە روو کە زۆربەی جار سەر بۆ دەسەڵات کەچ ناکەن یا شێلگیرانە رەوتار دەکەن. ژیانی هۆزەکان وەکو بەرئەنجامێکی مەنتیقی مێژووی ناوچەیی، لێرەدا سەربارێکی auxilair پێویستە. ژیانی هۆزەکان زۆربەی جار قەڵەمڕۆی مێژووی گشتی دیاریدەکات. کارێکی تەواو بە جێ دەبێ کە بۆ هەموو ئێران یەك زنجیرە مێژووی ناوچەیی، وەك مێژووی گیلانی Guilan بەرێز رابینۆ Rabino کە نموونەیێکی ووردو دەکۆمێنتکاری‌یە بڵاوبکرێتەوە. هەرچی تایبەتە بە کرۆنیکی ئەردەلان، کە ئێمە لێرەدا کورتەکەیمان بڵاوکردۆتەوە، رێگەی ئەوەمان پێدەدات کاراکتەری تەواو تایبەتی ئەم ناوچایەی رۆژهەڵاتی وەڵاتی ئێرانی هاوسنووری تورکیا بناسین کە لەوێدا هێلەکانی سنوور ئەو هێندە

بەربلاو و نا جێگیر بوون، ئەو دەمانەی کە هێشتا کۆمسیۆنی هێڵکێشانی سنوور لەپێش جەنگی گەورەدا سنوورەکانی نەچەسپاند بوو. ئەم کرۆنیکە هێشتا بۆ ئێمە گرینگە، ئەوە بەدیار دەخا کە لە مێژوودا سیاسەتی حکومەتی ناوەند لەبەرامبەر ناوچەی دانیشتووە کۆچەرەکان چۆن بووە. هیچ گومانی تێدا نییە ئەمە بیروڕای ئێمەیە کە پرەنسیپی نا مەرکەزی، بەو واتایەی کە هەموو هێلێکی بەرتەسکی کرنۆشبردنی بەناچاری لەگەڵ ناوەند بپارێزێ ( لە روانگە سەربازیو داراییەوە ئەوە پەسن دەکرێت کە هۆزەکان لەلایەن سەرۆکهۆزەکانی خۆیانەوە رێبەرایەتی بکرێن). ئێمە پێمان وایە ئەم پرەنسیپە زێتر بەختەوەرترە وەك لە پێکەوگرێدانێکی تەواو و بەرێوەبەراتێیکی بێگانە بەداب و نەریتی وەڵات، کە زۆر بەی جار داب و نەریتی ئەو هێندە خۆشەویست لای خەڵکەکە پشتگوێ دەخات نەبێتەوە. خوێندنەوەی ئەم کرۆنیکە ئەمەمان بۆ دەسەلمێنیو ژیانی رۆژانە تەنها نموونەیەکی زۆری ئاستەنگەکانمان دەداتێ کە تێیدا حکومەتی ئێران لە پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ کۆچەرەکاندا تاوتوێ دەکات. دواجار ئەم کرۆنیکە رێگەی ئەوەمان دەدات بەمانای ووشەوە پێ لەسەر چەند مێژوویێك و رووداو گەلێك دابگرین لە مێژووی کورد کە هێندە زۆر ئالۆزن لەو بارەیەوە هەموو خاڵە رێبەدیکارەکان پڕ بایەخن.

دواجار ماوەتەوە سەرنەوەی ئەوە زێدە بکەین کە بۆ چەند تێبینێك هاورێ لەگەڵ تێکستەکە گەڕاینەتەوە سەر لێکۆڵینەوەکانی بەرێز ڤ. مینۆرسکی (کۆمیسێریای رووس لە کۆمسیۆنی هێلکێشانی سنووری عوسمانی- فارسی)، کە ئێمەی پێ ی دەڵێین ((*کەرەستەکان* ))[58] (چاپی رووسی وەزارەتی کاروباری دەرەوە)، و هەروەها گەڕاینەوە سەر تێبینینە کەسیەکانی خۆمان لەبارەی دابەشبوونی کوردەکان و بەهەمان شێوە گەڕاینەوە سەر کرۆنیکی فارسی ورمێ،

---

[58] نابێ لە گەڵ ((کەرەستەکان)) ی هەمان نووسەر تێکەڵ بکرێ کە لەبارەی (( ئەهلی حەقەکانەوەیە)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

کە هیواداریـن ئەویش وەکو ئاوو نیشانێکی بەڵگەنامەسازی ناوچـەیی بتوانـین ڕۆژێك بۆ بڵاوی بکەینەوە.

ب. نیکیتن.

## بەشی یەکەم

## جوگرافیای ئیداری ئەردەلان ( لەساڵی 1296ی کۆچیدا)

1- بانە، 200 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 32240 کەس، شافیعی، ماڵیات 5600 تمەن.

2- سـەقز، 360 ئـاوایی، ژمـارەی دانیشـتوان 3424 کـەس، نەقشـبەندی (شـێخ مستەفا، نوماینەدەی شێخ عوسمان) ماڵیات 6305 تمەن.

3- ئەسفەندئاباد (عەلیشوکر)، نیشتەنی حکومەت (دارالحکومە) لە قەسڵان بووە، 94 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 10400 کەس، ماڵیات 7110 تمەن، 4 هەزارو 400 دینار، شیعە مەزهەب، ئیمام زادە سەید جەمالەدین، ناسراو بە بابەگورگور.

4- کەرەفتوو Kereflow ، ژمارەی دانیشـتوان 4600 کـەس، ماڵیـات 522 تمـەن، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر قەڵایە.

5- تیلـەکۆ Tilkou ، 24 ئـاوایی، ژمـارەی دانیشـتوان 4240کـەس، ماڵیـات 1506 تمەن، خەڵکەکەی شەرانگیزو حەز بە فەسادی دەکەن.

6- خورخورە Khorkhoré ، 50 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 8000 کەس، ماڵیات 690 تمـەن، کۆنـە ئـاوایی بەسـت Best بووە، مزگـەوتێکی لێـە 370 سـاڵ بـەر لـە ئێستە دروستکراوە گڵکۆی شێخ ئیبراهیمی لێیە. ئاوایی مەولانا و نەوەی شێخ حەسەنن.

7- مـەریوان، 200 ئـاوایی، ژمـارەی دانیشـتوان 26000 کـەس، بـە گوێـرەی گێڕانەوەکان شاری سۆدۆم دەبێ لـە گۆڵـی ((زرێبار))ـەوە نوغرۆ بووبێ. ئاوایی چۆرTchour سەیدەکانی نەوەی سەید حەسەنی تێدا دەژین.

تێکەی ژین
www.zheen.org

8- هەورامان تەخت، 32 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 4000 کەس، ماڵیات 700 تمەن. جەعفەری و شافیعی.

9- هەورامانی لەهۆن، ژمارەی دانیشتوان 4000 کەس، ماڵیات 3000 تمەن، ئاوایی نەوسوود Nofsoud نیشتەنی (دار الحکومە)یە. لە ئاواییەکەدا حاجی ئیمام زادەی سولتان عوبێدوڵلای لێیە کە بە ((کۆسەی هەجیج)) govséié Hedjidj ناسراوە.

10- جوانرۆ، 100 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 1500 کەس، شافیعی نەقشبەندی. بنەماڵەی مەلایەکانی سەدیقی (نەوەی ئەبووبەکری سدیق) ی لێیە. گەورەترین ئاوایی، ئاوایی پاوەیە (شەرەف نامە، لا: 180)، 100 ماڵ، پێنج مزگەوت، سەرچاوەی ئاوە، سەراوی هەولی Serâb Aoult بە ئاوە سازگارەکەیەوە ناسراوە. ماڵیات 4098 تمەن.

11- ئێلاق، 80 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 12000 کەس، ماڵیات 3614 تمەن.

12- کەلاتی ئەرزان، 63 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 000 10 کەسن، ماڵیات 2860 تمەن، لەئاوایی نیگل دا مزگەوتێکی کۆنی عەبدوڵلا عومرانی لێیە لەگەڵ قورئانێك کە بە خەتی کوفی نووسراوەتەوە.

13- کورەون، 20 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 2500 کەس، ماڵیات 250 تمەن. شوێنی هۆزی کۆماسییە.

14- ژاوەروود، 58 ئاوایی، ماڵیات 4314 تمەن، ئیمام زادەی سەید عەلی (بابە شێخ) ی لێیە.

15- هەوەتوو، سارال، قەرەتەوەرە، 82 ئاوایی، ماڵیات 822 تمەن. هۆزەکانی مەنمی و گەلباخی لێیە. ئاوایی هەزار کانیان (هەزار کانی)ی لێیە.

16- ئەمیرئاباد، پلنگان، بنۆرە شەرەفنامە H.P.1 "میرەکانی پلنگان"- بێلەوار، 35 ئاوایی ژمارەی دانیشتوان 3000 کەس، ماڵیات 1336 تمەن.

17- حەسەن ئاوا، 32 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 5500 کەس، ماڵیات 2400 تمەن. ئاوایی سمێران هی شێخ موحەمەدی نەقشبەندییە کە سەر بە شێخ

تۆڕی کەی ژین
www.zheen.org

عوسمانە.لە ئاوایی پیر مۆغار زیارەتگای مغدید بن ئەسوەدی لێیە و بە گشتی گلکۆی کۆمەڵێك ئەسحابەی لێیە.

18- حوسێن ئاوا، 34 ئاوایی، ژمارەی دانیشتوان 5000 کەس، ماڵیات 1296 تمەن. سەر بە هەمان حکومەتی ژمارە (15)یە، بگەڕێوە سەرەوە.

بەم ژمارەی 17 هەرێمەوە (چونکە هەرێمی ژمارە 18و هەرێمی ژمارە 15 وەکو یەکن) سەرجەم دەبنە 17 هەرێمی گەورەو 17 هۆزی چکۆلەی ئەردەلان کە ئەمە لیستەکانیانە.

## بەشی دووەم

## هۆزە کوردەکانی ئەردەلان

ناوی گشتی ئەم هۆزانە ئەوەی ئەردەلانە. هەر هۆزێك بۆ خۆی بە جیا ناوی خۆی هەیە. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە هۆز لە ئەردەلاندا بە " ئێل" ناو دەبرێ کە هەر وەکو هۆزە تورکەکان ( بە نموونە ئەفشارەکان ) بە ئێل ناو دەبرێن نەوەکا بە "عەشیرەت" وەك ئەوەی لە هەموو کوردستان وایە. ئێمە هەقدە " ئێل" ە بچکۆڵەکان فەرامۆشدەکەین و هەر بەوەندە دەستبەردار دەبین کە لیستێکی "ئێلە گرینگەکان بەدەستەوە بدەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

1- ئێلی عەبدورەحمان بەگ، 32 بنەماڵە، ژمارەی دانیشتوان 160 کەس، ماڵیات 182 تمەن.

2- ئێلی بورکەیی، ژمارەی دانیشتوان 450 کەس، ماڵیات 60 تمەن.

3- ئێلی بەلیلوەند، ژمارەی دانیشتوان 1500 کەس، ماڵیات 323 تمەن. لە ناوچەکانی ئیلاق و گاورود دادەنیشن.

4- ئێلی پەرپێشە، ژمارەی دانیشتوان 1000 کەس، ماڵیات 300 تمەن. لە ئیسفەند ئاباد دادەنیشن.

5- ئێلی تەمەر توزە، ژمارەی دانیشتوان 300کەس، ماڵیات 50 تمەن. لە ئێلاق دادەنیشن.

6- ئێلی دۆراجی، ژمارەی دانیشتوان 1200 کەس، ماڵیات 735 تمەن. لە ئیلاق و حەسەن ئاباد دادەنیشن.

7- ئێلی سەگوەڕ، ژمارەی دانیشتوان 300 کەس، ماڵیات 404 تمەن.

8- ئێلی شێخ ئیسماعیلی، ژمارەی دانیشتوان 1600 کەس، ماڵیات 325 تمەن. لە ئیسفەند ئاباد دادەنیشن.

9- ئێلی گورگەیی، ژمارەی دانیشتوان 1500 کەس، ماڵیات 895 تمەن، لە ئیلاق دادەنیشن.

10- ئێلی کێوەکێش و خەڕات، ژمارەی دانیشتوان 1000 کەس، ماڵیات 214 تمەن. 6 کورروور[59] . لەسنەو دەورووبەری دادەنیشن.

11- ئێلی گەلباغیو ئەحمەد زەینەل، ژمارەی دانیشتوان 3000 کەس، ماڵیات 1145 تمەن. لە قەرەتوورە، حوسێن ئاوا و سارال دادەنیشن.

12- ئێلی کۆییک، ژمارەی دانیشتوان 1000 کەس، ماڵیات 338 تمەن. لە ژاوەرودو قەلاتی ئەرگان دادەنیشن.

13- ئێلی کەشکی، ژمارەی دانیشتوان 1500 کەس، ماڵیات 130 تمەن. لە جوانروود دادەنیشن.

14-ئێلی لورو کڵاوکەر، ژمارەی دانیشتوان 700 کەس، ماڵیات 1300 تمەن.

15- ئێلی لالە، ژمارەی دانیشتوان 600 کەس، ماڵیات 176 تمەن، لە ئیلاق دادەنیشن.

16- ئێلی مەحمود جوبرایلی، ژمارەی دانیشتوان 400 کەس، ماڵیات 185 تمەن. 5 کورروور. لە ئیلاق دادەنیشن.

17-ئێلی مەنمی، ژمارەی دانیشتوان 2000 کەس، ماڵیات 375 تمەن. 5 کورروور. لە حوسێن ئاوا دادەنیشن.

---

[59] کورروور: واتە پێنجسەد هەزار، وەرگێر.

## بەشی سێیەم :

# کورتەی بەشێکی دەستنووسێکی فارسی حەدیقەی ناسرییە بە قەڵەمی عەلی ئەکبەرخان سادیقول مولک[60]، وەقایع نیگاری کوردستانی[61]، کوری میرزا عەبدوڵڵا مونشی باشی.

## چەند باسێک دەربارەی والیەکانی سنە

[60] میرزا عەلی ئەکبەر "خان" نەبوو و نیکیتین لە خۆیەوە نازناوی خانی پێداوە، ع، مەردوخ.

[61] میرزا عەلی ئەکبەر وەقایع نیگاری کوردستانی (؟183 –1899) بە داخەوە بیۆگرافیی ئەم مێژوونووسە هێندە ئاشکرا نییە. واپێدەچێ لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە دایک بووبێت. لە بنەماڵەیەکی زۆر خوێندەوار و گەورە لە دایک بووە، باوکی مێژوونووس و شاعیرێکی بە ناوبانگ بووە؛ هەروا ئامۆزایەکەشی مەستوورەی کوردستانی ئەویش شاعیر و مێژوونووس بوو. میرزا عەلی ئەکبەر توانی رێزلێنانی دەرباری ناسرەدین شا (1848 – 1896) و موزەفەرەدین شا (1896–1907) بۆ خۆی بباتەوە و نازناوی سادیق ئەلملوک ئەوان پێیانبەخشی. ساڵی 1883 دەبێتە سکرتێری میر سەیفەدین خان موکری کوری عەزیزخانی موکری (1792–1870) حاکمی سابلاغ. عەلی ئەکبەر وەقایع زۆر دۆستی حەسەن عەلی خان ئەمیر نیزام گەرۆسی (1820–1900) بووە. میرزا عەلی ئەکبەر لە 13 ی شەوالی 1317/16 بەرانبەر بە ژانقیەی 1899 کۆچی دوایی کردووە. بگەڕێوە سەر: Abdollah Mardukh. *Contribution à l'étude* de *l'histoire des kurdes sous la dynastie Ardalân du XVI e siècle au XIX e siècle,* Université de la Sorbonne – Nouvelle, Paris III, p. 49.

# والیەکانی ئەردەڵان

ئەردەلان نەوەی ئەردەشێری بابەکان یا خوسرەون، ئەو ئاشەوانەی کە یەزد گەردی دوا پاشای ساسانیەکانی کوشت کە ئەویش هەر ناوی خوسرەو بووە. بە یارمەتی ئەبو موسلێم مەروزی، لە سەردەمی سەفاح ئەبو ئەلعەباسی ئەحمەد عەباسدا کوردستانی داگیر کردو ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ناوی ئەردەلان یان لێناوە (؟). پێشتر ئەردەلان کە لەگەڵ تیرەکەی خۆی لە دیاربەکرو موسلەوە لەوێوەوە پەریوەی شارەزوور دەبن و ساڵی564 ی کۆچی لە شارەزوور شەڕی قەڵای زەلم دەکات و هەموو ناوچەکە دەخاتە ژێر قەڵەمرەوی خۆیەوە، بە پلنگانیشەوە کە کەلهورەکانی تێدا دەژیان. لە پلنگان شەری قەڵایەك دەکات کە تا رۆژی ئەمرۆشمان شوێنەواری ئەم قەڵایە هەر ماوە. 42 ساڵ حوکمرانی ناوچەکە دەکاتو لە کۆتایی ژیانیدا بە فەرمانی جەنگیزخان، کۆیە، هەریر، شاربازێر، رەواندزو ئامێدیشی پێدەدەن. ساڵی 606ی کۆچی ( – 1209ی زاینی) کۆچی دوایی دەکات.

کلۆڵی کوڕی، سەقز، سیاهکۆو عەلی شوکر "ئیسفەندئاباد" دەخاتە سەر قەڵەمڕۆی خۆی و 23 ساڵان حوکمرانی دەکات. خدر، کوری کلۆڵ لە 629 تا 663 ەوە حوکمرانی دەکات. ئەلیاس کوڕی خدر لە 663 تا 710 حوکمرانی دەکات و یەکێك لە پیاوە زۆر ئازا و بە جەرگەکان بووە.خدری دووەم، کوری ئەلیاس، پیاوێکی لە خواترس بووو هیچ مالیاتو سەرانەیەکی وەرنەدەگرت. تورکەکان پەلاماری ناوچە قەڵەمڕۆیەکەیانداو ناچار بوو دەست لە شارەزوور، کۆیە، هەولێر، رەواندز، هەریرو ئامێدی هەڵبگرێ. لەساڵی 710 تا ساڵی 746ەوە حوکمرانی کردووە.

حەسەن، کوری خدری دووەم، لەساڵی 746 تا ساڵی 784ـەوە حوکمرانی کردووە. یاسای سەربازی و مەدەنی داهێنا. 3000 پیاوی ناونووسکردن بۆ خزمەتی سوپای نیزامی کەناوی "پاسەوانانی دەوڵەت"ی لێنابوون. لەسێ تێهەڵچوونەویدا بە سەرکەوتووییەوە دژ بە تورکەکان جەنگاوە. لەیەك فەرسەخی سنەدا لە قەلایەك کە پێی دەڵێن حەسەن ئاوا لەگەڵ تورکەکان جەنگاوە.

بەهلول کوری حەسەن تەبیعەتێکی دڵڕەقانەی هەبوو، دانیشتوان سێجاران لە دژی راپەڕین کە لە سایەی ئیبراهیم خانی وەزیریەوە ئارام کرانەوە. لەساڵی 784ـەوە تا ساڵی 828 حوکمرانی کرد.

مونزیر کوڕی بەهلول، هەموو هەولێکی دا بۆ سڕینەوەی بیرەوەری دڵڕەقانەی باوکی و پیاوێکی گەلێك چاکبوو. لە 828 تا 862 حوکمرانی کردووە. مەئمون بەگ کوری مونزیر لە ساڵی 862ـەوە تا ساڵی 900 حوکمرانی کردووە. دوای جەنگێکی دوو ساڵە هەموو ئەو هەرێمانەی کە لەلایەن خدری دووەمەوە بۆ تورکەکان جێهێڵرابوون وەریگرتنەوە. ئوردوویەکی لە قەڵای رواندز دانا. ئەوە لە ناوی ئەوەوەیە کە ئەوەی ئەردەلانەکان پێیان دەڵێن مەئموونی. مەئموون قەڵەمڕۆکەی لە نێوان سێ کوڕەکانی دابەشکردبوو:

بێگە بەگ: زەلم، شارەزوور، گولعەنبەر، شەمێران، هاوران، داوران و ئەوسوودی وەرگرت: سورخاب بەگ: هشلی، پلنگان، سنە، عەلیشوکر، میهرەبان و کەلاش (جوانروود)ی وەرگرت، مەحەمەد بەگ: سرۆچك، قەرەداغ، شاربازێر، ئالان، هەولێر، کۆیە، هەریر، ئامێدی و رەواندزی وەرگرت.

بەگە بەگ[62] لەساڵی 900 تا 942 حوکمرانیکرد. لەسەردەمی ئەو دابوو کە شا سمایلی سەفەوی دیاربەکری داگیرکرد و شا تەهماسب ساڵی 935 بەغدای داگیرکرد کە دواتر سولتان سولێمان لە ساڵی 941 وەریگرتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[62] شەرەفنامە ئیشارەت بەوە دەکا کە میر سەیفەدینی سۆران دوای جەنگە دۆڕاوەکانی لەگەڵ حوسێن بەگی داسنی ئاوارەی لای بەگە بەگ بووە. هەروا لەشەرەفنامەدا هاتووە کە میرزا بەگ، کوری میر مەحەمەد، کچی بەگە بەگی هێناوە (شەرفنامە لا: 137و 138). ئەم میرزا بەگە یەکەم

مەئموون بەگی دووەم کوڕی بەگە بەگ. لەشکری سولتان سولێمان، لەژێر سەرکردایەتی حوسێن پاشا لەشکرکێشی کردە سەر. جەنگ لە شارەزوور لە دووشەممە 8 ی ذیلقەعدەی 944 روویدا. مەئموون بەگ دەشکێ، یەکەمجار پەنا دەباتە بەر زەلم، دواتر رادەکاتە ئەستەموول و لەوێدا ژەهر خواردووی دەکەن.

سورخاب بەگ، کوری دووەمی مەئمون بەگی یەکەم بوو. لەساڵی 945 دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت و پێوەندی لەگەڵ شا تەهماسپی سەفەوی گرت. لەمەریوان قەلایەکی دروستکردووە کە ئێستەکەشی لە گەڵدابێ شوێنەوارەکانی هەر ماوە. هەرچی مەحەمەد بەگ بوو، سێیەمین کوڕی مەئموون بەگی یەکەم، هەموو مولکەکانی لێسەندرایەوەو رەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا. لەوکاتەدا سولتان سلێمان لیگەڕا مەئموون بەگی دووەم ئازاد بێ و لەگەڵ 30 000 سەربازەوە لەژێر سەرکردایەتی رۆستەم پاشا بەپەلە رەوانەی کوردستان کرایەوە. پێنجشەمە 24 ی رەجەبی 947 جەنگێك لە شارەزوور روویدا کە 7 رۆژان درێژەی کێشا. سورخاب بەگ خۆی کێشایەوە ناو قەلای زەلم و قەلا بۆ ماوەی دوو ساڵان گەمارۆ درا. شا تەهاسب سوپایەکی 15 هەزار سەربازی لە ژێر سەرکردایەتی حوسێن بەگ ناردە سەر، ئەم سوپایە هێشتا دوو فەرسەخ لە قەلای زەلم نزیك نەکەوتبۆوە کە زانیان رۆستەم پاشا لە ناکاوێکدا مرد و تورکەکان شکان. مەحەمەد بەگ لەگەڵ 600 کەس لە پیاوەکانیەوە داوای بەخشینی لە سەرکەوتوو کرد و رەوانەی تاران یان کرد، دوای ئەم جەنگە مێرخاسیە سورخاب بەگ شوێنی نیشتەنیەکەی لە زەلمەوە گواستەوە بۆ مەریوان. لەساڵی 956، ئەلقاس میرزا، برای شا تەهماسب، لەشەڕی شارەزوور لەگەڵ بەهرەم میرزا کە لەلایەن شا تەهماسبەوە نێردرابوو شکا، و پەنای بۆ سورخاب بەگ برد. سورخاب بەگ داوای بەخشینی بۆ ئەلقاس میرزا وەرگرت و رەوانەی دەرباری کردەوە. ئەلقاس میرزا رەوانەی کەهکەهە کراو توریان هەڵدایە ناو قەلایەکەوە، هەرچی سورخاب بەگ بوو داهاتێکی ساڵانەی Rent viagère 1000 تمەنیان بۆ بڕیەوە.

سورخاب بەگ یانزە کوڕی هەبوون: حەسەن بەگ، ئەسکەندەر بەگ، سولتان عەلی بەگ، یەعقوب بەگ، بەهرام بەگ، زولفەقار بەگ، ئەسلەمەس(؟) بەگ، شا سوار بەگ، سارۆخان بەگ، قاسم بەگ، بەسات بەگ، سولتان عەلی بەگ وەکو میراتگری باوکی ناونرا، بەهرام بەگ رواندوزو ئامێدی وەرگرت کە وەچەکانی تا ساڵی 1249 هەر لە ژیاندا مابوون. مەحەمەد بەگ یەکێك لە پیاوە هەرە ناودارەکانی ئەم بنەماڵەیە بوو. سورخاب بەگ لەساڵی 945 ەوە تا ساڵی 975 ەوە حوکمرانی کرد.

سولتان عەلی بەگ ژیانێکی زۆر کورت ژیا. دوو کوڕی هەبوو: تەیمورخان و هەلۆخان. بەسات بەگ، کوڕی سورخاب بەگ، لەساڵی 975 تا 986 حوکمڕانی کردووە. زۆری مەبەست پرسە ئایینیەکان و ئەدەب بووە. لەساڵی 985 تەیمورخان و هەلۆخان، ئامۆزایەکانی دژی ئەو راپەرین. بەسات رەوانەی پایتەختی کردن بۆ لای ( شا ) سمایل، کە ئەو دەم پایتەخت لە قەزوین بوو. ساڵێك دواتر شا مردو ئەوانیش توانیان بگەرێنەوە کوردستان کەچی هەر لە دەسیسەی خۆیان نەکەوتن، هەرچی بەسات بەگ بوو ئەویش مرد.

تەیمورخان، ئامۆزای بەسات بەگ بوو، لە ساڵی 986 ەوە تا ساڵی 996 دەسەڵاتی گرتە دەست[63] لەو سەردەمە دەوڵەتی ئێران بێ سەرۆك و پارچە پارچە بوو. تەیمور خان خۆی دایە دەست سولتان موراد و موچەیەکی 100 000 ئاقچەی[64] Actché بۆ بڕیەوە، واتە 30 000 تمەن. ساڵی 993 سەرکردەی تورك عوسمان پاشا لە سەعدئاباد نزیك بە تورۆس پەلاماری دەوڵەتی ئێرانیدا. تەیمورخان چوار کوڕی هەبوون. سولتان عەلی بەگ، بوداق بەگ، موراد بەگ و میر عیلمەدین. سولتان عەلی بەگ: شارەزوور، قزلجە، حەسەن ئاباد و زەلمی پێدرا، بوداق بەگ: قەرەداغ، کۆیە و هەریر، موراد بەگ: مەریوان، سەقز، سیاهکۆ،

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[63] بە گوێرەی شەرفنامە لە دەوروبەری ساڵی 900 شارباژێر لە لایەن پیر بوداقی سلێمانیەوە داگیر کراوە.

[64] ئاقچە: Actché ووشەیەکی مەغۆلییە و ناوە بۆ پارەیەکی زیو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەکارهاتووە و هەر 120 ئاقچە aspres یەك پیاستەر بووە، وەرگێر.

خوڕخوڕەی پێدرا، هەرچی عەلەمەددین بوو تەنها شاربازێری پێدرا. تەیمورخان کرماشان، سەنگەر، دینەوەرو زێرین کەمەر (گەوروس) ی داگیر کرد. لەساڵی 993 پەلاماری ناوچە قەڵەمڕۆییەکانی عومەر بەگی کەلهوڕی دا،عومەر بەگ پەنای بردە بەر شاوێردی خان، والی لورستان، کە دژی تەیمورخان جەنگاو بەدیلی گرت. شاوێردی خان بە جۆرێکی دیکە بەهەموو شکۆیەکەوە مامەڵەی لەگەڵ تەیمورخان کردو ئازادی کرد. لەساڵی 996 تەیمورخان دەستیکرد بە ئازاردانی خەڵکی گەوروس، کە دەوڵەت یار سولتان سەرۆکیان بوو. وێرای مەرگی تەیمورخان لە کاتی هێرشبرنە سەر قەلا، سەرکەوتن تەواو بووو گەورۆس تالانکراو تەیمورخان لە گەورۆسدا نێژرا.

هەڵۆخان، براکەی تەیمورخان، لە 996 تا 1014 حوکمڕانی کرد. ماوەی 2 یا 3 ساڵان جەنگی سولتان سەلیمی کردو لەلایەن( شا)ی ئێرانەوە بەخشرا. شوێنی نیشتەنیەکەی لە زەلمەوە گواستەوە بۆ پلنگانی مەریوان. لەو سەردەمەدا پلنگان قەلایەکی مکوم بوو، بە هۆزە بەهێزەکانی گۆران و کەلهورەکان دەورە درابوو[65].

هەڵۆخان کەوتە بیری ئەوەی هێشتا قەلاکە مکومتر بکات و هەروا بەهەمان شێوە قەلای حەسەن ئابادی نزیك سنەشی مکوم کرد. هەڵۆخان پاشایەکی ئازا و چاونەترس بوو، بەچاکی مامەلەی لەگەڵ بندەستەکانی خۆی دەکرد. ناوچەکە ئاوەدان و خەزێنە پڕ بوو. هەڵۆخان بەجیاوازی کاتەکان پێکەوە لە چوار قەلادا دەژیا. هێزەکەی بەهۆی بەدگومانی کۆتایی پێهات و بەفرمانی شا عەباس، حوسێن خان والی لورستان بەسەرکردایەتی 10 000 پیاوەوە، پەلاماری هەڵۆخانی دا و ساڵی 1012 لەحەسەن ئاباد گەمارۆیدا. حوسێن خان تێکشکاو لەلایەن

[65] هۆزی گۆرانەکان ژمارەیەکی زۆر لکیان لێدەبێتەوە. نزیکەی 8000 بنەماڵە دەبن و لە باکووری سەرە ڕێگەی کرماشان– بەغدا، سەرپۆل تا کرند، لە چیایەکانی داڵەهۆ، لە ریجاب و ماهیدەشتدا دەژین. بەزستانانان بەشێکیان خۆیان دەگەیێنە پێدەشتەکانی زەهاو. هەروا جافی– گۆرانیش هەن، کە لە چیای داڵەهۆو پێدەشتەکانی زەهاو دا دەژین. هەرچی سەبارەت بە کەلهورەکانە، نزیکەی 5000 بنەماڵە دەبن و لە ناوچانەی خانەقین و قەسری شیرین، بە درێژی سنووری نەفت میجدان تا ئیڤان دەژین "کەرەستەکان".

هەڵۆخانەوە راونرا. لەدوو تێهەڵچوونەوەدا شا عەباس سێیەمجار، بەخۆی سەرکردایەتی سوپای کرد بۆ چوونە ناو جەنگ، بەڵام سوارچاکی هەڵکەوتوو جلودار عەلی بابا[66] لە هۆزی زەنگەنە ئامۆژگاری شای کرد، شا لە عەلی شوکرەوە وازی‌هێنا. بەخشین جێگەی تووڕەیی گرتەوە. کوڕەکەی هەڵۆخان، خان ئەحمەد خان پەلەی کردو بەدیارییەوە چووە دەربار. شا خوشکەکەی خۆی، زێڕین قولی لێمارە کردو کردی بە دەزگیرانی خان ئەحمەد خان و وادەی لێوەرگرت کە باوکی بنێرێتە ئەسفەهان. هەڵۆخان دوای گەڕانەوەی کوڕەکەی خۆی گەیاندە پایتەخت و بە شێوەیەکی چاك پێشوازی لێکراو فرمانێکی وەرگرت کە کوڕەکەی ببێتە حوکمگێڕی هەموو کوردستان لە هەمەدانەوە تا ئامێدی، کۆیەو هەریر.

خان ئەحمەد خان، کوڕی هەڵۆخان، لە 1014 تا 1040 حوکمرانی کرد. بەفەرمانی شا بەسەرکردایەتی 20 000 سەربازی پیادە و سوارەوە بۆ تەمێکردنی هۆزەکانی موکری و بلباس[67] بەرێکەوت. سزای دان‌و شکاندیانی، بەڵام بەشێکی یاخیبووەکان توانیان خۆیان رزگار بکەن و بگەنە رواندوز. گەمارۆ بەردەوام بووبێنەوەی ئەنجامێکی وای لێبەدەستبێت، وەختایەك شۆخی ژنەکان ئازایی

بنکەی ژین
www.zheen.org

[66] ئەم کابرایە لە ناو نووسراوەکانی ئەردەڵاندا بە ( ئالی بالی) ناسراوە، ع.مەردوخ.

[67] هۆزی موکرییەکان 10 000 بنەماڵە دەبن و لەناوچەی ساباڵغ، ئاختێشی، بەهی و تورجان دا دەژین. ئەم هۆزە بنچینەی هاوبەشیان لەگەڵ بابانەکانی شارەزووردا هەیە، موکریەکان لەسەدەی پانزەهەمەوە لەو ناوچە دیاریکراوانەدا دەژین. خانەکانی موکری بۆ 5 بنەماڵە دابەشدەبن، (بابامیری)، (کەرەستەکان)، بلباسەکان (ئی.سۆن) بە وەچەی نزیکی موکریەکانی یان دادەنێت– ڤ. مینورسکی (کەرستەکان). ئەویش وای بۆ دەچێ ئەوە دەستنیشانبکات کە بلباسەکان دەگەڕێنەوە سەر بابانەکان و بەهەمان دیالێکتی موکریەکان دەئاخڤن. بلباسە فارسەکان (مەبەست لە بلباسەکانی ناو وڵاتی فارسە. وەرگێڕ) دابەشدەبن بۆ مەنگور، پیران، مامەش و ئۆجاغ کا حەیدەری Odjkh-ka-khydri . مەنگورەکان لە مەرگان (تەرکەش) و چیای گییادە (کۆنە لامیجان)دا دەژین، هەموویان لەوەڵاتی فارس دان، نیزیکەی 8000 بنەماڵە دەبن. بلباسە تورکەکان: سن، 300 بنەماڵە دەبن، لە هەمان شوێن و لە ئاکۆ 2000 بنەماڵە لە زستانان لەمەحەلی شاوردا لەوەرگەی مەنگورەکان لە هاویناندا دەژین.

پێدەدان هێرش دەکرایە سەر قەلا. خان ئەحمەدخان ئامۆزاکەی حەسەن بەگی تێدا جێهێشت، خۆشناوەتی دا بە خالید بەگ و ئامێدی بۆ عوسمان بەگ. حکومەتی بۆ کۆیە و هەریر داناو چوو بۆ موسڵ بەبێ هیچ ئاستەنگێك داگیری کردو حاکم پێشتر هەڵاتبوو. نەجیبزادەکان دیاری گرانبەهایان بۆ سەرکەوتوو پێشکەش کرد. زیارەتی گلکۆی یونس پێغەمبەری کردو بە موسڵ دا رەتبوو. 40 رۆژ بۆ حەسانەوەی سوپایەکەی لە موسڵ مایەوە. لەسایەی ئەم هەوالانەی ئازادکردنەوە شا عەباس خەلاتی بۆ هەنارد، خەنجەرێکی رازاوە لەبەردی گرانبەها، ئەسپێك لەگەڵ عەبایەکی گرانبەهاو 12000 تمەن، فەرمانی پێدرا بۆ پێوەچوونی جەنگ و داگیرکردنی کەرکوك و بەغدا، کە بەبێ ماندوبوونێکی زۆر داگیر کران و خان ئەحمەدخان شەرەفی ئەوەی بەرکەوت لە پێشەوەی خەلکەکەی لەبەغدا چاوی بە شا عەباس بکەوێ کە هاتبووە بەغدا. ساڵی 1035 دوای حەوت ساڵ و 3 مانگ دووری، خان ئەحمەد خان گەڕایەوە کوردستان، ساڵی 1038 شاعەباس مردو جێگرەکەی شا سەفی زۆر منەتباری بەخششەکانی خان ئەحمەدخان بوو. خان ئەحمەد خان لە زێڕین کلاو کوڕێکی هەبوو، سورخاب بەگ کە شا عەباس لە منداڵیەوە بردبوویە دەربار بۆ ئەوەی پەروەردەی بکات. شەرانگێزەکان ئەم هەرزە کارەیان هەڵخەڵەتاند بوور دوای رووداوەکانی شا سەفی، کوێریانکرد. ئەم کۆستە هۆشی لەسەر باوکی بردەسەر، ناچار بوو ماوەی شەش مانگ لەناوقەفەزی ئاسنین بیبەستنەوە بەڵام نەجیبزادەکان شێتیەکەیان لەخەڵك شاردەوەو بەناوی ئەوە حوکمرانیان دەکرد. دوای ئەوەی خان ئەحمەد خان چاك بۆوە سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە و کرماشان، هەمەدان، کۆیە و ورمێی گرت[68]. دواتر هەوای سەربەخۆیی کەوتەسەرو پێوەندی بە سولتان

---

[68] لە ( کرۆنیکی ورمێ) ماندا، هیچ ئیشارەتێکی ئەم داگیرکردنە نابینین. کەلبعەلی خانی ئەفشار، لەگەڵ جێگربوونی لە ئاوایی تۆپراق قەلا، سەرقاڵی قەلای ورمێ بووە، شوورەیەك و بورجێکی بۆ کردووە. تاقە کردەی سەربازی کە لەو سەردەمەدا ئیشارەی پێکرابێ لەشکرکێشی داپلۆسینەرانەی بووە دژ بە تەمەرخانی کوڕی ئەمیرخانی برادۆست کە پەلامار دەباتە سەر قەلای

(عوسمانی دووەم) گرت پاداشتی کردو کردییە فەرمانڕەوای موسڵ و کەرکووک. حەوت ساڵان حوکمرانی ناوچەکانی: کەرکوک، سلێمانی، شارەزووری کرد

سولێمان خان، کوڕی میر عەلەمەددین و کورەزای تەیموورخان کە ئەو دەم لە دەرباری شا سەفیەوە بوو لەگەڵ هەراڵی خیانەتی خان ئەحمەد خان کرا بە والی کوردستان. لە 1040 تا 1066 حوکمرانیکرد. لەم دەورانەدا 1041 سولتان موڕادی چوارەم سەرعەسکەرەکەی خۆی خوسرەو پاشای بۆ داگیرکردنەوەی عێراقی عەرەبی و کوردستان هەنارد. بۆ داکۆکیکردن لە هەرێمەکانی خۆیەوە، شا سەفی، لە شوێن خۆیەوە زەینەلخان شاملۆی سوپاسالاری هەنارد. هەردوو سوپا لە مەریوان بەرەو ڕوو بوونەوە،. فارسەکان شکان و لە هەمەدان خۆیان دیتەوە کە شا لەوێدا هەواری لێداکوتابوو. زەینەلخان کوژرا. تورکەکان کە سنەیان داگیرکردبوو بەرەو هەمەدان هەلکشان. لە ئیسفەندئاباد لەیەکتر گیر بوون. خوسرەو پاشا شکاو خۆی لەبەغدا دیتەوە، فارسەکان شارەزووریان داگیرکردەوە.

ئەم سەرکەوتنە کە لەسایەی کۆمەگی سلێمان خانەوە تۆمارکرا، جێگەی دڵشادی شا سەفی بوو و لەودەمەوە دەستیکرد بە پشتگیریکردنی سلێمان خان و ناچاریکرد نیشتەنیەکەی خۆی بگوازێتەوە سنە. پێشتر سنە گوندێك بووە ناوی سینە Sineh بوو ، پاشان بووەتە سنە و سەندوز[69] ، چونکە قەڵایەکی لێبووە، یان بە عەرەبی بووەتە سەنەندج. ساڵی 1046 سولێمان

---

دمدم لە باراندوز. چەند شوێنێك هەیە کەوا باوەڕدەکرێ خان ئەحمەدخان لە ورمێ و خۆی زیاتر نەچووبێتە پێشەوە.

[69] دیز Dyz، دوز Douz زۆربەی جار لە گەڵ ناوی شوێنە کوردیەکان بەرچاو دەکەوێ بنۆڕە: باراندوز، ڕەواندوز. هەرچی سەبارەت بە سولدوزە، ئەم ناوەمان بە سولی- دوز Souli- duz لێکداوەتەوە "پێدەشتی بە ناو داپۆشراو". بەشێوەیەکی دیکە دیز، دوز وا دەردەکەوێ تایبەتمەندێتی بەهێزی مکومی شوێنەکە دیار بکات.

خـان دەسـتیکرد بـەوەی شـارێکی تێـدا دروسـتکرد. لەسـەر بەرزاییـەك لـە ناوەراسـتەکەی قەلایـەکی لێدروسـتکرد. بالەخانـەکانی دیکـەی دەولەتیشـی لێدروستکرد، حەمام و مزگەوتی لێدروستکردو لە "کەنالەکانیشەوە" ئاوی بۆ راکێشا. هـەرچی قـەلا کۆنـەکانی زەلم، مـەریوان، حەسـەن ئابـادو پلنگـان بـوو رووخاندیان. لەسالی 1047 خان ئەحمەدخان ( کە وتمان داویەتە پال تورکەکان ) لە رێگەی دەربەندی چاکانەوە Tchakan هێرشی هێنا بۆ سەر کوردستان. شا سەفی پەلەی کرد عەلی بالی زەنگەنە، میراخور باشی لەگەل 300 پیاو، سیاوش بـەگ، کوللـر ئاغاسـی، شـاوێردی خـان، والی لورسـتان و ئاغاخـان موقدمـی[70] جوانشێری لەمەریوان، خان ئەحمەد خان شکاو رایکردە موسل و شەش مانگ دواتـر سالی 1048 مـردو لـە نزیـك گلکـۆی پێغەمبـەر یونسـەوە نێـژرا. تـای سەرکەوتن لەم شەرەدا دەگەرایەوە بۆ بالا دەستی سولێمان خان. ئەمە وایکرد جێگـەی خۆشەویسـتی شـا عەباسـی دووەم بێـت و لـە سـالی 1066 دا مـرد. بـەگوێرەی ئامۆژگـاری موریـد سـولتان کـەلهور، شـا کوردسـتانی بەمشێوەیە دابەشکرد: سنە بۆ کورەکەی سلێمان خان کەلبعەلی خان دانرا، مەریوان بۆ کوری دووەمی خوسرەوخان، سەقزو سیاهکۆ بۆ سورخاب سولتان و دواجار پلنگان بۆ مورید سولتان کەلهورو شارەزوورو شاربازێریش بۆ موحەمەدخان گورجی.

کەلبعەلیخان، کـوری سـولێمان خـان، لـە 1067 تـا 1082 حوکمرانیکـرد. والیـەکی ژیرو ئاقل بوو، توانی سەرنجی شا عەباسی دووەم بۆ خۆی رابکێشی و دواجار هەموو کوردستان بگرێتە دەست. سەرکردایەتی لەشکرکێشیەکی دژ بە خوزستان پێسپێردراو خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشکرد. سەروەتێکی چـاکی پێکـەوناو سالی 1082 مرد.

---

خان ئەحمـەد خـانی دووەم، کـوری کەلبعـەلیخان لـە 1082 تـا 1091 حوکمرانـی کردووە. دوای ئەوەی گەیشتە پایەی دەسەلات، ئاقلانە رەوتاری دەکرد. ژیانێکی خۆشنوود ژیاوەو هـەموو سـەروەت و سـامانی بـاوکی بـەبا دادا. بـەناوی خـان

---

[70] موقەدەم هۆزێکی تورکە، لەناوچەی مەراغە.

زێرینەوە ناسرا بوو. دواجار خوسرەوخانی مامی ئەم رەوتارە نابەجێیەی لە (شا) گەیاند و خوسرەو خانیان لەشوێن ئەودا دانا.

خوسرەو خان، مامی خان ئەحمەدخانی دووەم لە 1091 تا 1093حوکمڕانیکرد. لەمەریوانەوە هاتە سنە، برازاکەی گرت و رەوانەی ئەسفەهانی کرد. سروشتێکی ستەمکارانەی هەبوو و خەڵکەکە لە دەرباری شاوە سکاڵایان لێکرد. شا خەڵکەکەی رەوانە کردنەوە و ئاگاداری بۆ خوسرەوخان نارد تا لەگەڵ خەڵکەکە ئینسانیتر بێت، بەڵام بێسود بوو. خوسرەوخان سکاڵاکارەکانی سزادان و دواتر دوای گەیشتنی سکاڵای نوێ بۆ بارەگای شا، بانگی ئەسفەهان کراو لەمەیدانی شا تیر باران کرا.

تەیمورخانی ئاجرلویی (بێگانە بوو، ئەندامی بنەماڵەی بەنی ئەردەلان نەبوو) لە 1093 تا 1099 حوکمڕانیکرد. وێرای ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکەکە باش بوو کەچی هەر لەسەر حوکم لا درا.

خان ئەحمەدخانی دووەم بۆ دووەم جار کرایەوە بە والی و لەساڵی 1099 تا 1107 لەدەسەڵات مایەوە. هیچ وانەیەکی وەرنەگرت و شێوازی رەوتاری خۆی نەگۆڕی. لەو کاتەدا بوو کە سولێمان پاشای بابان[71] (بەبە)، لاوازی دەسەڵاتی ئەردەلانی قۆزتەوەو ساڵی 1103 هێرشی بۆ سەر وڵات هێنا. مەریوان، سەقزو هەمەدانی داگیر کرد. حوکمرانی سەقز، سورخاب بەگ و حوکمرانی مەریوان

---

71 هۆزی بەبەکان یا بابان شوێنی هۆزی ونبووی سۆران دەگرێتەوە. ئەم ناوەیان بە گوێرەی باپیری بەبەکان لە سولێمانی پژدەرەوە وەرگرتووە، کە لە دەوروبەری ساڵی 1678دا خزمەتێکی زۆری بە تورکەکان کرد لە جەنگ دژ بە فارسەکان. بەگێکی ئەم بنەماڵەیە، ئیبراهیم پاشا ساڵی 1786 لە شوێنی مەلیك کیندی شارێکی دروستکرد کە لە سەر شەرەفی سولێمانی گەورەی پاشای عیراقەوە، ناوی سلێمانی وەرگرت و ئەم شارەبوو بە نشینگەی بەگەکانی بابان (*کەرەستەکان و عێراقی عەرەبی* لە نووسینی کونسلی رووسیا لەبەسرە، بەرێز ئەدامۆڤ). لای ریچ لیستێکی پاشایەکانی سلێمانی میرنشینی بابان تا ساڵی 1228 دەبینین. هەروا بگەڕێوە بۆ تێبینیەکانی:M.Bittner، *Der Kurdengan uschnnje*، Wien, 1895, p. 88, Note 49.

بنکەی ژین www.zheen.org

ئیبراهیم بەگ میر ئەسکەندەری کوشتن. شا سولێمان لە ژێر سەرکردایەتی ڕۆستەم خانی سوپاسالارو عەباس خانی زیاد ئوغلی کۆمەکی بۆ والی سنە هەنارد. سوپای بابان سەرکەوت، پاشان لەسۆنگەی دەسیسەکانی قاسم سولتان هەورامیەوە; زیاد ئوغلی ژمارەیەك سەرکردە و دانیشتوان گوناهبار دەکات بەوەی بوونە تە هۆی ئەم هێرشەی دوژمنەوە. هەزارو دووسەد کەس کوژران، سەروەت و سامانیان دەستیان بەسەرداگیراو لە پێدەشتی مەریوان کەللە منارەیان لەسەری کوژراوەکان دروستکرد، کە ناوی کەلین کوە یان لێنا. شا لە مەیدانی شا لە ئەسفەهان زیاد ئۆغلۆی لە سونگەی کردەوە دڵڕەقەکانیەوە لە سێدارەدا. لەساڵی 1107 شا حوسێن، خان ئەحمەدخانی لێخست و موحەمەدخانی کوڕی (خەسرەوخان کە ساڵی 1093 لە سێدارەدرا) لە جێگەی دانا.

موحەمەدخان، برازای خان ئەحمەدخان بوو. لەساڵی1107 تا ساڵی 1113 دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. موحەمەدخان ئەو سەرۆکهۆزانەی کە لە دەست وەحشیەتگەری زیاد ئۆغلۆوە رایانکردبووە تورکیا گەراندیانەوە. شا حوسێن بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لە کوردستان حوسێن خانی لوری نارد. لە سۆنگەی ڕاپەرینی خەڵکەکەوە موحەمەدخان لەسەر حوکم لادرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

موحەمەد خانی گورجی (بێگانە بوو) لە 1113 تا 1116 حوکمرانیکردووە. زۆر خۆی بەتەرەفگیری ئایینی سوننی و مەزهەبی شافیعی دادەنا; کە ئەمە بووە هۆی لابردنی لەلایەن شا. هیچێکی دیکەی لەبارەیەوە نازانین.

حەسەن عەلی خان، کوڕی موحەمەد موئمن خانی ئیعتمادو الدولە (ئەویش هەر بێگانە بوو)، لە 1116 تا 1118 حوکمرانیکردووە. ئەمەیان بە پێچەوانەی ئەوەی پێش خۆی شیعە یێکی زۆر تۆخ بوو. کوردە سوننیەکانی دەچەوساندەوەو بە گوێرەی یاسای عێل و عەشایرەوە رەوتاری نەدەکردو پارەو پوڵی گلدەدایەوە. لە کاتی چوونی بۆ ڕاو و شکار لە نزیك گلکۆی ئیمام زادە عومەری کوڕی عەلی فەرمانیدا ئەم پەرستگایە تێك و پێك بدەن. لەگەڕانەوەیدا لەبەر دەرگەی ماڵەکەی لەسەرە مەرگدا هاوار دەکات "پیر عمری ها مرا زد" واتە پیر عومەرەکان منیان کوشت. سروشتێکی وەحشیەتگەرانەی هەبوو.

حوسێن عەلیخان، براکەی بۆ ماوەی 16مانگ شوێنی گرتەوە (1116– 1118). ئەویش لە برایەکەی دەچوو، دانیشتوان لێی راپەڕین و رەوانەی ئەسفەهانیان کرد، لەوێوە خوسرەو بەگ "ئەفسەر"ی شا سولتان حوسێن یان کرد بە والی کە لە ساڵی 1118 تا 1119 حوکمرانیکرد. وەختایەك دانیشتوان لەرێ و رەچەڵەك و نارەسەنی گەیشتن لە حوکمرانیکردنا رەوانەی ئیسەفەهانیان کردەوە.

عەباس قولیخان، کورەزای خان ئەحمەدخانی یەکەم، لە 1121 تا 1128 دەسەڵاتی گرتە دەست. دوای ونبوونێکی درێژ لە والی سەر بە خۆیان، خەڵکەکە سەری گوێ بەر فەرمانیبوونیان راگەیاند. لە ساڵی 1128 شا لەگەڵ سەربازگیری کوردستان دەینێرێتە قەندەهار. وەختایەك سوپاکەی دەگاتە تاران، دەبینن، تاران ئاشووب و هەرای تێدا گەڕاوە، رێك رێگەی ولات دەگرن و دەگەرێنەوە. عەباسی قولیخان هەر تەنیا ئەوەی بۆ مایەوە خۆی پێشکەش بە شا بکات، ئەویش زیندانیی کردو عەلیقولی بەگ، کورەزای کەلبعەلیخانی کرد بە سەرکردەی لەشکرەکانی کوردستان و لەهەمان کاتدا هەرێمەکەشیان پێبەخشی.

عەلیقولی بەگ لە 1128 تا 1132 دەسەڵاتی گرتە دەست. بە نەداری ژیاوەو لە ناوچەی خورخورە هاتۆتە ئاوایی شەخلە و ئەم رستەیەی دووبارە دەکردەوە:

*اگر خودا بدهد در قریه هم می دهد!* (ئەگەر خوا بدات لە گوندیش بێ هەر دەدات). لێرەدا نوماینەدەی (شا)، عەلیخانیان دۆزیەوە، فرمانی (شا) یان پێداو خەڵکەکە ترس دایگرتن. لە نزیکبوونەوە لە سنە لەیەك فەرسەخی شارەکە هەموو نەجیبزادەکانی شارەکە بەدیاری گرانبەهاوە بەرەو پیری چوون. لەگەڵ دەسەڵات بەدەست گەیشتن دا شا لەشکرکێشیەکی داپلۆسینەوەی بۆ سەر لورستان پێراسپارد کە ئەو دەم لورستان لەناو راپەرین دابوو. عەلیخان زۆر بە چاکی لەم ئەرکەیدا سەردەکەوێ، یاخیبووەکانی شکاندو سەرۆکهۆزە لورو بەختیاریەکانی رەوانەی پایتەخت کردن کە داوای لێخۆشبوونیان لێکرد، شا لە دۆڕاوە پەشیمانبووەکان خۆشبوو و رەوانەی ولاتی کردنەوە. هەرچی عەلیقولی بەگ بوو سەرکەوتووانە گەڕایەوە سنە. ساڵی 1132 هێرشی ئەفغان بۆ سەر فارس دەستپێکرد. بۆ قۆزتنەوەی ئەم هەلە خانە پاشای کوڕی موحەمەد پاشا

بنکەی ژین
www.zheen.org

(ئامۆزای سولێمان پاشا)ی بابان، هێرشی بردە سەر کوردستان. دوای جەنگێکی دۆڕاو لە پێنج فەرسەخی سنەدا، عەلیقولیبەگ هەڵات بۆ ئەسفەهان.

خانە پاشای بابان لە 1132 تا 1136 دەسەڵاتی گرتە دەست[72]، دانیشتوان بەدیاری‌یەوە بەرەو پیری چوون و داوای ئەمانیان لێکرد. والیەکی چاك بوو و ئاشووب و هەرای گشتی کە لەناو ئێراندا باو بوو، لەشکرکێشی ئەفغان نیگەرانیان نەکرد. مەدرەسە و مزگەوتێکی جوان، لەگەڵ منارەیەکی بەرزی دروستکرد. دواتر ئەم مزگەوتە لەلایەن ئەمانوڵڵاخانی گەورە رووخێنراو لە شوێنیەوە باغی فیردەوسی لێوە دروستکرا.

دوای چوار ساڵ لە نیشتەجێبوون لە سنە، خانە پاشا گەرایەوە وڵاتی بابانەکانی خۆیی و کوڕەکەی لە سـنە جێهێشت. عەلیخان لە 1136 تا 1142 حوکمرانیکرد. ئەم والیە هەموو کاتی خۆی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پیاوە ئایینیەکان و شاعیرەکان بەسەر دەبرد. لەگەڵ دەسەڵات بەدەستگرتنی نادر یا راستتر تەهماسب قولیخاندا کە ئەو کاتە نادر تەنها سوپاسالاری شا تەهماسبی دووەم بوو، پێشتر باسی ئەوەی کردبوو، عەلیخان بێئەوەی بچێتە ناو موناقەشە بە گوێرایەڵی لە ئامۆژگاریەکانی نادر، سنەی جێهێشت،و شا عەباس، قولیخانی کردەوە والی کوردستان کە ئەویش کەمێك دواتر مرد.

سوبحان وێردیخان، کوڕی عەباس قولیخان، لە 1143 تا 1153 دەسەڵاتی گرتە دەست. پیاوێکی زۆر ئاینپەروەر بوو بەگوێرەی داب و نەریتی وڵاتەکە

---

72 خانە مەحەمەد پاشای بابان بەرەو ناوچەی ئەردەلان کشا. گەورەکانی مەریوان و هەرامان بەرەو پیری هاتن، بە بێ شەر بوونە هاوکاری. خانە پاشا بەرەو سنە چو. سنە پایتەختی میرایەتی ئەردەلان بو. والی ئەردەلان بە بێ شەڕ سنەی چۆڵکرد. گەورە پیاوانی سنە پێشوازیان لە حاکمی نوێ کرد... هەموو مولکی ئەردەلان کەوتە ژێر دەستی خانە بەگ (1136-1723). خانە پلەی پاشایەتی درایەو بوو بە میری میران و خالید بەگی براشی لە قەڵاچۆلان بو بە پاشای بابان. سنوری دەسەڵاتی بابان لە هەموو کات فراوانتر بوبو. لە کەرکوکەوە تا نزیك هەمەدانی ئەگرتەوە. بگەڕێوە بۆ نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، کوردستان، دەزگای چاپەمەنی خاك، 19918، ل: 58.

حوکمرانیدەکرد، شارەکەی رازاندبۆوە لە 1148 نادر شا[73] لە ئیسفەهانەوە لەشکرکێشی کرد بۆ سەر شێروان و لە 18 ی سەفەردا گەیشتە سنەو لە کۆشکی والیدا لێیهەڵخستبوو. نادر بە روو دەمکردنە سوبحان وێردیخانەوە، کە بە نەوازشەوە لە خوارەوە دانیشتبوو، پێیگوت:

*"ما نیامده ایم جای ترا غصب کنیم، تالار شما بسیار بزرگ است، یك طرف ان نشمین ، باشد که به سلطنت مشغول شویم و جانب دیگر ان منزل شما باشد که بەحکومت بپردزید".*

سوبحان وێردیخان گوێڕایەلیکردو هەزار تەنەکە رۆنی مەن[74] و 10 000 تمەنی پێشکەش کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی 1148 دوای تاج لەسەر نانی نادر شا لە پێدەشتی موغان، سوبحان وێردیخان لێخراو برایەکەی موستەفاخان جێگەی گرتەوە و لە مانگی موحەرەمی 1149 گەیشتە سنە. دوای چوار مانگ لە حوکمرانیەکەی خەڵکەکە دژی راپەرین و سوبحان وێردیخان گەرایەوە. لە 1153، لەگەڵ گەڕانەوەی نادر شا لە لەشکرکێشی هیندوستان و لەشکر کێشی بۆ سەر خورازم دژ بە ئیلبارس، داوای سوبحان وێردیخانی کردەوە و کوڕەکەی ئەحمەد سولتان کە هاوەڵیکرد بوو لە لەشکر کێشی بۆ سەر هیندوستانا کرد بە خان[75] (وال) ی کوردستان و لەهەمەدانەوە تا کەوشەنی

[73] ئەمجارەیان نادر شا نەچووە ورمێ، دواتر ساڵی 1157 چووەتە ورمێ و توورەییەکەی گەلێك ترسناك بوو، بەدەستی خۆی چەند بەگزادەیەکی ئەفشاری خنکاندن و هەژدەیشی لێ کوێر کردن. (کرۆنیکی ورمێ).

[74] تەنەکە رۆنی مەن، واتە تەنەکە رۆنی سێ کیلۆگرامی.

[75] لە بارەی لەقەبی خان و بنچینەکانی لەقەبی خان دەشێ لێکۆڵینەوەیێکی زۆر سرنجراکێشەری بۆ تەرخانبکرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

موسلی پێبەخشی. ئەحمەدخان، لە 1153 تا 1154 حوکمرانیکرد : وەختایەك نادر شا چوو بۆ داغستان، فەرمانیدا ئەحمەد خان شوێنی بکەوێ.

سوبحان وێردیخان بۆ سێیەم جار، ساڵێك و چوار مانگ لە دەسەلأت مایەوە (1154– 1155). ئەحمەد خان ساڵی 1155 گەڕایەوە سنە. لەوکاتە گرانیەکی گەورە بلأوبوو و ئەحمەدخان ئەو عەمبارە گەنمەی کە بە فەرمانی نادر شا بۆ سوپاکەی هەڵگیرابوو تەواوی کردبوو. وەختایێك نادر ناردی بەدوای گەنمەکە و بۆیان گێرایەوە کە گەنمەکە چی لێهاتووە، حوکمی مەرگی بۆ ئەحمەد خان دەرکرد. ئەمەی دوایی پێشتر پێشبینی کردبوو، بە 2000 سوارەوە بۆ شارەزوور هەڵاتە تورکیا. زاهیر بەگ ئێلبەگی هۆزی جاف[76] ویستی بەرگری بکات و دژایەتی بکات، بەلأم شکا و ئەحمەدخان ڕێگەی سلێمانی گرت. خالیدپاشای بابان داوای لێکرد خۆی بەدەستەوە بدات. لەوێوەوە خۆی گەیاندە موسل و حاکمی موسلی کوشت کە دەیەویست لەبەرامبەریا بەرگری بکات. لەشوێن ئەوەوە چەلەبی ناوێکی لەشوێن دانا و دواتر بەردەوام بوو لە لەشکرکێشی خۆی تا دیاربەکرو حەلەب و بەمشێوەیە دوای یەك مانگ و 4 ڕۆژ گەیشتە ئەستەموڵ، بەهەموو ڕێزلێنانێکەوە لە ئەستەموڵ پێشوازی لێکراو کردیان بە حاکمی

---

[76] هۆزی جافەکان بە 50 000 بنەماڵە دەژمێردرێن. لەناوچەی شارەزووری سنجاقی سلێمانی، ویلایەتی موسلدا دەژین. زستانان لە دەوروبەری حاجیتەرەو چیای کرشکەیی– بەغدا و لە هاوینانیش لەسەر شێو سینی بەسەر دەبەن. پێش جەنگی (1914– 1918وەرگێر) مەحمود پاشای بنەماڵەی خەسرۆبەگ سەرۆکیان بوو. ئەم هۆزە پێشتر لە هەرێمی جوانرود (جوانروو) لە ئەردەلان دەژیان و دەوروبەری ساڵی 1700 کۆچیان کردووە. یەکێك لە سەرۆکەکانیان، عوسمان پاشا، لەسایەی زەماوەندی لەگەڵ عادیلە خانمی سەربە کۆنە بنەماڵەی ئەردەلان هێزی هۆزەکەی بەهێزتر کرد.

ئەم ژنە نموونەیەکی جوانی ژنە کوردێکە کە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا جڵەوی حوکمرانی بەدەستەوە بگرێ. بەڕێز ڤـــــ . مینۆرسکی لە هەڵەبجەی نزیك سلێمانی سەری لێداوە، نیکیتین. ( عادیلە خان کچی عەبدولقادری کوڕی ڕۆستەمی بابانی نووسەری کتێبی " سیر الاکراد" ە و ئەردەلانی نییە، بەڵکو لە سنە یا ئەردەلان گەورە بووە. ئەم بنەماڵەیە قەت سنەیان بە جێ نەهێشت و بنەماڵەی میری بابانیان پێکهێنا، ع.مەردوخ)

www.zheen.org

ئەندرینۆپل. نادرشا هەر کە هەنگاو هەنگرتنەکانی ئەحمەد خانی بیست، ساڵی 1156 حاجی مەلا وێردیخانی قاجاری کرد بە حاکمی کوردستان. باوکی ئەحمەدخان کرا بە بەگلەربەگی تاران، بەڵام مەلا وێردی خانی قاجار لەگەڵ خەڵکەکە نەدەگونجا، ئەوکات سوبحان وێردیخان ساڵی1157 بۆ چوارەم جار کرایەوە بە حاکمی سنە و تا مردنی ساڵی 1161 هەر حاکمی سنە بوو.

بۆ پارێزگاریکردنی کوردستان سوپایەك لە 1000 پیاوی ئەفغانیو خوراسانیان لە ژێر سەرکردایەتی موحەمەد ڕەزا بەگی گورجی، گەورە پیلانباز دا ڕێکخست. جا وەختایەك لە کۆتایی جەمادی ئاخیری 1160 دەمگۆی کوژرانی نادر شا بڵاوبۆوە. سوبحان وێردیخان داوای لە گورجی کردو لێی پارایەوە هەرچی زووترە بە بێ ئەوەی تووشی سەرئێشەی بکەن بەدزیەوە رابکات. حەوت مانگ دواتر،ئامۆزاکەی نادر، عادیل شا[77] داخوازی تەختی پاشایەتی دەکرد، حوسێن[78] عەلی خان ئەردەلانی ناوێکی کرد بە حاکمی کوردستان کە خزمەتێکی زۆری پێکردبوو. سوبحان وێردیخان لەساڵی 1161 لەهەمەدان مردو لەسەر چیای شەیدا Cheida لە کوردستان نێژرا.

حەسەن عەلیخان لەساڵی 1161 تا 1167 حوکمرانیکرد. زۆر سەرقاڵی ڕێکخستنی هەرێمەکان بوو. لەساڵی 1164 کەریم خانی زەند پەلاماری سنەی داو

---

[77] عەلی قولیخان، برازای نادر شا، بۆ هێورکردنەوەی سیستان نێردرا، یاخیەکانی خستە لایەکەوە و بۆ خۆی بانگی پاشایەتی هەڵدا. تەنها دوو ساڵان حوکمرانیکرد (1160- 1161ی کۆچی) بەڵام کاتی ئەوەی هەبوو کە هێرشبباتە سەر قەڵاتی نادری و گەنجینە و هەموو بنەماڵەکەی نادر شای قەتلو عام کرد، جگە لە شاروخ میرزا نەبێ، کە (14)ە ساڵان بوو. لەهەمان کاتدا ئاغا موحەمەد خانی (دامەزرێنەری بنەماڵەی قاجاریان) کە تەمەنی 5 ساڵان دەبوو خەساندی. ئەم عادیل شایە لەلایەن ئیبراهیمی برایەوە کوێر کراو لەلایەن سەربازەکانیەوە کوژرا. بگەڕێوە بۆ:Sykes، *History of persia*, pp 370, 371, 385.

[78] واپێدەچێ ئەمەیان سەرچیغ چوون یان هەڵەی چاپبێ، دەنا بە گوێرەی تێکستەکە بێ دەبێ حەسەن بێت "وەرگێڕ".

ئەم شارەی تالانبرۆکرد. حەسەن عەلیخان پەنای بردە بەر قەڵای قەراتبەرە، کە لەوێدا بێهودە لەلایەن شێخ عەلیخانی زەندەوە گەمارۆ درا، دواتر شێخ عەلی بە سووتاندنی شاری سنە تۆڵەی خۆی کردەوە. لەم کاتەدا عەلیمەردان خانی بەختیار بەخۆیی و سوپایەکەیەوە راپەرین و هێرشیان بردە سەر کرماشان[79]، لەلایەکی دیکەوە نەناسراوێك لەبەغدا وەکو کوڕی سولتان حوسێن خۆی ناساندو ناوی سولتان حوسێنی دووەمی بۆخۆی هەڵبژارد. مونشی (سکرتێرەکەی) نادرشا، میرزا مەهدیخان ئەم ئیفادەیە دووپاتە دەکاتەوە و دەسەلاتخواز دەگەیەنێتە کرماشان، لەوێدا عەلی مەردان خان وەکو ئامرازێکی دەسیسە بەکاری دەهێنێ و هێرشی پێدەباتە سەرکوردستان. لەو لای دیکەوە حەسەن عەلیخان، هاوپشتی لەگەڵ خەنیمەکەی عەلی مەردان و کەریم خانی زەند دەکات و دەچێ بۆ رووبەروو بوونەوەی دەسەلاتخواز. جەنگ لە بێلەوار Bilavar روویدا. عەلی مەردان شکا، دەسەلاتخواز کوژراو سەرکەوتووەکان دەستکەوتێکی زۆریان بە دەستکەوت. بەشوێن ئەمە حەسەن عەلی خان گەڕایەوە سنە و کەریم خان بۆ کرماشان. ساڵی 1167 وەختایەك ئازادخانی ئەفغانی لە ئەسفەهان تاجی لە سەر نا، سەلیم ناوێکی بە رەچەڵەك خەڵکی تورکیای کرد بە حاکمی کوردستان، هەرچی حەسەن عەلی خان بوو بۆ پایتەخت داوا کرایەوە. ئازاد بەخششێکی 4000 تمەنی لە سەلیم پاشا پێگەیشت و وەختایەك حەسەن عەلی خان خۆی گەیاندە ئیسفەهان، ئازاد خان رەوانەی سنەی کردەوە، لە رۆژی گەڕانەوەی لەلایەن سەلیم پاشاوە کوژرا، بەلام ساڵێك وەرنە سووڕایەوە خەڵکە کە راپەڕین و

---

79 کرماشان ناوی دروستی کۆنی شارەکەیە، نەوەکا (کرمانشا) و (کرمانشاهان) کە ئەم دوو ناوەی دوایی لە رێگەی پیاوانی دەوڵەتی وخەڵکی ناشارەزاوە لە سەدەی رابووردووەوە هاتۆتە ناوانەوە. لە بنەرەتدا ووشەی کرماشان لە (کرماچان) یا (کرماجان) ەوە هاتووە، کە واتەی (شاری رەعایا) دگەیەنێ، لە سەرەتای سەردەمی بلاوبوونەوەی ئیسلامێتی مێژوو نووسە موسلمانەکان بە شێوەی (قرماسین) و (قرمسین) بە گوێرەی جیاوازی گۆکردنەکانەوە نووسیوویانە؛ بۆ باسێکی بەداوێنتر لە بارەی ناوی کرماشان و ئیتمۆلۆژی ئەم ناوە بگەڕێوە بۆ: دکتر محمد مکری.، فرهنگ نام های پرندگان در لهجه‌های غرب ایران ( لهجه‌های کردی)، موسسه انتشارات امیر مبیر، تهران، 1361، ص: نە- سێزدە، وەرگێر.

هەیدیان لەپاشا کرد. پاشا هەڵات و پەنای بردە بەر ئەشرەف، لەلای مەحەمەد حەسەن خانی قاجار، کە تازە خەریکبوو نفوزی پەیدا دەکرد. لێی پارایەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر دەسەڵات لە سنە، بەڵام قاجارەکان، خزمەتکارێکی بەوەفا، خوسرەو خان، کوڕی ئەحمەد خانی ئەردەلانیان لابوو؛ ئەوەیان کرد بە حاکمی کوردستان. لێرەدا نووسیاری کرۆنیکەکە بە گوێرەی سەربووردەی باپیرەی کە خزمەتی خوسرەو خانی کردووە، قسەکانی قاجار زیادە دەکات !

*تو محمد حسن را بد شناخته ای. من چنین کسی نیستم که چشم از خدمت بپوشم و ولایت را ب شخص بیگانه بفروشم. دوباره می فرماید: خسرو خان تو سر کچل محمد حسن خان را بد شناختەای، من چنین کسی نیستم حرف من یکی است و صاحب کردستان توئی.*

خەسرەو خانی گەورە[80] لە موحەرەمی 1168ـەوە تا 1203 حوکمرانیکرد. والیەکی ئازاو کارگێڕێکی دادپەروەر بوو. لەسایەی ئەوەوە خەڵکە کە ماوەی 30 ساڵ لە ئارامیدا ژیان. ساڵی 1168 ئازاد خان[81] خۆی لە دەست کەریم خانی زەندو

---

[80] Sykes, op.cit, p 387. -

سایکس لە بارەی خەسرەو خان دەدوێ وەک هاوچەرخی ئاغا موحەمەد خانی قاجار: "لەنێوان سەرۆکهۆزە کوردەکانی سەر سنوور لای ئێرانیەکان، بەهێزترینیان خوسرەو خانی والی ئەردەلان بوو. لە پایتەختەکەی خۆیەوە، "سنە"دا حوکمرانی ناوچەیەکی گەورەی دەکردو لەم شارەدا ساڵی 1810 کوڕەکەی بە شێوەیەکی شاهانە پێشوازی لە مالکۆم کرد. خوسرەو خان دەستیکرد بە هاوپشتیکردنی کەریم خان، بەڵام دواتر، هاوپشتی لە ئیسماعیل خان کردو دوای ئەوەی جەعفەر خانی شکاند هەموو دەستکەوتەکانی بۆ ئاغا موحەمەد ناردو بوو بە هەوادارێکی نیزیکی ئاغا موحەمەد خان.

[81] جەنگی ئازادخان لەگەڵ کەریم خانی زەند بە مشێوەیە کە زۆر بە کورتی کورتیدەکەینەوە: لەساڵی 1166 ئازاد خۆی لە قەزوین قایم دەکات و کەریم خان ناچاردەبێ تا ئیسفەهان پاشەکشە بکات، کەریم خان هەوڵدەدات جارێکی دیکە جەنگی ئازادخان بکات، بەڵام دەشکێ و هەڵدێتە شیرازو لەوێشەوە بۆ بوشەهر. لەسەر یەکێك لە رارەوەکانی کۆتەل کمێرژی Kotalé-Kmerdji ئەفغانەکان، لەلایەن رۆستەم خان کەیەکێك لە خانەکانی ناوچەکە و هاوپەیمانێکی

مەحەمەد خانی قاجار رزگار کردبوو و لە ڕێگەی هەمەدانەوە بەرەو ئازەربایجان هەڵهات، بەڵام لە ڕێگەدا بیری داگیرکردنی کوردستانی بە سەردا هات. لەناکاو ئازادخان لە نزیك سنە وەدیار کەوت و شاری گەمارۆ دا. گەمارۆ 120 ڕۆژی خایاند خوسرەو خان خۆی لە قەڵاکە قایم کرد و خەڵکی نارد بۆ سەربازگیری پیاوەکانی. لە گەڵ وەدیارکەوتنی ئەم هاوپشتیانەدا بوو ئازادخان رایکردو تا گەورۆس بەدوایاکەوتن. دەستکەوتێکی چاکیان بەردەستکەوت. خوسرەو خان راپۆرتی بۆ موحەمەد حەسەن خانی قاجار نووسیو ئەسپە شێیەکی بە قیمەتی بۆ هەنارد بە نرخێك کە لە 3000 تمەن کەمتر نەبوو.

کەریم خانی زەند بە چاوێکی پیسە وە ئەمەی بینی. دەمودەست، وەختایەك لە ناوەراستی جەمادولئاخری 1172 موحەمەد حەسەن خان بەدەست سێبزالی کوردێکی ئەستێرئابادو موحەمەد عەلی ئاغا کوژرا، خوسرەو خان دەستیکرد بە هەنگاو هەڵگرتنی خۆ پارێزی و خۆی لەسنەدا قایم کرد و پیاوەکانی سەربازگیرکردن، بەڵام کەریم خانی زەند، کە پێیزانی، کردی بە حاکمی سنە و خەڵاتی بۆ هەنارد و لە چارەنووسی خۆی دڵنیای کردەوە. ساڵی 1173 لەکاتی مانەوەی کەریم خانی زەند لە سولتانیە، خەسرەو خان بەپەلە کورەکەی خۆی بە دیارییەوە هەناردە لای کەریم خان. ساڵی 1176 سولێمان پاشای بەبە، کە چاوی‌بریبووە هەرێمە دەوڵەمەندەکانی سنە تا مەریوان لەشکرکێشی کردو لەوێدا شکا. بۆ تۆڵە کردنەوەی لە خوسرەو خان چوو رێزی لە کەریم خان ناو لەسایەی دیاری زۆرەوە وایکرد خەسرەو خان بۆ شیراز داوا بکرێ. لەولای دیکە ئەویان کرد بە حاکمی کوردستان. بەڵام ماوەیەکی زۆر بەهرەی لە سەرکەوتنەکەی

---

کەریم خان بوو لە سەرەوە بە شاقوولی بۆیان دابەزی پەلاماردران و شکان. دوای ئەمە ساڵی 1171، کەریم خان ئازەربایجانی داگیرکردو ئازاد خان دوای ئەوەی چەند ماوەیێك خۆی شاردەوە، خۆی خستە بەرئامانی کەریم خان. کەریم لەبەر بەهای خەنیمەکەی زۆر چاك مامەڵەی لەگەڵدا کرد. ( Sykes، *History of Persia*، II, pp 373-74 ) لە (کرۆنیکی ورمێ)ی لای ئێمەدا زۆر باسی بە داوێن لەبارەی ئازادخان و هەڵەشەییەکانی ئەوەوە وەگێر دەکەوێ.

بنکەی ژین www.zheen.org

وەرنەگرت. لەخەودا لەلایەن ئیبراهیم ناوێکەوە کوژرا[82]. بە فەرمانی کەریم خان، برایەکەی موحەمەد پاشا کرا بە پاشای سلێمانی و کورەکەشی عەلی خان کرا بە حاکمی سنە. دوای دوو ساڵان واتە ساڵی 1179[83] کەریم خان لە نووژەنەوە کوردستانی دایەوە بە خوسرەوخان، لەگەڕانەوەی بۆ سەر حوکم، خوسرەوخان سەرقاڵی دروستکردنی (دارالحکومە)ێکی جوان بوو، "خوسرەوییە" کە ئێستاکە شی لەگەڵدابێ دەتوانین پەسنی بکەین. خوسرەوخان لە نێو حاکمەکانی دیکەی ئێران لە رووی نفوزو باڵادەستیەوە یەکەم بوو، لە ساڵی 1193 کەریم خان مرد. هەرا و ئاشووب لەمەملەکەتدا بڵاوبۆوەو مقۆ مقۆ بڵاوبوونەوە، لە نێوان ئەم دەمگۆیانەدا ئەڵلا قولی خان زەنگەنە Allah Goulikhan Zenguéné ناوێك بەخۆیی و 20 000 سواری خێڵەکەیەوە، خێڵی کەلهور، هەروەها لەگەڵ خەڵکی زەها و لەرێگەی سەحنە و کەنگەوەر لە یەکەم شوێندا هێرشی هێنا بۆ داگیرکردنی کوردستان. موحەمەد رەشید بەگی وەکیل کە چەند ماوەیەك بوو لە کوردستانەوە چوو بوو بۆ کرماشان لایەنگیری ئەڵلاه قولیخان بوو. دەسەڵاتخواز ئەڵلاه گولی لەلایەن خوسرەو خانەوە لە رارەوی گەردێنەیی باغان Guerdénéie Bagan لە سێ فەرسەخی شاری سنە دا شکا. دەستکەوت و ئازووقەیەکی زۆر

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[82] سولێمان پاشا لە قەڵاچواڵان لە ناو جێگەدا نوستبوو کە فەقێ ئیبراهیم ناوێکی خەڵکی شارۆچکەی کۆیە شەوی هەینی مانگی زیلحیجەی 1178 دەچێتە ناو حەرەمەکەیەوە و خەنجەرێکی لێدەدا کە دواتر دوای چەند رۆژێکی کەم دەمرێ، بنۆرە: نەوشیروان مستەفا ئەمین،، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، کوردستان، دەزگای چاپەمەنی خاك، 19918، لا: 87.

[83] جێگەی سەرنج دانە، تێبینی ئەوە بکرێ کە لە (کرۆنیکی ورمێ)دا نووسراوە"ساڵی 1179ی کۆچی" خەسرەوخان، والی ئەردەلانی سنە، لەلایەن خەنیمەکانیەوە رەدوودەنرێ و بەو پێیەی پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ رۆستەم خانی "بەگلێربەگی ورمێ" دا هەبووە چۆتە لای ئەو. رۆستەم خان سەرەتا بەپێی یاسای مێوانداری پێشوازی لێکردووە، بەڵام دواتر بەراوێژی چەند ئەفشارێك کوشتوویە. بۆ ئێمە سەختە لەگەڕانەوە بۆ سەر هەردوو کرۆنێك باوەڕ بەو گێڕانەوەیە بکەین.

دەستکەوت بوو کە لەنێوان جەنگاوەرەکان دابەشکرا. موحەمەد رەشیدی خایەنیش دەستگیرکرا، خوسرەوخان ئەم قسانەی پێگوت:
*وکیل از هرچه ب گذری سخن دوست خوشتراست. شلغم و بلغور کردستان خودمان بهتر از طعمـــة ای الوان کرمانشاهان است* و ئازادی کرد. مامی دەسەڵاتخواز، حاجی عەلیخانی کرد بە حاکمی کرماشان. جەنگی گەردێنەیی باغان لەلایەن هیچ مێژوو نووسێکەوە ئیشارەی پێنەدراوە. لە ساڵی 1200 دەسەلاتخوازێکی دیکە، جەعفەر خانی‌زەند[84] لە ئیسفەهانەوە گەیشتە هەمەدان بۆ ئەوەی لەلای خۆیەوە سرنجی خوسرەوخان بۆ لای خۆی رابکێشێ.
خوسرەوخان چووە هەمەدان، بەڵام دوای ئەوەی راوێژی بە دەمراستەکانی خۆی کرد دەرکەوت ئەو لەهەموو حاکمەکانی دیکەی ئێران بەهێزترە، بڕیاریدا جەنگی دەسەڵاتخواز بکات و بانگەوازی بۆ موحەمەد حوسێن خانی قەرەگوزلوی خانەکانی گەورۆس و عەلیخانی خەمسە Khamseh . هەنارد. هەموویان رازیبوون و بە 1000 سوارەوە پێوەندیان بە خوسرەو خانەوە کرد.
ئوردووی هاوپشتەکان لە ئاوایی بەهار، نزیک بە هەمەدان بوو. 24 ی شەعبان جەنگ لە دەوروبەری ئەم ئاواییەدا بەرپا بوو. جەنگ ماوەی دوو رۆژان درێژەی کێشا و جەنگێکی سەخت و خوێناوی رووی‌دا. دواجار دەسەڵاتخواز بەتەواوی شکا و لەپەنای سەنگەرو تۆپەکانەوە خۆی شاردبۆوە، کوردەکان دەوریان دابوو،

---

[84] بەگوێرەی کرۆنیکی ورمێ، ئەوە جەعفەرخانی زەند نییە، بەلکو عەلی‌مەردان زەندە. سەرداری ورمێ کە لە هەنگاو هەڵگرتنەکانی عەلی مەردانی زەند نارازی دەبێ و لەگەڵ خەنیمەکەی نەجەف قولی خان ڕێکدەکەوێ و لەشکرەکانی کۆدەکاتەوە و خۆی دەگەیەنێتە سنە بۆ گفتوگۆ کردن. لەبارەی هاوپشتی لەگەڵ ئەمانوڵڵاخان بەوهیوایەی عێراق داگیربکەن؛ کرۆنیکی ورمێ خەسرەو خانی لەگەڵ ئەمانوڵڵا خان لێتێکەڵ دەبێ. لەسەرێکی دیکەوە هەردووکیان لەمێژوودا زۆر ناسراون. دوا جار ئەم گفتوگۆیانە بەهیچ ناگەن. لای Sykes ئەوە وەگیر دەخەین کە دوای مەرگی کەریم خان، ژمارەیێکی زۆر کەمی ناو بنەماڵەکەی، زەکی‌خان، ئەبوالفتح، عەلی موراد خۆیان وەك حاکم راگەیاند. هەرچی سەبارەت بەناوی عەلی مەردانەوەیە، ئیدیعیا خوازێکی بەختیاری بەم ناوەوە لەسەردەمی ئازادخانی ئەفغانیەوە هەبووە.

بەشەو موجتەهیدێکی هەمەدانی بە گەوهەرات و قورئانەوە ناردە لای خوسرەوخان تا لێیبپاڕێتەوە رێگەی بدات بڕوات. خوسرەوخان رازیبوو و دەسەڵاتخواز توانی لەگەڵ سێ رێبەر کە خوسرەوخان پێیدابوو خۆی دەرباز بکات. خوسرەوخان کە لە سەرکەوتنەکەی رازینەبوو، لەشکرکێشیەکەی درێژە پێداو مەلایەر Melaïer توویسەرکان Tousergan ؛ کەزاز Guezaz.، قەرەخان Karakhan و گوڵپایگان Golpaîgan ی داگیرکردن. لەکاتی حەسانەوەیدا لەگەڵ سوپاکەیدا لە دوا شوێن دا داوای لە جەعفەر بەگ کرد: (تۆ مەملەکەتەکەی "سەلتەنەتی" من چۆن دەبینی). لەم رووەوە ئەویش بەسەرهاتی شێلفەمو بولغوری وەبیر هێنایەوە ( بنۆرە بەشی سەرەوە ). لەو دەمەوە خوسرەوخان هەموو دەستکەوت و دیلەکانی لەگەڵ نامەیەکی شایان بۆ ئاغاموحەمەدخانی قاجار هەنارد . (شا)ش لە شوێن خۆیەوە، دیاری زۆری بۆ هەناردو فرمانی حاکمیەتی هەرێمەکانی سەنقەر و کولیایی بۆ خوسرەوخان هەنارد.

دوای لەسەر تەخت دانیشتنی (ئاغا مەحەمەد خانی قاجار- وەرگێڕ) چەند جارێك داوایان لە خوسرەوخان کرد بچێتە تاران، بەڵام تا ساڵی 1203 سەری تارانی نەدا، تا وەختایەك خان ئەحمەدخانی کوڕیان وەك جێگرەوەی ئەو دیاریکرد. خوسرەوخان لە تاران لەبەر هەراسانی زۆر نەخۆش کەوت، وەختایەك کوڕەکەی لەکاتی لەشکرکێشی بۆ سەر هۆزەکانی موکری و بلباس دەڕوات، لەگەڕانەوەیدا دەکوژرێ. خوسرەوخان هەرکە ئەم هەواڵە خەمگینە دەبیستێ هۆشی لەدەست دەدات. لوتفعەلیخانی مامی کرا بە حاکم و خۆیشی بە شێتی لە ساڵی 1204 لە ئیسفەهان دا مرد[85]. لوتفعەلیخان لە 1204 تا 1209 حوکمرانیکرد لە ساڵی 1206 (شا) هەناردی بۆ سەر راپەریوەکانی خوزستان، لەشکرکێشیەکە سەرکەوتوو بوو و دەستکەوت و سەرکردەکانی بۆ (شا) هەناردن. لەساڵی 1208 لە نوژەنەوە راپەرینێکی دیکە لە خوزستانەوە بەرپا بوو، کوڕەکەی لوتفعەلیخان، حەسەن عەلیخان کە لە دەربار بو، کرا بە حاکمی خوزستان. ئەم هەرێمەی هێمن

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[85] راستیەکەی بە هۆی تاقمی ئاغا مەحەمەد خانەوە دەرمان خوارد کرا، ع. مەردوخ.

کردەوە و گێڕایەوە سەر پایتەخت. ساڵی 1209، باوکی مرد، (شا) ئەوی لە جێگەی باوکی دانا.

حەسەن عەلیخان، لە 1209 تا 1214ـەوە حوکمڕانیکرد. بە بەزەیی و حەز لە ڕاو و شکار کردن ناسرابوو. خۆی حوکمڕانی نەدەکردو خستبوویە ئەستۆی یەکێك لە بندەستەکانی خۆیەوە. لەساڵی 1211 داوایان لێکرد بەخۆیی و 500 سوارەوە پێوەندی بە (شا)ـەوە بکات کەلە ئازەربایجانەوە بۆ قەرەباغ، شوشا و تفلس دەڕۆیشت. یەکێك لە خزمەکانی، سوبحان وێردیخان بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتی ئامادەنەبوونی حەسەن عەلیخان چەند کەسێکی ناڕازی دۆزیەوەو بۆ سکاڵا کردن و لە گەڵیانەوە چووە لای شا. قەدەر وابوو (شا) لە قەڵای پەنا ئاوا Penah-Abad (شوشا) کوژرا. سوپاکەی پەرت و بلاوبۆوە، بەڵام سوبحان وێردیخان توانی چەند ڕۆژێك بەرلەوەی حەسەن عەلیخان بگەڕێتەوە بانگی حاکمیەتی خۆی هەڵبدات.لەولای دیکەوە حەوت ڕۆژ دواتر وەختایەك حاکمی ڕاستەقینە هاتەوە؛ حاکمی پیلانباز پەنای بردە بەر بەبەکان.

لەمانگی ذیلحجەی ساڵی 1212 لەگەڵ تاج لەسەر نانی فەتح عەلیشادا، هەمان ئەم سوبحان وێردیخانە کوڕەکەی خوسرەوخانی والی، ئەمانوڵلاخانی نارده لای شا لەگەڵ 20 000 تمەنی زێڕەوە. ئەمانوڵلاخان لەمانگی موحەڕەمی 1213 گەیشتە تاران، لای میرزا ئەحمەدخانی[86] وەزیری کوردستانی، کۆنە "مستەوفی" "ژمێریار" دابەزی کە ئامۆژگاری ئەمانوڵلاخانی کرد ئەم دیارییە چاکانە پێشکەش بکات، لەجیاتی ئەوە حوکمڕانی سنە بۆخۆی وەربگرێ نەوکا بۆ سوبحان وێردیخان. لەگەڕانەوەی شا دوای داگیرکردنی خوزستان و بەمیانەچێتی حاجی ئیبراهیم خان سەدری ئەعزەم، ئەمانوڵلاخان بە شوێن ئەم ئامۆژگارییە ئاقڵانەیەدا چوو و لەمانگی سەفەری 1214 دوو فرمان بڵاوکرانەوە: یەکیان بەوەی حەسەن عەلی بخەنە زیندانەوە، ئەوی دیکەش بەوەی ئەمانوڵلاخان لە شوێنیەوە بکەن بە حاکم.

---

[86] میرزا ئەحمەدی وەزیر قەت خاوەن نازناوی "خان" نەبووە، ع. مەردۆخ.

ئەمانوللاخانی گەورە[87] لە 1214 تا 1240 حوکمرانیکردووە. ئەم حاکمە لە زیرەکی و چاکەدا لەهەمووان ناسراوتر بوو، لەخوا ترس بوو و مزگەوتی دارولئیحسان Darol-Ehsan لەسەردەمی ئەودا دروستکرا. لەساڵی 1216 حەسەن عەلیخان لە زیندان هەڵات و پەنای برده بەر بلباسەکان و ویستی کوردستان لە دەست خەنیمە بەختیارەکەیەوە بخاتە بندەستی خۆیەوە. لە زریبار لەگەڵ ئەمانوللاخان شکا، بریندار بوو و بەدیلگیرا. رەوانەی تاران کراو لەزینداندا مرد.

لەساڵی 1218 ئەمانوللاخان چوار کوری موحەمەد رەشیدبەگی کوشتن، لەودەمەوە گیانی راپەرین وڵاتی گرتەوە. ئەمانوڵلاخان سەرقاڵی ئەوە بوو خاوەن زەوییەکان بۆ لای خۆیەوە بکرێ، هانی کشتوکاڵی دەدا، لەهەموو ئاواییەکاندا چەند شوێنی بێشەلانی کرد بە باخچەو باغات. هێرشێکی چاوەرواننەکراوی عەبدولرەحمان پاشای بابانی لەگەڵ تورکەکان بەئاسانی رەتکردەوە. لەساڵی 1234 (شا) یەکێك لە خزمەتکارەکانی خۆی سەروناز خانمی بە ژنخوازی پێدا، کەنتۆرێکی 000 10 تمەنی پێبەخشی. ئەمانوللاخان ناوی قبازەرخانم Kabazer Khanom ی لێنا. چەند مانگێك دواتر خودی کچەکەی حوسنیجهان خانم بە ژنخوازی بەخشی بە خوسرەو خانی، کوری ئەمانوڵلاخان. حوسنی جهان خانم، دواتر بە نێوی والیە خانم ناسرا. بۆ وەڵام دانەوەی شاهانەی ئەم ریزگرتنە، ئەمانوللاخان بەیاوەری بەگزادە کوردەکان سەری تارانی داو زەماوەندێکی نایابی بۆ گێرا کە بایی 000 200 تمەن بوو. لەم زەماوەندەدا اساسی عەجایب و اسبابی غرایب بوو. دوای زەماوەند ئەمانوللاخان خێزانی کورەکەی هێنایەوە کوردستان. کورە گەورەکەی ئەمانوللاخان، موحەمەد حەسەن خان، ئەم نیشاندانەی بە خراپ وەرگرتو لەگەڵ لایەنگیرەکانی چووە ناوچەکانی زەهاو لە گەرمێن کە هۆزەکانی

---

87 جێگەی سرنجە تێکستی ئەم نووسراوەیە دەربارەی ئەمانوڵلاخان وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە:

*شهرت جوانمردی این شخص بزرگ از پس که عالم را گرفته بود پادشاه هندوستان در وقت محاربه با انگلیس استمداد از او کرده و کاغذ مفصلی در نهایت خضـــوع و خشوع به او نوشته بود. رسیدن این کاغذ و فوت این بزرگ در این تاریخ اتفاق افتاد واصل این کاغذ در نزد این حقیری مقدار حاضراست.*

ئەوێ راپەڕیبوون، دەستیکرد بە تالانبرۆیی کردنی مولکەکانی باوکی. موحەمەد حەسەن خان هیچ گرینگییەکی بە ئاگادارکردنەوکان نەداو هەتا گوێشی بەو "رەقەم"ی عەباس میرزاش نەدا کە حوکمی سزادانی دابوو. فەتح عەلیشا خودی خۆ شاتر بابا عەلیخانی نارده لای کە ئەویش هیچ سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. گفتوگۆیەکان لە رێگەی قایمقامەوە بەرێوە دەبران کە هەر تەنیا ئەو وەڵامەی لێبەدەستهات. از باغ نامه اید، دواتر ئەم رستەیە لەزمانی فارسیدا بووە قسەی نەستەق. لەو دەمە ناچار گەڕانەوە بۆ هێزی سوپا. جەنگ لە ئاوایی "ناراوێ" Naraoui لە رەوانسەر Revansir روویدا. شاتر باشی لە گۆڕەپانی جەنگ ئامادەبوو و بە قورئانەوە لەسەرێکەوە بۆ ئەو سەر دەچوو و هاواری بۆ ئاشتی دەکرد، بەڵام جەنگی نێوان باوك و کوڕ لەجەنگە هەرە سەختەکان بوو. موحەمەد حەسەن خان بە خۆیی و 100 سوارەوە دەستگیر کرا کە هەموویان کوژران. لەم جەنگە 440 بەگزادەی کورد کوژران. موحەمەد حەسەن خان ساڵی 1235 مرد. دوای مردنی موحەمەد باوکی بۆ کورەکەی دیکەی زۆر ساردتر بوو. دواجار ئەمانوڵلاخان پێشمەرگی بەگوێرەی فەرمانی (شا) دەرسێکی چاکی بەهۆزی جاف دا کەوازیان لە نیگەرانیکردنی هەرێمەکانی نەدەهێنا. لەشکرەکان لەخاڵی گە لەکۆیی نزیك بە پردێك لەسەر رووباری گاران بەیەکگەیشتن. خوسرەوخان، کوڕی ئەمانوڵلاخان، لە 1240 تا 1250ـەوە حوکمرانیکرد. خوسرەو خان لە مێژوودا بە دەوڵەمەندی، رەوانبێژی و هونەری شیعرەوانی نێودار بوو، هەروەها بە دەستخەتی خۆشنووسیش لە "نەستەعلیق"دا. پیان دەگوت: ثـروت و همت او مشهور عالم و ضرب المثل ترك دیلم شد.

لەساڵی 1243 وڵاتەکەی گرانیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. زۆر چاو تێرانە وازی لەهەموو قەرزەکانی هێناو کاغەزەکانی سوتاندن کە بایی 350000 تمەن دەبوو کە لە قەرزدارەکانیەوە بۆی دەهات. لەساڵی 1246 هەرای شا موراد بەگی میری رواندوز بەرپا بوو کە هێرشی هێنایە سەر سابلاغ، لاجان و سەردەشت[88]

---

[88] رەوانـدز لەسایەی شـوێنە سـەختەکەیەوە زۆربـەی جـار وەکـو نـەوای یاخیـەکان سـوودی لێوەرگیراوە، کە بەناوبانگترینیان شاموراد بەگ نییە کە لێرەدا ئیشارەی بۆ کراوە، بەڵکو راپەرینی

خوسرەوخان لەلایەن فەتعەلیشاوە راسپاردرا ئەم راپەرینە دابمرکێننەوە ئەویش بەسەرکەوتووییەوە جێبەجێی کرد. خوسرەو جەنگی یاخیبووەکانی کردو تا کۆیەو هەریر بەدوایاندا کەوت. سزایەکی 30 000 تمەنی خستنە سەر. ساڵی 1247 بە فەرمانی شا، موحەمەد پاشای بەبەی[89] خستەسەر حوکمرانی سلێمانی کەلەلایەن سولێمانی پاشای برایەوە راونرا بوو. لەساڵی 1250، نەخۆشی رەشاڤ

---

1833ی موحەمەد پاشای کۆرەیە. ئەم کەسایەتیە دڵرەقە دەشێ گوتارێکی تایبەتی لەسەر بنووسرێ، کە بەهۆی ئاکارو کردەوەکانی ئەو هێندە شکۆی کوردستانی بەرز کردۆتەوە ئێمە هەر تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبین کە ئیشارەت بەوە بکەین کە راپەرینی ساڵی 1833 وەك دەردەکەوێ، سەرچاوەکەی لە پرۆپا گەندەی جێگری پاشای میسرەوە سەرچاوە دەگری. تورکەکان ساڵی 1833 ناچار بوون لەژێر سەرکردایەتی رەشاد پاشای سیواسدا لەشکرکێشی بکەنە سەر کوردستان کە هەر تەنها ئەوەندەی پێکرا لەشکری پێشەوەی کوردەکان پەرت و بڵاوبکاتەوە. بۆ هێرشبردنێکی گەورەی هێزەکانەوە، لەشکری عەلی رەزای والی بەغدا، موحەمەد پاشای والی موسل کە ژمارەیان دەگەیشتە 40 000 سەرباز پێوەندیان بە لەشکرکێشیەکەوە کرد. وێرای هەموو ئەو ناستەنگی بژێوی و پێوەندی گرتن لەم وەڵاتەی کە هەمووی چیاو چۆلە؛ کەچی موحەمەد پاشا ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات و رەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا و لەوێدا لە سایەی تۆبەی پەشیمانبوونەوە بەخشرا. (Adamov *Irak Arabi*) هەروا لەبارەی رواندز یا رەواندز بگەرێوە بۆ: Dr.M.Bittner, Der Kurdengan uschunge, Wien, 1895
Thielman ( Streifzüge) p 326, Braner und plath, Geographie und Statstik von Asian p . 817

[89] مەبەست لەمە راپەرینە چەکدارەکەی موحەمەد پاشایە، ئەم شۆرشە چەکدارییە لاوازی شان و شکۆی تورك لێکدەداتەوە لە سۆنگەی شکستی لەگەڵ میسرەوە، دوای ئەو زیانانەی کە لەلایەن میسریەکانەوە لە نسیبین ساڵی 1839 لێیان کەوت. هەرچی سەبارەت بە تورکەکانە هەستیان بە ئەمسەرو ئەوسەر کردنی موحەمەد پاشا کرد، لە شوێنی ئەوەوە ساڵی 1841 ئەحمەد پاشایان دانا. راستیەکەی موحەمەد پاشا لەلایەن حکومەتی فارسەوە پشتگیری لێدەکرا؛ بەڵام لەشکرەکانی فارسی لە نزیك سلێمانی شکا، کە کرۆنیکەکە بێدەنگی لێدەکات. ئەم رووداوەی سنوور هەروا پەلاماری تورك بۆ سەر کەربەلا، هاوریێ لە گەڵ رەشە کوژی 15000 تا 18000 شیعە، خەریکبوو ئاگری جەنگێکی تورکی- فارسی خۆشبکات کە دواتر ساڵی 1843 لەسایەی دەستێوەردانەکانی ئینگلیزی- رووسیەوە دوورخرایەوە. *Irak Arabie* par Adamov

بنکەی ژین
www.zheen.org

(طاعون) سنەی ویرانکردو خوسرەوخان لە مانگی رەبیعولئەوەلدا مرد. سی کور و سێ کچی هەبوو. (شا) رەزا قولی خانی کرد بە حاکم کە ئەو دەم تەنها 15 سالە بوو و والیەخانم خۆی کاروباری حوکمرانی گرتبووە ئەستۆ.

رەزاقولیخانی کوری خوسرەوخان سالی 1250 تا 1266 بە پچر پچری حوکمرانیکرد. هەروەکو دواتر دەبینین، هەر لەگەل بەدەسەلات گەیشتنی، ئەردەشێر میرزا روکن ئەلدەولەی حاکمی گەورۆس، ویستی هەرێمەکانی لەبندەست بهێنیتە دەرەوە، بەلام بە دەست والیە خانمەوە شکا. لەسالی 1251، وەختایەك موحەمەد شا تاجی لەسەر نا، والیە خانم داوای ژنخوازی تووبا خانمی خوشکی لێکرد بۆ رەزا قولی خان. والیەخانم خودیخۆی بەدوای داچوو بۆ تاران و بەهەموو شان و شکۆیەکەوە کە شایستەی ئەم ژنە گەورە و بەگزادەیە بوو. دوای پینج تا شەش سال دواتر، رەزا قولیخان بەگویرەی رینوینیەکانی دایکیەوە حوکمرانی دەکرد. لەسالی 1257 مەحموود پاشای بابان بەخۆیی و 1000 رەشمالە بەگزادەوە هاتە سنە خۆی خستە ژیر بالی رەزا قولیخانەوە. ئەمەی دوایی پیشوازیەکی گەرمی لیکردو لەگەلیدا رۆیشت بۆ تاران. هەروا لە پایتەخت دا زۆر چاك پیشوازیان لە مەحموود پاشا کرد و فرمانیان بە رەزا قولیخاندا تا مەحموود پاشا لە سلیمانی بخاتەوە شوینی خۆیەوە. رەزا قولیخان بەبێ دواکەوتن بەسەرکردایەتی سوپاکەیەوە بە ریکەوت، بەلام لەناو کوردەکان لایەنگیرەکانی میرزا هیدایەتوللا وەزیر ناویك هەبوون، کە دوژمنی رەزا قولیخان بوو. وەختایەك سوپا گەیشتە مەریوان، میرزا هیدایەتوللا بەشی زۆری سوپاکەی لەگەل مەحموودپاشا هەنارده سلیمانیو لەهەمان کاتیشدا عەبدوللا پاشای ئاگادار کردەوە تا دەرفەتی لاوازی رەزا قولیخان بقۆزیتە وە کە تەنها لەشکریکی کەمی بە دەورەوە مابوو و لە سۆنگەی ئەم خیانەتەوە رەزا قولیخان شکا، ئوردووکەی تالان کراو خۆی گەیاندەوە سنە، لەویدا عەبدول مەجیدی نارده تاران تا راپۆرتیك لەسەر ئەوە بدات کە بە سەریداهات. عەبدول مەجید لەتاران مرد، هەرچی رەزاقولیخان بوو بانگیان کرد بۆ پایتەخت، لەسەر تەخت لایانداو میرزا هیدایەتوللا لە جیگەی دانرا کە ماوەی 18 مانگ حوکمی گیرا. لەسالی 1242،

ڕەزا قولیخان دووبارە کرایەوە بە حاکمی کوردستان. بەلام ناوچەی ئیسفەندئاباد یان لێدابڕی و برا چکۆڵەکەی ئەمانوڵڵاخانیان تێدا کرد بە حاکم و هەروەها هیدایەتوڵڵایان لەگەڵ لایەنگیرەکانی دوور خستەوە. لەساڵی 1264 ڕەزاقولیخان لە نوێوە لەسەر حوکم لادرا و لە شوێنیەوە ئەمانوڵڵاخان؛ کە بە نێوی غولام شاخان ناسرابوو کرا بەحاکم. ئەم ئەمانوڵڵاخانە بەسەختی مامەڵەی لەگەڵ نزیکەکانی براکەی دەکرد کە هەڵهاتبوونە سلێمانی، لەنێو ئەمانە دا مامی ڕەزا قولی خان، ئەمانوللا بەگی کوشت. بۆ گەڕانەوەی توویا خانمی خوشکی (شا) بۆ تاران، پێشخزمەتچی ڕەحیم خانیان بەدوادا نارده سنە، تووبی خانم قەڵس بوو، ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ حاجی میرزا ئاقاسی سەدرولئەعزەمی بە نێوبانگ هەنارد.

*تو نه ان بودی که بارهای فرمودی.، اخلاص و واردات من در خدمت اولاد مرحوم نایب السلطنة به سرحد کمال است.، چه شد که بدون زیر و بالا از ان مرتبەی والا افتاد و بدین لباس و کالا جلوه گر شدند؟ دوران بقا چون باد سحرا بگذشت. نیکی و بدین زشت و زیبا بگذشت.*

حاجی میرزا ئاغا لە نامەیەکی عوزرخوایدا زێدە عوزری خواست و لە کۆتاییدا داوا دەکات کە ڕەزا قولیخان بگەڕێنەوە:

*محرمانه عرض میکنم یك سهم تریاك میل بفرمایند و در سایەی درخت بید سکونت نمایند که امیدوارم عنقریب رضا قولیخان والی شرفیاب حضور گردند.*

هەروابوو، ڕاستیەکەی ڕەزاقولیخان لەماوەی پێنج مانگدا گەڕایەوە و بۆ دووەم جار کرایەوە بە حاکمی سنە و لە گەڕانەوەیدا بۆ سەر حوکم ئەوانەی کوشت کە گوناهبار بوون لە ئازاردانی نیزیکەکانی بەڵام تەنگ پێهەڵچنینەکانی بە کۆتایی نەگەیشت.

لەساڵی 1266 بە پیلانێکی نویٚ بە تاوانی دۆستایەتی لەگەڵ بەهمەن میرزا، برای (شا) کە لەو دەمە فەرمانفەرمای ئازەربایجان بوو تاوانبار کرا. فەرمان بۆ بەگزادەی جورجی، خوسرەو خاجە (خواجە eunuque ) و سوارەکانی زەینەل عابیدین خانی شاهسون و سولێمان خانی ئەفشار دەرچوو بۆ بەدیلگرتنی رەزاقولیخان و بەهمەن میرزا، ئەمەی دوایی بەتالووکە خۆی گەیاندە تاران. لەوکاتەدا خەسرەوخان چووە کوردستان لە رەزا قولیخان پارایەوە بێت ببینێ. چۆن رەزا قولیخان لەخۆی بەگومان نەبوو و خۆی بە تاوانبار نەدەزانی، خەسرەو خان لە کۆتایی داوەتەکەدا دەستبەسەریکرد و خستیە ناو ئاسنبەندەکانەوە و رەوانەی تاران کراو تووریان هەڵدایە ناو زیندانی دەبۆی تۆپخانەوە ؟ هەرچی خوسرەوخان بوو کرا بە حاکمی سنە.

خوسرەوخان گورجی بوو (بێگانە بوو). بەگزادەکانی شار ئەم بێگانەیان نەدەویست، چوونە تاران و لە مزگەوتی شاردا "بەست"یان کرد. حاجی میرزا ئاقاسی [90] ، وێرای ئەوەی کەمێك پەشۆکا بوو، نەویست وای دەربخات و بەپێچەوانە پشتیوانەیەکی 4 تۆپی بۆ خوسرەوخان رەوانە کرد، هەموو وەسیلەیەك لە سنە بەکارهێنران بۆ ئەوەی کوردەکان ناچار بکرێن واز لەوە بهێنن دووبارە رەزا قولیخان ببینەوە. لە نێوان ئەم هەنگاوانە دا ئیشارە بۆ ئەوە دەکەین کە عەلی مەحەمەد بەگ بەمبۆنەیەوە 5000 داری چوب فلك tchoubé félek ی

---

[90] حاجی میرزا ئاقاسی ناوی مەلا عەباسی ماکۆییە ناسراوە بە حاجی میرزا ئاقاسی، بنەچەکیان لە تایەفەی ( بەیات) ی یەریڤانەوەیە. ساڵی 1198 ه.ق لە ماکۆ لە دایکبووە. باوکی بە ناوی میرزا موسلیم مەلایەتی کردووە. مەلا عەباس ساڵی 1213 بە رەزامەندی باوکی زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی عێراقی عەرەبی دەکات و لەوێ لای مەلا ئاینییەکان دەست بە خوێندنی ئایینی دەکات. چوار ساڵ دوای ئەوەی مامۆستاکەی بە دەست وەهابییەکان دەکوژرێ دەگەڕێتەوە هەمەدان. ساڵی 1225 هەژدەهەمین کچی فەتحعلیشا مارە دەکاتەوە کە تازە مێردەکەی مردبوو. دواتر دەگاتە پلەی وەزیر و مامۆستای مەحەمەد شای قاجار بوو. خاوەن ملکێکی زۆر گەورە بوو، جار وبار شیعریشی دەنووسی و نازناوی شیعری " فخری" بوو. کابرایەکی تا خوا حەزبکات زۆردار و هیچ نەزان بوو، ساڵی 1280 ی کۆچی مرد، بۆ بیۆگرافی میرزا ئاقاسی بگەڕێوە بۆ: خان ملك ساسانی.، سیاستگران دوره قاجار، انتشارات بابك، ل:1-139.

پێکەوت (واتە دارچێوی فەلاقە لای ئێرانیەکان)، ئەمانە هیچ سوودی‌نەبوو، بۆیە لەگەڵ مەرگی شا دا کوردەکان لە گەڵ فەوجی گەرووس، پەلاماری دەبۆی تەجریش Tedjrich یاندا و رەزاقولی خانیان ئازاد کرد.

خواجە بە 2 تۆپە وە هەڵات بۆ زنجان. بۆ چوارەمین جار رەزاقولیخان گەرایەوە سنە. وەختایەك ناسرەدین شا[91] لە تۆرۆسەوە دەچووە تاران، برا چکۆلەکەی رەزاقولیخان تا سولتانیە هاوەڵی کرد. رەزا قولیخان بە دیاری‌یەوە موحەمەد عەلیخانی سەقزو میرزا ئەللاە قولی دارۆغەی ناردنە تاران. ئەمانوللاخان ترسابوو و لای امیر کبیر تقی‌خان خۆی "بەست" کردبوو و چوار مانگ دواتر حاکمیەتی کوردستانی وەرگرتەوە. لەوکاتەدا رەزاقولیخان لە تاران دەژیا. لە لەشکرکێشی بۆ سەر گورگان Gourgan بەشداریکرد و یاریدەدەری موحەمەدخانی سوپاسالاری ئەعزەم بوو. رەزاقولیخان پیاوێکی سەنگین، چاونەترس و دەستبلاو بوو. سێ کوڕی لە تووبا (طوبا) خانم هەبوو: خوسرەوخانی والی، موحەمەدعەلی خانی زەفەرولمولك (سەرکردەی فەوجی کورد (فەوجی سوارەی کوردستان) و ئەمانوڵلا خان فەخرولملوك (پێشخزمەتچی شا).

ئەمانوڵلاخانی دووەم، غولام شاخان، لەساڵی 1265 تا 1284ەوە حوکمرانیکرد. ئافتاب سولتان خانمی خواست. لە ساڵی 1267، دوای ئەوەی

---

[91] ناسرەدین شا، کوری موحەمەد شای قاجار و چوارەمین شای زنجیرەی قاجاریە رۆژی شەشی مانگی صفری 1247 ه.ق، ( 1831) لە دایکبووە، دوای مەرگی باوکی لە حەڤدە ساڵیدا لە تەبرێز لە جێگەی باوکی دانیشت و دواتر رەوانەی تاران کرا. ناسرەدین چوار ژنی ئاسایی و 106 ژنی صیغەی هەبووە و دوای مەرگی ژمارەی ژنەکانی 85 بوون و لە هەموو ژنەکانی 27 منداڵی هەبووە. ناسرەدین دوای 49 ساڵ و یەك مانگ و سێ رۆژ لە حوکمرانی لە تەمەنی 67 ساڵی، رۆژی هەینی 17 دیلقعدەی ساڵی 1313 ه.ق. ( 1896) لە حەرەمی حەزرەتی عبدالعضیم لە کاتی زیارەت بە دەستی میرزا رەزا کرمانی بە دەمانچە کوژرا. سەردەمی ئەم پیاوە سیاسییە لە هەموو رووێکەوە شایانی لێکۆڵینەوەی زۆرە، بە تایبەت بابەتێکی وەك ( کوردستان لە سەردەمی ناسرەدین شا دا ( 1831–1896 دا ) کە ئێمە ئێستە کاری لەسەردەکەین، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بیۆگرافیی ناسرەدین بگەرێوە بۆ: مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران در قرن 12 و 13 و 14 هجری، انتشارات زوار، جلد چهارم، لاپەرەکانی 246 –329.

لەگەڵ برایەکی خان ئەحمەد خان (فەوجێکی سەربازی‌یان دروستکرد، لە عەلی ئاباد وەکو سەرهەنگ) خۆی پێشکەش بە (شا) کرد. (شا) ستایشی لێکردو ئەمانوڵلاخان لەگەڵ ئاغاخان سەدری ئەعزەم یەکیگرت و لەسایەی بەخششی ئەودا دەژیا. لەساڵی 1268 راپەرینی حەسەن سولتانی لە هەورامانی‌لەهۆن روویدا کە ئەمانوڵلاخان دایمرکاندەوە، لە نەوسوود دانیشت. حەسەن سولتان و هەروەها موحەمەد سەید سولتانی هەورامان تەخت رایانکردە سلێمانی. دوای وتوێژەکان کە بە میانەچێتی پاشای سلێمانی، عەزیزخان بەرێوە دەچوو، مافی گەرانەوەیان وەرگرت لەبەرامبەر دانی 3000 تمەن وەکو سزا. لەساڵی 1248 هۆزی جاف لەلایەن ئەو هێزانە کە لە سنە و گەورۆس کۆبووبوونەوە لە تورێزخان بە سەختی لێیاندرا. 000 30 سەر مەرو ماڵاتیان لێبردن. لەساڵی 1270 سنە بەهۆی هاتنی میرزا عەبدولصمدخان هەمەدانیی لە ئاینی "شێخی" cheikhi پەشێوییەکی ئایینی بەخۆیەوە دەبینی. لەماوەی داپلۆسینەکەدا لووت و گوێی 40 دانیشتوویان بڕی، چەندانیان لە قەلا تور هەڵدا خوارەوە، سزای 000 80 تمەنیان لێسەندن. ئەم رووداوە بەناوی جەنگی کاروانسەرا بەناوبانگە. لەکۆتاییدا سەرۆکی پیاوە ئایینییەکان شێخ عەبدولقادر پەریوە بوو. لە ساڵی 1275 ناسرەددین شا گەیشتە کوردستان نە زانرا کەی دەگاتە کوردستان تەنها ئەو کاتە نەبێ کە لە کوردستان بوو و لە رێگەی لەهەمەدانەوە هاتبوو. دیمانەکە لە ئیسفەندئاباد بوو لە مانگی زیلقەعدە. لە سنە ناسرەددین شا لە باغی خوسرەوئاباد دابەزی و سێ رۆژی ی تێدا مایەوە و لە رێگەی ئازەربایجانەوە چوو بۆ گەورۆس. چۆن ئەمانوڵلاخان لە سنە ئازووقەی هێندە تەواوی بۆ پەراوێزە زۆرو زەوەندەکانی شا نەبوو، لە جیاتی ئەوە زێری بژارد. بەڵام ئەمە رێگەی لە دەسیسەکان نەگرت. بۆ خۆ پارێزی ئەمانوڵلاخان لەگەڵ پاشای تورک لەسەر سنوور عومەر پاشا بەنهێنی کەوتە گفتوگۆ. درێژەی باسەکان نازانرێ. تا ساڵی 1276 ئەمانوللاخان لە حوکم لادراو ئامۆزاکەی نەجەف قولیخان کە ئەو دەم جێگری حاکمی جوانروود بوو کرا بە والی. لەمانگی زیلقەعدەی 1270 ئەمانوللاخان گەرایەوە سنە. لەساڵی 1280 مەلایەکان سکالایان بۆ تاران برد،

بنکەی ژین www.zheen.org

بەجیا بۆ هەر گوندیك دانرابوو و بۆ چاكترین بەڕیوە بردن. "وەزیر"یكی (كارمەندیكی دارایی) و "پیشكار"یك "یاریدەدەری حكومەت"ی دامەزراندن. لەسالی 1281 دووبارە راپەرین لە هەورەمان لهۆن بەرپابۆوە. موحەمەد سەید سولتان شكا، هەلاتە شارەزوور. شیخ عەبدولرەحمان، كوری شیخ عوسمان، شیخی "نەقشبەندی"و موحەمەدپاشای سەرۆكی جافەكانیان بۆ گفتوگۆ هەناردن. دواجار موحەمەد سەید سولتان بە پەلە لە تەویلەی ئەمانوللاخان بەستی كردو دوای دانی 3000 تمەن گەرایەوە شوینی خۆی. شا بۆ سوپاسگوزاری لەقەبی زیائولملوكی بە ئەمانوللاخان بەخشی. لەسالی 1282 قەلای شا ئابادی لە مەریوان دروستكرد. لە 1283 ئەمانوللاخان سەری تارانی دا، لەتاران نەخۆش كەوتو لەلایەن دكتۆر Tholozan چارەسەر كرا. دوای چوونی شا بۆ خوراسان، ئەمانوللاخان ئەویش گەڕایەوە بۆ سنە و سالی 1289 مرد.

ئەمانوللاخان پییان دەگوت غولام شا خان، چونكە لەدەرباری (شا) دا لە دایكبوو بوو و فەتح عەلیشا گوارەیەكی خستبووە گویچكەی حلقە ب گوش. دروستكاری مزگەوتی دارولئەمان بوو، پاركی حوسین ئابادو ئامانیەی Amaniye چاند، 2000 بەرگە كتیبی لە كتیبخانەكەیدا هەبوو، 50 گوندی كری. دوای مردنی، قەرزی 80000 تمەنی لەسەر مابوو، كە میر ئەبو تالیبی بازرگانی ئیسفەهانی لەبەرامبەر داهاتی زەوی و زارەكانیەوە قەرزەكانی بۆ دایەوە. 3 كوڕو 3 كچی هەبوو. گەورەكەیان حوسین قولیخان، خانی خانان بوو، كە لەلایەن حكومەتەوە موچەیەكی 1300 تمەنی[92] بۆ برابۆوە.

لیرەدا میژووی والیەكانی ئەردەلان كۆتایی دیت، چونكە سالی 1284 فەرهاد میرزا موعتەمیدوئەلدولە تا 1291 حوكمرانیكردوە. ئەوەی مایەوە ئەوەیە كە ناوی والیەكانی دواتری سنە ئیشارە پیبدرین: تەهماسب میرزا موئیدالدولە، ئیمام قولیمیرزا عیمادالدولە، غولام رەزاخان شەهابولملوك، سولتان موراد میرزا حسام

---

[92] بەگویرەی سۆن *To Mesopotamia and Kurdistan in disguise* سەرۆكهۆزی ئیستەی بنەمالەی والیەكانی ئەردەلان، فخرولملوك، حاكمی شوستەرو دیزفول بووە. كورەكەی 25 سال بووە. وایپیدەچێ ئەمەیان بەردەوام بێ لە نوایندەكردنی ئەم وەچەیەدا.

بنكەی ژین
www.zheen.org

ئەلسەلتەنە، محەمەدخان ناسرولملوك (حاكمی دوارۆژ) ؟ میرزا موحەمەد خان ئەقبالولملوك (دووجار)؟ ئیبراهیم میرزا احتشام ئەلسەلتەنە، موحەمەد حوسێن خان حسامولملوك ئەمیر تەمەن قەرەگوزلوو، میرزا موحەمەد ئیبراهیم خان، نزامولدەولە، ئەمیرتەمەن نوری، حەسەن عەلی خان، ئەمیر نیزام گەورۆسی، لەساڵی 1919یشەوە تا رۆژی ئێستە شەریف ئەلدەولە حاكمی گشتیكوردستانە"[93].

پاریس -نۆڤەمبەری 1921

ب.نیكیتین

كۆنە كونسلی رووسیا لە ورمێ[2].

بنكەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە: بۆ دەقی فرەنسی ئەم گوتارە بگەڕێنەوە بۆ:

Revue du Monde Musulman, publiée par la mission scientifique du Maroc, tom 49, 1922, B. Nikitine, *Les Valis d'Ardelan*. Paris, pp : 70-104 scientifique du

---

93 *Les Tribulations d'un ambulance française en perse*, par le docteur P. CF Caujolie, Priis, 1922 ( Les Gémeaux).

بۆمێژووی سەربازیو سیاسی ورمێ لەكۆتایی 1917 و خاكەلێوەی 1918 و پرسی ئاسووریەكان، گێرانەوەكانی لەبارەی ئاسووریەكانەوە جێگری گفتوگۆن.

# شەمدینان

شەمدینان هەروا بەناوی کوردی (ناوچیا)ش ناسراوە، قەزای سنجاقی هەکاری، ویلایەتی وانە، یەکێك لە ناوچە کەم دۆزراوەکانی کوردستانی ناوەندە. سنوورەکانی بریتین : لەباشوورەوە– قەزای گیاوار Guiawar، لە باکوورووەوە– برادۆستو بەرزان (مه حه لی رواندوز). لە رۆژئاواوە– ئۆرەمار Oramar (ناحیەی قەزای گیاوار.، لە رۆژهەڵاتیشە وە– هەرێمە فارسییەکانی سەر بە ورمێ: دەشت، مەرگەوەر و شنۆ. بەشێوەیەکی گشتی شەمدینان کەوتۆتە نێوان37پلە و 38پلەی باکوورو 44پلە و 45 پلەی رۆژهەڵات (گرینویچ Greenwich). شەمدینان دابەشی سەر سێ ناحیە کراوە: یەکەم. زەرزان zerzanلەگەڵ نەهری، ناوەندی ئیداری و جێنشینی قایمقامە، دووەم: هوماروو Humaru، جێگە نشینی مودیرە لە بینبۆ Benbo یا سورونیس surunis، سێیەم: گەردی هەرکی (هەرکی)، مودیر لە بیتکار. گەردییەکان بۆ سێبەش دابەش دەبن: ئا: گەردی بەر رۆژێ (بەر خۆر)، بێ: گەردی ناوپار (ناوەراست) ج: گەردی بنچیا. زۆرینەی خەڵکەکە کوردن لەگەڵ کەمینە نەتەوەیەکی کەمی فەلە– نەستووری. لەساڵی 1914 ژمارەی 13.000کورد و 2.000 فەلەی لێبووە. هۆزە کوردییەکانی شەمدینان بریتین لە : هەرکی، گەردی و شەمدینان، ئەمەی دواییان دابەشدەبێ بۆ زەرزا zerza و *هوماروو*Humaru. هەر هۆزێك گوێڕایەڵی سەرۆکەی دەکات و هەمووشیان لە گوێڕایەڵی بنەماڵەی بەهێزی شێخەکانی نەهری (ساداتەکانی نەهری)یەوە دەرناچن. شەمدینان هەمووی بەسەریەکەوە 126 ئاوایی لێیە. بەم پێیەی ناونانە کوردییەکان گرینگییان هەیە، کەواتە بەسوودە لێرەدا ناوی ناوچە سەرەکییەکانی بنووسین کە ئەمانەن. ناحیەی هوماروو: نەهری، بینبوو، سوورنیس، بایی، دەیمان سوفلە، هێلانە هوماروو، بەگەردی، ئاولیان، هێزنا، سێراروو، ریبیونیس، ناحیەی گەردی: گەردی بەر رۆژی: نێهاوە، نیسیان،

بنكەی ژین
www.zheen.org

بێروح، گەردی ناوپار: بسکان، زێت، ماران، گەردی بنچیا: سونە شێپاتان گەردیان، بێسوسن، زێویا رێزی، بەگور، شیروانان، خالید، ناحیەی هەرکی: بتکار، نێفسی هەرکی (کە سێ گوندیان بەناوی شێخەکانی هەرکیەکانەوە ناسراون: گوندی زەێری، کیرێسپانی، زیزانی)، بێدەوە، ستوونی، دیری، بەگالتە، ساتە.

چەند تێبینیەك دەرهەق بە برێك لەو ناوانەی پێشتر ناویان هات خۆی دەهێنێتە پێشەوە. لە بارەی ناوی نەهری پێشنیارێك لەلایەن مینۆرسکی کراوە (Minorsky.*Zap.Vost.Otd*,xxiv. 1917 p. 157). کە لەناوی نەهری نزیك دەبێتەوە. ئەم ناوە، بەگوێرەی مینۆرسکی، دەشێ دواتر لەلایەن مەسیحییەکانەوە ناونرابێ. دیلاتر Delattre لە: (*Esquisse de geographie assyrienne*, dans la *revue des questions scientifiques*, Juillet 1883 بە درێژی گفتوگۆیەکی لەبارەی شوێنی نەهری لێکداوەتەوە (( کە ئەمە چەمکێکی گرنگە لە توێژینەوەی جوگرافی ئاسووریدا)). ئەو دژی ئەوەیە ناوی رووباری سەرووی نەهری و رووباری خوارووی نەهری بە گۆلی وان و ورمێ وە بلکێندرێ. هەروا دەبێ تێبینی ئەو سەرنجدانەشی بکەین کە دەڵێ ناوی نەهری بە گوێرەی نووسراوە هەمەچەشنەکان بە نایری، نەهری یا ناهیری هاتووە. هەروەها ئەوەش دەڵێت کە: ((ئەوەی کە دەبێ بەتەواوی سرنجی لێبدری ئەوەیە کە سامسیرمان *Samsirman* وەڵاتی نایری لە رۆژهەڵاتی زاب *zab*، لە سنوورەکانی وەڵاتی میدیاوە دادەنێ)). لەلایەکی دیکەوە، لای Thureau-Dangin (*relation de Une la 8ème compagne de Saryon*, paris, 1912) تەواو واپێدەچی کە نایری یا هوبووشکیا دەربەندی بۆتان- سوو بێت. ئەمەیان بەشی کۆنی ناوچەی نایری بێت کە لە رووی پاشایەکانی ئۆرار تۆوە سەربەخۆ بووبێ)) (*op.cit*,p.x.xi) بەگوێرەی هەمان شارەزا: (( گیاوەر لەوانەیە ناوەندی وەڵاتی موساسیر *Musasir* بوو بێت. ئەم ناسینەوەیە بەهۆی ئەو رێگەیەی سەلمانسرەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە کە لە شالاوی سی و یەکەمیندا گرتوویەتەبەر..... تا ئێرە بەدوای شوێنی وڵاتی موساسیر دەگەڕێن کە زۆتر بەرەو خوارو، بەرەو ناوچەی

کۆتەلەکانی کێلەشین و تۆپزاوەوە هەڵدەکشێ. ئەگەر بەمشێوەیە بێ، ئەوا شەمدینان جاران بەشێك بووە لە وڵاتی موساسیر هەروا دەبێ ئیشارە بۆ بیروڕای Th. Reinach یش بکەن:

*Un peuple oublié: les matiènes, dans Revue des Etudes Grecques*)

(VII. 1894 کە هەرێمە ماتینەکانی هێرۆدۆت هاوجووتی گەورەترین بەشی ویلایەتە تورکییەکانی ئێستەی هەکاری و موسل دەبینێ... بە کورتیەکەی ئەم بەشە کوردستانی تورکیای ئەمڕۆیە. دوای ئەهری، وا پێدەچێ هێشتا ناوی دیکە هەبێ کە هێمای ئەوە بکەن بڕێك نزیکبوونەوەیان لە گەڵ ئەم سەردەمە دوورەدا هەبووبێ. مەبەست لەمە بەتایبەت بتکارە Bitkar.

cf.Bitka-ri,page222,M.Streck,Glossen zu O.A. Toffteen's)
Geographical list to R.F. Harper's Assyrian and Babylonian Letters,voL.IIII dans Amer. J. of Sem. Lang. And Liter vaL. Xxll, N.1906

هەروا هەندێك ناو هەن کە بە (ئیس) کۆتاییان دێت (سورونس، رابیونیس) یان بە (انگ) کۆتاییان دێت وەکو ئاوایی گولانگ، ناحیەی هیومارو، چیای باسکی گازانگ، لە نێوان هێلانە و خاتوونە بایوخاری). دکتۆر Belek w.

*beitrage zur alte Geographie und Geschichte vorderasiens* Leipzig, 1901,)

(I, 46- 7 گرینگی بە ناونانی بەمچەشنە داوەو دەڵێ لە نێوان ئەمانەدا: *unter*) *den auf is oder isch endigenden habe ich...eine ganze Reihe chaldisher alter bekannten entdeckt*) دواجار، پێی وایە ئەوە نیشانبدات کە ئەوەی تایبەتە بەناوی شێپاتان، لەوانەیە واپێبچێ لە (Sciabatan)ـەوە نزیك بێ کەلای Assemani ئیشارەی پێدراوە (*Salmasa..sub Adjesn patriarcha* Anno 1554 *subjectas ecclesias habebat...Sciabatam..)* جا تۆ بلێی چەند شتێکی هاوبەش لە نێوان گوڵنجە و (Assemani. Bibl. Or. III, p. I) و هەروا گولانگدا هەبێ کە لەسەرەوەدا ئیشارەمان پێدا؟. لەبواری چیاناسیی orographie کوردیی شەمدیناندا، ئەم ناوانەی خوارەوەشی لێنراون: شەهیدان (مورشەهیدان) لە سەر سنووری دەشت، سەری گاولێکان، لەسەرووی ئەهرییەوە، کۆرەی مزگەوتان، لەخوارووی ئاولیانەوە (کۆرە واتەی دۆند دەگەیەنێ)، چیای کێلە شین لە

سەرووی مایی هێلانە، لەناوچەی هێلانەوە، سەری سالاران لە سالارانەوە، چیای ڕەش (یارەش ریویان)، لە بناوك: چارچل، ناحیەی هەرکی، تاستە، لەبێداوەوە، گێرا سوور لە ئاوردۆیك، چیای حوزولی، لە نێوان ناحیەی گەردی و هەرکیدا، مەنگور،ناحیەی گەردی بەر ڕۆژا، سەری سوولوو، نزیکی بێسوسن و بیگۆر، دۆڵی مەهەندی mehendi، گێوەروك، گێلهێبای و چیای سپیرێژ- لە سەر سنووری گیاوار- گرینگترین ئەو ڕارەوانەش کە دەگەنەوە مەرگەوەر ئەمانەن :
1- ڕارەوی کێلە شین، ڕارەوێکی زۆر سەختەو نابێ لە گەڵ ڕارەوێك بە هەمان ناو کە دەکەوێتە خوارووی شنۆ لێمان تێکەڵ ببێ کە بەهۆی کۆتەلێکی بەناوبانگ کە تێیدایە بەناوبانگە؟ 2- ڕارەوێکی زۆر ئاسانە کە لە کاتی جەنگی (یەکەمی جیهانی) جێگەی پەڕینەوە بووەو بەسێ ناوەوە ناسراوە: زینۆی سۆریك، زینۆی پیرگوڵ، بەردحوشتر. هەروا دەبێ ئیشارە بۆ ڕارەوی گیورقە تا بۆتانیش بکەین کە دەکەوێتە نێوان خاتوونە یایۆخاری (ناحیەی زێرزان) و جێرمە (دەشت). دواجار ڕێگەی نەهری بەرەو موسل (هێلی‌تەلگرافی) کە بە بەگووردیدا (پردی کۆن)، ڕوان ( ڕارەوی زینۆی بەری )، شێپاتاندا دەڕوات. ئاوەڕۆی سەرەکی لە لایەن تورکەکانەوە ناوی شەمدینان- سوو یان لێنابوو، بەڵام کوردەکان بە بەشی سەرووی دەڵێن ڕووباری بەگوردی و بە بەشی خوارەوەشی دەڵێن ڕووباری شین. ئەمە لقێکی زابی گەورەیە و لەناوچەیەکدا کە پێی دەڵێن تەنگی بیلیندا، لەدەوروبەری ئاوایی سورەیا، لەهەرێمی ئامێدی‌یەوە دەڕژێتە ناو زابی گەورە. سەرچاوەکەی نیزیك بە ڕارەوی زینۆی سۆریکە. ئاوەڕۆ- بچکۆلە سەرەکیەکان بریتین لە: لەڕاستەوە- هیومارۆ (سەرچاوەی باڵای‌دورە)، نا گایلان، هەرکی، ڕووباری شین (یا ئۆرەمار- سو)، ئاوی ماریك، لەچەپەوە- شێروانان (هیونودێك)، ماوان، بەگزنە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شوێنە پیرۆزەکان:**

لەنێوان ئەو شوێنانەی کە لەلای کوردان پیرۆزن، پێویستە ناوی ژمارەیەك گۆرستان ببەین. گۆرستانی چل شەهیدان، لە سەر چیای چل شەهیدانەوە کە باوەڕی خەڵکی وایە لاشەی هاوەڵەکانی پێغەمبەری لێیە. لەمیلایانەی هومارو، گلکۆی مەلا حاجی، باپیرەی بنەماڵەی شێخەکانی نەهری لێیە. لەنەهری خۆیەوە، گڵکۆی سەید عەبدوڵڵا، موریدەکانی مەولانا خالیدی بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی نەقشبەندی لێیە. هەروا گلکۆی سەید تەها و شێخ ساڵحیشی لێیە. ئەم سێ گڵکۆیە لە بەشی سەرووی شارۆچکەکەدا لەناو گومەزی بنەماڵەیەکدان پێی دەڵێن مەقبەرەی شوتوخا، هەروا چەند گلکۆی پیرۆزی دیکەش هەن کە ئەمانەن: گلکۆی پیر راشیدان لە راشیدان، پیرئەبوبەکر لە گاولێکان، پیر وەسان لەباسیان. لەم دووەی دوایی دەگێڕنەوە کە لەغەیبەوە قسەیان لەگەڵ یەکدا کردووەو هەریەکەیان خوشکی ئەوی دیکەی خواستووەو لە مەودایەکی زۆر دووردا قسەیان لەگەڵ یەکدا کردووە. گلکۆی شێخ فەرەج یا فەرخۆ لە نێهوا رێزێکی تایبەتی هەیە بۆ قەبووڵکردنی ئەو نوێژانەی تییدا دەکرێن. هەروا گلکۆیەکی کۆنیش هەیە کە ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، بەڵام ناوی رم کەسك یان لێناوە. کوردەکان دەڵێن شێخ بەم رمە بەردەوام دەبێ لە جەنگ دژ بە گاورەکان. لە گوندی بێلووتیەن گڵکۆیەك هەیە ناوی مەرقەدی شێخ بەهلولە. ئەم شێخە لەسەر داوەتی فریشتەکان کە دەیدۆزنەوە لە گیاوارەوە کە لەوێدا دەژیا لەسەر دووگردێك خۆی دەگەیەنێتە بێلووتیەن، بۆ ئەوەی مزگەوتێکی تێدا دروستبکات کە تا ئێستەش لەسەر بەردێکی دەرگەی ئەم مزگەوتە جێگە پێی شێخ هەرماوە: کە بۆ راستکردنەوەی کاری بیناسازەکان پێلەقەی لێداوە و ریزەکەی راستکردۆتەوە وێڕای ئەوەی کە ریزە بەردێکی دیکەش لەسەر ئەو بەردەدا هەبووە. لەژێر گومەزێك، لەنزیك خاوەنەکەی پشیلە خۆشەویستەکەی شێخ نێژراوە: کە شێخ هەمیشە لەگەڵ کاروانە چکۆلەکەی بۆ چاوەدێری ئێسترەکانی دەینارد.

دوای گلکۆکان، زیارەتگای دیکە هەن لە پیرۆزیدا لەو وێردو درووودانەی کە شوێنکاری پەرستی رۆحی کۆنی رۆحانی چیاییەکانی پێوەیە. لەسەر چیای

سەرساتە، موسلمانەکان و فەلەکان بەبێ جیاوازی لەشوێنێکدا کە پێی دەڵێن ماروم marum پیرۆزی دەکەن. ئەم مەزارە هەمیشە لەلایەن فەلەیەکی ئارایی ساتەوە دەپارێزێ کەلە باجدان دەبەخشرێ و جێگەی رێزلێنانی کوردەکانە. بەمبۆنەیەوە لەگەڵ B. Dikson ئەوە وەبیر بێنینەوە کە لەسەر ئەم چیایەدا ((پاشماوەی بونیادێکی ئۆراراتی لێیە)). لەلایەکی دیکەوە لووتکەی کۆری مزگەوتان لە ئاولیان و چیای رەش لە بێناوك (ئەو شوێنەی پێی دەڵێن مەلا شارانی) وەکو شوێنی پیرۆز سەیر دەکرێن. ئەم پاشماوانەی کە کەمێك پەیوەستن بەرووداوە مێژووییەکانەوە دەبێ دواتر ئیشارەیان پێبدرێ. نزیك بە رێگەی نێوان بێناروەو نەهری لەسەر گردۆلکەی کەمی توان؛ قەلای گوزەل ئەحمەد دەبینین. شوێنەکەی زۆر بەرفرەوانە و هێشتا کە شوێنەواری شەتارێکی تێدا دەبینین کە لە دەرە رەشەوە ئاوی بۆ هاتووە. گوزەل ئەحمەد دژ بە فارسەکان راپەری، کە ئەو دەم فارسەکان قەلەمرۆی شەمدینانیان بە دەستەوە بوو. گوزەل ئەحمەد لەم قەلایەدا ئابلۆقەدراو هەموو ئۆردووەکەی لەناوچوون. دوای ئەوەی ژنەکان لەبەرزی شورەکانەوە تێهەڵدرانە خوارەوە؛ کە ئێستەکەشی لە گەڵدابێت لەبناری گردۆلکەکەدا زۆر جار خشلی ژنان دەدۆزرێتەوە. سەختە بەوردی ماوەی قەڵەمرۆی ئێران لەم ناوچانەدا دەستنیشانبکەین، ئایا شەمدینان بەشداری لە چارەنووسی ناوچەی موسلدا کردووە یا بەپێچەوانەوە زێتر بەوەی هەکارییەوە بەستراوەتەوە؟ لەمێژوودا لەمبارەیەوە گەواهینامەی راستەو خۆمان بەدەستەوە نییە چونکە بەوردی ئەمە ئەو هەرێمە نارۆشنە سنوورییانە دەگرێتەوە کە فارس و تورك لەسەر دەستبە سەرداگرتنی لەشەر دا بوون. لەژێر قەڵەمرۆی سەفەویەکاندا شەمدینان سەر بەقەڵەمرۆی ئێران بوو؛ دوای سەرکەوتنی سولتان سەلیم کەوتە بندەست تورکەکانەوە، لەژێر دەسەلاتی نادر گەرایەوە بۆ لای فارسەکان....هتد. تەواوی ئەم هەرێمە سنوورییانە: شەمدینان؛ مەرگەوەر، تەرگەوەر، برادۆست- سۆمای، شنۆ، لاهیجان، پێشتر تورکەکان بەناوی ((موتەنازعوون فیهی)) *moutanazaoun fihi* یەوە ناسراو بوون، دواتر بە (نواحیی شەرقی))یەوە *nawahiye sharkiye* ناسران و هێلکێشانی دوایینجاری سنووری

بنکەی ژین
www.zheen.org

عوسمانی- فارسی بە بەشداری رووس و ئینگلیز تەواو پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دیاریکرا. دەبێ ئەوەش زێدەبکەین کە لە تەواوی ئەم ناوچەیەی کەناری زابی گەورەدا، فارسی لای کوردەکان لە نامەکاری خۆیاندا زمانی کارپێکردنە.

لەشێوەی هەرکی، لەسەر گاشەبەردێکی دابڕاو چەند کەلاوەیەك بەناوی کشکی قەڵاتی دەبینین (کشك- لە دیالێکتی هەرکیاندا واتە چیای چکۆلە دەگەیەنێ). ئەم قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ میر داود ناوێك و وا باوەڕ دەکرێ لە کاتی داگیرکردنی عارەباندا تەخت کرابێ. لەشەرفەنامەدا (I,177) هاتووە ((... رووبارێکی گەورە بە ژێر پردێکی بەردیندا دەڕوات لەبەرامبەر کۆشکی میرداود..)) لێرەدا مەبەست لەمە کۆشکەکەی دەوروبەری دیزای گیاوارە، لەکاتێکدا ئەو کۆشکەی ئێمە باسی دەکەین دەکەوێتە ناوەراستی شەمدینان، پاشان ناوی داود زۆربەی جار لەم بەشەی ئاسیادا بەسەر پاشماوەکانی دەورانی پێشوودا براوە. بەنموونە بنۆرە ئەشکەوتی دوکانی داود نزیك بە ساری پول (بنۆرە ئەم ووشەییە لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام).*cf. G. Husing, Der zagros und seine Vollker, dans der Alte Orient, III, Iv, Leipzig 1908)* بە دەوروبەری ئاوایی بەگالتە، لەسەر ترۆپکی بەگالتەدا (قەڵای بەگالتە)، پاشماوەکانی قەلای تەیمور لەنگ دەبینرێ کە چوونە ژوورەوەی زۆر ئەستەمە، ئاشکرایە کە جەنگاوەرەکانی مەغۆل لەزۆر ئاراستەوە کوردستانی ناوەندیان داگیر کرد. (cf. *Hammer Geschichte des disguise*) بە گوێرەی گێرانەوەی ئی. سۆن لە ((*to mesopotamia and Kurdistan in disguise*)) هاتووە کە دوای داگیرکردنی دیاربەکر لە لایەن تەیموورەوە، میرقەرە عوسمان ناوێك کراوە بە حاکمی هەکاری و کچی بەگزادەیەکی کوردی هێناوە کە بنەماڵەی هەکاری لێکەوتۆتەوە. ئەوجا بنەماڵەی هەکاری، هەروەك ئەوەی دواتر دەرکەوت، زۆر بە توندی پێوەندیان بە مێژووی حاکمەکانی شەمیدینانەوە هەبووە. لەسەرێکی دیکەوە گەواهینامەیەکی مێژوویی لە بارەی پێوەندی ژن و ژنخوازی نێوان مەغۆل و کوردەکاندا هەیە، بە تایبەت ئەوەی ناز خاتوون (cf. *hammer o. c. II, 289*)

*Nas chatun war die Tochter des herrn von Kurdistan welches zur*))
*zeit Hulagus der vater Tchobans, melik, der sohn Turun Behadir, erobert*
میر چۆپان لە قەزوین، *und die Frau Nas gefangen genommen hatte)*)
شارکان *sharkan*و هەمەدان دەست بەسەر چەند زەوییەکدا داگرێ بەو بیانووەی
کە ئەم زەویانە جاران هی ناز خاتوون بوونە. لە دۆلێکی لووتکەی بەگالتەدا، لە
شوێنێك کە پێی دەڵێن Tuya Deri کەلاوەی بوونیادێکی گرینگ دەبینین. لەولای
دیکەی قەڵای بەگالتەوە، لەئاوایی بازیان، کەلاوەی قەنتەرەیەك دەبینرێ کە
پێوەندی بە کەلاوەکانی تویا دەرییەوە هەبووە. ناوە لێکدراوەکانی وەك دەری،
دەرا، (دێرە بە واتەی کلێسە- لە ئاسووریدا دایر (٥) واتەی دێرە دەگەینێ؛
هەروەها چاوبدە ئاوایی ئەرمەنیەکان نزیك بە (دایر) نزیك بە باشقەلا لەگەل
دێرەی سانت بارتۆلۆمی وەك دەرە بانیی، دەرە بارۆزها؛ دەرە رەش ..هتد.
نیشانەی چەند پێوەندییەکە لەگەڵ ترادسیۆنی مەسیحیدا. مێژووی کلیسەی
نەستووریەکان لەراستیدا ئەوەمان پێدەڵێ کە هەر لەسەدەی پێنجەمەوە
مەسیحایەتی لەم ناوچانەدا لەم رۆژەی نیستەدا کلێسەی زۆرتری لێبووە. چەند
شتێك وامان لێدەکا کەوا دابنێین شەمدینان بەشێك بووە لەهەرێمی کلیسای
حەدیب (ئادیبابێن). (( سووریەکان مەبەستیان لەم ناوە ئەم هەرێمەیە کە کەوتۆتە
نێوان زابی گەورەو زابی بچوك.(cf. *J. B. chabot, synodicom Orientale ou*
*recueil de synods nestoriens, Paris 1902, p. 673, 617).F. N. Heazeu (kurds*
*and Christians*, Londres 1911, p. 64). وەختایەك قسە لەبارەی شەمدینانەوە
دەکەین دەتوانین وا باوەر بکەین کە بڵێین ((ناوی کۆنی ناوچە کە پێشتر روستاکا
"واتە چیای رەش" بووە، کە ئەمە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش چیایە جوانەکانی
شەمدینان دەگرێتەوە کە دارستانە رەشەکان دایپۆشیون)). وا دەردەکەوێ ئەم
پێداگرتنە لە گەڵ ئەو زانیارانە ناکۆك بێ کە بەگوێرەی سەرچاوەکانی دیکەوە
لەبارەی ناوی روستاکاوە دەیزانین: روستاك، شارێکی فارسی یە (*Barbier de*
*meynard, Dictionn. Geog. De La perse*)، هەروەها لەشەرەفنامەدا هاتووە (I,
226) ((ناوی رێرستاك، روستاك بیخوێنەوە، بەو شارانەی ئەو دیو دەریای
دەبێژن. ... هەروەها ناوی روستان بەشارۆچکەکانی خوزستانیش دەبێژن)).

ناسینەوەی شەمدینان ئێستە هەر چۆنێك بێ لەناو چواچێوەی بەرێوەبەرایەتی کۆنی نەستووری ئەم وڵاتە؛ پێش ئەوەی دواین جیهاد بگاتە ئەم لایەوە کلیسەی سەرەکی لە دەرە رەش شوێنی نیشتەنی گرینگی نەستووریەکان، مارهانا نیشۆ بووە، مافی پەناهەندەی تێدا بووەو کوردەکان رێزیان لێگرتووە. بێجگە لەوە چەند کلێسە لە شێپاتان زێران و گەردی، بێتوو، دەرە راینی، ساتە، زێرین دا هەبووە. دوا جار گێرانەوەی دەماودەمی مەسیحی هەواڵدەدات کە کۆشکی خاتوونە لەسەر کەلاوەکانی کۆنترین کلێسە دروستکراوە. دوا جار هەروا دەبێ ئیشارە بەوەش بدرێ کە چەند کەلاوەی بێناو، بەڵام زۆر بەربڵاو لەنێوان ئاواییەکانی حەران Heran و Nani (ناحیەی گەردی) دا دەبینرێ و هەروەها لەسەر تەپۆلکی نێوان بیگۆر و شێروانیان لەوێش چەندین کەلاوەی بێ ناوونیشان هەیە.

## بنەچەکی شەمدینان:

گێرانەوەی کوردی، بنچینەی ناوی شەمدینان بۆ شێخ شەمسەددین؛ باپیرەی بەگزادەترین و کۆنترین وەچەی بەگزادەی عەباسی دەگێرێتەوە کەسەر بە هۆزێکی عەرەب بووە لە نێوان موسل و بەغدا (کوردەکان بەگشتی وایان پێباشترە خۆیان بگێرنەوە سەر عارەبەکان). شێخ شەمسەددین دوای ئەوەی بەدەست شەمەرەکان (بنۆرە ووشەکە لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا) دەشکێ پەنا دەباتە بەر چیایەکانی شەمدینان. یەکەم شوێنی نیشتەنی لەستوونی ناحیەی هەکارییەوە دەبێت. کورەکەی عیززەددین قەڵەمڕۆی خۆی بەسەر هەرێمەکانی مەرگەوەر، تەرگەوەر، گەردی، برادۆست، دۆسکانی، ئۆرەمارو رێکاندا دەسەپێنێ. 6 تا 7 نەوەی ئەم خانەوادەیە لەستوونی نیشتەجێ بوون و دواتر لەسەردەمی میر ناسرەددین گواستوویانەوە بۆ بتکار کە مزگەوتێك لەنەهریەوە بەناوی ئەوەوە هەیە. لە بتکارەوە دوای 3 تا 4 نەوە، لە سەردەمی میر زەینەددین شوێنی نیشتەنیان گواستەوە بۆ هارونان، ناحیەی هومارۆو. پاشماوەکانی ئەو

قەڵایەی ئەو دروستیکرد ئێستەشی لەگەڵدابێ هەر ماوە. دواتر یەکێك لە کوڕەکانی عیمادەدین لەئەنجامی کێشەیەکدا باوکی جێدەهێڵێ و پەریوەی ورمێ دەبێ و بەگلەربەگی ئەفشار موڵکی بەردەسوور و تەرگەوەری پێدەدات. لەوەوە بنەماڵەی بەگزادەی دەشت سەریانهەڵدا. کوڕی دووەمی، سەیفەددین کە شوێنی باوکی گرتەوە یەکەمین میر بووە کە ناوی میری شەمدینانی وەرگرتووە. دوای 2 تا3 نەوە، میرەکان لەهارونان ماونەتەوە و دواتر هاتوون لە نەهرییەوە جێنشین بوون و تا سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵا (1870– 1883) نەك هەر تەنیا لە تەواوی شەمدینان بەڵکو لەزۆر ناوچە کوردیەکانی دیکە و بگرە تا لەناو وڵاتی ئێرانیشدا قەڵەمڕۆی خۆیان سەپاندووبوو.

گێڕانەوەی دەماو دەمی کوردی کە هەر تازە تۆمار کراون تەنها چەند خاڵێکی سیمای کرۆنۆلۆژی تەواو نا وردمان بە دەستەوە دەدەن. تەنها تاکە ئیشارەیەك لەبەر دەسوور دەناسین کە مینۆرسکی لە (*materiali po izuceniu Vostoka, publ. Secr. Du minst. Des Aff. Etr, Petrograd*, p. 473) گێراویەتەوە کە باسی بەگزادەکانی دەشت دەکات ئیشارە بەوە دەدات کە ئەم ناوچەیە لەلایەن چڵێکی میرەکانی حەسنەوییەکانەوە حوکمڕانی کراوە. وەچەی ئەم میرانە لەسەردەمانێکی زووەوە لە تەرگەوەر وونبوون و شوێنەکەیان لەلایەن بەگزادەکانی دەشتەوە گیراوە کە بنچینەکەیان دەگێڕنەوە سەر سێ برا عەباسییەکەی بۆتان: رەشاد بەگ لەجۆلەمێرگ دا مردووە، موسا بەگ لە شەمدینان مردووەو قەڵەندەر بەگ لە بەردەسووردا مردووە، ئەو قەڵایەی کە دەورو بەری ساڵی 970ك (1562ز) دروستیکردووە و تا ئێستەکەش شوێنەواری هەر ماوە.

ئەم نیشانانە لەوانەیە رێگەی ئەوە بدەن کە لە دەورانی حوکمڕانی شا عەباسدا لەو سەردەمەدا دوو لکی بەگزادەکانی عەباسی جیابوونەتەوە، چونکە تەنها لەو سەردەمە بوو کە ئەفشارەکان پێشوازیان لە عیمادەدین کردووە و بەشێوەییەکی جێگیر لە ورمێ جێگیر بوون و دەسەڵاتیان بەسەر هاوسێ کوردەکانیاندا شکاوە. لەلایەکی دیکەوە، هاممەر (*op.cit.* I.55) باسی ئامادەیی کورولتای گوجیوك دەکات (ئوتی) 1246 (*die beiden Gebieter von ...*)

(*Schemsedin und Schihabeddin*) لــەکاتێکدا بــەگوێرەی گێڕانەوەیــەك (*شەرەفنامە* 11/67،1) ((میرەکانی هەکاری کە لە شەمسەددین کەوتوونەتەوە ناوی شەمۆ بووە)) (ئیتمۆلۆژی ناوێکی کوردی تەواوە، بنۆرە عیزەددین – عیزۆ، هتد) *G. B. margaroli* ئەمە ئەوە دووپاتە دەکاتەوە (*Dizionario Geografico storico del Immpero Ottomano, Milan 1829*) کە واپێدەچـی مارگـارۆلی پشـتی بەسـەرچاوەی باوکە گارزۆنی[94] (بـاوکی کوردناسـی) بەسـتبێ، لـە شـوێنێکدا لـە بـەرگی دووەم، لــە ژێــر نــاوی kurdestan مارگــارۆلی لــەبارەی جۆلەمێرگــەوە نووسیوویە (II,3) ((... : I *suoi abitanti chianansi Scianbo, serondo alter e fose qullo della famiglia principesco I hanno anch il nome d Hakiari che vi regnante*)) جۆلەمێرگ لەسـەر زابی گەورەیە و لە شەمدینان دوور نییە، ئەم هـاو جووتیانـەی –شەمسـەددین، شـەمدینان، شـەمبۆ، سـیکامێۆ، هــەکاری– وا پێدەچی برێك پێوەندی لەنێوان شەمسەددین و هۆزی بەهێزی هەکاری‌دا هەبێ کە لەسالنامە کوردیـەکاندا تـەواو ناسـراوە. هـەروا دەبـێ ئـەوەش وەبیربهێنینـەوە، ئەگەر لەلایەکەوە، میرێکی کوردی (هەکاری؟)، شەمسەددین لە کورولتای گوجیك بووبێ بەتـەك دەرەبەگە مەغۆلـەکانی دیکەوە، لەولای دیکەوە، دواتـر، لـە سـالّی 1286 لەسەردەمی ئارگۆندا ((cf. Hammer, o. c. I, 314 دەبینین راپەرینێك لـە هەکاری بەرپا بووە((*... darnach wurden sechszehntansend van Emir masuk kuschdschi... und vam Dschelairen narinega befehligte Reiter wider die kurden Hakari gesandt, und der Aufruhr dersalben gedampft*)) ئەم بەلّگـە نامانە کە زۆر پـەرت و بلاون هیچ دەرئەنجامێك بەدەستەوە نادەن، ئێمـە تەنـها بەوەندە دەستبەردار دەبین کە ئیشارەتەکان تۆمار بکەین.

دەسـەلاتی بەگزادەکانی عەباسـی، لەپێشەوە بینیمان لەبەرامبـەر بنەمالّـەی ساداتەکانی نەهری ناچار بووە بسرێتەوە. بنەچەکناسـی génalogie ئەم خێزانـە بنچینـەیان دەبەنـەوە سـەر کەسـی عـەبدولقادر گـەیلانی (یـاجیلی، .cf. R. A به *Nicholson, studies in Islamic mysticism, combridge* 1921, p. 81, N0. I.

---

[94] مەبەست لە مە باوکە گارزۆنی ئیتالیایی خاوەنی کتێبی Grammatica e vicabolario de lla lingua kurda composti Dal P. Maurizio Garzoni, Roma 1878.

پێچەوانەی ئەوەی Nicholson پێیوایە، لێرەدا مەبەست لەناسینەوەی گیلانە لە کوردستانی خواروو و نەوەک هەرێمی خوارووی دەریای قەزوین. یەکێک لە کوڕەکانی ئەم بڵاوکەرەوەی تەریقەی قادرییە، شێخ عەبدولعەزیز لە ئاکرێ (لەسەرووی موسل) نیشتەجێ دەبێ کە گۆڕەکەی هێشتا جێگای پیرۆزییە. کوڕەکەی شێخ ئەبوبەکر دەچێتەوە ناوچەی هەکاری لەئاوایی ستونی، هەمان ئەو شوێنەی کە نیشتەنی شەمسەددین بوو. جێنشین دەبێ. لەوێوەوە نەوەکانیشێخ ئەبووبەکر، شێخ حەیدەرو 3 تا 4 نەوە لەستوونیەوە نیشتەجێ دەبن، دواتر لەسەردەمی مەلا حاجی نیوەیان دەگوازرێنەوە بۆ مەلایان و نیوە بەشەکەی دیکەشیان بۆ دومانی سوفلا، لە هیومارو سەردەمی مەلاساڵح. دوویان لە کوڕەکانی ئەمەی دوایی، سەیدعەبدوڵڵاو سەید ئەحمەد یەکەمیان بوو بەموریدو خەلیفەی مەولاناخالید. دوای ئەوەی لای مەولانا خالید دەچێتە سەر تەریقەی نەقشەبەندی ، بارەگەی خۆی بۆ نەهری دەگوازێتەوە، لەو دەمەوە نەهری بۆتە شوێنی نیشتەنی ئەم بنەماڵەیە. سەرەتا بە نفوزێکی تەواو رۆحیەوە دەستبەردار بوون، بەڵام بەرەبەرە دەستیان بەسەر دەسەڵاتی دونیایشدا گرت کە لە سەردەمی شێخ عوبەیدوللاّ دا گەیشتە چڵەپۆپەی. خواستەکانی ئەم سەرۆکە کوردە بەهێزە دەناسین کە دەوروبەری 1883* ئازەربایجانی داگیرکرد کە تەنها بە هەوڵی هاوبەشی فارسی و تورك توانیان بەرگرییەکە بشکێنن، هەروەها بنۆرە *Blue Book* ی ئینگلیزی.

cf. S. *E. Wilson, Persian Life and Custame, 1895* -)
*Correspondence respecting the Kurdish Invasion of Persia, Turkey 1881, N. 5)*

سەید تەهای دووەم و شێخ عوبەیدوللای دووەم، کورەزای شێخ عوبەیدوللاّ، ئێستە نوێنەری ئەم بنەماڵەیەن. دوای ئەم دوو بنەماڵەیە سەرەکیە کە لە سەر دەسەڵاتی شەمدینان لە کێشە دابوون، دەبێ ئیشارە بە وەش بدەین کە لە نێوان ئاغایەکانی کەمتر شایانتر ئاغاواتەکانی زەرزان zerzan دێن. ئەم هۆزە بۆ دوو چل دابەش دەبێ، چڵێکیان لە شنۆ لەولاتی ئێران و چڵەکەی دیکەشیان لەهەرێمی

* راستیەکەی سالی 1880–1881بوو وەرگێر

هەمان ناو لە شەمدینانن هەردووکیشیان بنەچەکەی هاوبەشیان بۆ خالیدی کوری وەلید دەگێرنەوە (بنۆرە ئەم وشەیە، جارێکی دیکە ئەوە گەڕانەوەیەکە بۆسەر بنەچەکەی عارەب !). هەرچی سەبارەت بە گەردی یە، بنەماڵەی ئەم میرانە لەگەڵ تێپەربوونی کات دابەش بوون بۆ سەر دوو چل: بەگزادەی زێرین *Begzande zerin* و بەگزادەی بنچیا *Begzade Bin Cia* کە لەوەتای سەدەیەکەوە دەسەڵات بەدەست یەکەمەوە بووە. لای گەردیەکان وەك لای زەرزانەکان، بەتەك میرەکانەوە، پاشمیریەکان Pshmirs هەن. تایەفەی پاشمیری زەرزان براونەتەوە و ئەوەی تایەفەی گەردی بەناوی کوچە بەگان وا خۆیان بەدیاردێخن کە لەمیرەکان بەگزادەترن. لە گەردی بەر رۆژی، بنەماڵەی لەشکری ناسراون. دواجار لای هەرکیەکان، کۆنترین بنەماڵە بریتیە لە بنەماڵەی مەلا شابە ئاغا لە شیوی هەکاری. ئەم بنەماڵەیە چیدیکە نە دەسەڵات و نەسەروەتیان نییە. بەڵام هێشتا پێیان وایە ئیعتباریان هەر ماوەو لەهەموو کۆبوونەوەکانی کوردانی هەرکیایەتیدا، یەکەم شوێن بۆ ئەوان تەرخانکراوە. هۆزی هەرکی چەند لقێکیان هەیە. بەشی نیشتەجێیان هەرکی بێنجی *Benedji* ین (1000 خێزانن)، دانیشتووی هەرێمی هەمان ناون لە شەمدینان، بەشی کۆچەری (6000 رەشماڵن) زستانان لە نێوان رەواندز و هەولێر بەسەر دەبەن. سیدانەکان sidanو سەرهاتی Serhati لە ئاکرێ، میندانەکان mindan هاوین لە تەرگەوەر لە وەڵاتی ئێراندا بەسەر دەبەن. باپیرەی هاوبەشی ئاغایەکانی هەرکی ئەبوبەکر ناوێك خەنیمی پڕ مەترسی زەینەددینی میری شەمدینان بووە کە دواجار زەینەددین خۆی لێ رزگار کرد. ئەبوبەکر چوار کوری هەبوون: مەندۆ، سەیدۆ، سەرهەت و مام شێخ کە ناوی تیرە کۆچەرەکانی هەرکی لەوانەوە هاتووە. ژابا لە *Recueil* ـەکەی خۆیدا هەڵەی کردووە وەختایەك بەشێکی هۆزەکانی هەرکی لە کرماشان داناوە ) بنۆرە ئەم وشەیە لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام). لەناو ئەم بنەماڵە ئاینیانەی کە ناوبانگێکی تایبەتیان هەیە لەناو زەرزان شێخ جەمال لە سوری، لەناو گەردیان بنەماڵەی شێخ عیسا و مەلانەبی لە کیلیت و شێخ فەرەج لە نێهاوا. هەروا دەبێ ئیشارە بەوەش بدرێ کە رێحە خراپەکان، جنۆکەکانیش دەسەڵاتی بنەماڵەی شێخ جەمال و

بنکەی ژین www.zheen.org

مەلانەبێ و شێخ بابەکی پیرانی (لەعەشیرەتی شێروانی هاوسێی شەمدینان) دەناسن.

## بیبلیۆگرافی:

هەروەك لەپێشەوە ئیشارەمان پێدا شەمدینان یەك لەو ناوچە کوردیانەیە کە زۆر کەم لێیکۆڵراوەتەوە. جیا لە چەند دەستنیشانکردنێکی نا ڕۆشن لە کتێبی گەرۆکە ئەمریکاییەکانی شاندۆی ئایینی پرسبیتێری لە ورمێ بەنموونە: *Dr. A. Grant, Ten lest Tribes* New-York, 1841 دەبینرێ. تەنها وەسفێکی بە داوێن لەلایەن *B.Dickson, jouneys in kurdistan dans journal of Royal geeogr.soc.* 1910 کراوە.

هەروەها دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ W.A. Wigram et Edgar. *The cradle of mankind (life in E. Kurdistan)*, Londres 1914, ch.VIII., V.CUINET., *La Turquie d'Asie*, Paris 1891, II, 717 دواتر نووسیاری ئەم باسەی ئێرە پێی وابە یەکەمین کەسێکە باسێکی دوورو درێژی لە بارەی جوگراف و مێژوویی شەمدینان نووسیبێ، کە توانیوویە لە ماوەی مانەوەی لە ورمێ و لە ماوەی گەشتەکانیدا بۆ کوردستان کۆیان بکاتەوە، هەروەها بنۆرە بۆ باسەکانمان :

*The Tale of Suto and Tato : Kurdish text with translation and notess* B.Nikitine et E.B.Soane dans *Bull.of The School of oriental studies*, III,I et *les Kurdes et le christianisme* dans *RHR*, 1922 ; Les Kurdes racontés *par eux-mêmes* dans *AS.Fr.* B; No 231, mai 1925 ; *Vue d'ensemble sur le théatre de la grande geurre dans le N.O.de Persse, ibid* ; No 224.

سەرچاوە:

- Nikitine, B., Shamdinan, In Encyclopédie de l'Islam, Tom IV, Ed. Lib C.Klincksieck & Lib et imp de E. J. Brill, 1934, pp : 313-316.

# ستایشێکی کوردیی سوننیزم

ئەو تێکستەی ئێستە لە گۆواری *Rocznik Orjentalistyczny* دا بڵاوی دەکەینەوە، کۆ کراوەی ئەو کۆمەڵە تێکستانەیە کە پێشتر بوارمان بووە قسەیان لەبارەیەوە بکەین بە تایبەت لە ووتوێژی کۆنگرەی مێژووی ئایینەکان *Congrès de l'histoire des religions* (کە ساڵی 1923 لە پاریس بەسترا، بنۆڕە بەرنامەکانی ئەم کۆنگرەیە) لە بارەی بیرو ڕا ئایینیەکان لای کوردەکان* Les idées religieuses chez les kurdes قسەمان لەسەر کرد. هەروەها بنۆڕە گۆواری Bulletin of London School of Oriental Studies [95]

لێرەدا نیازمان وانییە لەسەر پرسی بنچینەیی تێکستەکانمان بووەستین، هەروەك چۆن ڕێگە بەخۆشمان دەدەین بۆ چەند تێبینییێکی زمانەوانی کە پێشتر لە لێکدانەوەکانمان لەگەڵ تێکستە پێشتر بڵاوکراوەکاندا بەرچاومان خستوون، بگەڕێینەوە سەر لێکۆڵینەوە دەستنیشانکراوەکان. بەو پێ یەی تێکستە کوردیەکانمان لە پیتی عەرەبییەوە راگوێزاوەتەوە بۆیە دەکرێ چەند نیشانەیەکی فۆنەتیکی لێوە چاوەروانبکرێ. ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە ئێمەومانان لەچ ڕۆحیەتێکدا درێژە بە لێکۆڵینەوە کوردیەکانمان دەدەین. بەبێ نکوڵی کردن لە بەهای زمانەوانی، ئێمە وامان دانابوو کە لێکۆڵینەوەی ئەم زمانە بە رووییێکی تایبەتی وەکو چاکترین هۆکارەکانی زۆر ئاسانتر ئاشنابوونمانە لەگەڵ ژیان و مۆنتالیتەی ئەو گەلەی کە تێکستەکە لەبارەیەوە دەدوێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ئەم گووتارە لەم کتێبە دا کراوە بە کوردی.

[95] *The Tale of Suto and Tato: Kurdish text with Translation and Notes* bay B. Nikitine and the Major E.B. Soane dans BSOS, III (1923), 60-106, *Kurdish Stories from my collection by B, Nikitine* dans *BSOS*, IV (1926), 121-138.

هەڵبەت ئێمە پێمان وایە، ئەم تێکستانە هەتا لەگەڵ دەنگنووسکردنی Transcription ئاتەواویشدا دەتوانن برێك خزمەت بە زمانەوانەکانمان هەر بکەن، بەرووبێکی تایبەتیش لە بارەی ووشە و سینتاکسەوە. خوالێخۆشبوو مێجەر ئی. ب. سۆن E.B. Soane نووسیاری کتێبی بە ئەزموون تێدا ژیاوی *To Mesopotamia and Kurdistan in disguise* و گەورە شارەزای کورد، کە لە گەڵ ئەودا بەختمان یار بوو پێکەوە هاریکاری بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی مێژووی بەتام و چێژی سۆتۆو تەتۆ *Suto and Tato* ، کە ئەو هێندە پڕاو پڕ پڕ بە پێستی رۆحیەتی خێڵەکیانەیە، پێمان دەڵێ زمانی تێکستەکانمان چەندە پاراوە و پارچەیەکی چاکی ئەم دیالێکتە پێشکێش دەکات.

لەم لێکۆڵینەوەی ئێستەدا، هەوڵەکانمان دەستنیشاندەکەین و تەنها دەمانەوێ:

1- تێکستێکی نوێی کوردی بناسێنین کە لەهەمان سەرچاوەوە هاتووە.

2- دانانی تێکستەکە لە شوێنی خۆیەوە لە بارەی بایەخپێدانی ئایینی کوردەکانەوە.

3- هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئەمانە چەندە ئاڵۆزن.

بەر لە هەرچی ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە تێبینی ئەوە بکری کە گفتوگۆی ئایینی نێوان دەروێشێکی کوردو موجتەهیدێکی کەربەلایی، کە مەبەستی تێکستەکەمانە، دەمانخاتە ناو بواری بازنەی پێوەندییەکانی شیعە- سوننی، کە پێشتر بواری بە شوێندا چوونی زێتری لەلایەن چەند رۆژهەلاتناسێکی گرانبەهاوە هەبووە. لایەنی دۆگمایی ئایینی لەگەڵ پێوەچوونی تەواوی نزیکەیی بابەتەکەوە لێکۆڵراوەتەوە. تەواوی بیبلیۆگرافیا بنچینەییەکە لەبارەی ئەم بابەتەوە، بەمزوانە لەلایەن پسپۆڕێکی رووسی ئەم پرسەوە پرۆفیسۆر ئا. ئی. شمیدت A.E.Schmidit ـەوە بڵاوکراوەتەوە[96].

---

[96] بنۆڕە لێکۆڵینەوەکەی ИЗ ЦСМОРЦЦ СУННЦМСКО-ЦЦСКЦХ ОМНОшЕНЦЦ لەکۆکراوەی ئەو گوتارانەی کە ساڵی1927 لە تاشکەند بە بۆنەی یادی پەنجا ساڵەی کارە زانیستیەکانی پرۆفیسۆر Bartold ـەوە بڵاوکراوەتەوە. (لاپەڕەکانی 69-108). هەروەها نووسراوی عەلی مورتەزای شیعە، العالم الحدود، بۆمبای. 1315 .

گواستنەوەی ئەم پرسە بۆسەر زەوینەی ئیتنیکی، ئەم جیاوازیەی شیعە-سونی بەتایبەت وەکو ئایدیا پێشکەوتووەکانی تاك و کۆمەڵ چاو لێدەکات، شیعییزم تایبەتمەندێتیەکی رۆحی ئێرانیەکانە کە لە پێشدا دژ بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی عەرەب وەستاوە (وێرای ئەوەش کە I Goldziher بنچینەی عەرەبیی شیعیزمی بۆمان سەلماندوە ). شیعیزم دواتر بەدرێژایی خەباتی مێژوویی ئێران و توران بەرامبەر تورك وەستاوە. دواجار، لە درێژەی پێوەندییەکانی کوردی- فارسییدا ئەم دژایەتیە بینراوە، بەبێ ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە نرخە دۆگماتیەکانی لەدەستبدات کە ئیسلامخوازێك پێش هەموو شتێك بۆی دەگەڕێ. ئەمە وامان لێدەکات ئەوە ببینین چۆن ئەم لێکدوورییە ئایینیانە گڕ و تینێکی تایبەتی بەخۆیەوە دەگرن وەختایەك ئەم لێکدووریانە کەڵەکە دەبن بەسەر بەرهەڵستیەکی زۆر توونددو تیژ کە بەگوێرەی جیاوازی هەلومەرجەکانی کۆمەڵایەتی: خێڵەکی، کۆچەری، چیایی لای کوردەکان. شارنشین، نیشتەجێ، نموونەی پێدەشتەکان- لای فارسەکان خۆی دەنوێنێ. دەبینین ئێمە هەر کە دەمانەوێ ئەو پرسە ئاڵۆزەی نا و تێکستە کوردییەکە بەهەمو بەرفراوانییە زیندووییەکەوە، نەك هەر تەنها لەژێر گۆشە نیگایەکی روانینی تیۆرییەوە بکۆڵینەوە دەبینین لە بایەخ پێدانی ئایینی دووردەکەوینەوە.

کورد هەمان هەستی رقی بەرامبەر بە رۆمی (تورك کە سوننین) هەیە، هەروەك لەبەرامبەر عەجەمیش (فارسە شیعەکان) هەمان هەستی هەیە، چونکە لە مۆنتالتیەی کوردا، ئەوەی لەپێشەوە دێت ئەمەیان بەهیچ شێوەیەك رووخساری بریقەداری رووکەشانەی نوێی ئیسلام نییە، بەڵکو پاشماوەی بیروباوەری کێویانەی پیاوی خێڵە چیاییە یاخیە سەرمەدییەکانە کە سەر بۆ کەس کەچ ناکەن و لەخەباتێکی سەرسەخت و شێلگیرانە دان لەگەڵ هەموو هێزەکانی دەرەوە، ئەو هێزانەی کە لەپێدەشتەکانەوە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە کار بۆ بەشاریکردنیان، ناچار کردنیان بۆ چوونە ناو بازنەی رێکخراوێکی سیاسییەوە،

بۆ ناو "شارێك" كە نازانێ لەگەڵیرابێت و خۆی بەدەستەوە بدات. ئەم لایەنەی مۆنتالیەتەی كورد زۆر بە هێواشی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و دەبێ بە بەردەوامی وەكو پێوانەیەكی پێویست و ناچاری بۆ بەچاك روانینی ئاراستەكردنی تێروانینەكانمان لە روانینی ئێمەدا ئامادەبێ.

نەك تەنها لێكدووریە دۆگماتیەكانی شیعە- سوننی بنچینەی پێوەندییەكانی نێوان كورد و فارس كورتناكاتەوە، بەڵكو بە پێوەچوونمان بۆ لێكدانەوەكانمان كە لەسەر بنەمای تێروانینی كوردەكانەوە بیناكراوە، ناچار دەبینین ئەوە تێبینی بكەین. كە دەرۆیشایەتی كورد وەختایەك وەك بەرگریكاری تێزی باوەر قایمی Ortodoxe ی سوننی خۆی دەهێنێتە پێشەوە رۆڵی خۆی نابینێ.

بیگومان ئێمە دەزانین كە تەریقە دەروێشییەكان، بەتەریقە سۆفیە كوردەكانیشەوە زۆربەیان لەكاتێك لەكاتەكاندا بووین بە ئامرازێك بۆ سیاسەتی پان ئیسلامیزمی عەبدولحەمید. دەزانین كە دواتر، لەماوەی جەنگی گەورەدا، ئایدیای جەنگی پیرۆز guerre sainte لە نێوان شێخە كوردەكانا موریدی بۆ دۆزرایەوە. بەڵام لە هەمانكاتدا دەرفەتی ئەوەمان بووە [97] ئەوە نیشانبدەین كە موریدیزم muridisme لە ناوەندە كوردیەكاندا، بە ئاسانی كاراكتەرێكی جەنگاوەری دژە توركی وەرگرتووە، كە هەتا دژ بەخودی كەسی سولتان- خەلیفەش ئاراستە كراوە. لە سەرێكی دیكەوە لەماوەی جەنگی گەورەدا، بە تەك شێخە كوردە لایەنگیرەكانی جیهادەوە، بینیومانە هی دیكە كە خەنیمی بێهەڵوەدای جیهاد بوون هەبوون. دواجار دوای جەنگ، شۆرشی چەكداری insurrection كورد 1926 كە بە رێبەری سەرۆكێكی نەقشبەندی هەڵگیرسا و دواتر هەنگاو هەڵگرتنەكانی حكومەت نامانجەكانیان پێكا، نەك تەنها لەناو كوردەكان كە چەند بنەماڵەی سەر لەبەریان بەرەو ناوچە نا- كوردییەكان راگوازتەوە، بەڵكو هەروا هەموو تەریقە دەروێشییەكان، بەكتاشەكان، ئەوانی

---

[97] *Les Kurdes racontés par eux-mêmes*, dans le Bulletin de l'Asie Française, Mai 1925, n°, 231.

دیکەشی گرتەوە کە لە رابردوودا رۆلی مێژوویان هەبووە لە دەولەتی تورکیدا[98].
ئەم تێبینیانە هەولدەدات ئەوەمان پێبسەلمێنێ کە سوننیزمی رەسمی کورد پێکناکۆکیەکی شێلگیرانەی لەگەل خواستە راستەقینەکانی ئەم گەلەدا هەیە. بیری ئایینی لای کوردەکان کە بۆ واقیع وەردەگێردرێ، بەجۆرێکی دیکە، بە شێوەیێکی سەرەتایی لێکدەدرێتەوە، زێتر دەبێتە سۆفیگەری کە لەناو تەریقە دەروێشییەکاندا سەردەردێنێ[99]، سۆفیگەریەك کە لە تێروانینی دۆگماتیەوە، هەرگیز جێگەی پیرۆزی رەسمی پیاوە ئایینیەکان نەبووە[100] بەلام لە تێروانینی کۆمەلایەتیەوە زۆر چاك لەگەل ناوەندەکە گونجاوە (کە ئەمە هێزی ئەم هەلوێستە ئایینیەی کورد لێکدەداتەوە)؛ سەرەتا بە گوێرەی تەریقەی نەقشبەندی، دواتر بە گوێرەی عەبدولقادری گەیلانی، دامەزرێنەری تەریقەی قادری، کە ئێستە لەناو هۆزە کوردەکان زۆر بلاوە وا پێدەچێ لەسایەی بەرەگەز کورد بوونی عەبدولقادر خودی خۆیەوە بێ. دەروێشایەتی کورد لەسەر پلانی خێلەکی ئۆرگانیزەکراوە. شێخ، پەیام هەلگری تەریقەی راستەقینەیە، لە نیشتەنیەکەی خۆیدا (خانەقا) دەرس دەلێتەوە و تەفسیردەکات، بەدەوری موریدەکانیەوە کە باشترینەکانیان دواتر دەبنە نوێنەری شێخ (خەلیفە) لەناو خێلەکان، بەمشێوەیە تەواوی کوردستان بەرایەلێکی "سۆفیگەرییەوە" تەنراوە، کە هاوجووتە لەگەل جوگرافیای هۆزەکان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[98] بگەرێوە بۆ سەر گوتارەکەی ئێمە: پرسی کورد و موسل. گۆواری هاوچەرخی کراکۆف، ژمارە 50 51 ، 1926 بە زمانی پۆلۆنی.

[99] بنۆرە В. Ф. МИНОРСКІЙ, КγРóЫ, ПЕТРОРАДБ (ف.ف.مینۆرسکی، کوردەکان، پیترۆگراد، 1915).

[100] CF . L.Massignon, Essai sur le lexique technique, Paris 1922, 93 à 97.
ماسینۆن ئەو سەرچاوانە بەدەستەوە دەدات کە هەلوێستی مەلایەکان لەبارەی سۆفیگەرییەوە دیاری دەکات.

بەشێوەیەکی سەرەتایی، شێخەکان تەنها سەرۆکی ئاینین، بەڵام بەرە بەرە لەگەڵ زیادبوونی قەڵەمڕۆییان و ڕژاوەی -فیض-ی سەدەقەکان، بەرەبەرە کاراکتەری سەرۆکی دونیایی وەردەگرن، هاوکات لە گەڵ ئەمەشدا تەواو شۆرەتی ڕۆحیشیان دەپارێزن، بەشێوەیەك کە ئێستەکە چەندین هۆزی تەواو سەرلە بەر هەن، هەتا چەندین گروپی خێڵەکیش هەن کە تیایاندا قەڵەمڕۆی شێخەکان لەسەرووی قەڵەمڕۆی سەرۆکهۆزە پشتا و پشتەکانن کە لە هێرراشی hérarchie کوردیدا بە ( بەگ، میر، پاشمیرو... هتد) ناسراون. بنەماڵەی شێخەکانی نەهری لە شەمدینان[101] نموونەیەکی نموونەیین لە مبارەیەوە. ئێمە چەند ڕەوشێکی تایبەتی قەڵپبوونەوەی جیاکەرەوەیی caractéristique ڕووداوەکان، قەڵەمڕۆی زۆرە بووی خەباتی ئەم بنەماڵانەی شێخەکانمان لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر ئێشتارەتبۆکراودا لێکداوەتەوە کە تێیدا بنەچەکناسی تارادەیەك تەواوی یەکێك لەبنەماڵەکانی ئەم بنەماڵەیە، تەواو باڵا دەستەی کوردستانی ناوەند[102] باسدەکات، بەتایبەت بنەماڵەی شەمدینان کە قەڵەمڕۆی خۆی لە گەڵ شێخەکانی هەورامان (ئاواییەکانی تەوێڵەو بیارە) دابەشدەکات.

لە بەروو ڕووبوونەوەی هەموو ئەم کردانەدا، ئەوەی بۆمان دەردەکەوێ ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە ئەوە لێکدانەوەی ئارتۆدۆکسی (باوەرقایمی) سوننی نییە کە ڕۆحی کوردیان هەڵگرتووە، کە لەژێر لایەنە ئایینیەکانەوە حسابی بۆ دەکرێ. دەتوانین ئاماژە بۆ چەند نووسراوێك بکەین بە کوردی کە تایبەتن بە عەقیدەی موسلمانان، ئێمە لێرەدا نموونەیەك بەدەستەوە دەدەین، وێرای ئەوەی کە ئەم نموونە سۆفیگەرییە لە ئیسلامدا کەمایەتییە

---

[101] بنۆڕە گوتارەکەی ئێمە لەسەر ئەم ناوچە کوردیە گۆشەگیرە لە *Encyclopédie de l'Islam*, Livre F, 313-316

[102] Les Kurdes….Bull. de l'Asie française, Mai 1925.

کەچی لە گەل ئەوەشدا ئیسلامی کوردیی پێدەناسرێ[103]. بەرێز Driver لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا[104] لەمبارەیەوە زۆر چاکی گوتووە : It is often a .... form of Islam contaminated by pagan superstitions and strange rites,, many of wich are said to have points of resemblance with Zorastrianism, Buddhism and other heathen Cults.... Ibn III, 37 ). هەموو ئەم تێبینیانە لەژێر فۆرمێکی هۆشیاردا لە قسەیەکی نەستەقی تورکییەوە ئەنجامگیرکراون، کە بە بن پێچاو پێچ رایدەگەیەنێ giaura göre Kurd musulman dir ( واتە کوردان تەنها بە بەراورد لەگەڵ گاوراندا موسلمانن. وەرگێڕ).

موسـلمانی خـراپ، کـورد لـەوان کـەمتر نیشـانی حەماسـی زۆری دەستپێشخەرانەی خۆی نیشانندەدا بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازی جەنگی پیرۆز کە لەلایەن کۆنستانتینۆپلەوە بانگی بۆ هەڵدرا. ئەمە یان راستە ( بە دەر لە چەند خاڵێك) کە لە گوتارەکەی ئێمە لە کۆنگرەی مێژووی ئایینەکان Congrès de l'hstoire des religions فۆرمیولە کراوە)، بەڵام مۆتیڤی ئاینی بۆ شتی زۆر کەم پشتی پێبەستراوە. هەتا لە وڵاتی ئێرانیشدا، ئەوانەی سەودا گیری پرسی تورك بوون، گرۆی سەربازگیری سەرەکی جەنگ بوون، لەژێر ئاڵای جیهاد، چونکە ئەوەی تێیدا دەبینن بەر لە هەرچی شتێك دەرفەتێکی شیاوە بۆ تێرکردنی غەریزە جەنگاوەرییەکان لەسەر حسابی دانیشتوانە مەسیحیەکاندا. مەبەستمان نییە لێرەدا پرۆسیسی جەنگی پیرۆز دووبارە بکەینەوە، وەك ئەوەی بەختی خەمگینمان وابوو لە پۆستی کۆنسولگەری رووسیادا لە ورمێ[105] تێبینی

---

[103] بۆ ئەم باسە بگەڕێوە بۆ سەر کارەکانی بەرێز ڤ .مینۆرسکی، دەربارەی تایەفەی secte ئەهلی هەقەکان، کە رێگەیان پێدا زیارەتی پەرستگەکەیان بکات لە پەردیوار Perdiver ، هەورامان.

[104] *The Religion of The Kurds*, BSOS, II/2 (1922).

[105] لەمبارەیەوە چاو پێداخشانێکی خێرامان لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە گۆواری *Revue de Sci. Politique* لەژێر ناوی ئاسووریە کلدانیەکان: نەتەوەیەکی چکۆلەی قوربانی جەنگ بڵاوکردەوە.

لێبکەن. نیشتمانیەروەرو هاوڕێ بەناوبانگمان، بەڕێز André Mandeelstan کە
هەم ڕۆژهەڵاتناس، یاساناس و دیپلۆمات بوو و بەهرەی بەرزی لەبواری پرسی
سیاسەتی نێو نەتەوەیی دەناسینەوە لە کتێبەکەی خۆیدا[106] ڕەوایی (
شەرعیەتی) جاردانی جیهادی لەلایەن سولتانەوە شیکردۆتەوە. ئێمە ئەو
پێناسەیە وەبیر دەهێنینەوە کە ئیسلامناسی ناسراو پرۆفیسۆر C، Snonck
Hurgrong بە دەستیەوە داوە. بۆ تەواوکردنی ئەم دۆسیەیە کە بەهایەکی
گەورەی پراکتیکی هەیە بۆ ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە لەسەر ڕۆهەڵاتی موسلمان
کاردەکەن. ئیشارە بۆ ئەو نامیلکەیە دەکەین کە ناونیشانەکەی ئەمەیە:
Wesen, Wandel und Wirken des Heiligion kriges des Islaams، کەلە
سایەی قەلەمی دکتۆر Goffried Galli, Kaiser, Z.D وە بەرهەم هاتووە[107]
.لەنێوان بابەتەکانی دیکە، ئەمەی تێدا دەخوێنینەوە کە ئەمە وەك دەردەکەوێ
ئایدیای پرۆفیسۆر Snonck Hurg تەئکید دەکاتەوە:

Ja der Gedanke des Heiligkeit des krieges wurzeit im christlichgermanischen Denken so tief, dass man vom Hand in Heilign kriege Ûberhaupt erst sprach, als sein Hand in Handgeheen mit dem Heiligen kriege des Islams die Frage anfdrângts ober durch Waffengemeein schaft mit Nichtchristen nicht etwa einbusse erleide ).

پێشەکیە لۆژیکیە "زانستیەکانی"[108] جەنگی پیرۆز هۆیەکەی هەر چیەك بوو بێ
بۆ ئێران بوو بە وێرانەیی لۆمباردی Lombardie فارسی کە هەر بەراستی وەك

---

[106] *Le sorte de l'Empire ottoman* ( chez payot, Paris 1917).

[107] *Der Neue Orient* ،Halle a.d.S. 1918, XIII Heft.

[108] حەز دەکەین لەو بارەیەوە ئەو تێبینیە دەستنیشانبکەین کە تیمی سەرەکی نووسراوی
پاشەرگی René Quinton, Maximes sur la guerre ئەوەیە کە دەبێ جەنگ لەنێوان

لۆردکیرزۆن ناوچەی ورمێ ی واناوناوە. لەناو کاغەزەکانمدا دوو دەستنووسی فارسیم هەڵگرتووە کە تایبەتن بە مێژووی ئەم سەردەمەی ورمێ.

1 – بەرپەرچدانەوەیێک، لە گۆشە نیگاییێکیی شیعەوە لە سەر شەرعانیەتی جیهاد لەوڵاتی ئێران لەکاتی دوا جەنگدا، مەلایەکی ناوچەکە پێشکەشی کردین.

2 – وەسپێکی کورتی ئەو روداوانەی تێدایە کە لە ورمێ روویانداوە، لە 19 ی دیسامبەری 1914 ەوە تا مانگی ئایاری 1915 ( لەکاتی داگیرکردنی تورکی–کوردی) دا، کە لەلایەن عەزیم ئەلسولتانی سەردار، بەگزادەی ئەفشار کە ئەودەم لەم ماوەیەدا حوکمرانی ناوچەکە بووە، نووسراوەتەوە[109]. لەوانیە رۆژێک بۆمان بلوێ سەرلەبەری تێکستەکە و وەرگێراوی تێکستەکە بڵاوبکەینەوە کە بۆ تێگەیشتنی دوا جەنگی پیرۆز بەسوودە. لێرەدا تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبین ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە لەگەڵ تورکەکانا، چەند موجاهیدێکی Mugahidin فارسشیان لە گەڵدا بوو ( ئەم ناوە لەوڵاتی ئێران بە شۆرشگێرەکان دەڵێن، خەباتکارانی رێگەی سەربەخۆیی نیشتمان، ئەم خەباتە وەکو جەنگی پیرۆز حسێب دەکرێ)، مەبەست لەوانە: مشهدی بکیر، میرزا ئاغا بلوری، حاجی پیشنماز، غفارخان زنوری، امیرارسلان خان قفقازی... هتد بوو. ئەم موجاهیدانە لەژێر سەرکردایەتی بەگزادەی ئەفشاری ورمێ مجد ئەلسەلتەنە دابوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

ئینسانەکان بمینێ چونکە ئەمە حالەتی سروشتی نێرەکانە، چاکی جۆرەکان و درووود بۆ نەژادەکان زامن دەکا.

لێرەدا قسە لەسەر فۆرمێکی رۆحە کە زۆر لە مێژە ئەوە پانزە ساڵە ئێمە بە بوونی خاوێنی جیهانی ئەلمانیەوە خەریک دەکا، کتابێکی وەک ئەمەی Quinton ئەوە دەردەخات کە ئەمە لە لای نووسەرانی گەلانی دیکەشەوە دەبینین. ( Julien Benda, Biologie et litterature, Nouv.Litt, 19 juillet 1930 ) تەنها ئەوە زێدە دەکەین کە ئەم حاڵەتە فەرەنسیەکان ناگرێتەوە.

[109] Cf. Journal Asiatique, Janv-Mars 1929, 108.

" دوای رۆیشتنی خەلیل بەگ، ئەوەی ئەم زاتە موجاهیدانە و کردەوە شەیتانیەکانیان کردیان، نە بەقەلەم و نە بەزمان ناگێردرێتەوە. لە سوێی نووسەرەکەمان تێدەگەین وەختایەك ئەو نەهامەتیە وەسپ دەکا کەبەسەر خەڵکەکەدا هاتوون لەدوای داگیرکردنی تورکی- کوردیدا، دەستدرێژیەکانی موجاهیدە فارسەکان دەگێرێتەوە کە بە بیانووی جەنگی پیرۆز هاونیشتمانیەکانی خۆیان جەزرەبە دەدا بەو بیانووەی کە شیعیزم جگە لە بەرگریکردن هیچیتر ناناسێ.

دوای ئەم کورتە گیرانەوەیە دەرهەق بە سیمای راستەقینەی جەنگی پیرۆز، بەخێرایی لەو رەگەزانە دەکۆڵینەوە کە هەستی راستەقینەی ئایینی کورد ئاودەدەن، داماڵینێك کە لە مەراسیمی ئیسلامەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. لەسەرەوە لە گوتەیەکی وەرگێراوی نووسراوێکی لێکۆڵینەوکەی بەڕێز Driver، لە ڕاسکردنی پاشماوەکانی زەردەشتی لە ناوەندی کوردیدا بینیمان، ئەو سێکتی کوردی ئێزیدی بە نموونە هێناوەتەوە. هەروەك J. Mennant لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی ئەم سێکتەوە تێبینی ئەوە دەکات کە: "سورین لەسەر ئەوەی باوەڕ بەوە بکەین کە ئێزدی لەیەك کاتدا بە سەر یەکەوە پرەنسیپی چاك و خراپ دەپەرستن.... بێگومان یادەوەری ئاڵۆزی ترادیسۆنی مازدێتی لێرەدا خۆی دەنوێنێ ( لا: 82 ). ئەم پەرستنە حەزی بە پرەنسیپی خراپە- هەڵبەت Mennat ئەوە وەبیر دەهێنێتەوە کە ئەمە بنەمای عەقیدەی زەردەشتایەتی نیە ( لا: 83) ئێزیدیەکان هەروەها پێوەندی زۆریان لەگەڵ صائیبەکانا هەیە. ( لا: 85 ). بڕوایان بە نەمری رۆح و دۆنا دۆن (تناسخ) Métempsycose هەیە ( لا: 87 )، "بەکورتی: "ئاینی ئێزیدیەکان تاکانەیەکی تێکەڵاوە لە مازادیسم mazdéisme، صائیبیسم sabéisme، مەسیحایەتی و ئیسلامیزم، لەگەڵ بۆیەیەکی عەقیدەکانی عیرفانی و مانەوی (لا: 88 ). لە نووسراوێکی زۆر تازەتر لەبارەی هەمان بابەتەوە،

ئەوە دەخوێنینەوە[110]. « There is much to be said for the belief that the beginnings of the worship of the Devil by the Yezidis sprang from the rituals of Zorastrians… and for nearly two hundred years Dualism was at a low ebb in Persia, consequenctly, on the coming of Sheikh "Adi from were ready to accept anything of the nature of new doctrine » ئێمەش لە ووتارێکدا کەلە حەڤدەهەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی رۆژهەڵاتناسی ساڵی 1928 لە ئۆکسفۆرد دا گیرا باسێکمان لەبارەی چەند ئەفسانەیەکی ئاژەڵانی کوردەوە پێشکەشکرد. لە ئەفسانەیەکمان کۆڵییەوە کە پێمان وابوو توانای ئەوەی هەیە لە پەرستنی مار نزیک بکەوینەوە، هەروەك لەلای ئێزیدیەیەکان باوە[111].

---

[110] R.H.W. Empson, The cult of the peacock Angel : A short accouant of the Yezîdî tribes of Kurdistaan. Witherbey, London, 1928.هەروەها بگەرێوە سەر نوسراوی
Giuseppe Furlalini, Religione dei yezidi, Testi religiosi, testie documenti per la stora deela Religoni, ( Bologna, n. Zanichelli) 1930.

[111] Menant, op.cit., p.86.

گوتارەکەی ئێمە لە گۆواری Folklore ی لەندەنی (سێپتامبەری 1929) بڵاوبۆتەوە. لێرەدا رێگە بە خۆمان دەدەین کە چەند نیشانەیێك وە بیر بهێنینەوە کە بە گشتی لەبارەی پەرستنی (مار) دەکۆڵێتەوە، زۆر سرنجراکێشە ئەوە تێبینی بکەین وەك Jacob لە کتێبی ( Mârchen und Traaum, p.50 ) تێبینی کردووە کە Urs prûnglich spielte ewaa selbst, dit Rolle deri schlange, Wie ihr nome anzeigt. لەسەردەمی یۆنانیدا، لە ژیاننامەی ئەفلاتون دا (Platon, Ennéades, tI par E.Brehier, éd. Les bellees lettres, p.3) ئەوە دەخوێنینەوە کە لەو کاتەی دوا هەناسە دەدات، ئەفلاتون پێی دەڵێت: "من زۆر لەخۆم دەکەم تا ئەوە بەدیار بخەم کە خودا لەناو مندا هەیە، کە خودا لەناو گەردوون دا هەیە". لەو کاتەدا لەژێر ئەو قەرەوێلەی کە لەسەری خەوتبوو مارێك تێپەر دەبێ و خۆی دەخزێنێتە ناو کونە دیوارێکەوە. وێرای ئەوەی کە مارەکە لە کاتی سەرە مەرگدا زۆر جار خۆی بەدیار دەخات. ئەم ئەفسانەیە پێوەندی لەگەڵ ئەو سەربووردەیە هەیە کە دەرهەق بە گیانەڵای شەیتانەکەی نیفلاتونەوەیە: راستیەکەی شەیتان خودایەکە و بێگومان ئەمە هەمان ئەو مارەیە کە ئەفلاتونی لەسەر مەرگدا جێهێشت. لە ئەسکەندەریە Alexandrie مار خودائیك هەیە Agathodaemon ، کە رۆڵەکەی هەر هەمان رۆڵی Hermès Thot ە ، واتە ئەوەی حەقیقەتی خودایی ئاشکرا کرد.

(بگەڕێوە بۆ R.Ganszyniec, De Agathodaemon, d'après phil.Woch, 1921, p.565 ) ڕەنگە ئەوە هەر ئەو خورافیاتەی Alexendrin Eustochin بێت کە وەك شەیتان بەخشی بێت بۆ ئەفلاتون. هەروا بنۆڕە :

Indian Serpent-Lore ( Probsthain 1926), Thorington, Serpent legends of the valis ( Bull. Geogr.sty of philad.xxiv, oct.1926). 9 Kûster, Die Schtange in der grichishen kunst und Religion (1913).

- تایفەیەکی secte عیرفانی gnostique بەناوی ئۆفیدەکانەوە Ophidiens هەبووە. Eddas ی سکەندنافی لەبارەی ژیریەکان و میرخاسی مارەکانی Vanir ـەوە ئەدوێ کە لە خوارووی وەڵاتی سەرەتایی Asesـەکاندا، واتە جا دووبازیەکانی scythie دەژی کە ژمارەیان زۆر بوون. ( Hérodote, Melpomène, 67 ) مارەکان بەدەوری گۆچانەکەی عەتارد Mercure دەچەمێنەوە، کە تێلاوێکی جادوو بازە، خوداوەندی جەنگاوەری Asclépios, Thanmatrgique دروشمە کەی ماریك بوو، بوونەوەرە ئەفسانە خوداییەکان، سەرۆکە تیۆکراتیەکانی، لەسەر شێوەی مارن: .Kekrops Borée, Typhon, Echidna Tritolème- کەسێ بنچینەی تەریقەکانی کەشیشە کۆنەکان پێکدەیەنێ، لەسەر عارەبانەیەکەوە

لەلایەن مارەکانەوە رادەکێشرێ. هەروا لەو بارەی پرسی Azdahak بنۆڕە:le problème des Centares par Dumézil. ئەوەی تایبەتە بە منەوە، ئەگەر چەند پێشنیارێك لەمبارەیەوە پێشکەش بکەم، دەمەوێ لەسەر چەند لەبەرچاوگرتنێکی پلانی فۆلکلۆرییەوە هەڵوێستە بکەم کە لەولای‌ترەوە خۆمان بەو تێبینیانە دەبەستینەوە کەمێك پێشتر ئیشارەتمان پێدان. بۆ ئەم مەبەستە من خۆم لە چەند تێبینی‌یەك وەنزیك دەگرم کە لە لێکۆلینەوەیەکی دیکەدا دامڕشتوون، کەلەژێر چاپدایە، ئەویش هەر لە هەمان بواری کوردناسیەوەیە. مەبەست لەمە بە تایبەت هەموو ئەو کۆمەڵە ترادسیۆنە تایبەتیانەیە بەمار کە لە گەڕان بەناو بوارەکانی ئەرمەن، کورد، میدیا و سکیتەکان تووشی دەبین. هەروا بێتەوە دوای Spigel .Fr بنۆرە (Erânisch Alterthumskunde, III, Band, p227 et seq).

پێویستە وەڵامی‌ئەو شیکردنەوە بەراوردکاریەی ئەفسانەیە بدرێتەوە کە لەلایەن Moïse Khoréunti یەوە گێردراوەتەوە کە تایبەتە بە ململانێی تیگرانی Tigran پاڵەوانی ئەرمەنی، دژ بە پادشای ماران( Astyages –Azdahak ) کە دوا جار سەردەکەوێ و بنەماڵەکە دەهێنێتە ئەرمەنستان، لەنزیك چیای Massis جێنشینیان دەکات. Fr.Spiegel سەرقاڵی ئەو تێبینی‌یە بووە نەخوازەش تێبینی‌یە پێچەوانەکان لەگەڵ حەقیقەتە مێژوویییەکان کە دەتوانین، لەلای Moïse یەکانەوە تێبینی بکەین. هەروا ئەوە تێبینی دەکات کە ووشەی Azdahak ئەژدەهاك، لە ئەفسانە ئەرمەنیەکاندا نییە، تەنها ووشەکانی مار vishap و vishapazak (منداڵەکانی مار) هەیە، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە وێکچوونێك لەگەڵ ئەفسانەی زوحاکی ئێرانیەکاندا بە ئاشکرا

هەموو ئەو تێبینیانە ئەوە دەردەخەن کە تا چ رادەیەك ژیانی ئایینی کورد نموونەیەکی سەرسورهێنەری سانکرێتیسمی پەرستنی هەمە چەشنە پێشکەش دەکات کە جاران لەم بەشەی ئاسیای ناوەراست دا تیشکی داوەتەوە. پرۆفیسۆر ن. مار، لە لێکۆلینەوە نایابەکەی خۆیدا ( ЧЕЛЕБЦ Еще о СЛОБЕ) [112] پێی‌وایە بۆ لێکۆڵینەوەی شارستانیەتە ونبووەکان، بۆ شیکردنەوەی توێژە

---

دیارە ( لەنێوان ئەمانەدا ئەو رۆڵەی کە بەیتار لە دوو گێرانەوە دا دەیگێڕێ، چیایەکانی دمارەند Demavand و ماسیس Massis ،هتد. دواجار Fr. Spiegel وای دەبینێ کە ئەگەر ئیپۆسی ئێرانی تەنگژە ئیتنیکیەکان conflits ethniques کە لەسەر شانۆی رۆژهەلاتی ئێراندا روویاندا رەنگدەبداتەوە، ئەوا ئەفسانە ئەرمەنییەکان وەك تەواو کەرێکی زۆر خۆشبەختانە خۆیان دەهێننە پێشەوە و دەمانپارێزی لە تەنگژەی هاوچەشن کە لە رۆژهەلاتی ئێرانا روویانداوە، لەگەڵ دانیشتوانە کێویەکانی قەوقاز، سکتیەکان (ئالانەکان) بەزۆری. لەنوێوەوە بەرەو رووی ئەمانەی دوایی دەبینەوە و پێمان وایە لێرەدا دەبێ ئەوە وە بیر بهێنینەوە کە بە گوێرەی Hérodote ، سکتیەکان بنچینەی خۆیان دەبەنەوە سەر خوادەوەندێکی نیوە ژن، نیوە مار کەلە نزیك زارکی Borysthène embouchure و Héraklès دا ژیاوە. هەمان تێمی فۆلکلۆری هەروا بە پەنجە راکێشان لەلای Moïse Khorénants دا دەخوێنینەوە. ( .,Spiegel, op.cit p.228 ) ئەفسانەکانی دیکە کە ناوی vishap یان لێنراوە Sind fabelhafte wasen, die mit dem otterngezüchte des N.T viele Ahnliehkeit gehabt zu haaben scheint).

هەروا سپیگێل ئەوەش تێبینی دەکات کە تیرەی بەگزادە ئەرمەنیەکان دەڵێن گوایە لەوەچەی پاشا مارەکانی مێدیایەکانەوە پەیدابوون کەلە نزیك Massis جێگیر بوونە، پاشای کوردی مێدیەکان، لە کارنامەکی ئەردەشێر پ Karnamakhi Artashir. بێنەوەی لێرە بچینە ناو ووردەکاریە فۆلکلۆریەکان لەگەڵ تیمی "مار"دا کەلە ناو بیروای میللی خوارووی رووسیاو قەفقازدا دەبینین. (هەروا بنۆرە سەربووردەی پالەوانی رووس ЭМЕЙ ТОРыНыЧ لەبارەی ئەو مارەی کە دەبێ بۆ خواردنەکانی مێشکی گەنجانی بۆ ببەن) ئەمەیان هەر هەمان ئەوەی ئەرمەنیەکان، مێدیەکان، سکیتەکان و کوردەکانە، لەلایەکەوە لە پێوەندیە ئەفسانەییەکانەوە ( لە سۆنگەی زانیاری ناتەوامان لەبارەی پێوەندییە مێژووییەکانی ئەم سەردەمە دوورەوە هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە).

[112] ( دیسانەوە لە بارەی ووشەی چەلەبی ) Zapiski, XX, livre 2-3 (1911), 99-151.

هەمە چەشنەکانی باوەڕ کە بە درێژەی سەدەکان، لەتراسیۆنەکانی کورد لە لای ئەم "گەلە لە مێژوو لەبیرکراوە"دا[113] ؛ کەڵەکە بۆتەوە. لەنێو ئەم توێژانەدا،

[113] لەو دەمانەی ئەو باسە دەخەینە ژێر چاپ، ئەمە ڕێگەی ئەوەمان دەدا کە لێرەدا ئاماژە بە پێ لەسەر داگرتنی ترادسیۆنی زەردەشتی بکەین لای کوردەکان. ئێمە ئەم ئیشارەتانە بۆ هاوڕێی کوردمان سورەیا بەدرخان پاشا دەگێڕینەوە کە بریتین لەچەند بەیتە هۆنراوەیەکی کوردی کە (بە کاراکتەری پەهلەوی) لەسەر نووشتەیەکەوە نووسراوە، کە ئەمەیان وەرگێراوەکەیەتی:

"پەرستگایەکانی ئورموزد Ormuzd روخێنران، ئاگردانەکان کوژانەتەوە، گەورەکان خۆیان شاردەوتەوە، مامە لەی دڵڕەقانەی عارەبەکان کوردەکانیان شکاند. کوردەکان خۆیان کێشایەوە ناو سنووری شارەزوور. ژنان و کچەکانیان بەدیلگیران. پاڵەوانەکان لە بۆسەدا کوژران. یاساکانی زەردەشت بێ سەرپەرشت مانەوە. ئورمورد چیتر بۆ کەس بەخشندە نییە". ( پێناچێ ئەم شیعرانە ڕاستبن و لەو سەردەمە دووره نووسرابن، پێدەچێ ئەمانە شیعری دەستکردی حوسێن حوزنی موکریانی بن و زۆر لەو کارە دەچێ کە دەیوویست لە سەر چیایەکان نەخش و نیگار هەڵبکەنێ، بەس بۆ ئەوەی بڵێن کورد شارەستانیەتی هەیە، وەرگێڕ).

بنكەی ژین
www.zheen.org

ئێمە ئەم تێکستە کوردیەی قسەی لەبارەیەوە دەکەین لامان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە تێبینی ئامادەبوونی تێمێکی فۆلکلۆری دەکەین کە پێوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ ماردا هەیە کە دەگەڕێتەوە ناو مەمان بازنەی لێکۆڵینەوە و بە شوێندا گەڕان. ئەمەیان نابێ هەروا بەبێ دەنگ تێپەر ببێ، بە تایبەت ئەگەر چەند وەردەکاریەکی دیکەی لێوە بزانین. ڕۆڵی مارەکانی سەرشانی زوحاك، لە ترادسیۆنی میللی کوردیدا لەبارەی بنچینەی ڕەگەزەوە (ماوەتە سەر ئەوەی بە شێوەی زمانەوانی ناوی سێ کەس لە چێشتچیەکانی ئەفسانە کە بزانین- ئارمایل، کورمایل و دەرمایل- ڕزگاریکەری ئەو گەنجانەی بۆ دەرخواردی مارەکان دانرابوون، جێگەی سرنجە بەتایبەت لەبارەی دوورەمین ڕەگەزی هاویەك لە هەر سێ ناوەکەدا کە دەتوانین پاشماوەی ئیتنۆژینیکی بەخۆوە بگرن). ڕۆڵی مار لە ترادسیۆنی ئایینی ئێزدیەکاندا کەوا پێدەچێ لەهەمووان بەوەفاتر پاشماوەی ئایینە گاورەکانی لەلای کوردەکانەوە پاراستبێ. دواجار چەند ئیشارەتێکی پابەند بە شوێنەکان، بە نموونە وڵاتی چکۆلەی ئۆرەمار Oramar لەناو دڵی کوردستانی ناوەند بە گوێرەی گێڕانەوەکان نەوای ماران بووە. ئەوە لێرەدایە کە دەشێ تێکەڵبوونێکی دوو ئەفسانەیی هەبێ، گاوریەك کە دەمانباتەوە سەر سەرجەم ئەوانەی پێشتر تێبینی کراون، مەسیحیەك کە بۆ سەر ئەوەی یەکەم زێدە بووە.) پیر چاکێك، ماری مامو Mari Mammu دەشێ جادووی لە خشۆکەکان کردبێ و لەناو ئەشکەوتێك دا دایخستبێ. لەسەرووی ئەوەوە کلێسەیەکی بەناوەوە

لەهـەموویان زێـتر قوڵـتر، سـەرەتایی لەچـەند شـێوەیەکدا، بێگومـان لەرێگـەی خورافیات و مومارەسەی میللیەوە گـەورە دەکـرێ. ئێمـە دەرفـەتی ئـەوەمان بـۆ رەخسا لە تێبینیـەکانمان لـەبارەی ژیانی کـوردەوە لێیان بدوێین و هـەروا پێمان

---

کراوە کە ئێستاکەشی لەگەڵدابێ ئەم کلێسـەیە هـەر ماوە، بنەماڵەیەکی ئاسووری بەتاق و تەنیا لـەناو نـاوەندێکی کـوردی پاسـەوانی لێدەکـەن. هـەموو سـاڵێك پاسـەوانە مەسـیحیەکە "بـارکی مارەکـان" دەبینـێ. بـە گوێـرەی بیروبـاوەری ناوچـەیی، ئەگـەر بنەماڵـە مەسـیحیەکە لـە دەستکەوتەکانی بەخششەکەی بێبـەش بکـرێ، ئـەوا خشـۆکەکان ئەشکەوتەکەیان جێدەهێلن و دەرژێنە ناوچە کەوە. ئەگەر بەهەڵە نەچوو بم، مار چەند شتێکی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ ولاتی موساسیری ئۆراتۆری هەیە، کە بە نزیکەیی دەکەوێتەوە ئەم بەشەی کوردستانی ناوەندەوە. ئەم خێرایی باسکردنە، ئەمەیان چەند سیمایەکە کە ئێستەکەش لەگەڵدا بێ دەبێ لە لێکۆڵینـەوەی فۆلکلـۆری کوردیـدا بیپـارێزین بـۆ ئـەوەی بـە شـوێن چـەند خـاڵێکی سـیمای پەرەنەسـتاندنی ئیتنۆژینیك دا بگەرێن.

لەسـەرێکی دیکـەوە ئـەم بـوارە یـەکجار بەرفراوانـە و پێوەنـدی بـە بەشـی ئەفسـانەی ولاتـە باکووریـەکانی Sigurd ی بکـوژی ئەژیهاکـەوە هەیـە، لەگـەڵ هـەموو ئـەو تێبینیکردنـەی کـە بەگوێرەی باوەڕی میللی ئە ڵمانی، کە ئێمە بەچەند بەرپەچدانەوەیەکی ناو مەتەلە کوردیـەکان دەستبەرداردەبین، ئەژدیـها (مـار) چاودێری گەنجینەیـەکی شـاراوە دەکـات. سـەرکەوتن بەسـەر فەلامـەزێك، وەك سـەرکەوتنی Sigurd لای ئەلمانیـەکان، یا کاڤیـە لەهـەمان بازنـەوە بـۆ ئـەو سەردەمەی ، ئێرانیەکان، دەشێ رەنگدانەوەی ئایدیای مرۆڤ بێت. ئەو مرۆڤەی کە کانزایـەکان وەبندەست دەخات و لە ئاسنگەریدا تازەکارەیە. ئەم لێکدانەوەیە دەشێ رێك بە هەمان مانای بایـەخپێدانی- تیکنولـۆژی" قوتابخانـەی ژافیتدۆلـۆژی japhétidologique بێـت. دواجـار تێبینی ئەوە دەکرێ کە لای بەڕێز N.Marr (Mudcku بە زمانی رووسی) بەم خزمایەتیەی خوارەوە لێکدەداتەوە:

Mé-d Mi-d Mâ-d Mar-D

بـە ئەرمـەنیش مـار Mar . ئەمـەی دوایـی جگـە لـە تۆتـەم Totem شـتێکی دیکـە نیـە "مـار" (resp.rmap) ئەم پرسـە لـە کتێبەکـەی بـەڕێز Marr, Les Vouapes کـە سـاڵی 1931 بڵاوبۆتەوە باسکراوە و ئێمە زانیاریەکانمان لـەبارەی پاشماوە ماتێریالـەکانی ئەوەوە وەرگرتووە کە گەواهی بۆ پەرستنی (مار) دەکات لە ئەرمەنستانی بتپەرستدا payeme .

وایە لەمیان خورافاتەکانی ئاسووری- کلدانیەکان، کە لە هەمان گۆواردا بڵاومان کردەوە، زۆریان لەگەڵ هی کوردەکان هاوبەشن [114].

بۆ تەواوکردنی ئەو بەلگە نامانە، لێرەدا بەلگەنامەیەك دەخەینە بەرچاوی فۆلکلۆریستەکان کە لەوانەیە کەرەسەکانی بەدەر بن لەچەند کەرەستەیەکی بڵاوکراوە بەزمانی رووسی، کە لە بولتەنی ئەنیستیتۆی قەوقاز بۆ مێژوو و ئارکیۆلۆژی، بەرگی سێیەم، تفلیس 1925، لە لێکۆلینەوەی بەڕێز T.chorsin ، لە بارەی کوردەکانی ئازەربایجانەوە بڵاوکراوەتەوە.

چەمکە گەردوونییەکان: خۆر، بۆ کورد ژنێکی جوانە، ئەوە بۆیە ئێمەی سەراسیمە کرد. مانگیش پیاوە) [115]. لەوێوە لە سیمایەکی زۆر تاریکتر، ئەوای شوێنی ئاوڵەی بەسەرەوەیە. بەگوێرەی داستانێکی میللی مانگ و خۆر خەڵکی گەنج بوون. لەبەر ئەوەی کورەکە هەرچەند لە کچەکەکە چووەتە پێش بەڵام خۆشەویستیەکە سەرینەگرتووە. دەزگیرانەکەی دووری دەخاتەوە و هاوار دەکات: خۆت بگۆڕە بۆ بوونەوەرێکی ئاوەها هیچ کەسێك نەتوانێ دەستی پێتبگا. کچەکە بوو بەمانگ و کورەکەش بوو بە خۆر. خۆرگیران ومانگ گیران بەهۆی چەند بوونەوەرێکەوەیە، بۆئەوەی خۆر گیران نەهێلرێ، پێویستە هەروا زەنا بکەیت: ئاگردەهاوێن، لەقاپ‌وقاچاغی مسین دەدەن. بە گوێرەی مەلایەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[114] چەند تێبینیەکمان لەبارەی پاشماوەی مەسیحیایەتی لای کوردەکان لە ووتاریکمان بەناوی
Les kurdes et le christianisme (Revue de l'histoire des Religions, 1922
بڵاوکردۆتەوە.

[115] لەم بارەیەوە بنۆڕە:
G.Jacob, der einflss des morgenlandes auf des Abendland, p.1 : ( .... Die âltesten religiosen Anchanungen sind diametral entgegengestetzt, indem die germanen zu jener volksgruppe gehôren, die deen Moud als mânnliches, die Sonne als weibliches wesen auffasst, wâhrend bei Griechen und lateinern des Moud weiblich und die Sonne mânnliech ist).
ئەم سرنجدانە بیبەری نییە لەچەند گرینگی‌یەك لە رەوتی پەرەئەستاندنی بیروباوەری سەرهەلدانی گەردوون و ئایینیەکان.

خۆر گیران بەمانای تورەیی خوا دێت. پێویستە نوێژ بکرێ. ئاسمان وەکو بنمیچێك لەسەر ئەستوونان وەستاوە کە لە ژێر دەسەڵاتی حەزرەتی سلێمان دایە و ئەو دەتوانێ تێکیبدات. هەر سەدەیەك سیمای ئاسمانی خۆی دەگۆڕێ. ڕێگەی کێشان ڕێگەی مەکەیە، لکلێبونەوەکەی- ئەوەیان بەرەو مەدینە دەچێ. هەموو مرۆڤێك ئەستێرەی خۆی هەیە، وەختایەك ئەستێرەك لەئاسمان دا دەرژێ، کورد دەڵێ نوێژێك بکە. ئەستێرەی کلکدار مانای وایە بەدبەختیەکی گەورە بەرێوەیە. پەڵکە زێرینە پێی دەڵێن پشتێنی دایکی فاتمە Fatma nâni kursagi. وەك زۆر گەلی دیکە، کوردەکان باوەڕیان وایە ئەگەر پیاوێك بەژێر پەڵکە زێرینەدا بڕوات، دەبێتە ژن، بەهەمان شێوە ئەمەیان ئەگەر ژنبێت لەوحالەتەدا دەبێتە پیاو. بەشی سوری شەبەنگ مژدەی خۆشبەختی و بەرەکەتی پێیە، زەردەکە نە مانای چاکە و نە مانای خراپەی نییە، ڕەنگە تۆخەکەی واتەی بەدبەختییە: منداڵەکان بەبینینی پەڵکە زێرینە، هاوار دەکەن "ڕەنگە سوورەکەی بۆ من". باران لەلایەن خوداوە بەخێرایی وەڵام دەدرێتەوە، ئەو (واتە خودا) فرمان بە حەزرەتی سولێمان دەدات کە باران بەسەر ئەم ناوچەیە دا ببارێنێ؛ سولێمان، وەکو سەرکردەی باڵای ئاژەڵان و باڵندان فرمانەکە دەگوازێتەوە بۆ هۆما Humä کە لە سەرووی هەموو باڵندەکانەوەیە[116]. هوما هەر دەم و دەست هەموو باڵندەکان کۆدەکاتەوە و فەرمانیان پێدەدات: تا لە فلانە ئۆقیانووس ئاو بە دەنووکانیان بکێشنەوە یا لە فلانە زەریا ئاو بەرز بکەنەوە و فلانە شوێنی پێ ئاوپرژێن بکەن. باڵندەکان فەرمانی پاشاکەیان جێبەجێدەکەن، جیاوازی دڵۆپە بارانی گەورە و بچوك لە جیاوازی دەنووکی باڵندەکانەوە دێت. تەرزە، بەفر هەمان بنچینەیان هەیە، ئەمە ئەوە لێکدەداتەوە کە لە پلەی گەرمایییەکی زۆر نزمتر باڵندەکان بەرزتر هەڵدەفرن.

گرمەی هەور و هەورە بروسکە لە ئەسپ سوارێکەوە دێت کە لە ناو ئاسمانا لەسەر پشتی ئەسپێکدا بەخۆیی و قامچیەکی ئاگرینەوە پیاسە دەکات. گرمەی

---

[116] بگە ڕێوە بۆ لێکۆلینەوە دیارەکەی M.Stasiak لەبارەی باڵندەی Catuka, Ro.II, 33-117. ەوە. ( هۆما: باڵندەیەکی خەیاڵاوییە لە ئەدەب و نووسینی ئێرانیدا، پێیان وایە ئەگەر لە سەر شانی کەسێك نیشتەوە ئەوا ئەو کەسە بەختەوەر دەبێ، وەرگێر).

قامچییەکە هەورە تریشقەیە، بروسکەی قامچییەکەش هەورە بروسکەیە. ئەگەر کەسێك ترسا، دەڵێن خوا لەبەر گوناهەکانی سزای داوە. نابێ ئەو ئاگرەی کە بەهۆی هەرە تریشقە وە پەیدا دەبێ بکوژێتەوە، هەروا نابێ گۆشتی چارەوی هەورە تریشیقە لێدراویش بخورێ.

لەدوا چوارشەممەدا[117] (ئاخر چارشەمە) پێش نەورۆز بایرام، ئاو لە رووبار و جۆگەلەکان دەوەستێ و تەواوی سروشت دەخەوێ و لە جوولە دەکەوێ و ئاسمان خۆی دەکاتەوە. ئەو کەسەی ئەم دیاردەیە ببینێ و بتوانێ لەم کاتەدا چەند نیازێك لە دڵی خۆی بگرێ، بە هەموو دڵنیاییێکەوە نیازەکانی جێبەجێ دەبن. بوومەلەرزەوە لەوەوە دێت کە زەوی بەسەر پشتی کەڵە گایەکی سوور راوەستاوە. جا هەر کاتێك کەڵە گاکە ناوە ناوە گوێچکەی هەڵدەخات و کلکی با دەدات ئەوسا زەوی دەلەرزێ. هێندێکی دیکە دەڵێن: وەختایەك مێشەکە خۆی لە گوێچکەی نزیك دەکاتەوە، کەڵە گایەکە چاوەی دەتروکێنێ و زەوی دەلەرزێ. جا ئەگەر، مێشەکە خۆی خستە سەر پشتی کەڵەگایەکە ئەوا مێشەکە خۆی رزگار دەکات و تەواوی جیهانیش لەناو دەچێ. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەی بەڕێز Tchoursin چەند ئیشارەتێکی تایبەت بە باوەڕەکان و پراکتیکە ئەفسوناوییەکان دەچنینەوە. هەروەها بە گوێرەی باوەڕێك کە ناسینی ژمارەی شتەکان، دەسەلاتێك بەسەر ئەمانەدا دەگوازێتەوە، کوردەکان لە ژماردنی چارپێیەکانیانا خۆیان بەدوور دەگرن لە ترسی ئەوەی نەوەکا هاوسێیەکەیان بتوانێ ژمارەکەی بزانێ و چاوی پیسی لێبدات. بۆ هەمان مەبەست شیاو نییە لای کوردەکان ژمارەی تەواوی ئاژەڵەکانیان بڵێن. بۆ زامنکردنی پیت و فەری داب وایە بۆ ئەو هاوسێیانەی مێشتاکە چارەویان نییە، شیری ئەو مانگایەیان بدەنێ کە

---

[117] هەروەها بگەڕێوە سەر:
Y. Mar, Une autobiographie de Mitza Mohammed Kermani et son ouvrage sur les croyanceset coutumes se rattachant au mercreddi rouge) (Bull.de. l'Ac. Des Sc. De l'Urss, 1927, 5-6, 467-478.

یەکەمجار شیر دەدەن. بۆ گەڕانەوەی ئامانی شیرەکە دەبێ ئاگاداربی بەبەتاڵی نەیگێرینیتەوە، هەمیشە وا دەبێ بڕێك خوێ یا هێلکەیەکی تێدەکەن، بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر نا بۆ ساڵی دادێ ئەوانەی شیریان بۆ ناردوون شیریان نابێ. وەختایەك باوك کریڤ parrain (کروو بە کوردی، کیرو بە ئازەری، کاریوە لای ئاسووری- کلدانیەکان) بۆ کوڕە کریڤۆ filleul خەتەنە کراوەکەی پلاوی Plow بۆ دەنێرێ، لە کاتی گەڕانەوەی ئامانەکە دیاریەکی بۆ دەخەنە ناو ئامانەکە یا (پارچە قوماشێك یا مانگایێك) [118] ی بەگەڵ دەدەن، دابی دیاری گۆڕینەوە لێرەدا وەك بەڕێز Tchoursin دەڵێت وەکو دەرئەنجامی ئایدیای ئەفسوناوی وایە، بەو پێیەی ئەوەی کە لە گەرانەوە دا ئامانێکی بۆشی بۆ هاتۆتەوە هەرەشە لە خۆشنوودیەکەی دەکرێ، لەچەند شێوەیەك پەتای "بە بەتاڵی ناردنەوە" دەیگرێ کە ناو ماڵەکەی دەتەنێتەوە. هێشتاکەشی دەگەڵدا بێ ئەم باوەڕە هەر مکومە کە لە کاتی کڕینی مانگایەکداوەختایێك دەست لەناو دەست دەنێنن، لەپێشدا مشتە خۆڵێکی بەدەستدەگرن و دەڵێن Allah her versin [119] خودا چاکتان بۆ بهێنێ. ئەسپ بە ناچاری لەگەڵ جڵە و زینەکەی دەفرۆشرێ، بەشێوەیەکی دیکە دەنا کڕیار خێری لێنابینن. وەك زۆر گەلی دیکە، کورد باوەڕیان بە هێزی ئەفسوناوی بازنەوە هەیە. بازنەیەك، لە دەورووبەری خۆیانەوە، لە ناوچەیەکی دوورە پەرێزو نەناسراو دەکێشن و تا لەچاوی پیس بە دوور بن و وێرای ئەوە ئەگەر قیریشی بەدەورەوە بێت شەیتان تووڕە دەبێت و لەوانەیە پێوە بێت. بۆ نەهێشتنی قات و قڕی، ژنان دەچنە سەرکانی و بەرێکی خۆیان دەشۆن. ژنان بەیەك گاجووت کێڵگەکاری دەکەن و ئاوی لە رووبارەوە بۆ رادەکێشن. بەپێچەوانەوە بۆ وەرزی باران بڕین، بەنموونە گوریسێك دەهێنن: 7 یا 9 جارانی گرێ دەدەن، هەر گرێیێکی بەناوی پیاوێکی کە چەڵەوە دەکرێ و دوای ئەوەی گوریسەکە فرێدەدرێتەوە ناو ئاگرو دەڵێن ئاگرم وە کەچەڵ وەنا، کەبەهۆی سەری

---

[118] پێم سەیرە و نەمزانی لە کوێی کوردستاندا مانگا بە دیاری دەنێردرێ، وەرگێڕ.

[119] ئەمە هەرگیز کوردی نییە و تورکییە، نازانم چۆن ئەمە بەسەر نیکیتیندا تێپەڕیوە، وەرگێڕ

رووتاویان کە لەبەر خۆردا دەبرسێکیتەوە. ئەو پراکتیکە تایبەتە بە قات و قڕی و ئەمە هەروەها لەلایەن چەند گەلێکی قەوقازیشدا هاوبەشە. ناوەندە جوتیاریەکانی رووس، لە زۆر ناوچەدا هەمان باوەڕیان بە هێزە تایبەتیەکانی سەر رووتاوەییەوە هەیە. دابێکی دیکەی کورد بۆ باران بارین ئەوەی کود و کوودووە. کۆمەڵێک کوڕێژگەی 10 تا 12 ساڵ بوکۆکەیەك ئامادە دەکەن، دارێکی تێدەخەن کە کۆتاییەکەی کەمێك گەورەیە و دەیخەنە سەر سەر، بەو بوکۆکە بە گۆرانی چرینەوە پیاسە دەکەن: کودو، کودو. ژنەکانی ماڵ دیارییان دەدەنێ، پەنیر، گەنم. دابێك کە زۆر بەفرەوانی باوە.

بێگومان ئێمە چاکدەزانین ئەم بوارەی باوەڕە میللیەکان، دوورە لەوەی ئاڵیکاریمان بکات لە دەستنیشانکردنی برێك چەمکی ئەفسووناوی، ئاینی، بەڵکو زێتر ناچارمان دەکات بە فراوانی ئەنجامەکانیی داب و نەریتێك، ئیدیٚ یەك لە ناوەندە جیاواز جیاوازەکاندا ئەنجامگیر بکەین. لەلایەکی دیکەوە لە بەر ئەوەی ئەم ئیتنیانە ئاستی کۆمەڵایەتی ژیانیان لە یەکدەچیٚ ئەوا ئەم ئەم جیاوازیەی لە سیستمی ئیتنیکیاندایە هێندە بەرچاو نییە. هەڵبەت، ئێمە پێمان وایە بێسوود نییە لێرەدا ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە لەلای کوردەکان، وەك لەلای گروپە ئیتنیکیەکانی دیکە کە سەر بە هەمان ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتین بەشێکی چاکی داب و نەریتەکانیان نەك بۆ ئاینەکانیان، بەڵکو بۆ خورافیات و باوەڕێك دەگەڕێتەوە کە بۆ زۆربەیان، لەرێگەی مۆدی ژیان و بایەخپێدانەوە هتد دەستنیشاندەکرێن. چەندین ناوچە لە رێگەی لە یەکچوون و پێوەندی هەمە چەشنەیان تێدا وەدیار دەکەوێ کە لە چەند شێوەیەکدا بنەمایەکی هاوبەشی درك پێکردنیان هەیە، وێکچوونێکی سەرسورهێنەر کە دەتوانن خۆیان بەدیار بخەن، کە هەر ئێستەکە ووتمان، لەو هەرێم و لای ئەو گەلانەی کە زۆر دوورن لەیەك کە گریمانەی لەیەك وەرگرتن بەدوور دەگرێ، هەر وەك چۆن ئەم لێکچوونانە دەتوانن لەبازنەی بەرتەسکتر خۆیان بنوێنن کە ئێمە لێرەدا بەتایبەت رەچاومان کرد. هەروەها لە نێو خورافیاتیەکانی کوردەکانی ئازەربایجان کەلەلایەن بەرێز Tchoursin تێبینی کراوە، یان لەلای ئاسووری و کلدانییەکان کە ئێمە بابەتێکی

www.zheen.org

هاویەشمان لێبڵاوکردەوە کە بە باوەڕی هۆزەکانی هاوسێیان دەبەستێتەوە. ئەم تێبینی‌یە بۆ ئێمە ئەو هێندە بەنرخە بۆ نموونە لای هۆزەکانی قەوقاز، پاشماوەی پەرستنی دارو بەرد [120] هەیە، کە بەڕێز Driver یش لای کوردەکان تێبینی لێکردووە کە دەڵێ (هەمان سەرچاوە):

*"لە ناو هۆزەکاندا بڕێکی کەم هەن کە داری دارستانەکان دەپەرستن و جێگەی ئەو پەرستنانە لە شوێنی نادیارەکانە و بەتەختەو گاشە بەردی گەورە گەورە وەك خانوو بەردینەکانی کۆن دەوریان داوە".* [121]

"ئێمە باوەڕمان وایە بتوانین شێوەی قێزەونی فەلامەزێکی alki بەراورد بکەین کە تەنها پێش نەخۆشی، مەرگ یا شێتی [122] وەدیار دەکەوێ" لەگەڵ ڕۆحی ناوی ئال،کە بەڕێز[123] Y. Marr وەکو بوونەوەرێکی ناسراو لەلایەك وەکو دۆژ (دۆزەخی) فارسی و فۆلکلۆری قەوقازی باسی دەکات. ئێمە پێمان وایە کە دانیشتوانی شوێنە بیابانشینەکان Pirawlullk یان Pirehoulk – کە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا باسکراوە، لەوانەیە سەر بە هەمان کاتیگۆری بوونەوەرەکانی چەشنی ئال بن. ( لەنیگای زمانیەوانیەوە H ی یەکەم (ها) یەکی ئاساییە لە ووشە کوردییەکاندا، کە ئەمە لە زمانی فارسیدا نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[120] بگەڕێوە سەر وتارە زۆر سرنجڕاکێشەکەی M.Mescaninov لە گۆواری ( ڕۆژهەلاتی نوێ) ، مۆسکۆ، ژمارە 26 و 27. هەروەها بۆ جەژنە کۆنەکان بگەڕێوە بۆ نووسراوە کۆنەکەی Bodenstaed, Les peuples du Caucase.

[121] ڕاستیەکەی ئەو هۆزانە دار ناپەرستن بەڵکو ئەم دارانە نوێنەری کەسایەتییکی پیرۆز و گەورەن، ع، مەردوخ.

[122] بگەڕێوە سەر گوتارەکەی ئێمە: Quelques observations sur les kurdes dans le Mercure de France, 1921.

[123] هەمان سەرچاوە، بگەڕێوە پەراویزی 117.

پاشگری ك، كە لە لایەكی دیكەوە، ئەگەر بەهە لە نەچووبین لای قەوقازیەكان زێتر لای ئەرمەنیەكان ناسراوە، لە زمانە ئێرانییەكاندا نیشانەی كەمكردنەوەیە. هەروەها بشێ بتوانین لە ئامادەبوونی كردەیەكی فۆلكلۆریەوە، بەشداری لە بەرتەسكردنەوەی پێوەندی كوردی- ئیرانی- قەوقاسی بكەین[124]؟

ئەم چاوپێداخشانە سەر پێیانە رێگەمان پێدەدەن ببینین كەوا ژیانی ئایینی لای كوردەكان دەوڵەمەندییەكی گەورەی هەیە بەشێوەیەك كە هەتا یەك شێكردنەوەیەكی روو كەشانە چەندین توێژی بۆ بەدیار خستین كە هەر یەكەیان

---

[124] بەو پێیەی توانیمان یەكێك لە نووسراوە تازەكانی پرۆفسیۆر ن. مار (ЯзыКОФАя............) بە سەر بكەینەوە، كە لە نێوان ئەو لێكدانەوەی باسیان دەكات، لێكدانەوەیێكی ووردی ووشەی جالجالۆكە araignée و هاوپەیوەستەكانی ئەم ووشەیەمان دۆزیەوە. ( لا: 33 تا 37). دەبێ ئەوە نیشارەتپێبكەین كەوا تێرمی دێوناسی démonologie كوردیی پیرەهولك pirehoulk ئەویش یەكێك لەم ووشانەیە كە لەم زمانەدا بۆ مەبەستی جالجالۆكە بە كارهاتووە، لە هەمان كاتدا مانای "پیرەژن"، " جادووباز" : " پیر+ها-ووك" دەگەیەنێ ( تێبینی ئەوە دەكرێ كە سوانی élision ی ( L ) ەكە دیارە. بەرێز مار ( op.cit, note 2, p.34 ) بە تایبەت سرنجمان بۆ سەر ئەم بەهایانە رادەكێشێ كە ئەم تێرمە دەتوانێ ببێ بۆ لێكۆڵینەوەی ترادسیۆنی دایكانی پاكیزە، لە دووەم بەشیدا بە تایبەت كە بووەتە بەشێكی سەربەخۆ، دەیەوێ بڵێ كە لای كوردەكان ( vi–he-cu-he ) مانای پێكەوە ژیانی ژن و پیاو دەگەیەنێ بە بێ مارەیی concubine " ژنی حەرام". ژنانی كورد لە نێو خۆیاندا بە واتەی " هاورێی خۆشەویست" ، "خۆشەویستەكەم" بەكاری دەهێنن. ژنانی یەك پیاو، هەوێ hä-vi ێن لە هەردوولاوە ( M.J.A Orbéli بۆ بەرێز مار). بەرێز مار باوەڕی وایە كە ترادسیۆنی " دایكانی پاكیزە" mères-vierges ئۆرگانیزەكردنێكی هاوبەش و سۆسیالە كە كەوتۆتە پێش ئۆرگانی بنەماڵەوە كە تا ئێستەش لە چەند تێرمێكی جیۆرجی و ئەرمەنیدا خۆیان دەنوێنن ( cf. op.cit, pp : 53-54 و تێبینی یەكەم تا لاپەرە 54) . لێرەدا رێگە بە خۆمان دەدەین ووشەیەكی دیكەی كوردی بۆ جالجالۆكە زێدە بكەین ( كە بە تایبەت لەم تێكستەی ئێستەدا بەردەستمان خستووە و چاومان پێكەوت ئەویش ووشەی داپیرۆچك " یە dapirouchk" كە لە هەمان كاتدا بە مەبەستی " پیرەژن" یش بەكاردێت كە مەبەست لەوە مامانە.



www.zheen.org

له یەکدی جیاوازن کە لە دروستبوونێکی ئالۆزی گشتیدا ئالیکاری دەکەن کە لە ژێر بریسکەی ئیسلامدا شاردراونەتەوە.

لەبارەی ئەو پرسیارەی کردمان کە لە چ رەوشێکدا ئەم تێکستە بڵاوکراوەیەی ئێرە رەنگدانەوەی هەستی ئاینی راستەقینەی کوردەکانە، تێبینییەکانمان رەنگە لەوانەیە رێگەمان پێنەدەن بەشێوەیەکی یەکجاری وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، بەڵام تێبنیەکان ئەوە نیشاندەدەن کە رەهەندەکان و دوراییە حەقیقیەکانی چەند پێکەوە بەند بکەن.

پاریس، ژانڤیەی 1932

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە:

- *Rocznik Orjentalistyczny*, Tom VIII, ( 1931-1932), Lwow, 1934, pp. 116-160.

# حکایبتا

## درویش کردی سلیمانی ومجتهد کربلاییی

ده سال پیشی نوکه · درویش علی هبو له باژیری سلیمانیی · کیم تشتك ژ علم · وفارسی خوندبو . أما مرووکی زیرك وتیگشتی بو . گلك جاران دگل ملاییت چاك ژی جدله وآخوتن دکر . شولاوی دایمی گریان‌بو . دچو بغدای - کرکوکی . هولیری . موصلی بوخوتشت ژ دولتمندان دخواست · عیالی‌خو . بوی طرزی بخدان دکر . جارکی گوت دی چمه کربلای . اگرچی شیعه نه‌أما ناوی من لو یدری ژی مشهوره - ممکنه کو ژ برخاترا زیارت کرنا مرقدی امام حسین · بومن باره بیکنی باش بکن . خلاصه چو کربلای . چوحضورا مجتهد · اظهارا اخلاص ومحبتا امام حسین کر . مجتهد گوته وی · بحثی قابلیت وزیرکیا ته لناو مه‌ژی معلومه · هیج عیب وکیما سیاته‌نیه فقت تشتك عیباته هیه اگرأوژی نبا ایدی بیت وکی‌ته ندبون · درویش علی گوت · عیبا من چیه · اگر ممکن بیت بوخاترا جنابی مجتهد دی هیلم مجتهد گوت بلی ممکنه وگلك بسنائیه · درویش علی گوت چاوا ممکنه · مجتهد گوت · تو سنی وره به شیعه · درویش علی گوت بلی · بدو بسنائیه بیژم ازبومه شیعه · أما ژ مذهبی خو چون بو مذهبکی دی بی

دليلكى محكم وآشكرا مكننيه دل باوربكت · نوكه ازگلك ممنون ومتشكرم جنابى مجتهد دليلكى وتوبو من بينيت · دلى من باوربكت كو شيعتى حق‌تره ژ سنيه‌تى · هنگى البته بى خواهشا جنابى مجتهد · طبيعى دى بمه شيعه أما پيش وخت از هيوى ژ جنابى مجتهد دكم · اگر بمقتضاى مباحثه جوابكى نه‌لايق · يان أعتراضكى كريت واقع ببيت ژ بنده معاجز نبى وتمام آزاديا آخوتنى بديه بنده · مجتهد گوت البته دگفتگويا مذهبيدا زيده‌تر ازاديا كلام لازمه · والا حقانيت اشكرا نابيت درويش على گوت · خوب بلا جنابى عالى بفرموت بچه دليل شيعتى حق‌تره ژ سنيه‌تى · مجتهد گوت · يا على ولى‌الله · يا دوازده امام بيركتا ناوى مباركى هنگو از گفتكويكى بى تعصب وبى‌ميل وغرض دگل براى محترم درويش على دكم اميدا من أوه‌كو بهمت وبركت وميمنتا هنگو درويش على دى قبولا مذهبى حق كت · يا درويش على محترم ناوى ته قوى مباركه هيچ شبهه نيه تو دى لدو ناوى خوچى · مرتباته دى عالى بيت · نوكه مذهبى شيعه ديژنى جعفرى چونكو لسر گوتنا امام جعفرى صادق عمل دكين وركنكى دينى مه · تولى وتبريه · يعنى محبتا دوازده امامان · وبغز وكين دگل دژمنيت امامان أول شرطه بو مذهبى شيعه · أوه دمذهبى سنى‌دا نيه · اگرچى دليل گلك هنه لسر افضليتا مذهبى شيعه · أما أوه بتنى بو بيت وكى ته تيگشتى

أزتخمين دكم كافيه · درويش على گوت اگرچى بى اديبه أما
بنده عرض حضورا آقاى مجتهد دكت · أول فرموده جنابى
مجتهد يا على ولى الله مناسب مقام نبو : چونكو أولى كلام
ناوى خدى مناسبه · بس‌چاك اوه بو هنگو فرموبا · يا الله
بيركـتا ناوى على · وفرموده جنابى مجتهد تولى وتبرى ركنى
مذهبى شيعه‌يه · اگر مقصد ژ تولى محبتا دوازده امامانه ·
كوذاتيت نجيب ومتدين · وصاحب غيرتن · وساعينه دنشرا
دينى‌دا · أم سنى ژى وهى تصديق دكين · واگرمقصد ژ محبتى
ايمامانه به نيابتا وانه بو پيغمبر · ونيابتا غيرى وان ناحقه أم
سنى ديژين دينى‌مه به آيت حديثا صحيح ثابته نه له قرآنى
نه له حديثان مه چه دليليت واضح نينه كو نصا قاطع بيت
له سر أفضليتا اماميتا دوازدان ژ ابو بكر وعمر وعثمان · آيت
ظاهرالدلالت نيه · حديث ژى كـو متواتر نيت وقطعى
الدلالت نيت اعتبار بو نيه دبابى ايمانى‌دا · اگر هنه بيژه ·
چونكو نبون · مجتهد معطل بو · گلك اينان أما نصا صريح
نبون دمطلبى‌دا · واگر مقصد ژ تبريى بغز وكين بيت دگل
كسى بيژيت دوازده امام خرابن استغفرالله سنيان ژى أو طرزه
كس خوش نوين · واگر مقصد ژ تبريى بغز وكينا ابو
بكر وعمر وعثمان بيت · أم سنى بى آيت وحديثيت صحيحه
نه تصديقا محبتى ونه تصديقا عداوتى دگل هيچ كس
ناكين · خاسما امثالى ابوبكر وعمر وعثمان كو غيرتاوان لسر

پیمغبر گلك هبو · أم چاوا دی تبر یی ژ وان کین · یان
أو دینی اسلامی دیت ناحق بیت · یان اگر حقه أوانه
افضلن مجتهد گوت بلی وتوبو · ابو بکر · عمر · عثمان ·
گلك غیرت لسر پیغمبر · ولسر دینیٖ‌وی کیشان أما دومای
درحق حضرتی علی کلك ظلم کرن · نیابتا پیغمبر حق وی بو
بلی وان بخورتی ستاندن · ما أم شیعه حق‌نینه تبریی ژوانه
بکین چونکو وان بی بختی دگل پسمامی پیغمبر کرن · درویش
علی گوت · هونگ شیعه دو خبریت منافی یبك ودو دیژن ·
چونکو هونگ جارکی دیژن علی شیری خدیٖ‌یه · ژهمی نوعی
بنی بشر شجیع‌تر ومقتدرتربو · پاشی دیژن ابو بکر · عمر ·
عثمان · خورتی لوی کرن · بس اگر علی زانی بیت أوانه
پیشتر وحق‌تر بون ژوی لوا سکوت کر · ورازیبو بنیابتا وان ·
هنگی وتو تیته زانین کو‌وانه ظلم نکرنه · بلکو شولکی دجیی
خودا کرنه · بس لازم تیت أوانه افضل‌ترین ژ علی ·
واگر علی ژترسی نویرابیت دفعا ظلما وان بکت هنگی چاوا
ممکنه بیژنه وی شیری خدی · ژابو بکر · بترسیت · حقانیتی
بزرکت · پاشی هروتو ژعمر عثمان ژی بترسیت · هنگی
لاییق‌ترنیه بیژنه وی ریویی خدیٖ‌ژی · چه جیی شیرینیی ·
بس یاجنابی مجتهد یان شیری خدی راسته · قبول‌کرنا خورتی
وظلما هر سیان درویه · یان خورتی وظلما وان راسته شیری
خدی درویه · کیشکی دهلگری هلگره · من اختیار هاویته دستی

جنابی آقای مجتهد · وختی درویش علی هوگوت جنابی مجتهد
قرس الله اسنانه · قوس الله ظهره · وکی مریشکی لبن کله کوکی
مات ومتحیر و بی دنگ بو · پاشی مقدارکی سکوتی · مجتهد
گوت بلی ممکنه ژبر مصلحتا وختی حضرتی علی ظلما وان قبوله
کربیت · والا دشیا وان دفع بکت · درویش علی گوت · شولا
حق کی بشیت بکت · واهمالی وتأخیری بکت هنگی سفاهته ·
أوه جنابی آقای مجتهد حضرتی علی زیده‌تر رزیل و رسوا کر ·
مجتهد گوت · ایدی بحثی حضرتی علی ناکم تو دلیلان قبوله
ناکی · مقصوداته جدله‌یه · بحثی مسئله‌یکی دی دی‌کین ·
درویش علی گوت استغفرالله چاوا بنده دلیلان قبول ناکم ·
مقصودا من جدله‌نیه بلکو تمام مراما من. أوه‌یه بدلیلکی
واضح حقانیت ثابت وآشکرا ببیت أما جنابی مجتهد هیشتا
دلیلکی وتو نه اینایه کو بجوکی لاندکی ژی قانع بکت ·
مادام جنابی مجتهد حز دکت بحثی مسئله‌یکی دی بکین صاحب ·
اختیاره بفرمون · مجتهد گوت · هونگ سنی گلك بی انصافن
قلبی هنگو گلك رقه · هونگ قت تازیی بو امام حسین مظلوم
شهیدی کربلای ناکن خو ناکتن · ناگرین · بلی أم اهلی
شیعه بو نوبی حضرتی پیغمبر تازیکی مزن هویا محرمی دکین ·
لنك مه یقینه خدی دی مه عفوکت بوخاترا امام حسین ·
کو دلی مه گلك بو وی دصوژیت · درویش علی گوت · اولا
حکمی شرعی بی دلیلا آیت · و حدیثا صحیح · ثابت نابیت ·

بنکەی ژین www.zheen.org

درحق وی تازیی البته آیت · وحدیث نیه چونکو پاشی پیغمبو واقع بویه · واجماع و قیاس ژی نیه · چونکو همی أمت ناکت · ونکریه ژی · ثانیا وهی عرض حضورا أقای مجتهد دکم · آیا پیغمبر مزن‌تر واشرفتره یان حسین · وآیا علی افضل تره یان حسین · مجتهد گوت البته پیغمبر وعلی مزن‌تر واشرف‌ترن ژ حسین · درویش علی گوت · بس تومای بی دلیل وملزم · مجتهد گوت بوچی · درویش علی گوت · چاوا بوچی · بس مادام پیغمبر وعلی اشرف‌ترن · پیغمبر هرچند بکشتن نه مریه اما علی بدستی ابن ملجم هاتیه شهید کرن · أم اگر تازیی بکین لازمه ژریوه بووان بکین پاشی بو حسین · مادام مه بو افضل واشرف نه‌کر · بو چی بویی ادنی وأقل بکین · علاوه وهی کشتنا حسین اگر حق بو · شهیدنیه · اکر نا حق بو · شهیده ومرتباوی عالیه لنك خدی بی مو‌ناوی بوی طرزی چیتربو · بس تشتی کو بو آخرتاوی چیتر بیت لازمه أم کیف خوش بین کو واقع بویه نه خمگین بین · آیا أم سنی بی انصافین یان هونگ شیعه سفیهن کو فرقی ناکن دماینا چاك و خراب دا · وشولا بجی دهیلن · شولا بی جی دکن · دیسا مجتهد متحیرما نزانی‌چه جواب بدت چونکو خبری درویش علی عقلی‌تربو · مجتهد کوت سبحان‌الله قلبی ته وکی آسنی رقه هیچ نرم نابیت درویش علی کوت · قلبی من ژپولاژی رق‌تره له‌بروان طرزه دلیلانه · أما کلك ژشمای نرم‌تره له‌بردلیلیت قاهیم · وبجی · مجتهد

بنکەی ژین www.zheen.org

کوت تشتکی دی هیه هرکس تصدیق دکت · أوەیەهمیشه أم دبینین · ودبهیسین · اهلی سنی کلك دبنه شیعه · أما مه قت نزانیه کسکی شیعه بوبیته سنی · أوه حکمتاالهیه بو نصرتا مذهبی حق · وأمارەیکی قویه لەسر شرفا مذهبی شیعه · وبوخدانی وجدان انصافی دلیلکی کافی · وعقلیه لەسر حقانیتا مذهبی عالی شیعه · أزدبیژم عزیز محترم برای مکرم درویش علی دی وهی قلباً تصدیق کت · وایدی هیچ کفتگو ناکت بی سوال وجواب دی بشرفا مذهبی مبارکی شیعه مشرف وبهرمور بیت · ومه همی دوست وبرادران ژی · دی کلك کیفخوش وممنون کت · درویش علی · أولا پیچك کنی · پاشی کوت سبحان‌الله أزکلك تعجبی دکم ژعلم وفضلا جنابی اقای مجتهد وژاعتمادا وی لەسروان طرزه دلیلانه · کو ژ تونی داپیروشکی سست ترن مذهبی کو اساسی وی لەسروان طرزه دلیلانه بیت ، وکی دیواری سرجمدی‌یه هروختی هتاوك لیدت · جمد دی بهژیت · دیوار دی هرفیت · مجتهد کوت بوچی تووه دیژی ما وی دلیلی تشتك عیب ونقصانی هیه · أکر أو مذهبه حق نبا بوچی خدی دایمی سنیان دکته شیعه · بوچی جارکی شیعه ناکته سنی · مگر خدی دژمنی شولا چاکه · درویش علی کوت از رجای ژجنابی اقای مجتهد دکم سل نبیت · چونکو دجوابا وی دلیلی‌دا · أز مجبورم هندك تمثیل وتشبیهان بیژم · ودواندا تشتیت کریت ونه لایق دی‌هینه کوتن مبادا دلی جنابی عالی به ایشیت · مجتهد کوت · نه · خاطرجم به · هرچی

www.zheen.org

دبیژی · بیژه · أز هیچ سل نابم · درویش علی کوت · کنم اشرف تره · یان کو · مجتهد کوت أوه چه خبره تودبیژی · درویش علی کوت چاوا چه خبره أوه خبرکی کلك بجی‌یه · چونکو خدی دایمی بقدرت و اراده‌یاخو کنمی دکته کو قت مه ندیتیه · ونه‌بهیستیه جارکی · خدی کو بکته کنم · مگر خدی نعوذ بالله دژمنی کنمی · ودوستی کویه · ولنك خیالا جنابی مجتهد أوه کوهرتشتی خلك طالب ومشتاقی وی بیت أو حق‌تر واشرف‌تره · باوجود أوهیچ مسلم‌نیه · چونکو هوسا انسانی همیشه تشتی ادنی ژتشتی اعلا چیتر دویت · ماته نخوندیه خلك چیتر لدو فرعونی دچو · نه لدو موسی · ولدو فریسیان دچو · نه لدو عیسی · ولدو ابو لهب دچو · نه لدو محمد ولدو یزید دچو · نه لدو امام حسین · بس لسر فرموده جنابی آقای مجتهد هرکی‌تابعیت وی زیده ترین · أوکس حق‌تره · أوه ژی له هیچ دینکی مسلم‌نیه · اکر مسلم بیته حقانیتا هیچ دینکی · تونشی اثبات بکی · وختی درویش علی أوبیانه کر دیسا جنابی مجتهد · ورم الله بطنه · بومریشکا بن کله‌کوکی قدرکی سکوت کر · پاشی کوت تشتکی دی هیه هونگ سنی ژنا بی‌ادب · فاخشه دحبینن · أم شیعه خدان وجدان وپاك قلبین هیچ وهی قبول ناکین · درویش علی کوت أو ژن کیه · مجتهد کوت سبحان الله هیشتا ته نزانیه أوژن کیه · أو ژروژی آشکراتره · مادام تشتی هو آشکرا تو قبول نکی دلیلیت عقلی چاوا دی سلمینی · درویش علی کوت

حز دکم وی ژنی بیان بکی پاشی اکر نشیام جوابی بدم هنگی
اعترازا جنابی هنگو حقه · مجتهد کوت أوژن عایشه‌یه ·
دوی حو بوی کوتنی هرماند · درویش علی کوت · أو ژنا کی‌یه
مجتهد کوت سبحان الله دیسا شولا آشکرا نزانی · درویش
علی کوت بزانم یان نزانم حز دکم تو بیژی · اقراری ژ ته
ورکرم · مجتهد کوت عایشه ژنا محمد بوکچا ابوبکر بو · کلك
خراب وپیس بو · دیسا دوی خو هرماند · درویش علی کوت
جوابا وهی کلك بسنائیه · أما دترسم جنابی مجتهد عاجز به
بیت چونکو وتو اقتضا دکت هندك خبریت کریت بهینه کوتن ·
مجتهد کوت نه نه · من أولا کوتیه خاطرجم به هرچی تیته
دلی ته بیژه هیچ شرم · و اندیشه نکه · چونکو اکر اندیشه
وملاحظا دلی خصمی بهیته آخوتن بحق ناهیته کرن
درویش علی کوت خوب · صبر بفرمون حتی دچمه سر آوی ·
دستنویژی دشوم نویژی دکم · پاشی دی هیم جوابکی باش ·
وبسنائی درحقی عایشه دمه جنابی عالی · مجتهد کوت باشه ·
أزژی دی چمه مال حتی تو تیبه وه · درویش علی چو
سرآوی · مجتهد چومالاخو · پیچك ما · زوهات · پاشی
درویش علی ژی هات · وختی هاته ژور سولیت خو هلگرتن ·
اینانه ناو مجلسی لبرخو دانان · خلکی حازر بون · کوتنه
درویش علی أوه چیه · ته بوچی أوه کر · له حزورا جنابی
مجتهد سول دانان لبرخو شولکی مناسب نیه · درویش علی کوت ·

بنکەی ژین www.zheen.org

بلی أزژی دزانم کریته بی ادبیه مخالفی عادتی جیه . أما چه بکم چارەنیه دبیت بکم . چونکو زمانی محمد خلکی سولیت‌خو دبرنه مزکوتی لبر خود دانان . ژترسا شیعان دا ندزن . نوکه ایرە جیی شیعانه دترسم سولیت من بدزن . پاشی دی پی خاس مینم . فقیرم من چه پارەنیه بوخو سولکی بکرم . مجتهد کوت سبحان الله أز تعجبی دکم ژدرووا هنده مزن . کنکی زمانی محمد شیعه هبون . نیزیکی دوصد سالان پاشی محمد جاعتا شیعان پیدا بویه . بس چاوا دی چیبیت کو أوان زمانی محمد سولان بدزن . افترا ژوهی مزن‌ترنیه درحق ملتی شیعه . درویش علی کوت . أی اهلی مجلسی هنگو همیان بهیست کو جنابی مجتهد بعزمانی خو اقرار کر کو زمانی محمد شیعه نبون . بس مذهبی کو دوصد سالان پاشی پیغمبر کی پیدا بو بیت . ودر زمانی وی پیغمبریدا اصلا نبوبیت . هیچ حق وی مذهبی‌نیه بیژیت أم تابعی وی پیغمبرنیه بس أم سنی بتنی محمدینه . ولناومه هیچ بحثی خرابیا عایشەنیه . تشتی پاشی دوصد سالان هاتیه کوتن . صرف درویه وافترایکی مزنه . دیسا جنابی مجتهد قبح الله شغله . وکی ماکری سکوت کر دوی خو کتا . نزانی چه جواب بدت . و درویش علی کوته جنابی مجتهد أم برسینه تیشتی بینن دابخوین . مجتهد أمرکره خدمتچیان هرن زادەکی چاك بینن چونکو میوانی مه کلك عزیز ومحترمه . خدمتچی چون زادیت لایق اینان . تیشت خوارن . دستیت خو ششتن :

قهوه · وچای اینان خوارنەوه · پاشی درویش علی کوته خلکی
مجلسی از دیێژم خانما جنابی آقای مجتهد ژنکی کلك ماقول ·
تمیس · آقل جوان · ونرم ونازك · وخوش خبره · مجتهد
ژوی خبری پیچك تیك چو · انیاخو کره کوریشك · خلکی
مجلسی کوته درویش علی أوطرزه خبره لناو مجلسی کوتن لالی‌مه
کلك عیبه · بوی درجی سربستیا آخوتنی چاك نیه · أما
جنابی مجتهد درحق‌ته زور بمرحمته · دلی وی عاجز نابیت ·
اکر کسکی دی با · دا هیته تمبی کرن · درویش علی کوت
من هیچ خبری بی ریز درحق خانمی نگوتیه · من مدح
کریه · ملامت نکریه أز نزانم سوچا من چیه · أهلی مجلسی
کوت · ویه وکی دفرموی · ته مدح کریه · أما مدح کرن
ژی بو زنان لناو مجلسان عیبه · درویش علی کوت بس مادام
ویه عمومی شیعه جهنمیه · چونکو یان محمد هیچ نیه · پیغمبرنیه
مرووکی زور بی عار · و بی ناموس · ورزیله · هرچون
وکریتی درحق خانماوی بهیته کوتن لالی‌وی عیب نیه · هنگی
البته تابعی وان طرزه پیغمبرانه جهنمیه · یان اکر وکی همی
اسلام دیێژن ذتکی عالی جناب بو وافضلی پیغمبران بو · وغایته
شجیع · وجسور · وغیور بو هنگی دیسا شیعه جهنمیه · چونکو
البته غیرتاوی پیچك ژ غیرتا جنابی آقای مجتهد زیده‌تره ·
أو هنده لسر مناران ومنبران · روزه خوانیت شیعان درحق
عایشه خانما رسولی أکرم صلی الله علیه وسلم · دوی خو

www.zheen.org

دهرمینن · چاوا أو عاجز نابیت · ژملتی شیعه · أی اهلی
مجلسی هونگ انصافی بکن آیا ویه یان وه نیه · مجتهد و اهلی
مجلسی همی مات ومتحیرمان · نزانین چه جواب بدن چونکو
خبری وی واقعاً راست بو · پاشی قدرکی کوهمی بیدنك بون ·
مجتهد کوت · أم عموم اهلی شیعه جنتینه ژبر دوتشتان ·
یك أوه یه محبتامه درحق أهلی بیتا رسول الله کلکه وژمحبتا
سنیان کلك زیده تره · وهی عالم دزانیت · تشتی دی اوه یه
هندی ممکن بیت أم هیستکیت مریت خو داینینه کربلای نیزیکی
امام حسین دفن دکین · اکرممکن نیبت دقلبیخو دا زور آرزو
دکین کولوی دری بهینه دفن کرن البته محبتامه بو اهلی بیتا
پیغمبر · ودفن کرنا مریت مه له کربلای دی بیته سببی نجاتامه ·
بلی سنیان چه امید هیه · درویش علی کوت · جوابا وهی ژ
آوخوارنه وه بسنای تره هیوی دکم کس سل نبیت چونکو
دجوابیدا کلك خبریت نه لایق دی هینه کوتن · همیان کوتن
بیژه · کس سل نابیت · درویش علی کوت واقعا محبتا اهلی بیتی
باشه · ممکنه ببیته سببی نجاتی · أما بشرطی کو أو محبت لسر
حدی خوبیت · نه کیم بیت نه زیده · محبتا مه سنیان وتویه ·
بلی محبتا هنگوملتی شیعه کو پاشی دوصد سالان ژ هجرتا نبویه
پیدا بویه · وتونیه · چونکو هندکان ژ اصحابان وخانمیت پیغمبر
غایت دبغزینن · وهندکان ژپیغمبر زیده تر دحبینن · أو محبتا
هو مشتمل لسر افراط · وتفریط باعثی ضلالت وهلاکتی یه · نه

بنکەی ژین www.zheen.org

سببی نجاتی وسعادتی‌یه حاشا . صد حاشا . ودفن کرن‌له جیی اشرف عقلا ونقلا مسلم‌نیه کو ببیته سببی نجاتی . چونکو المرء مجزی بعمله ان خیرا فخیر وان شراً فشر . یعنی مرو بعملی خوتینه جزا دان . اگر چاکی بیت . بچاکی . واگر خرابی بیت بخرابی . مثلا اگر مرووکی چاك . لناو قبریت جویان دفن بکن هیچ زررنیه . واگر جو لناوقبری امام حسین دفن بکن . هیچ فایده‌نیه . اصل واساسی نجاتی لسر ایمانا بخدی وایمانا بهرچی نازل بوی ژجانبی خدی‌یه . ژغیر وهی همی دودی بودیه . واگر فرضاً دفن کرن لەجیی اشرف . وجیرانیا اشرفان سببی نجاتی بیت . بس لازم تیت کو نجاتا ابو بکر . عمر . عایشه محقق وبی شبهه بیت . چونکو أوانه لنیزیکی محمد هاتینه دفن کرن . والبته شرافتا محمد زیده تره . ژشرافتا امام حسین . چونکو شرافتا امام حسین ژبرخاترا محمده . نه ژبرخاترا خویه . مع هذا هونك شیعه دایمی درحق وانه . دوی خو پیس دکن . أی اهلی مجلس انصاف بکن . ما وه نیه وکی دبیژم . دیسا همی معطل مان نزانین چه جواب بدن . دیسا درویش علی وکی کوی رباد قبقب کر . دست به اخوتنی کر . کوت ملتی شیعه قباحتك هیه لناو چه ملتان نیه . چونکو هر ملت مدح وافتخار دکت بناصر وهاریکاریت پیغمبری خو . مثلا جو بهارون . ونصرانی بحواریان . وسنی بچاریاران واصحابان . اما شیعه دایمی لومی وذمی دکن بو امثالی ابو بکر





بنکەی ژین www.zheen.org

وعمر کو اساسی ترقیا اسلامی سایه همت وغیرتا وان بو ·
أو هندی وان دانای امثالی علی وحسین نشیان محافظه بکن ·
همیشه فکرا ملتی شیعه خواره · بروواژیه · سنی دیژن قرآنی
کوتیه ولاتجادلوا اهل الکتاب الابالتی هی احسن · یعنی هونـگ
جدله نکن دکل یهود ونصرانی کواهل کتابن · مگر بخبریت باشتر
ونرم وخوشتر · وقرآنی کوتیه طمام الذین اوتوا الکتاب حل
لکم · وطعامکم حل لهم · یعنی طعام اهل کتابان بو هنگو حلاله ·
وطعام هنگوژی حلاله بووان · مع هذا هونـگ شیعه دیژن
یهودی ونصرانی پیسن ومرارن · وافترای بقرآنی · ودین اسلامی
دکن · وخدیژن بومیران حلال کریه دانسلا بنی‌ادم منقطع
نبیت · هونـگ شیعه دیژن قونا ژناخو حلاله مرو بگیت أی
أهلی مجلسی هونـگ بو خدی بیژن آیا کوتنیت مه چیترن ·
وأم حق‌ترین یان شیعه · دیسا همی ملزم بون · درویش علی
کوت هونـگ شیخ رضای کرکوکی دناسن همیان کوتن بلی چاك
دناسین · مرووکی کلك · عالم وفاضله · درویش علی کوت بس
شیخ رضا راست فرمویه · چونکو وی دو بیت درحق ملتی
شیعه کوتیه · زور چاکه بمناسبی مقامی اکر چه بی ادبیه
بیژم دو بیت اوه‌نه · مسند آرای خلافت بحقیقت عمر است ·
کوش بر شیعه نا پاك مکن شیعه خر است · شیعة فاحشة آیه
حق در قرآن · بهر نا پاکی این قوم دلیلی دیکر است · یعنی
جیی خلافتی عمر مزین کریه · که نده شیعهٔ پیس شیعه

کره · دقرآنیدا کوتیه · شیعة فاحشة یعنی جماعتکی کریته ·
أوەژی دلیلکی دیه بو پیسیا وی قوی · مجتهد کوت ایدی بسه ·
حزدکم ازوتو بتنی به آخوین خلکی مجلس بلاوبون · مجتهد
کوت ازدزانم ملتی شیعه آورویی · اسلامیتی وانسانیتی بریه ·
پیسن بی بختن · رزیلن · دلیلیت وان همی ضعیفن تابعی تقلیدا
باپیریت خونه · من زورحزکر ته او دلیلانه انیان · دابزانن
کو شیعه ژ کران سفیەترن · توبزانه أزسنیمه وهمی علمایت‌مه
کو کلك باش · وماهر · ومنصف بن · أوان ژی سنینه ·
اما أم نشیین خو آشکرا بکین · چونکو ژینا مه لەسروی
قومی کره اکر أشکرا بکین دی مه کژن حالی مه زور زحمته
ژدستی وان صان ؛ خلاصه مجتهد بو سنی درویش علی خونکره
کر · نبو شیعه والسلام.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**Notes.**

Glossaire kurde-persan.

پرورش میکرد = بخدان دکر

اعانه = باره بیکی

آنهائکه مانند تو = بیت وکی ته

خواهم کذاشت = دی هیلم

با دهن = بدو *bä däü*

تعقیب = لدو *lä da*

غرض = کین

10*

دانسته با شد = زانی بیت

جسارت نکرده با شد = نویرا بیث

کم کند = بزر کت

کدام برمیداری بردار = کیشکی دهلکری هلکره

کرده با شد = کربیت

درجا میگذارید = مجی دهیلن

*bū iä ednā* بو یی ادنی = *pour ceux (qui sont) inférieurs*

درپیش = له بر

*täunī dāpīrūški* تونی داپیرو شکی = *toile d'araignée*

*de härīfīt* منهدم خواهد شد = دی هرفیت

*sälimīnī* تسلیم میکنی = سلمینی

قبول کردن مدعی = خصمی

بنکەی ژین
www.zheen.org

پا بر هنة = پی جاس

*bë rëz* نالایق = بی ریز

از برای = ژبو

*dūdī būdī* دودی بودی = *ineptie*

*lume* ملامت = لومی

*bärū vājiä* برو واژیه = *sens dessus-dessous*

# بابەتە ئایینییەکانی ناو تێکستە کوردییە کۆکراوەکانی

## بازیل نیکیتیین، کۆنە کونسلی رووسیا لە ورمێ

تێکستە کۆکراوەکانی من دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی وانەکانی زمانی کوردیم کە ساڵەکانی 1916-1917 لە ورمێ؛ مەلا سەعید قازی کوردستانی پێی گوتوومەتەوە. مەلا سەعید خەڵکی شارۆچکەی نەهری، ناوچەی ئیداری قەزای شەمدینان، ناسراو بە (ناوچیا) ی ویلایەتی مووسڵ بوو. ئەم مەلایە لە گەڵ چەند بنەماڵەیەکی دیکەی کوردی تورکیا لە کاتی بەرەو پێشەوەچوونی سوپای رووسیا بۆ سەر مووسڵ هاوینی 1916 پەرپوەی ئەم شارە بوو بوون.

لە گەڵ مەلا سەعید وا رێککەوتبووین کە بۆ هەر وانەیەیێك لە وانەکان پەرە تێکستێکی نووسراوی دەستخەتی خۆیم بۆ بهێنێ منیش بە دەنگی بەرز دەمخوێندەوە و وەرمدەگێرا. من بە هیچ شێوەیەك مامۆستاکەم جارس نەدەکرد لە هەڵبژاردنی ئەو پارچانەی کە مامۆستایەکەم دەستنیشانی دەکردن و پێ وابوو بۆ نووسینەوە بە سوودن.

بەمشێوەیە لە ناو کۆکراوەکانمدا، بە قەد دەستنوسێکی رەسەنی کوردی تێکستم لە لا کۆبۆوە کە دەبێ ئەوەش بڵێم کە کۆکراوەکان بابەتی هەمەچەشنەنەیان تێدایە بۆ لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم باسەی ئێستە کە لە کۆنگرەی مێژووی ئایینەکان ئاراستەی بەشی ئیسلامناسیی دەکەم لە ناو تێکستەکانمدا تەنها ئەوانەم هەڵبژاردوون کە بتوانن بە کەڵکی بەڵگەنامەسازییەکی لێکۆڵینەوەی بایەخپێدانە ئاینیەکانی گەلی کورد بێن. بێگومان لە پێشدا تێبینی گەلێکمان لە سەر ژیانی کوردەواری لە کتێبەکانی گەرۆك و زاناکانەوە بەردەستدەکەوێ. هەڵبەتە تایبەتمەندی بلاوکردنەوەی بەڵگەنامەسازیەکی دەستی یەکەم، گەرم و گوری گەواهینامە تایبەتیەکانی مەلایەکی کورد،

موسڵمانێکی وورد و خوێندەوار، دنەی دام کە بۆ بەشی ئیسلامناسی ئەم کورتە بەرچاوخستنەی کەرەستەکان پێشکەش بکەم کە لە بەردەستی مندان.

بێگومان ئاسانی بابەتەکە دابەشکردنی بەشەکانی دیاریکرد. لە بەشی یەکەمدا کە دەتوانین - بە رووینکی گشتی- ناوی بنێین ( بازنەی موسڵمانێتی کورد) لەم بەشەدا ئەمانەم کۆکردوونەتەوە. 1 - ئەو سەربووردانەی کە سەرووساختێکیان دەگەڵ شێخەکانی کوردستانی تورکیا هەیە. 2 - تێکستە تایبەتیەکانی بیروڕا کەسیەکانی مامۆستا کەم لە سەر جیهاد و چالاکیەکانی رووس و تورك لە کوردستان لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. 3 -ساتیرەکان (قۆشمە بازییەکان) دەربارەی مەلا موسڵمان و دەجاڵەکان کە یاریان بە هەستیی ئایینی دەکرد - لە بەشی دووەمدا - (کورد لە دەرەوەی بازنەی موسڵمانێتییەوە) - لەم بەشەدا ئەم تێکستانەم کۆکردوونەتەوە کە باسی پێوەندیەکانی کوردەکان دەکات لە گەڵ کۆمیونیتەکانی دیکەدا، مەبەستم لەمانە 1- شیعەکان.، 2 - جوولەکەکان.، 3 - ئێزدییەکان-ن، لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی گشتیی دەبینین کە کاتی دانراوی ئەم گوتارەی ئێرە تەنها ڕێگەی ئەوەم پێدەدات کە بە کورتیی ئەو تێکستانە کورتبکەمەوە کە لە بارەی باسەکەوە دەدوێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

A – بازنەی موسڵمانێتیی کورد.

## یەکەم: شێخەکانی کوردستانی تورکیا.

مێژووی سێ بنەماڵەی شێخەکان لە ناو تێکستەکانماندا گێڕدراونەتەوە: (ساداتەکانی) Sadât ( سەییدەکان) ی نەهری.، سەیدەکانی (سەیدا واتە بەڕێز، مامۆستا لە زمانی کوردیدا) بارزان و شێخەکانی بجێل. ئەم سێ بنەماڵەی شێخەکان لە کوردستانی ناوەندا تەواو ناسراون. هەر وەك شارۆچکەی نەهری، دوو شارۆچکەکەی دیکە ئەوانیش هەردووکیان لە ناو سنووری ویلایەتی

مووسڵەوەن: بارزان (پایتەختی) هۆزی زێباری یە و کەوتۆتە کەناری چەپی زابی گەورەوە.، بجیل - یش لە لای کوردەکانی سوورچییەوەیە، کەوتۆتە ناو قەزای ئامێدییەوە. چارەنووسی هەردوو بنەماڵەی بارزان و بجیل زۆر بە توندی گیرۆدەی جەنگێك بوون دەگەڵ یەکتری کە بۆ من هۆیەکانی ئاشکرایە نییە. هەرچی بنەماڵەی بە هێزی نەهری بوو، نوێنەرەکەیان سەید تەهای دووەم زۆر دەمێك نییە کراوە بە حاکمی رەواندز ( ئێستە لە کوردستانیی سەروو) لە لای دەسەڵاتکارانی مێزۆپۆتامیاوەیە. شێخ عەبدولقادری مامی سەید تەها کە پێشتر پەنجەمان بۆ راکێشا وەکوو سەرۆکیی کۆمەڵەی پێشکەوتن و ئالیکاری کورد پشتگیریی لە پرسیی سەربەخۆیی کوردستان دەکرد - شێخی ناوبراو سیناتۆرێکی تورك بوو و لە ئەستە مووڵ دەژیا. ئەم بنەماڵەی نەهریە بنچینەی خۆیان بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەبەنەوە. ئەم بنەماڵەیە بنچینەی خۆیان دەگەرێننەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بەو پێیەی کە کوڕەکەی شێخ عەبدولقادر، عەزیز هاتۆتە ئاکرێ بۆ ئەوەی تەریقەی قادری تێدا بڵاوبکاتەوە. ئەمەی دوای لەوێدا نێژراوە و گلکۆکەی هێشتاکە هەر ((زیارەتگایە)). شێخ ئەبوبەکری کوری لەناوچەی هەکاری لە گوندی ستوونی جێنشین بوو، کە دوای ئەو کوڕەکەی شێخ حەیدەر لەوێدا نیشتەجێ بوو. پاش سێ یاچوار نەوە لەوێوە، لەسەردەمی مەلا حاجی، بنەماڵەکە لە گوندی مێلیان melain لە ناوچەی هومارو جێگیر بوون. چەند نەوەیەك لە گوندی مێلیان و هەروا لە گوندی دێمانێ سوفلا Demane Soufla تا دەگاتە مەلا ساڵح هەر لەوێدا ماونەتەوە. لەم کوڕەیان بەدواوە تەریقەی قادری جێدەهێڵن و دەچنە ناو تەریقەی نەقشبەندییەوە. هەر لەم مێژووەوە یەك دەزگای ئایینی لەنەهری (ناوەندی ئیداری لە شەمدینان) دامەزرا.

پێویست بەوە ناکات لێرەدا نە عەقیدەی سۆفیگەری دووبارە بکەینەوە کە لە لایەن تەریقەی دەروێشەکانەوە بڵاوکرایەوە، نە باسی چوارچێوە و پلە هەمەچەشنەکانی گەیشتن بە سۆفیگەریش بکەین. ئەوانە مەبەستی ئێمە نییە و لەو لای دیکەوە ئەوانە لە کوردستاندا وەك لە هەموو وڵاتانی ئیسلامدا مەسەلەی هەستیارن. هەموو شێخەکان یا سەرۆکی تەریقەکانی ئەم بەشەی کوردستان

پێشتر تێزی عەبدولقادری گەیلانیان وەرگرتووە کە گڵکۆکەی لە بەغدایە و لای کوردەکان بە ناوی غەوسی بەغدا Gawsi bagdaï یا مەرقەدی غەوس *marqadi* qawsi ناسراوە. تێزی نەقشبەندی دواتر شوێنی گرتەوە و بە خێرایی لە سایەی هەوڵەکانی بڵاوکارەکەیەوە، مەولانا خالیدەوە بڵاوبۆوە. ئەمەیان ئەم بەشەیە کەوا باسی ئەوە دەکات چۆن مەولانا خالید بە گوێرەی تێکستە کوردییەکە پەیامە ئایینی و خوداییەکەی vocation خۆی هێناوەتە دی.

( لە ناوچەی شارەزوور کوردێکی ساکار هەبوو، دوای ئەوەی خوێندنی لەمزگەوت تەواو دەکات دەبێتە مەلا خالیدو لە سلێمانی دەرس دەڵێتەوە. خەونێکی بینیووە لەو خەونەیدا شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی وەکو دەروێشێکی ساکار بینیوەو فەرمانی پێداوە:

*(( مۆخالید، بڕۆ حەج، تۆ لە ناو کەعبە دەروێشێکی تەواو وەکو من دەبینی کە بەدوای ئەسپێیان دەگەڕێ و دەیکوژێ، تووڕە مەبە داوێنی عەباکەی ماچ بکە، یارمەتیت ئەدا بۆ بەمەرام گەیشتنی هەر چیەك تۆ دەیخوازی)).*

خالید گوێ بەم خەونە نادات و چەند ساڵ ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە. خالید تەواو ئەم خەونەی لەبیر کردبوو، وەختایەك چوو بۆ حەج و لە ناو کەعبە دەروێشەکەی بینی کە ئەسپێیان لەسەری خۆی دەکوژێ. خالید تووڕە بووو سەرزەنشتی کرد: ((بەگوێرەی بنچینەی چ ئایینێك تۆ ئەمە دەکەیت، بێئابڕوو)). دەروێش تەنها ئەم وەڵامەی دایەوە: ((مۆخالید، تۆخەونەکەت لەبیرکردووە، ئەگەر تۆ نەچیتە دیلهی، ڕێگەی کۆتایی بۆ تۆ درێژ دەبێ)). بە کورتی، خالید ڕۆیشت بۆ دیلهی و چەند ساڵێك لەلای شێخ عەبدوڵلا لەناو تەنیایی و ڕۆژوودا مایەوەو خۆی بۆ خودا تەرخانکردو گەڕایەوە سلێمانی. بوو بە مورشیدی تەریقەی نەقشبەندی. سەرکەوتنەکانی گەلێك دوژمنیان بۆ دروستکرد. ڕێگەی ئاوارەیی بۆ خۆی گرتە بەر و دواین ڕۆژەکانی ژیانی لە سوریا بە سەر برد و لە سالحیە بە خاك سپێردرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

*"پیاوێکی موخلیس pieux و دادپەروەر بوو، بەڵام ئەو (تۆوەی) لە کوردستانی چاند، بەکەڵکی ئەم وڵاتە نەهات".* - تێکستەکە کۆتایی بەوەدەهێنێ.

ئەم دەرئەنجامە رەشبینانەی مەلا سەعید وا دەردەکەوێ لە جێ خۆیدا بووبێ. شێخەکان زۆر بە خێرایی وازیان لە کاراکتەری تایبەتی ئایینیان هێنا و دەوڵەمەند بوون، عیلمانی بوون. چیتر لە گەڵ سەرۆکهۆزە (ئاغا) کوردەکانی دیکە جیاوازییەکیان نەبوو تەنها لە هێزی ئایینی و دونیایی کەڵەکەبوویان نە بێ کە تەواو بێشوومار بوو. ویرای ئەمە لە کاتی ئاگاداربوون لە بەسەرکردنەوەی لەشکرکێشی و نەبەردەکانیان هەر لە بارۆنە -قەشەکانی سەدەکانی ناوەراست دەچوون.

با لە نێوان هەموو هەوڵەکانی دیکەیاندا، هەوڵدانە شۆرشگێرییەکانی شێخ عوبەیدوللا (باوکی شێخ عەبدولقادری سیناتۆر) وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ساڵی *1883 لە ژێر بیانوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە شێکی ئازەربایجانی داگیرکرد کە تەنها هەوڵ وکۆششە چرو پرەکانی حکومەتەکانی فارس و تورک توانیان بیهێننەوە سەر رێگە. با هەموو ئەو خەباتەی شێخەکان وەبیر خۆمان بهێنینەوە،کە لە نێوان خۆیاندا یان لە گەڵ تورکەکانا هەڵیانگیرساند. خەباتێک کە سەد جاران کوردستانی خوێناویتر کرد. لەو ساکەوە هیچ جێگەی سەر سوررمان نییە کە ببینین لە ژێر ناونیشانی (حەکایەتا چاکی سەری کوردان شکاندییە)[125]، مەلا سەعید خۆی بەوە دەبەستێتەوە کە بسەلمێنێ چلۆن شێخەکان لە گەڵ بەشێک لە ئاغایەکان کە سەرەتا لە وەڵاتدا بێگانە بوون، چونکە لە بنچینەدا کورد نەبوون، هەڵی پێشوازی لێکردنی چاکی گەلێکی ساویلکەیان قۆزتەوە و بروایان بە خۆیان بوو بۆ وەکارهێنان و بە قوربانیکردنیان بۆ بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانی خۆیانەوە. ئەمەیان لەو لای

---

* راستیەکەی ساڵی 1880–1881 یە، وەرگێر.

[125] comment on a abusé de la bonté des kurdes.

دیکەوە، لە تێکستە کوردیەکان وەرگیراوە، چەند نووسراوێکی تایبەتییە لە بارەی خەباتی تەواو-ئایینیانە، کە شێخەکان ڕێبەریی دەکەن بۆ بە پیرۆزکردنی فەناتیزمی ڕەعیەتە جاهیلەکان و برێك جاریش جار خودی-خۆشیان سەریان تێوە دەگلێ.

*(........ژمارەی موریدەکانی شێخ عەبدولسەلامی (بارزان) زۆرتر دەبوون و هۆزەکانی گەردی، مزوری، شێروانی و زێباری هەموویان دەسەڵاتی شێخ عەبدولسەلامیان ناسی. شێخ عوبەیدوڵڵای (نەهری) ترسی لێنیشتبوو. لەشکرێکی گەورەی لەهەموو هۆزە هاوسێیەکان کۆکردەوە و بۆسەر گەردییەکان ڕۆیشت. ماڵی هەموو موریدەکانی شێخ عەبدولسەلامی تاڵان کردو هەتا هەندێکیشی لێکوشتن. لەوێوە چووە سەر شێروانییەکان، بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵکردن، هەروەها مزوریەکانیش بە هەمان شێوە........)*

هەڵبەت موریدەکانی شێخ عەبدولسەلام تا دەهات زۆرتر دەبوون و دواتر پێیان دەگوت مەهدی ((هۆ مەهدی)) ! رابە برۆ شام، تۆ لەوێدا زۆر لایەنگیرت دەبێ و، ئێمە کۆنستانتینۆپل دەگرین و تۆ لەشوێنی خەلیفە دادەنیشی. سولتانەکانی عوسمانی مافی خەلیفەیەتیان نییە، هەموویان ملهوڕن

شێخ موحەمەد ( جێگرەوەی عەبدولسەلام) تەنها مەلایەکی کەم خوێندەوار بوو، نیوە مەلا (کۆلکە مەلا) بوو. وەك ئەوەی لەکوردستان وای پێدەڵێن. شێخ موحەمەد پتەزمان بوو. بەڵام ئەویش دەستیکرد بە دەرزگوتنەوە و موریدەکانی زۆر بوون. هەموو سێشەمووان و هەموو هەینیانێك، پیاوان و ژنان لەبارزان کۆدەبوونەوە و شێخ " تەوەجوهی " بۆ دەدان. ئەمەیان پێکهاتی ئەو داب و نەریتە ئایینییە بوو لای کوردەکان: شێخ لە ناوەڕاستی موریدەکان دادەنیشت و سەربووردەی بۆ هەموو وەچە نزیکەکانی شێخەکانی تەریقەکەی دەگێڕایەوە، لەکاتێکدا موریدەکانی هات و هاوار دەکەن و وەکو سەگان دەحەپن یا وەکو کەران

تیکەی ژین
www.zheen.org

دەزەرن[126]. بەکورتی ئەمە پێچەوانەی شارەستانیەتە، پێچەوانەی عورفی جوان و عەقلە؛ رووداونووسەکە ئیزافەی دەکات.

دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوللا لە لایەن رۆمییەکانەوە (تورکەکان) دوورخرایەوە بۆ حجاز، نفوزی شێخ مەحەمەد گەورەبوو، ئاغایەکانی هۆزەکانی دەوروبەر زۆربەیان دەسەلاتی ئەویان ناسی. لەوکاتەوە موریدەکانی شێخ مەحەمەد دەستیان کردەوە بەوەی ناوی مەهدی لێبنێن، بەو بیانووەی کە بەگوێرەی فەرموودەکانی پێغەمبەر، ناوی مەهدی دەبێ هەمان ناوی موحەمەد بێ، هەروا (وەك ئەوەی ئەوان دەیلێن) شێخی ئێمە مەهدیەکی تەواوە))...تا ئەو حەلەی کە جاری جەنگی پیرۆز و لەشکرکێشی بۆ سەر مووسڵ درا. ئۆپۆزسیۆنەکان کوژران........بە تایبەت مەلا پێریزی ناوێك هەبوو، پیاوێکی زانا و شارەزا بوو، بە کەرامەت و شەرەف لەناو هۆزی زێباریدا ناسراو بوو و خزمایەتی لەگەڵیاندا هەبوو. موریدەکانی شێخ موحەمەد لەوەوە دەستیان پێکرد و پارچە پارچەیان کرد دوای ئەوەی لەقەدی پیرە دارگوێزێکی کلۆریان ناو و سووتاندیان. بکوژەکان بە هەمووان داهاتن و دەیانگوت: (ئەمە جەنگی جیهادە بۆ پیسی حاجی، ئەوانی دیکە هاوڕا بوون: "بەڵێ، هیچ جیاوازیەکی نییەو کردەکەی تۆ پێشتر لای خودێ نووسراوە".

چوارچێوەکانی ئەم باسە رێگەی ئەوەم نادەن ئەم گووتە گواستراوانە زێتر بگوێزمەوە کە تابلۆییێك دەخەنە بەرچاو بە سوێ بەلام راستگۆ لە گەڵ داب و نەریتی ئاینیی کوردەکان لە دەوروبەری ساڵی 1885، کە لەو ساوە تا ئێستە هێندە زۆر گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. کەرابوو من تەنها بەوەندە دەستبەردار دار دەبم بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم بەشە دەربارەی شێخەکان ئەو وەلامە رابگوێزمەوە کە شێخی بجێل بۆ شێخ موحەمەد سدیقی نەهری ناردووە کە بۆ یەکلاییکردنەوەی شەری خوێناوی نێوان شێخەکانی بجێل و بارزان و

---

[126] ئەمە رێك لە تێکستە فرەنسییەکە دا وا هاتووە، وەرگێر.

هۆزەکانیان دەکەوێتە داوەرییەوە، شەرێك کە بنچینەکەی لە سەر رفاندنی ژنانە rapt [127] بە زۆر و زەبروزەنگ.

*"..... من ناتوانم هیچ شتێك بڵێم، هۆ مەولاناکەم، ئێوە خۆتان هەموو شتێك دەزانن، من هەموو دەسەڵاتێك بە ئێوە دەدەم، و لە پێشدا من خۆم گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئێوە دەکەم. زیانە ماددییەکانم ناتوانرێ هەتا بشخەملێندرێ، بەڵام من لە سەر شەرەفی ئێوە لە بیری دەکەم. هەمان شت بە شێوەیێکی دیکە بۆ ئەو ئیهانەو ئەو بێشەرەفیەی کە خەڵکی ئەم هۆزە بێشەرمە dévergondée و ئەم بنەماڵەیە شەرانگێزە. hideuse بە سەر ئێمەییان هێنا کە هەتا وەکوو ناتوانین گوێشمان لە ناوییان بێت. لێرەدا من گوێڕایەڵی ئێوە دەکەم. ئێوە دەزانن ئەوانە هەتا بەزەییان بە قورئانی پیرۆزیش نەهاتۆتەوە و پەڕەکانیان خستە ناو زبڵدانەوە، نوێژخانەکەمیان بێنوێژکرد گوێچکەی ژنان و کارەکەرەکانمیان هەڵپاچی بۆ دەستبەسەرداگرتنی گوارەکانیان. هەموو شتێك ئێوە ئەمر بکەن من لە ئێستەوە بە دڵ و گیان قەبووڵی دەکەم".*

بنکەی ژین
www.zheen.org

**
*

## دووەم: بیرورایەکانی مەلا سەعید دەربارەی جیهاد

دوای لێکۆڵینەوە نایابەکەی دەربارەی جیهاد لە ژێر روناکی یاسای ئیسلامەوە کە بەڕێز A. Mandelstam لە نووسراوەکەیدا لە بارەی چارەنووسیی ئیسلامەوە بە دەستییەوە داوە ئیدی پێویست ناکات بچینە ناو گێڕانەوەی ئەم

---

[127] وشەی rapt لە زمانی فرەنسییدا واتەی : رفاندن، هەڵگرتنی کەسێك بەزۆر یا بە فریودان دەگەیەنێ، بەڵام لێرەدا پێم باشبوو بۆ ژن رفاندنی بەکاربهێنم.

پرسە. من تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبم کە ئەوە وەبیر بهێنمەوە زۆربەی هۆزە کوردییەکان، چ لە تورکیا و چ لە دەوڵەتی ئێراندا، بەشی خۆیان بەشداریان لە جیهاد دا کرد، بەڵام مەسیحییە خالدییەکان و ئەرمەنییەکان لەم جەنگەدا بوون بە کۆچی قوربانی و دواجار کوردەکان خۆشیان زۆریان بە دەست ئەم جەنگەوە چەشت، چ وەك جەنگاوەر چ وەك پەناهەندە. لە ناو تێکستەکانمدا چەند بانگەوازێکم لە لا هەیە کە مەلا سەعید نووسیویە و و ئاراستەی هاوخەباتکارەکانی کردووە و دنەیان دەدات واز لە دژایەتیکردنی مەسیحیەکان و ملکەچ بوون بۆ عوسمانی بهێنن. بەڵام هیچێکی پێنەکرا.

من تەنها ئیشارە بە چەند نووسراوێکی ئەو سەربوردەیە دەکەم کە لە بارەی دیمانەی مەلا سەعید لە گەڵ قایمقامی شەمدینان لە زستانیی 1914- 1915 کردوویە، هەروەها لە بەرچاوگرتنەکانی مامۆستای زمانی کوردیم لە بارەی سیاسەتی تورکیی و رووسیی لە کوردستان کە پێم وایە سرنجراکێش و جێگەی بایەخ بن.

( ........بۆچی ( قایمقام داوا لە مەلا سەعید دەکات ) فەتوات داوە لە بارەی مەسیحیەکان کە لە ناو کوردەکان دەژین؟ فەتواییکی ئاوەها ( مەلا سەعید وەڵام بدەرەوە) دەبێ لەلایەن شێخی ئیسلامەوە دەربچێ، ئەمە مەسەلە گەلێکی گرینگەو پێوەندی بە کەسانێکی وەکوو ئێمەو مانان : مەلا، قازی، موفتی و کوردەکان نییە - ئەمە دەق وایە، کەوابوو بۆچی تۆ فەتوات داوە بۆ کوردەکان بە مەبەستەی تا مەسیحییەکان نەکوژن، تاڵانیان نەکەن، تۆ تا ئێستە نەتدەزانی کە شێخی ئیسلام فەتوای داوە مەسیحیەکان بکوژن و تاڵانیان بکەن. ئیرادەیەکی سوڵتانیش Iradé لە لایەن پادشاهی سەر زەوییەوە، خەلیفەی ئیسلام دەرچووە تا بە گونجاوی لە گەڵ فەتواکەی شێخی ئیسلامەوە رەووتار بکەن. کەوایە ئێستەکە دەبێ پێت بڵێم چ سزایەك هەیە تۆ شایستەی نەبی........

ئەمەیان وەڵامی مەلا سەعید بوو:

( .... با وادابنێین من فەتوام *fetwâ* داوە، من بەرپرسیار نیم نە بە گوێرەی یاسای ئیسلام و نە بە گوێرەی یاسایی مەدەنی، چونکە من نەمبیستووە لە

شەریعەتی ئێمە داوا بکات خەڵکی بێوەی و بێگوناه بکوژرێ، لەو لای دیکەشەوە یاسای حکومیش تا ئێستە فەرمانی کوشتنی نەداوە. بە پێچەوانەوە ئەم یاسایە زێتر مافەکانیان دەپارێزێ..... هەرچی پێوەندیشی بە فەتوا *Fetwa* و ئیرادەی *irade*[128] سوڵتانیشەوە هەیە پێم وایە سۆز و بیرفراوانی شێخی ئیسلام و هەروا دادوەری و ڕەحمەتی خەلیفە زۆر دوورن لەوەی بتوانن فەتواییێك و فەرمانێ‌یك بدەن بۆ کوشتن و تالانکردنی ڕەعییەت گەلێکی هەژار کە لەوەتای دەورانی محەمەدی پێغەمبەرەوە تا ئێستە کە چەکیان هەڵنەگرتووە و جەنگیان نەکردووە[129].

ئەم چەند نووسراوەیە بۆیە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی ئیشارە بەو ڕۆحە مرۆپەروەرییەی مامۆستا کوردەکەم بدەم، دوای ئەم دیمانەیە مەلا سەعید ڕەوانەی مووسڵ کرا بۆ بەردەم دادگەی عەسکەری، بەڵام مەلا سەعید لە ڕێگەدا لە لایەن لایەنگیرەکانیەوە ئازاد دەکرێ، پێم وایە سەعید لە ناو مەلا کوردەکاندا یەکەم مەلا نەبوو کە دژی سیاسەتی جیهاد بووبێت، سیاسەتی جیهاد بە هەمان شێوە هەرەشەی لە ژیان و زەویدارە کوردەکانیش دەکرد هەر وەك چۆن هەرەشەی لە مەسیحییە چەوساوەکان دەکرد.

لە سەربووردەیێکی دیکەدا ( حکایەتا فرۆنتا کافکاس نە عرووس سیاسەت کرن نە عوسمانی) کە مەلا سەعید لە هاوینی 1917 نووسیوویە، ئەم نووسراوەیەی خوارەوە نیشاندەدەم.

بە گوێرەی قسەکانی مەلا سەعید کوردەکان تەواو ئامادەبوون نەك هەر بۆ چاك پێشوازی لێکردنی رووسەکان؛ بەڵکو هەستێکی بەهێزی دژە . تورکیشیان

[128] irade
[129] Histoire du front du Caucase (ou) ni les Russes, ni les Turcs n'o fait (bonne)politique

* گێرانەوەیەکی زۆر بڵاوبۆوە لە ناو مەسیحییە چیاییەکان باوە کەوا پێغەمبەر موحەمەد ڕێگەی بە کۆمیونیتیەکەیان داوە بە ئازادی ئایینەکەی خۆیان پیادە بکەن. ئەم یاسایە لە سەر پارچە ئاوریشمێکی سەوز نووسرابۆوە کە زۆر بە خەمخۆریەوە لە ناو یەکێك لە کڵێسە نەستووریەکانی کوردستانی ناوەند پارێزرابوو و دەشێ لە کاتی دوا جەنگی جیهانی لە ناو چووبێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەبوو، کە دەیانتوانی تەنانەت کۆششی سەربازی سوپای قەفقازیش ئاسانبکەن.
دوای ئەوەی پێوەندییان لە گەڵ هێزەکانی رووس گرت و بە تایبەتیش دوایی ئەوەی زۆریان بە دەست رەوتاری مەسیحیەکان ( ئەرمەنی و خالدییەکان) ەوە چەشت کە لەلایەن رووسەکانەوە دەپاریزران، کوردەکان رووی خۆیان لە رووسیا وەرگیراو هیچ متمانەییەکیان بە رووسیا نەما. ( ویستیان لە دەست ریژنەوە رابکەن کەچی خۆیان لە ژێر پلووسکدا بیینیەوە........ سوپای رووس دەستییکرد بە هەتکردنی گەلی کورد، بەمچەشنە خزمەتیکیی ئاوەهای بە عوسمانیەکان کرد و گەواهی وەفادارییەکی ئاوەهای بە عوسمانییەکان بەخشی کە نە سوڵتان رەشاد، نە ئەنوەر پاشا نەیاندەتوانی پێی هەڵبسن. جەنگ فریوو دانە کەوایە تا بکریٚ مرۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەنا بۆ دڵراگرتن و لاواندنەوە دەبات، تەنها دوای شکستی ئەم رەوتارەیە دەشیٚ پەنا بەینە بەر جەنگ، بەر شمشێر. پێغەمبەر گوتوویە اخر الحیل السیف. چەند ئەفسەری ئاڵمان کە لە گەڵ سوپای تورك بوون هەموویان لە پشتەوەی ساترەکانیانەوە دروشمی لا الە الا اللە محمد رسول اللە یان نووسیببوو. بێگومان ئەڵەمانەکان یەکەمین مەسیحیانێك بوون کە دوژمنی ئیسلام بوون و پێیان خۆشببوو تورکەکان لەناو بچن. هەرچۆنێك بێت ئەوان بۆ سازانێکی کاتی، دروشمی درۆزنانەیان بەرز کردەوەو دڵی 350 ملیۆن موسڵمانیان لە هەموو جیهاندا خۆشکرد. ( چاکی گووتووە ئەوەی وتوویەتی خەڵکی رەشۆك ئاوەزیان لە چاویاندایە، کۆمەڵانی خەڵك بە شوێن هەست و نەستیان دەکەون، بۆیە ئەگەر شتێك بەردڵیان بگریٚ قەبووڵی دەکەن ئەگەرچی لە راستیدا خراپیش بێت.
هەرچی سەبارەت بە تورکەکان بوو، لەوکاتەی جاری جەنگیاندا، پێویست بوو کۆمیونیتەکانی ئەرمەنی و ئاسووری دڵنیا بکەنەوە. ئەوان هێندە دڵشاد بوون و باوەڕیان بە خۆیان هەبوو کە دەتوانن بە برایەتی لە گەڵ کوردا بژین و پێکەوە دیواریکی پتەو دژ بە روسیا دروستبکەن، شیمانەی ئەوە هەبوو کە تورکەکان هەتا ئەگەر نەشیاتوانیبایە قەرقاز بگرن، بەڵام دەیانتوانی ریگە بە رووسەکان نەدەن هیچ پارچە خاکیکی عوسمانی داگیربکات.

## سێیەم: ساتیریکەکان / قۆشمە بازییەکان Les Satires.

سەرەتا با حەکایەتی مەزنی ئاکریێ کورتبکەینەوە کە تێیدا مەلا سەعید یەکێک لەو حەکایەتانە دەگێڕێتەوە وەک چۆن بە زۆری لە ڕۆژهەلاّتی موسلماندا دەوترێنەوە و بە ئاشکرا لە دەورانی حەکایەتەکانی خۆجا ناسرەددین نزیکدەبێتەوە.

کۆلکە مەلایەك — لە مزگەوتی جامی لە ئاکریێ موئەزنی دەکات. ڕۆژی پێنج جاران بانگ بۆ نوێژ هەلّدەدات، بانگی عیشایان و ڕۆژانی هەینی نوێژی (کبار) دەدات، دەرزی ئەلفبێ و قورئان خوێنی بە منداڵەکان دەدات. . . .

سەرەتای سەربووردەکە ئاوەها دەستپێدەکات، و دواجار تێدەگەین چۆن، ئەم مەلایە بە دەسیسەیەکی خۆشەویستانە لەگەلّ بێوەژنێکی دەولّەمەندی هاوسێی مزگەوت پێوەندی دەگرێ و چۆن کوڕی ئەم بێوەژنە خۆی لە دایکی نزیکدەکاتەوە، دایکیشی پێی دەلّێ خەریکی دەرزەکانی بێت و هەرچی سەبارەت بە مەلاشە با حەوالّەی تووڕەیی خولای بکات- هەلّبەتە کوڕەکە لە گەلّ بیرو ڕای دایکە ئاشقەکەی نابێت و لە سەر ڕاوێژی هاوڕێیەکی تۆلّە لە مەلا دەکاتەوە. هەینیەك وەختایەك مەلا لە سەر منارەوە دەبێ و " وەکوو نێرە کەرێکی چیایی بەدیاردەکەوێ: بێوەژنەکە لە مالّەوە تەماشای دەکات" ، کوڕەکە لە سەرەوە تا خوارەوەی پێپلکانەی مزگەوتەکە نیسک ڕێژ دەکات. مەلا لە گەلّ هاتنە خوارەوەی بە بابووجە نوێیەکانی بە سەر نیسکەکەوە دەخلیسکێ و وەردەگەرێ

و تا دەگاتە خوارەوە دەمرێ — ئەهلی مزگەوت paroissiens - کە هۆیەکانی ئەم مەرگە ناوادەیان بۆ لێکدەدرێتەوە - هیچێکی وای تێدا نابیننەوە کە لۆمەی بکەن، حەکایەتخوان بە مەکربازانە ئیشارە بە ڕاسپاردەکانی بێوەژنەکە دەکات بۆ کوڕەکەی کە لە سەرەوە ئیشارەی پێدرا - " تووڕەگە نیسکێك بە فریای خودا ڕاگەیشت.

دەربرینە سروشتیەکانی ئەم سەربووردەیە ئەوپەری راستبێژی زمانی میللی بە خۆیەوە دەگرێ. ستیلی هەقایەتێکی ساتیریکی دیکە – هەقایەتا شێخ نەبی ماویلی – ئەویش دوورە لەوەی هەقایەتێکی ئەدەبی هەڵبەستراو بێت، زۆر پر زەبروزەنگ و سرنجراکێشە. ئەم مەلایە، موریدی شێخ عوسمانی تەویڵەیە، سەرەتا دەبێتە خەلیفە لە ناو هۆزەکانی بالەکایەتی و خۆشناوەتی ( لە نێوان رواندز و کۆیە )، دواتر بۆ خۆی دەبێت بە شێخ. بۆ شکاندنی شان و شکۆی موریدەکانی و بە پیرۆزکردنی ئەو سوکایەتیپێکردنەی کە لە خودایان نزیکدەکاتەوە، ئامۆژگاری خۆبەزەلیلکردوو یان دەکات کە لێرەدا تێرمەکان وەکوو خۆی دووبارە دەکەینەوە. چەند تەرزی گوفتار و رەفتاری رووتووقووت pronographiques داواکرابوون تا لە گەڵ نوێژ کردنا بکرێن.، نێربازی و پاشەرۆك خواردن stercophagie هاندرابوون. کە دوایی لە قولایی هەرەسی زەلیلبوونا دەبوو هاوجووت بێت لە گەڵ دڵسۆزی پەشیمانبوونەوە. شێخ لە 40 ژنی کەمتر نەبوو؛ کە ئەمە رێگەی ئەوەی لێنەدەگرت لە کاتی سەفەری گەشتەکانیدا چاو بەسەر کچە جوانە پاکیزەکانی موریدەکانی دا نەگێرێ کە باوك و دایکەکانیان بە خۆشنوودییەوە پێشکەش بە شێخ یاندەکرد تا هەتا حەوت پشت ئاوری دۆزەخیان لێحەرام بێت. ئەم بازرگانی گۆشتە لە گەڵ شێخ ناوی تەبەرروك bénédiction ی بە خۆیەوەگرتبوو. دوایی شێخ هەڵبژاردەکانی نە دەبووایە لێی وەنزیکەونەوە تەنها لە رێگەی کەسایەتییە پایەبەرزەکان نەبووایە. چەندین رەخنەی توند لە سەر شێخ نەبی دەستاو دەستی دەکرد کە ئەمەیان یەکێکیانە کە لە لایەن هەمزەی شاعیرەوە نووسراوە :

چل ژنی هەیە شێخ نەبی بە مەزهەبی کەری

ئیبن ئادەمێ نەمایە سەری پانکاتەوە وەك ماری؟

واتە شێخ نەبی چل ژنی هەیە بە گوێرەی ئایینی کەران، پیاوێك نییە سەری وەکوو ماران پانبکاتەوە؟.

****

هەقایەتی زۆر لە بارەی بنچینەی ئاوایی پاوەی ( شەرەفنامە، فەرەج ) نزیک بە سلێمانی دەگێرنەوە کە بۆ جیهانی موسلمان هەمان وەڵامی تەواوی ئەوەن کە Hatchakok بۆ مەسیحیەکانی رۆژهەڵات دەیکات، شارلاتەکان، کەشیشی بە درۆ کە باوەری باوەردارەکان بە خراپ وەکاردەهێنێ و لە دواجاردا خۆی دەوڵەمەند دەکات، زۆربەی جار بە کردەیەکی دەستەرەنگینانەی ساکارانەو روفاتی پیرۆزەکانەوە، بە نموونە ئەم شارلۆتانەی کە ماوەیکی زۆر هۆزە نەخوێندەوارەکان و خۆشباوەرەکانی کوردە سوننییەکانی لای سۆمای برادۆست لە دەولەتی فارس بە هۆی " پەرجوویەکەوە" بەکاردەهێنن. توولە رێگایەکی شاراوە لە لوچێکی جل و بەرگەکانی کە لە لایەکەوە ریگەی پێدەدەن بە هێزی پارانەوە و کۆلنجەوە ئاو لە ئامانێکەوە بهێنێ بۆ ناو پەرداخێک کە کە پێشکەشی کەسەکەی دەکەن.

دواجار سەربووردەییێک لە بارەی خەڵکی بەگالتە ( هۆزی هەرکی بێنیجی، شەمدینان) دەگێرمەوە کە بەرگەی کەران ئاگرن و هەروا سەربووردەیەکی دیکە لە بارەی سولێمان ئاوێک ناسراو بە پێ بە زەنگۆڵ clochettes aux pieds لە سەربووردەی یەکەمدا ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە کەوا مەلای بەگالتە جارێکیان لە خوتبەی خۆیدا گووتوویە دەجال لە کۆتایی دونیا خراپبووندا بە سەرپشتی کەرێکەوە بە دیار دەکەوێ، ئەهلی مزگەوت هەموو کەرەکانیان لە ئاوایدا کوشت، هەتا وەکوو جێگەی مەترسی بوو بە سواری کەرێکەوە کەسێک بچیتە لایان کە مەترسی هەبوو سەری تێدا بچێت.

هەرچی سولێمان بوو لە هۆزی زێباری بوو دزێکی بەناوبانگ بوو. لە زیندان ئازاد دەبێت و دەچێتە بەغدا و دەزانێ لەوێدا ناوبانگی پیرچاکێکی پێدەبەخشن. بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان زۆر شێوەیدا چەند زەنگۆلەی بە نەعلەکانیەوە دەکات و رایدەگەیەنێ کەوا بەم زەنگۆلانە مێروولەکان لە سەر رێگەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە تا پانیان نەکاتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر بە بەزەیی بوو لە نزیک مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی جێگیر دەبێ و مورید دەوری

دەدەن بە یاریدەی ئەوان دواجار ئەم پەرستگەیە تالانبرۆ دەکات. ئەوەکانی پێ بە زەنگۆلە لە ئاوایی پێریسیٚ ی نزیك رواندوز دەژین. پێ بە زەنگۆلە پێم وایە بابەتێکی ئاساییە لە خۆشنوودی ترادسیۆنی میللیدا.

B - کورد لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامدا.

## یەکەم: هەڵوێستی کورد بەرانبەر شیعە

ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە گرینگی ئەو لێکجوداوازیە schisme کەمناکەینەوە کە هەردوو چڵی سەرەکی موسلمانەکان: سوننە و شیعە لە یەکجیادەکاتەوە. کوردە سوننیەکان زۆربەی جار و هەمیشە بە سوکی سەیری عەجەم ( فارس) دەکەن و رقیان لێدەبێتەوە کە لەگەڵ هەستی کێویانەی چیاییان بەرامبەر خەڵکی بێوەی پێدەشتەکان، بری توندی نا بەخشندەیی ئایینیشی دێتە سەر. لە کاتی پەلاماری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کوردەکان لە مەسیحیە خالدیەکان زێتر رەفتاریان لەگەڵ فارسە شیعەکان کرد. دەبێ هیوای ئەوە بخوازین کە بیرکردنەوەی مۆدێرن خەریکە خۆی دەخزێنێتە ناو ئیسلام و بەشداری دەکات لە هێورکردنەوەی ئەم رقە پوچەڵ و نەزۆکانە. هەرچۆنێك بێت پێوەندییەکانی کوردەکان لەگەڵ مەسیحیەکان لەگەڵ زۆر درێژەکاری لە ناو تێکستەکانی مەلا سەعید دا بە درێژی باسکراون، وێرای تۆلێرانسی tolérance ( سینگفراوانی) ئاشکرا وا پێدەچێ خۆشنوودیەکی نهێنیشی تێدا بێت لەو سەربووردە چەپەڵانەی دژ بە شیعەکان نووسراون. هەروا بێتەوە لەو هەکایەتەی دەربارەی دەروێش عەلی سلێمانی و موجتەهیدی کەربەلا دا هاتووە، مامۆستای زمانی کوردیم بە خۆشنوودییەوە لە گفتوگۆیەکی نوێژییەکانی ئەم

www.zheen.org

دەمەقالیە ئاینییە ی کە لە نێوان نومایندەی ئایینی سوننیزم و شیعیزمەوە .... کراوە. من لێرەدا تەنها چەند نووسراوێکی کۆتایی و دەرئەنجامی دەمەقالییەکە پێشکەش دەکەم.

"..... لە ناو کۆمیونیتەی شیعەدا – دەروێش عەلی گوورتی – قەباحەتێك هەیە لە ناو هیچ کۆمیونێتەیەکی دیکەدا نییە، چونکە هەموو کۆمیونیتەیەك شانازی بەوە دەکات و خۆی بە پاڵپشت و ئایکاری پەیامبەری خۆیان دەزانن، بە نموونە جوولەکە بە هارۆن، مەسیحیەکان بە حواریان و سونییەکان بە چوار یارانی و ئەسحابەکانی پەیامبەر، بەڵام شیعە هەمیشە سەرزەنشت و لۆمەی کەسانێکی وەکوو ئەبووبەکر و عومەر دەکەن کەوا بناغەی پێشکەوتنی ئیسلامی لە سایەی هیمەت و شکۆی ئەوانەبوو. نە ئیمام عەلی و نە ئیمام حوسێن بە هەمان ئەندازەی ئەوان بەرگریان لە ئیسلام نەکرد...... " ئێوە شێخ رەزای کەرکووکی دەناسن؟ چەند دێرە شیعرێکی دەرهەق بە کۆمیەنیتەی شیعە گووتووە کە زۆر جوان دێتەوە لە گەڵ ئەوەی ئێمە دەیڵێین. وێرای ئەوەی کە بێ ئەدەبیشە، بەڵام من هەر دەیڵێم:

بنکەی ژین
www.zheen.org

*مسند آرای خلافت بحقیقت عمر آست*
*گوش ب شیعه ناپاك مكن شیعه خر آست*
*شیعه فاحشه آیه حق در قوران*
*بهر ناپاكی این قوم دلیل دیگر آست* [130]

هەموو ئەمانە لە شوێنی خۆیانەوە، زانستی خواداناسی و لێکدانەوەی قورئانی یا وەکوو خۆشنوودی ناوەخۆیی لە دوین جاردا وادەکەن کە موجتەهید و دەروێش بە سەرکەوتوویی دەربچن. لە سەربووردەیەکی دیکەدا لە بارەی

---

[130] بۆ راستکردنەوە و نووسینەوەی ئەم چەند دێرە شیعرە گەرابنەوە سەر وتارێکی نیکیتین خۆی کە لەوێدا شیعرەکەی هەر بە پیتی عەرەبی نووسیووە، بگەرێوە بۆ: B. Nikitine, Une apologie kurde du sunnisme, In Rocznik Orjentalistyczny, Tom VIII (1931-1932), Lwow-1934, p. 160.

موئـەزنی کەربـەلاوە، گـەورە تەوسـگرێکی سـوننیزم، شـتەکان کـەمتر بـە خۆشەویستانە بەرێوەدەچن. چوار دەروێشی پاوە، ئاخوندێکی شیعەی کەربەلا دەهێننە سەر ئەوەی باوەریان پێبکات. ئەو سـەربووردەیەی بۆ دەگێرنـەوە کـەوا نادر شـا بـە شـێوەیەکی درندانـە سزای داوون و شـیعەکان و پـیرو چاکـەکانی پیرۆزکردوون، دواتر سپێدەیەك لە گەڵ کازێوەی بەیان، دەروێشەکان هەڵدەکوتنە سەر موئـەزین، دەکـەونـە سـەری، دەستێك بـە سـەر برێـك کـەل و پـەلی گرانبـەهای مزگەوتەکە دادەهێنن و دوایی رادەکەن.

**
*

## دووەم: هەڵوێست بەرامبەر جوولەکە.

لە تەواوی کوردستاندا، لە شارۆچکە و شارەکاندا کۆمیونیتەی جولەکەی تێدایە. ئـەم جولەکانـە بـە دیـالێکتێك دەئاخڤن کـە لـە دیـالێکتی خالدییـەکان نزیکـە، سـەبارەت بە داب و نەریتـەوە زۆر کـەم لـە گـەڵ کوردەکـان جیـاوازن، سـەرقاڵی بازرگانی و پیشەی ووردن.

ئەم تێکستەی من لە بەردەستمایە لە ژێر نـاوی حەکایـەتی صـادیق بـەگ و جوێت ئامێدی – Histoire de Sadiq Bey et des Juifs d'Amadia کە سـەربووردەیەکی وەحشـەتناکی سەرسـورهێنەر دەگێرێتـەوە. رووداوەکـە دەگەرێتەوە بۆ دەورانی صادیق بەگ، یەکێك لە میرە داسنییەکان کە سەرۆکی پشتاوپشتی هۆزەکانی دەورووبەری ئامێدی بووە و سەربووردەکە واپێدەچێ بگەرێتـەوە بـۆ نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەهـەم، بـەر لـە سـەقامگیر بوونـی دەسەڵاتی تورك لە کوردستاندا. لەم سەربووردەیەدا ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە چۆن صادیق بەگ، بەوەی بەوە دەزانێ کە جولەکـەکان هـەموو شـەموانێك لـە کـەناری جۆبارەکانا بە دوای شمشێری سالۆمۆندا دەگەرێن تا هێزیان پێببەخشێتەوە. صـادیق بـەگ فرمـان بـە دەسـتووپێوەندەکانی دەدا کـە لـە شـوێنی گـەرانی جوولەکەکان شمشێرێکی کۆن بشارنەوە، لەو لای دیکەوە فرمان بۆ هەموو لایەك دەردەکات یاری گەبجاری لە بەرامبەر جولەکـەکان بکـەن وەختایـەك شمشـێرە

ئەفسوونا وییەکانیان دەدۆزنەوەو هەموو نیشانەی کرنۆش بردن نیشانبدەن. بەمشێوەیە وا ڕێکەوت جولەکەکانی ئامێدی شمشێرەکە دەدۆزنەوە، چەند ڕۆژێك خەیاڵی پێوە دەکەن و دواتر بە شێوەیەکی زۆرەکی قەڵاچۆدەکرێن.

من ددانی پێدا دەنێم کە تارادەییێك بە گومان بووم لە بەرامبەر ئەم سەربووردەیە تا ئەو کاتەی لێرە لە پاریس چاووم بە کتێبێکی تا رادەییەك دەگمەن کەوت بە نێوی ( پێنج ساڵ سەفەر لە ڕۆژهەڵاتدا 1846-1851) Cinq années de voyages en orient لە نووسینی Israêl Joseph benjaamin II . گەرۆك و نووسیاری مۆلداڤی، پاریس 1856، ئەم حاخامە بە هەموو ناوچەکانی کوردستان و سەرووی موسلدا گەراوە کە کەم گەرۆکی ئەورووپی لەم سەردەمەدا پییان تێدانابوو. لە نێوان تێبینیە سرنجراکێشەکانی لە نێوان زۆریاندا چاومان بە حاڵەتی ترسناك دەکەوێ کە لە ناو کۆمیونیتەی دووره دەستی جولەکان بەر هەموو مەترسییەك کەوتوون کە هیچێکی وا بۆ من ناهێڵێتەوە لە بارەی کوشتاری جولەکەکانی ئامێدی کە دووپاتکردنەوەیەکی ناراستەوخۆی ڕووداوەکەیە.

بە تەك ئەو سووك ڕووانینەی کە کوردەکان دەرهەق بە جولەکەکان گەواهی بۆ دەدەن. بە شێوەیەك لای ئەوان- واتە کوردەکان- بە نموونە رستەی ئەز نە بوویمە جوو، خۆ ناکەمە جوو، بەرامبەر واتەی " من خۆم بێشەرەف ناکەم" دەوەستێ، هەڵبەت من دەبینم کە جولەکەکان لە لایەن ئاغاکانەوە بۆ ئەرکپێسپاردن و کردەی هەستیار و نهێنی بەکارهاتوون.

## سێیەم :

## هەڵوێستی کوردە موسلمانەکان بەرامبەر کوردە ئێزدییەکان.

سەربردەیەکی تا رادەیەك قۆشمەباز لە ژێر ناوی ( حەکایەتا عەلی بەگی داسنی و مەلاییێت حوسەینیان و کوچوکێت داسنییان) تەرخانکراوە بۆ دەمەقالیەکی نێوان مەلایەکی موسلمان ( مەلاییێت حوسێنیان ) و دەروێشەکانی ئێزدی، کە لە کوردستان پییان دەڵێن کوچوك. گفتووگۆیەکە لە دیوەخانی عەلی بەگی داسایی،

کە ئەو سا سەرۆکی ئێزدییەکان بووە ( داسنی بە کوردی، داسایی بە ئاسووری، داوسین Dawâsin ( تاکی داسن ) لە عارەبیدا ئاماژەیە بۆ هۆزێك کە لە گەڵ ئاونانی ئایینیانەوە جیاواز و جیاکەرەوەیە. عەلی بەگ هۆگرێکی بێوادەی ئەم جۆرە گێرانانەوە بوو و هەمیشە بێلایەنییەکی تەواوی تێدا نیشاندەدا. بەمشێوەیە کوچوکەکان لەم دانیشتنەدا وایان نیشاندەدا کە ئەوان بە گوێرەی تەجەللی ( عەشق) شێخ هادی، دەتوانن بە گوێرەی رێنماییە رۆحییەکانی پێغەمبەرەکەیان کە پێیداون فریشتەکان، عەرشەکان، نەهەنگەکان هتد لە ئاسماندا ببینن. مەلایەکان پارانەوە وەکو بەڵگەی ئاسایی ئایینی ئیسلام: کەوا تەنها یەك پێغەمبەر هەیە کە وەکو نێردراوی خوا بەدیار دەکەوێ کە ئامادەیە بوونی خۆی بکاتە قوربانی بۆ دووپاتەکردنەوەی پەیامەکەی، خوا، فراوانخوازی و نفوزی ئەم خودایە لە ناو دڵی خەڵکانی بە ئاوەز و راستگۆ دایە. دوای ئەوەی عەلی بەگ بە شوێن ئەم گفتووگۆیەدا پێوەچوو، ئیشارەی بۆ بەردەستەکانی کرد تا خواردن بهێنن. خواردنی پلاو لە گەڵ پارچەیەکی چاکی گۆشتی مەرێکی قەڵەویان هێنا و خستیانە بەردەم مەلایەکان. کوچووکەکان لە لای خۆیانەوەتەنها برنجەکەیان خوارد بەبێ گۆشت، هیچ دەستیان لە گۆشتەکە نەدا و گەڕاندیانەوە بۆ خانەخۆیەکەیان. عەلی بەگ ئەوکاتە دەستیکرد بە لێکدانەوەی ئەوەی کە لە ژێر ئەو برنجەی کە بۆ (کووچوکەکان ) دانرابوو. هەڵبەت بە هەمان شێوەی کە بە مەلایەکان درا گۆشتی لە ژێر بووە " ئێوە وا ئیدیعا دەکەن کە روانگەی ئاشکراکردنی نیشانە ئاسمانیەکانتان هەیە، من پێم وابوو کە ئێوە گۆشتی شاراوەی ژێر برنجەکە دەدۆزنەوە "

**
*

به یارمەتی ئەو تێکستانەی کە ئێستەکە بە شێوەیەکی یەکجار کورت کورتمانکردنەوە، دەتوانین چەند دەرئەنجامێك لە بارەی کاراکتەری بایەخ پێدانە ئایینییەکان لای کوردەکان بەردەست بخەین، یا وردەکارییەکی زۆرتر لە بارەی بایەخپێدانی ئیسلام لە لای کورد دەرئەنجام بکەین. راستییەکەی ئێمە ئەوە دەزانین کە ئیسلام تاکە تێرکەری داوا ئایینییەکانی ئەم گەلە نییە.

وەکوو ئایینی ئیسلام، تێکستە ئیشارە بۆ کراوەکان، ڕێگەمان دەدەن ببینین کەوا کورد بە شێوەیەکی فراوان دەستەمۆی ژێر نفووزی سۆفیگەری بووە کە زۆر بەی جار لێکانەوەیەکی مەهدیچیانەی mahdiste[131] بەخۆیەوە دەگرێ لە گەڵ هەموو ئەو جۆش و خرۆشانەی کە لە میزاجی شەرانی و سەرەتایی کوردا بە دیدەکرێن. ڕێبەرە ڕوحییەکان، شێخەکان، دەزانن چۆن ئەمە بقۆزنەوە بۆ زیترکردنی دەسەڵاتەکانیان و لەوە کەمتریش نموونەی ژیانێکی تێرامانانەی سۆفیگەری و زوهدیان پێدەبەخشن. دەشێ ڕێگە هەبێ لە ئێستەوە ئەوە تێبینی بکەین کە لە ڕێگەی تێکستە شیکراوەکانداحوکم لەسەر بایەخی ئەو گەواهینامە سۆفیگەریانە بدەین کە لە کوردستاندا بەرەو کەمبوون دەچن. سەقامگیربوونی دەسەڵاتی دونیایی لە لایەن شێخەکانەوە لە رووی دەستبەسەرداگرتنی مۆراڵەوە کە بەسەر گیانە سادە و باوەرکراوەکان مومارەسەی دەکەن، لەو لای دیکەوە هەموو شێخەکان وازیان لە سیاسەت نەهێنا. بۆ تێنوێیتی شکاندنەی ئایینی تۆ بلێی ی کورد سەرچاوەیەکی دیکەی ئارخەیان بوونی هەبێ؟ کەوایە بوارەکە زێتر ئازاد و سەرە ڕێگەتر دەبێت بۆ پرۆپاگەندەیەکی دیکەی ئایینی چالاك و لێزان. من باوەر ناکەم کۆنسێرڤاتیزم لە ناو کورددا هێندە گەورە بێت. بە هەر حاڵ، ئەگەر بمانەوێ ئەوە وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە تا چ نوختە خاڵێك ئەستەمە بخزێینە ناو ئەم ناوەندە دەروێشیزمەی کورد، ئەوا ئەوسا لە بەهای ئەو زانیاریانە تێدەگەین کە لە لایەن مەلا سەعیدەوە بە دەستدراون، کە خۆ ی لە نەهری لە باوەشی شێخەکانا ژیاوە.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە توانیمان ئەوە ببینین کەوا ئیدێ ی (فکرە) ئیسلامی خەباتکاری جیهاد، لە کاتی جەنگ لە لایەن تورکەکانەوە پێشخرا، بێبەش نەبووە لەوەی بەرەو رووی رەخنە لێگرتن ببێتەوە لە لایەن چەند کەسایەتیەکی کورد کە هەستیان بەوە کردبوو کە قازانجەکان لەوانەیە هاوسەنگی ئەو زیانانە نەبن کە جەنگی پیرۆز ( جیهاد) هەرەشەی پێ لە کورد دەکرد. لەو لای دیکەشەوە، پێم وایە زۆر پر مەترسی بوو بۆ تورکەکان کە زۆر پشت بە هاوپشتی کورد ببەستن،

---

[131] مەهدیچی: mahdiste ( مەهداوی، لایەنگیرانی مەهدی).

چونکو هیچ شتێك گەرەنتی راپەرینێکی هەستی یاخیبوونی کوردەکانی نەدەدا. ئێمە دەزانین کەوا تورکەکان ناچار بوون ئەوە لە بەر چاو بگرن کە برێك شێخ و مەلای کوردستان دابپلۆسێننەوە. لە سەرێکی دیکەوە، سیاسەتی ناراست یا زێتر لەوە وونبوونی تەواوی سیاسەتێکی کوردی لە لای رووسەکان، بە تایبەتی مەترسی ئەو دەبەنگیانینەی کەمکردنەوە کە بە هەمان شێوە تورکەکان لە کوردستاندا دەیانکرد.

دەتوانین نموونەی ئەدەبییە ساتیرەکانی کورد وەکوو خۆی بە بێ قسە لە سەرکردن بەجێبهێڵین. کوردەکان بە گشتی زۆر رۆحانی و قۆشمەبازن. روحی گەپسازی یان بە بێ جیاوازی مومارەسە دەکەن و بابەتی رێگر ناناسن. تێمی ئایینی لێرەدا تەنها بابەتێکی لاوەکی یە و من تەنها بۆ ئەم مەبەستە ئیشارەم پێداون تا لێکۆڵینەوەکەم تەواو بکەم.

بەمشێوەیە دەچمە سەر بەشی دووەمی تێکستەکانم، ئەو تێکستانەی کە وێنەی کورد لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمیونیتە ئایینییەکانی دیکە نیشاندەدات. تێبینی گشتی کە لە بەرچاوانە بێگوومان نەبوونی تۆلێرانسە ( سینگفراوانی)، لە تێگەیشتنی ئایینی بەرتەسکەوە کە تا فەناتیزمێکی[132] fanatisme دڵرەق و کێویانە دەڕوات، هەر وەکوو لەو نموونەی ئەو کۆمیونیتە بەدبەختەی جوولەکە کە لە ئامێدی رەشەکوژکران. پێم وایە، هەڵبەت وێرای ئەوەی کە دەبێ دان بە نفووزی شوومی نەزانیەکی قوول دابنرێ، دەبێ زۆرتر بە وورياييەوە بۆ خۆ نزیکردنەوە لە حەقیقەت نابێ هەر تەنها و ساکارانە دەرئەنجامەکان لە سۆنگەی فەناتیزمی کورد، چەکی کوێرانەو ناهۆشیارانە هەڵبهێنجین.

ئەگەر کەمێك نزیکتر لێبکۆڵینەوە، دەبینین بەشێکی بەرفراوانی دەبێ لە هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی کورد لە گەڵ هاوسێکانی بۆ هەستی خێڵەکی چیاییانەی کێویان بگەرێنینەوە، لای ئەوانە کە پێبەندیان بە خێڵەکانیانەوە: بە

[132] فەناتیزم fanatisme دەمارگیری ئایینی.

www.zheen.org

دوڵە قووڵ و ڕێگرەکانیان لە پێشەوەی هەموو شتێك دێ. بەمشێوەیە لای کورد ئەوە بازنەی سروشتی بەرژەوەندیەکانیەتی کە سەرچاوەی هەموو چەکە کۆمەڵایەتی و مۆرالیەکانیەتی. بە نموونە کوردەکان بە هیچ شێوەیەك وەکوو موسڵمان و هاو ئایین لە فارسەکان ناڕوانن و جگە لەوە ی کە لەرێ لادەریشن. بۆ کوردەکان : شیعە، عەجەم بە هەمان شێوەی مەسیحیەك بێگانەن. من هەتا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەوا مەسیحیەکی ( ئاسووری) چیایی زۆر بە ئاسانی لە گەڵ کوردێك هەڵدەکات وەك لە گەڵ فارسێك، ئەمانەی دوایی لە دەشتدا دەژین. من ئەو ڕاستیانە دەزانم. بۆ دیراسەکردنی سترەکتووری کۆمەڵایەتی کورد دەبێ سەرەتا لە سترەکتوورێکی هاوشێوە بگەڕێین لە ناو کۆمەڵە چیاییەکانی دیکەدا. تایبەتمەندێتی ئیسلام دواتر خۆی دەهێنێتە پێشەوە. تورکیش وەك کورد سوننی تەواون، بەڵام کوردەکان کەمتر بێزیان لێناکەنەوە و پێیان دەڵێن " ڕۆمی" و تەنها بە دوای دەرفەتێکی شیاودا دەگەڕێن بۆ ڕاپەڕین ( دژ بە تورکەکان -وەرگێڕ). هەڵبەت، بەشێکی پێشوادم دەبێ باسی هەستی نەتەوایەتی کورد بکەین بە گشتی، بەو پێ یەی پارچە پارچە بوونی ئەم نەتەوەیە race [133] بە سەر چەندین هەرێمی سیاسی هەمەچەشنە و هەروا ڕقابەرایەتی ناو خێڵەکان ئەم نەتەوەی لێکهەلوەشاندۆتەوە.

خێل هێشتا لە مۆنتالیتە و پسیکۆلۆژی کورد لە پێشەوەی هەموو شتێکەوەیە. ئێمە ویستمان ئەم ڕێرەوە تێبینی بکەین کە تێیدا لە کاتی جەنگی نێوان دوو هۆزدا، نە قورئان، نە مزگەوت پارێزراو نەبوون. ئەم کاراکتەرە لێکۆڵینەوەکەمان دەخاتە سەر بنکە تەواوەکەی خۆیەوە کە خێڵە. بە هیچ شێوەیەك خێل لە بەر چاوتان وون مەکەن ئەوە خێڵە کە بە هەمان شێوەی

[133] من تەواو هۆشیارم بەرامبەر بەوەی کەوا ووشەی race ی فرەنسی ئێستە ڕێك بەرامبە ر بە ووشەی ( ڕەگەز) دەوەستێ، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستم لە ناو زانستە مرۆناسییەکاندا بە هەمان واتەی نەتەوە ی ئەمرۆ بەکاردەهات، بۆیە من ووشەی (نەتەوە) م لێرەدا بەکارهێناوە، وەرگێڕ.

چونکو هیچ شتێك گەرەنتی راپەرینێکی هەستی یاخیبوونی کوردەکانی نەدەدا. ئێمە دەزانین کەوا تورکەکان ناچار بوون ئەوە لە بەر چاو بگرن کە برێك شێخ و مەلای کوردستان دابپلۆسێننەوە. لە سەرێکی دیکەوە، سیاسەتی ناراست یا زێتر لەوە ورنبوونی تەواوی سیاسەتێکی کوردی لە لای رووسەکان، بە تایبەتی مەترسی ئەو دەبەنگیانینەی کەمکردنەوە کە بە هەمان شێوە تورکەکان لە کوردستاندا دەیانکرد.

دەتوانین نموونەی ئەدەبییە ساتیرەکانی کورد وەکوو خۆی بە بێ قسە لە سەرکردن بەجێبهێڵین. کوردەکان بە گشتی زۆر رۆحانی و قۆشمەبازن. روحی گەپسازی یان بە بێ جیاوازی مومارەسە دەکەن و بابەتی رێگر ناناسن. تێمی ئایینی لێرەدا تەنها بابەتێکی لاوەکی یە و من تەنها بۆ ئەم مەبەستە ئیشارەم پێداون تا لێکۆڵینەوەکەم تەواو بکەم.

بەمشێوەیە دەچمە سەر بەشی دووەمی تێکستەکانم، ئەو تێکستانەی کە وێنەی کورد لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمیونیتە ئایینییەکانی دیکە نیشاندەدات. تێبینی گشتی کە لە بەرچاوانە بێگوومان نەبوونی تۆلێرانسە ( سینگفراوانی)، لە تێگەیشتنی ئایینی بەرتەسکەوە کە تا فەناتیزمێکی[132] fanatisme دڵرەق و کێویانە دەڕوات، هەر وەکوو لەو نموونەی ئەو کۆمیونیتە بەدبەختەی جوولەکە کە لە ئامێدی رەشەکوژکران. پێم وایە، هەڵبەت وێرای ئەوەی کە دەبێ دان بە نفووزی شوومی نەزانیەکی قوول دابنرێ، دەبێ زۆرتر بە وورياييەوە بۆ خۆ نزیکردنەوە لە حەقیقەت نابێ هەر تەنها و ساکارانە دەرئەنجامەکان لە سۆنگەی فەناتیزمی کورد، چەکی کوێرانەو ناهۆشیارانە هەڵبهێنجین.

ئەگەر کەمێك نزیکتر لێیبکۆڵینەوە، دەبینین بەشێکی بەرفراوانی دەبێ لە هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی کورد لە گەڵ هاوسێکانی بۆ هەستی خێڵەکی چیاییانەی کێویان بگەرێنینەوە، لای ئەوانە کە پێبەندیان بە خێڵەکانیانەوە، بە

[132] فەناتیزم fanatisme دەمارگیری ئایینی.

دوڵە قووڵ و ڕێگرەکانیان لە پێشەوەی هەموو شتێك دێ. بەمشێوەیە لای کورد ئەوە بازنەی سروشتی بەرژەوەندیەکانیەتی کە سەرچاوەی هەموو چەکە کۆمەڵایەتی و مۆرالیەکانیەتی. بە نموونە کوردەکان بە هیچ شێوەیەك وەکوو موسڵمان و هاو ئایین لە فارسەکان ناڕوانن و جگە لەوە ی کە لەڕێ لادەریشن. بۆ کوردەکان : شیعە، عەجەم بە هەمان شێوەی مەسیحیەك بێگانەن. من هەتا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەوا مەسیحیەکی ( ئاسووری) چیایی زۆر بە ئاسانی لە گەڵ کوردێك هەڵدەکات وەك لە گەڵ فارسێك، ئەمانەی دوایی لە دەشتدا دەژین. من ئەو ڕاستیانە دەزانم. بۆ دیراسەکردنی سترەکتووری کۆمەڵایەتی کورد دەبێ سەرەتا لە سترەکتوورێکی هاوشێوە بگەڕێین لە ناو کۆمەڵە چیاییەکانی دیکەدا. تایبەتمەندێتی ئیسلام دواتر خۆی دەهێنێتە پێشەوە. تورکیش وەك کورد سوننی تەواون، بەلام کوردەکان کەمتر بێزیان لێناکەنەوە و پێیان دەڵێن " ڕۆمی " و تەنها بە دوای دەرفەتێکی شیاودا دەگەڕێن بۆ ڕاپەڕین ( دژ بە تورکەکان –وەرگێڕ). هەڵبەت، بەشێکی پێشوادە دەبێ باسی هەستی نەتەوایەتی کورد بکەین بە گشتی، بەو پێ یەی پارچە پارچە بوونی ئەم نەتەوەیە race[133] بە سەر چەندین هەرێمی سیاسی هەمەچەشنە و هەروا ڕقابەرایەتی ناو خێڵەکان ئەم نەتەوەی لێکهەلوەشاندۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

خێل هێشتا لە مۆنتالیتە و پسیکۆلۆژی کورد لە پێشەوەی هەموو شتێکەوەیە. ئێمە ویستمان ئەم ڕێرەوە تێبینی بکەین کە تێیدا لە کاتی جەنگی نێوان دوو هۆزدا، نە قورئان، نە مزگەوت پارێزراو نەبوون. ئەم کاراکتەرە لێکۆڵینەوەکەمان دەخاتە سەر بنکە تەواوەکەی خۆیەوە کە خێڵە. بە هیچ شێوەیەك خێل لە بەر چاوتان وون مەکەن ئەوە خێڵە کە بە هەمان شێوەی

[133] من تەواو هۆشیارم بەرامبەر بەوەی کەوا ووشەی race ی فرەنسی ئێستە ڕێك بەرامبە ر بە ووشەی ( رەگەز) دەوەستێ، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستم لە ناو زانستە مرۆناسییەکاندا بە هەمان واتەی نەتەوە ی ئەمرۆ بەکاردەهات، بۆیە من ووشەی (نەتەوە) م لێرەدا بەکارهێناوە، وەرگێڕ.

دەکۆمێنتکاریەکانمان بە سوود بن و دەوڵەمەندیان بکەن و چەند بنەوانێکمان بخەنە بەردەست. لە ناو ناوی ئەو دەربەندانەی کە من لە کوردستان ناسیوومن، شەشیان لە گەڵ بەرد تێکەڵ بوون دوویان کێلە شین ( گاشە بەردی شین )، یەکیان کێلە رەش ( گاشەبەردی رەش ) یەکیان زینیا لبێری یا بەردییا ( دەربەندی بەردیین، کۆلی بەرد ) . بەمشێوەیە دەزانین کەوا بە گوێرەی چیاییەکان ئەمە لە قەوقاز تێبینی کراوە، دەربەندەکان زۆربەی کات خەڵکی لێژیاوە کە لە لایەن دەسەڵاتی خوداییەوە پارێزراون یا بە چاودێرییێکی زۆرەوە داکۆکیان لێکراوە، کەوایە بێکەلك نابێ ئەگەر بەخششیان بۆ ببەن. کۆتەڵی ئۆراتۆری ناسراوی کێلە شین کە بە ووردی کەوتۆتە سەر دەربەندێکی 11000 پێ یەوە، لە زستانان کەس ناتوانێ بۆی بچێ. لە لایەکی ترەوە، کەڵەکە بەردی tas de pierres زۆر زۆبەی جار دەبینرێن کە لە سەر رێرەوە چیاییەکانی کوردستاندا بە کەڵەکەبوویی دەبنرێن. لە وانەیە بتوانین چەند شوێنەوارێکی میحرابی پارانەوەی expiatoires سەرەتایی تێدا ببینین؟ هەروەها چەند ناوی ئاوایی و ناوچە هەن وەکوو بەردێ سوور ( بەردی سوور)، بەردێ زەرد ( بەردی زەرد)، بەردێ سیمتی ( بەردی کونکراو)، هتد[136] لەوانەیە لە ناو هەموو ئەم ناوانەدا هاوپەیوەندییەکیان filiation لە گەڵ ئیدی ی ئایینیی هەبێ کە زۆر بە ئاستەم دەتوانرێ بخرێنەوە جێگەی خۆیان. بە هەمان شێوە ئەو کۆلۆنە colonne بورکانییە رەنگ رەشەی basaltique کە وەکو بورجێکی مکوم و بەردینی هەڵێکشراوە و لە کەناری ئاوایی کەلی پەسوی لە لاهیجان بە هەمان شێوە نییە و وا پێدەچێ لە لای کوردە مامەشەکانی ئەم هەوارە جێگەی پیرۆزییەکی تایبەتی بێت.

---

[136] جگە لەوە ئیشارە بۆ کۆرا موزگەفتان Koura myzgheftan ( دۆندی – جیاکەرەوەی– مزگەوتان ) دەکەم کە لە کارتۆگرافی ئینگلیزیدا بە هەڵە نووسراوە گورایمیز gouraïmiz. هەروا بنۆرە B. Dickson, Journey in Kurdistan لە پەرستگەی جودی داغ .Djoudi dag



بنکەی ژین
www.zheen.org

هەرچی سەبارەت بە دار ودرەختەکانە، لەجێگەیەکی دیکەدا من ئیشارەم پێداوە ( la vie domestique, etc ) – ئەو داب و نەریتە تەنها تایبەتی کوردەکان نییە- بەوەی پارچە پەڕۆیەك لە سەر درەختەکانی نزیك بە گلکۆ و مەزاری شێخەکان و پیاوچاکەکان هەڵدەواسن. برێك جار وای لێکدەدەنەوە بەو جۆرەی دەڵێن تا ئەو کاتەی ئەم پەڕۆیە بە درەختەکەوە بێت ئەوا زامنی نوێژەکانی ئەم پیاو چاکەیە. لە وانەیە دەشێ لە ناو ئەمەدا شوێنکاری پەرستنەکانی کۆنی پێش ئیسلامەتی antéislamique بەسەرەوە بێت، کە لە گەڵ ئیدێ idées دواترەکان خۆی گونجاندووە. من ئەوە تێبینی دەکەم لەوەی کە دەچمە سەر ئەوەی بلێم پەرستنی دارو درەخت لە لای ئۆستیەکان ossètes یش بلاوە. ( cf.Bodenstaedt. Les peuples du Caucase ) هەروا ئەمە لەناو ئێرانییەکانیش باوە بە شێوەیەك لە رەشت لە گیلان، درەختی پیرۆزم بینیوون.

هێشتا زۆر کاری دیکەماوە لەسەرئەم تەرزە لێکۆڵینەوانە بکرێ، کە پێ لە سەر ئایینی سەرەتایی کوردەکان دابگرێ. لێکۆڵینەوە گەلێك کە ملپێوەنانی وا ئاسان نابێ. دەبێ سڵلێکردنەوەی زۆر ئاسایی خەڵکی ناوچەکە لە بەر چاوبگیرێ لە کاتی کارکردن لەم ناوچەیە زۆر تایبەتیەدا و رووبەرووبوونەوەی گرفت گەلێك کە لە گەڕان و سووران بە ناو ئەم هەرێمە دوورانەدا بەرپێش دێن لە بەرچاو بن.

****

لە روانگەی ئەو چەند لاپەرەی لێکۆڵینەوەدا، هەمیشە پێمان وایە کەسایەتی مەلا سەعید، نووسیاری هەموو ئەو تێکستانەو مامۆستای زمانی کوردیم بە دیدەکەین، بەدبەختە هاوینی 1918 لە ورمێ بوو بە کوشتەی دەست هاونیشتمانییەکانی خۆیەوە . ئەم کوردە رووناکبیرە، چاکترین مەلا و مامۆستا بوو، هەروا شارەزاییەکی چاکی زمانی دایکی بوو بە هەموو دیالێکتیەکانیەوە، جگە لەوە زمانەکانی عەرەبی، تورکی زانیوە و شارەزای تیۆلۆژی théologie

ئیسلامیش بوو، هەمیشە لای من وەکوو نموونەیەك بوو لەوانەی کە بناخەیەکی رووناکبیری پتەویان هەبوو و چەند سەفەرێك بۆ دەرەوەی ناو ئەم چیایانە، کەمێك پێوەندیگرتن لە گەڵ دونیای دەرەوە، دەیانتوانی ئەم کورد بە سرووشت بەهرەوەرە بکەن بە عەقڵێکی زیندوو malléable و زۆر سیفاتی شیاوی دیکە بۆ چاکترکردنی ئەم چلە لە بیرکراوەی ئاریایی.

سەرچاوە:


- *Actes du congrès international d'histoire des religions tenu à Paris en octobre 1923*, Tome seconde, Paris, Ed. Librairrie ancienne honoré champion, 1925, pp. 415-434.


بنکەی ژین
www.zheen.org

# حەکایەتا سۆتۆ و تەتۆ

**یەك دوو ووشە:**

ئەم چیرۆکە یا ئەم هەقایەتە کە لە لایەن مەلا سەعیدی شەمدینانی بە کوردی نووسراوەتەوە و میژووی نووسینەوەی دەگەریتەوە بۆ سالەکانی 1916-1918، یەکیکە لە نموونەی ئەو پەخشانە نایابانەی کە دەکری لە زۆر رووەوە سوودی لیوەربگیری. بۆ ئیمە ئەم چیرۆکە هەر لە لایەنی زمانەوانی، رینووسسازی، و ئەدەبییەوە بیگرە تا دەگاتە بواری میژوو و سۆسیۆلۆژی و پیوەندیە خیلەکیەکانی ناو کۆمەلی کوردەواری و زۆر لایەنی دیکەوە نموونەیەکی ناوازە و بیوینەیە. رەنگە بایەخی ئەم چیرۆکە زیتر لە لایەنە سۆسۆ-کوتووری و میژوییەکەی سەرچاوە بگریت. ئەم چیرۆکە بە راستی ئاوینەکی راستەقینەی ژیانی کۆمەلایەتی ناو هۆزەکان و عەقلی دواکەوتووی خیلایەتیی و شەرە زرتانی ی ناوخیلە کوردەکانە لە دوادواییەکەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بستەمدا کە تا ئیستاکەش ئەم عەقلیەتە زیندوویتی خۆی هەر لە دەستنەداوە. ئەم چیرۆکە سالی 1923 لە لایەن بازیل نیکیتین و میجەر سۆن کراوەتە ئینگلیزی و لە گۆواری بوولتەنی دیراساتی رۆهەلات BSOS وەرگیرانە ئینگلیزی و تیکستە کوردیەکە بە تیبینی و شەرح و لیکدانەوە بلاوکرایەوە *.

www.zhinan.org

---

* *The Tale of Suto and Tato: Kurdish text with Translation and Notes* bay B. Nikitine and the Major E.B. Soane dans BSOS, III (1923), 60-106, *Kurdish Stories from my collection by B, Nikitine* dans *BSOS*, IV (1926), 121-138.

ئێمه بۆ ئەوەی روحی چیرۆکە کوردیەکە بپارێزین، بە پێویستمان زانی چیرۆکەکە وەکوو خۆی بە بێ دەستکاری رێنووس بڵاوبکەینەوە و تێکستەکە ئۆرگیناڵەکە بە بێ هیچ دەستکاریەك وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە. ئەمکارە لە زۆر رووەوە خزمەتی زۆری لێکۆڵەرەوەکانمان دەکات. حەزدەکەم لە دوا جار دا ئەوە بڵێم کە ئەم چیرۆکە لە بەر ئەو نوسخە چاپە گیراوەتەوە کە نیکیتین بە دەستی خۆی پێشکەش بە رۆژهەڵاتناس ماسینۆنی کردووە. شایانی گووتنە لەم نوسخەیەدا نیکیتین بە دەستخەتی خۆی برێك هەڵەی چاپی راستکردۆتەوە و ئێمەش ئەو نووسخە راستکراوەمان بە کارهێناوە کە ئێستە لە کتێبخانەی دیراساتی ئێرانی زانکۆی سوربۆن لە پاریس پارێزراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(حكايا بيرا سوتو . وتتو)

سوتو آغاى عشيرتا دوسكانى ژگندى هوره مارى . ژ اوجاغا ما لا ميرى يه . تتو آغاى عشيرتا ريكانى ژگندى رزگه . ژ ما لا ميكائيل آغابو . عشيرتا ريكانى ژ زمانى قديم حتى نوكه . دايمى ژير دستى آغاييت هوره ماريان بونه . وز مانى سوتو آغا زيده تر كوژنيه بن دستى هوره ماريان . وسوتو . و كوريت وى . وبراييت وى . وهمى مزنيت او جاغا وى گلك ظلم و تعداى ل ريكا نيان كرن . زيده عاجز كرن . ايدى طاقتا تحمّلى نما . تتو تازه جاحيل بو . مرووكى گلك جسوربو . دناو آغاييت ريكانيان دا . كسك وكى وى پيدا نه ببو . چيدى غيرتاوى تحمّلا ظلما هوره ماريان نكر گوته براييت خو . عو . وهادى . ورسول . هرسى ژوى مزن تربون . . . از وكى هنگو قبول ناكم . خو . ددستى سوتودا . ناكمه جو . بومه مرن خوشتره . ژ ژينا هو . أز بتوفيقا خدي . پنجة خو . دى دمه بر پنجة سوتو . چة مرم . چه مام . براييت وى . وملتى وى گوتن تو چاوا مناسب دزانى . ژ خبرى ته در ناكوين . أمّا أم دى

بنكەی ژین
www.zheen.org

محوبین مه طاقتا هوره ماریان نیه . تتو گوت . بِلا محو ببین
هیچ ضررنیه . آگرغالب بوین . أوه مه حتی قیامتی ناو . وناموس .
قازانجکر . واگر مغلوب بوین دی مرین . وراحت بین . بهرطرزی
بیت أز گلك رازیمه . خلاصه همیان قرار اینانه سر درمنیا
دگل هوره ماریان : روژکی . وَتُوَقومی حیُو برای سوتو :
دپسالسرا عادتی خوها ته گندیت ریکانی دست کر . بِه . خُوزْتی .
وتشت ستاند نی . تتو . وعو . دگل ده مرووان چونه نك حیو
گوتن درکوه ژناو ملتی مه . ژأورو پاش قبول ناکین . هو نگ
هات وچونا . ریکانی بکن . حیو گوت . أم دی هیین . وهنگو
بتشتکی نزانین وختی حیو هو گوت . تتودری مارتینی . دا لای
حیو . فیشکك لوی خسارکر . لوی دری حیُوکشت . وخلا میت
حیوڕی هندك کشتن . وهندك حلاتن چونه نیز وَکِی گندی
سوتو . کوما بینا نیروکی . ورزگه دوساعت کیمتره . روژا پاشی
سوتو همی عشیرتا دوسکانی وهوره ماری جماکرن . گوت دی چم
ما لا میکا ئیل آغای ریکانی بجارکی بِرینمَهَ وَه . وجبی ریکانی
بتمامی زَوتْ کم . بو تو لا . حیو . همیان گوتن أم حازرین . تو
چاوا أمردفرموی تجاوزی ژ أمری جنابی آغاناکین . البته تو لا
برای آغالسرمه همیان لازمه بی گوتنا آغا واجبه أم شو ورو ژ
به خبتین له تولا حیو . خلاصه . سوتو دگل لشکری خوهاته

سر گندی رزگه . دست کرن بشری . مروویت تتوکیم بون
نشیان ژ دروه شرْ بکن . خوهاو یتنه قصراتتو . دقصریدا شر
دگل لشکری سوتو کرن . کَوْتِنِه مُحٰاصَرَه . لشکری سوتو
هجوم دکرنه . دری قصری تتولسر تیر أنداژا . هِنْداوی دری
رونشتبو . هرجاری چار پینج ژوان دکشتن . وددا نه پاش .
سوتو گوت . هونابیت لازمه بچرْیه بچینه بن قصری . چند داریت
له گندی رزگه همی برین قَدْقَدْ کَرَن . وکرنه چریه چون بو بن
قصری . شوی ساعت چارو پینج چریه گهاند نه قصری . هندک
مروویت لشکری له سرچریه چونه سر بانی قصری . مروویت
تتو طنگاوبون . تتوگوت . هیچ نه ترسن میر بو روژ کی هُو نه .
گرتن . کشتن . ریکا میرانه . صبر کن نوکه دی وان بلاوکم .
تتوچار پینج لحیف دناو نفتی هَلینْانْ . بسری جلان وه کرن
دریژ کرنه ناوچریه . آگر بردا چریه . سواندیت قصری همی
بربون نه دسوتن . وختی گُرْیٰا آگری ژچریه بلندبو . همی قراغیت
قصری رُونٰا بون . تتو وخلامان شیلکیت تفنگان لدوییک کرنه
لشکری سوتو . وی دفعی بیست وچار کس تمام کرن . دیسا لشکری
سوتو ژ قصری دانه پاش . چریه ژی فایده نکر . سوتو گازی
کره تتو . هنگی دی چم ته محوکم . أوه نوکه دی چریهٔ بران چیکم .
ایدی تو نشی وی بسوژی . دومای هیه .

تشو جوابا وی دا . گازی کر . مِن بابی ته گا . چرپی
داران فایده نَکِرْ حتی تو چرپی بَران دِگهینیَه قصری .
گلك دی دور کیشیتْ . بلکو حتی هنگی خدی بومه چاره یکی .
بِکَتْ . دَستْکِرنْ بچیکرنا چرپی بران أمّا . وکی چرپی
داران سنای نبو . دوی مابینی دا . خبر گهشته حکومتا آمیدِیی کو
أوه دوازده روژه لشکری سوتو لسرقصرا تتویه . وتتو دگل
مروویت خو . دمحاصره دایه . قائم مقامی آمید یی ضابطی
جند رمان دگل بیست جند رمان هِنارْتَه رزگه . کو بهر طرزی
دبیت لشکری سوتو ژسرتتو دفع بکن . ضابط وجندرمه هاتنه
رزگه دیتن قلّه بالِفَکیی مزن لسررزگه . فکر کرن کوأوشوله
بتندی چِی نابیت . به تدبیر وحکیما نه دی ممکن بیت چونکو
گلك مرو هاتبونه کشتن . به بیست جندرمه بشر دفع کرن . نَدِبُو .
و به هیوی قبول کرن ژی ژعقلی دوربو . ضابط گوته سوتو . أز
هاتیمَه مخصوص بیرْمه ته کوازحز ناکم مالا ته خراب بِبیتْ .
چونکو تو آغا یکی خاندان و معتبری . أوم هنده روژه ته أو
لشکره اینایه سرجي ریکانی . شری دکی دنگ گَشتیَه ولایتا
موصلی . والی خبر دایه قائم مقامی آمید یی من تشتکی هو زانیه .
تحقیقا مادّهِ بکَه . اگر راسته زوخبر بده من . داخبر بدمه والي
وانی عسکری شاها نه ژوانی به هنیریت بو سرعشیرتا سوتو . وژ

بنکەی ژین
www.zheen.org

ولایتا موصلی ژی دوتابور عسکر دگل دوطوپان دی هین بوتربیا
سوتو . ومحافظا تتو . ما دامکه هویه صلاحا . حالی ته أوه یه ییك
ساعت أول وی جمعیتی بَلاڤ بکی . أم ژی دی جوابا والیی موصلی
دین . کو تشتکی موجبی أهمیّتی واقع نبویه چند غلامیت سوتو .
وتتو . لپشتا گندی لسر مسئلیا دزیا رزان . دوسی ساعتان
شرکرن . ورٔییك وه بون . ودو یان سی مرو هاتینه بریندار
کرن . هنگی تو مسئول نابی . أوه من گوته ته . قبول دکی کیفا
تیه . قبول ژی نَکَیْ کیفا تیه وختی ضابطی هوگوت . همی
ملتی گوته سوتو . أم مالاخو خراب ناکین بشری دولتان
ژمه زیدیه . اگر شری عشیرتانه . أم همی حازرین . خوبوته .
بدینه کشتن . أمّا لای حکومتی بمه ممکن نابیت . خلاصه
سوتو قبول کر . لشکری خو پاشوه بِر . ضابطی گلك پاره
ژسوتو . وَرْگِرتْ . ومنتکی مزن ژی دانا سرسوتو کومن
شولاته بسنای چیکر . . . وگوته تتو ژی صلاحا . حالی ته
أوه یه تومال وعیال . وخزمیت خوهمیان نقل کَیَه مرکزی
قضا آمیدیی . خبر بدیه ولایتی . وبابی عالی له استنبولی . و
مقدوریت . ومظلو میتاخو . بوهمی مقاماتیت لازمه . بروجه تفصیل
بیان بکی . بلکو حکومت ته محافظه بکت اگرنه‌تو نشی خو ژ
ظلما آغاییت هوره ماریان حفظ بکی . وأم همی دی بوته شاهدبی

دین . خُلاٰصَه تتوڤی قانع و ممنون کر . و مالاوی، ومروویت وی
همی دگل خوبر نه آمیدیی . وگللك پاره ژ تتو ڤی قازانج کر .
چونکو لناو کردان مثَلَکی مشهورهیه . روُمِی خَرتَلِنْ .
خُوشِیٰا وان أوَه کَلَشْ مِشَه بنْ وختی تتو بمرو ویت خوه .
چو آمیدیی . جي ریکانی بی‌خدان ما . شیخ محمد صدیق ڤی .
خرتلکی مزن بو . جي ریکا نی ڤی . کَلَشَکی گللك خوش .
وقلو بو طمعا جنابی شیخ گللك غالب بو . فکراخو کر .
کو بطرزکی سنای جي ریکانے بینیته بن دستی خو . کاغذلے
محرمانه دگل دوسی مرو ویت معتبر وزانا وچند پاره بو
قائم‌مقامی آمیدیی هنارن . کو أز خواهش دکم . تو وتو چیکی .
تو محتا جی . من به بیت . بهیته ایره . أزدگل وی به آخوم .
شولاوی أز بدمه چیکرن تو شولاوی لویدری پیچلے تأخیر
بکه . وختیکو خبری شیخ گهشته قائم مقام . گللك کیفخوش
بو . موافقی مقصودا شیخ عمل کر . گوته تتو . ریککی قاهیم تر .
و بسنای تر . من بو ته ملاحظه کریه . اگرچی لیره ڤی شولا
ته ممکن دبیت اُمّا ولایتا موصلی شولان پیچلے تأخیر دکت .
حتی نیتجه در دکویت . مر و گللك عاجز دبیت . ولایتاوانی .
زوتر اجرا آتان دکن . و ولایتا وانی هرچی هیه دردستی شیخ
محمد صدیق دایه . هرچی حز بکت دکت . أزد بیرمْ اگر تو .

و برایت خو . وچند معتبریت عشیرتا ریکانی بچنه نهری لالی
شیخ محمد صدیق شولا هنگودی زوترچی بیت . وهم عشیرتی
وهم حکومتی زاتی شیخ شریك و پشتیوان بیت بو هنگو چیتره .
و پشتا سوتو . دی شکیت . خلاصه تتو رازی کر . وژ قائم مقام
ممنون بو . کو ریککی هو نیشا وی دا . تتو دگل بسران
ومعتبر ان هاته نهری . نیچیری شیخ هاته داوا وی
وختی تتو هاته لالی شیخ محمّد صدیق . گلك احتراما وی
گرت . وممنون کر . شیخ ژ پاوه ئیان عزمان لُوسْ تر بو . بهر
طرز کی دلی تتو رازی کر . گوته تتو چی قصرا رزگه بفروشه
من . أزدی قصری تمام خراب کم چارکی دی ژتو دی مزن تر .
و قاهیم تر چیکم . و بیست خلامیت خو دی دانیمه لالی ته .
وصد تفنگ . مارتین . وسوزنی . دیدمه مروویت ته . وژ
طرفی حکومتی ژی أمرکی خصوصی بو محافظاته . دی ذمه
تحصیل کرن . وبدل وهی مزنیت ریکانی دهیکاحما صلاتی
خُو . هرسال بدنه من . تتو گوت . هر أمری شیخ بفرموت .
من قبوله . خلاصه وتو معاملا خوگر یدان . و تتوخلات کر .
و سُورَه چاوش . دگل بیست خلامیت بڕاره . دگل تتو هنارنه.
ناڤ ریکانیان . قصرا رزگه ژ بن خراب کرن . هوستا هنارن
دست کرن . به چیکر نا قصری . تبقیتْ ینی نیز یکی تمام بونی



www.zheen.org

بون. سوتو ملاحظه کر. اگر. قصرا رزگه بوی طرزی تمام
ببیت. ودستی شیخی بکو یته ناو ریکانی. هنگی قوّتا تتو.
دی گته درجه یکی. ایدی نشیت برامبریا وی بکت. پاشی بو
آغاییت هوره ماری طنگاو یکی مزن دی پیدا بیت. چونکو
ریکا. کاروانی هوره ماریان بولای موصلی. آکری. آمیدیی.
لناوْ ریکانی دچیت. سوتو همی دوسکانی. وهوره ماری گازی
کرن. گوته وان. هونگ دزانن تتوی ریکانی چاوا درْمنی میه.
گوتن بلی آغا. چاک دزانین. گوت. هونگ دزانن شیخ محمد
صدیق چاوا خوزْتْ. و طمعکاره. گوتن بلی آغا. گوت. هونگ
دزانن اگر قصرا رزگه لسروی اساسی تمام به ببیت. و شیخ
دگل تتو متّفق به بیت. جیی دوسکانی وهوره ماری دی کویته
محاصره. أم هنگی لازمه به بینه جوْبیتْ تتو. اگر نه مارْین.
همیان پیکوّه گوتن بلی آغا دزانین. ویه وزیده تره. سوتو گوته
ملّتی خو. بس مادام هونگ وانه همیان تصدیق دکن. هونگ
بوچی تدبیر اگرتنا پیشیا وانه نا کن. نوکه أم دما بینا مزنی.
وژینی دانه. ومن نیز یك تره. بس یان هونگ تدبیری
بکن. وأز دی تا بعی فکرا هنگوبم. یان أز بکم هونگ
موافقی گوتنا من عمل بکن. همیان گوتن. حتی و جودا ذاتی آغا
حازره. کس ژمه خدان ژنی نیه هر رئیکی آغا بفر موت.

بنکەی ژین www.zheen.org

وظیفا مه اطاعته . سو تو گوت . مادام کو هو نگ هو مطیع بن
قرار بیت أز وجودا خو فدای مصلحتا حالی هنگو بکم .
آوّلا گوت أی ملّت هو نگ دزانن اگر أز تنزّل بو شیخ محمد
صدیق بکم . فقط گندکی هنگو بدمه وی . أودی گلك ژمن
ممنون بیت . و احتراما من گلك دی ژ احترا اما تو زیده تر بیت .
همیان گوتن باورد کین . وَیَه وَکی آغا دفرموت . سو تو گوت . بس
هر چی بکم . بو خاترا هنگو یه . بوُ خوُ نیَه . فِکرا من نوکه أوه
یه . هجوم بکینه رزگه . سوره چاوش وخلامیت شیخی بکزین
ونهیلین قصرا رزگه تمام بکن . هو نگ چاوا مناسب دزانن .
همیان گوتن اَمْ همی لسر رئیا آغا حازرین . چونکو مادام قصرا
رزگه تمام بو . أم دی محو بین بس بو مه شر صلاح تره دا اگر محو
دبین . بشرف وناموس محو ببین . نه برزیلی . و بی ناموُسی .
خلاصه دگل سپیدی نه صدمیر دو سکی وهوره ماری هجوم
کرنه سر رزگه . وی روژی تتو و مر و ویت خو چو بو نه آمید یی .
کو . مالیت خو بینِنَه رزگه . سوره چاوش دگل بیست خلامان
حازر بون . قصرژی درست نبو بو . ساعتکی شر کرن . ژ همی
قراغان لشکری سو تو . دَوْرَه لِوانْ دا . سوره وخلامیت خو .
چو نه خانیکی . أوْخانی بوُشرَی چالْ نبو . مر و ویت سو تو گشتنه
بن دِوْاریت خانی . دِ کُلَکان دا . سوره دوسی مر و ویت

سوُتو کُشتِنِ. أَمّا فایْدَه نبو. رِهمبی رخان آگر بردانه خانی سوره دگل دوازده خلامان ها ته سوتن. حتی شیان شر کرن. و چکیت خو ندان. حاوت خلامان. أمان خو استن. در کوتن. سو توگوته وان حاوتان چکیت خو بدن. هر نه نِلِنْ شیخی خو. بیر نه وی. جار کیدی خیالاجی ریکانی نکت. حتی کُورَکی مالا میری مایه. ممکن نیه کس به راحتی تصرفی دعشیرتا ریکانی دا بکت. أو حاوت خلام ها تن. روُسْ. بی چلک. کِرِیتْ. شَرْمِندَه. همی متحیر مان گوتن. أوَه چه حاله. وان رثی حالی خو بتمامی حکایت کرن وختی وان حاوت خلامان حکا بیتا حالی خو بو شیخ محمد صدیق بیان کرن. شیخ غایت عاجز بو. بِرِدُو بِجهتان. بیلی أوَه بُو. گنم. و بِرِنجی ریکانی نهاته دستی وی ببهی أوَه بو زرز و بی نا موُسیکی مزن هاته وی. شیخ کَوْته فکرا تُولا وی وا قِمی. همی مزنیت خو حازر کرن. ومشورت بِوانِ کر. گوت. هونک چاوا صلاح دبینن. هندکان گوتن دی لشکرکی مزن رعشیرتان درست کین چینه سر وی همیان بر بینینه وَه. هندکان گوتن صلاح أوه یه احوالی وی بتمامی بو والی وانی. ووالی موصلی بهیته بیان کرن وله حکومتی بهیته محکوم کرن. وبدستی حکومتی بهیته تربیه کرن. وَ هندکان گوتن. چاکه حضرتی شیخ عبد الرحیم آغا تلطیف بکت.

أو ڕ مالا مفہی یَه . ما بینا وان وما لا میری دایی نخوشه . هنگی
أو وتتو دی بنـه پیك دڕ منی ڕ دروه . وناودا . كو پیدابون . دی
پریشـان بیت . هند كان گوتن دی نڕ دان بینـه گندیت وان .
وچینه سرریكیت كاروانیت وان . ناهیلین راحت بیت حتی بتمامی
تو لاخو دكینه وه . خلاصه هرییكی رأیك گُوت . بندة حقیر
ملا سید له مجلسی حازر نبو . له مدرسه بو درسا فقیـان دگوت
خلاملك هات گوت شیخ ته خوازیت . بنده چو حضورا شیخ . فرمو
تو چاوا صلاح دزانی . بو تو لا سوره چاوش وخلا مان . بنده گوت . أز
ملا مه . تازه جا حیلم شولیت سیاسی نزانم . من نه گللك بلكی پیچك
ڕثی تیكلیا اموریت دنیایی نكریه . ... بیت حازر همی عقلدارن . أوته
مزنن شول دیتی نه . أوان البته ژ بنده چیتر دزانن . شیخ فرمو وَیَه
وكی دبیرثی أمّا أز حز دكم تو ڕثی رأیاخو بیان كی . چه چاك چه خراب .
چونكو وانه همیان رأیاخو بیان كرینه . بنده گوت . ڕثمی رَئیان
كیشك مقبولی نظرا مبارکی حضرتی روحنا فداه بویه . شیخ فرمو
هیشتـا من چه اظهـار نكریه حتی تو ڕثی رأیا خود بیرثی . بنده
گوت . خواهش دكم بزانم . رأییت وان چنه دا اگر موافق فكرا
بنده بن تصدیق بكم . اگر موافق نبون هنگی بقدر عقلی نا قصی خو
بنده ڕثی دی تشتكی عرضی حضورا مبارك كت . شیخ رأییت
مجلسی كَتْ كَتْ حكایت كرن . گوت أوَه تنّه رأییت وان . بزانم

بنکەی ژین
www.zheen.org

کا تو دی چه بیرثی. بنده گوت. رأیالشکری عشیرتی بی اطلاعی وبی تیکلیا دستی حکومتی خرابه. حرکاتیت خود سرانه. دومای باعثی خسارت. وندامتی یه. نرثده کرن. وکاروان شلاندن رثی شولا أشقیانه. لایق نیه بو مَرِ نا تِیا شـأن وشرفا حضرتی مَوْلاَی بنده گان. تلطیفا عبدالرحیم آغا واقمّا چاکه. أمّادوی اثنای دا. وختی موفّقیتا سوتو. زحمته کو فایده بدت بو مقصودامه واگر فایده بدت رثی. دَرَنگ دی بیت. و بیانا احوالی وی بو والیان ومحکوم کرناوی له حکومتی البته لازمه. وشرطی أوّله. بلی أوهند بتنی رثی کافی نیه دردی مه درمان ناکت. نهایت. حکومت دی وی حبس کت پاشیَ مدتکی. گـللـك پاره دی ژ وی ورگریت. ووی بردت. هنگی سوتو دی خُورْتْر بیت. وشولامه دی آسی تر بیت. بنده هو مناسب دزانیت. أوّلا بیا ناحالی وی بو حکومتی. پاشی تحصیلا امری رسمی ودانا ده جندرمه. بوتعمیرا قصرا رزگه. واقرارا تتو له حکومتی کو گندی رزگه. وقصرا رزگه من فروتنه شیخ محمد صدّیق. وحکومت رخصت بدت کو شیخ بو محافظا گندی مرروویت خوبسلاح دانیته رزگه هنگی هر واقعه یکی بِقَوْمیت. سوچ بو شیخ نیه. بو سوتویه. و دیهارییت گلك چالـ بوقائم مقامی گورَی. وقائم مقامی آمیدیی بهنیرن. دلیوان چالـ خوش کن

وتو کو درحق شیخ دایی بچاکی . ودرحق سو تو بخرابی . بنویسن .
وچارصد میران . صد شمد نیان . صد گردی . صد هرکی . صد مزوری
کو أوه خو بحو بیت ته دزانن . دگل تتو ریکه رزگه حتی
قصر تمام دبیت . جندرمه . و هوستا لسر قصری بن . أوان میرانه .
هر شوی بچنه سر گندکی دوسکانی . هنگی هم عشیرتی دی تولا
ه بیت . هم حکومتی . ومقصودا شیخ کو تصرفا ریکانی یه أو ژی
دی حاصل بیت . وهر چارعشیرت ژی دی بنه دژمن دگل سوتو .
ایدی نه أو . ونه أولادی وی ژ دستی وان چار عسیرتا نه
راحت نابن . وختی بنده هو ترتیب بیان کر . شیخ وتو کیف
خوش بو . وتو کنی . ممکن بو . مریشکك به همی پران بچیته دوی وی
شیخ محمد صدیق گوت آفرین ملاسعید رأیا ته ژ همیان چیتر کو ته
عقلی من . دی عمل برأیاته کم . واهلی مجلسی ژی همیان گوتن
الحق رائیاوی ژهمیان مناسب تر . وبفا یده تره . شیخ فرمو بس
ما دام رأیا ته ژهمیان منا سب تر بو . أز حز دکم تو زحمتی بکیشی
بچیه رزگه لنك مر و ویت مـن . بی حتی قصر تمام دبیـت . و بی
رأیا ته کس چه حرکه نکت . هندی بنده رجا کر وظیفا من نیه .
أما شیخ میحتْ تیزْ بو . خلاصه . چارصد میر بطرزی بـنده
گوتبو . وده جندرمه حازر کرن . تسلیم بنده کرن . بنده عرض شیخ
کر . حـز دکم شهـاب الدین خوارزای شیخ . وملا موسی کاتب

تنكەی ژین
www.zheen.org

شیخ . وقطاس آغا وکیل خرجی شیخ أوهژ بسیکه ژی بهین .
شیخ امر فرمو . اوه بو چنه . لازم نینه مادا مکو تو چوی کسی
دی حاجت نیه . بنده گوت . کاریتی گران دبیت گلك ملی خو
بدَ نه بن . اگر نه ملی ییکی بتنی دی دبندا شکیت . أوه شولکی
مز نه . گلك خزمت هنه . اگر همی خزمتان یلی بکت فکرا
وی دی مشوّش بیت . شول دی آلوز بیت . شهاب الدین
چو نکو خوار زای حضرتی شیخه سهم و صیا نتا وی زیده تره
لازمه أو بهیت . بو قوما نداریا خلامان . وملا موسی لازمه بو
کاغذ نویسین . ومشورت کرنا اموران . وقطاس آغا لازمه بو دانا
ارزاق خلامان . وجما کرنا حاصلاتی . اگروا نه همیان بنده بکت
فکر دی پارچه پارچه بیت حلا مشکلاتان نشیت بکت . دیسا
همی أهلی مجلسی تصدیق کرن . گوتن و تو یه وکی ملاسعید دبیژیت .
شیخ ژی تصدیق کر . دیسا آفرین گوت . وأم هنارین .
شوی چوینه . مزره . وبیگوز . روژا پاشی چوینه . شیوا هرکی .
روژا پاشتر چوینه دری . وی شوی پینجه میر دست براری . مه
هنار نه چیای هند اوی پر امیزی . کو سرحدی ریکانی . و هرکیان .
ودو سکیانه . چو نکو اگر أوچیا بهیته گرتن کس نشیت بچیته
لای ریکانی . دگل سپیدی أم رابوین . یك منزل مه هاژو .
نه رونشتین حتی گهشتینه رزگه . وختی أم گهشتینه ویدری

نیوساعت ما بو . بومفر بی . وی ساعتی صدمیر . ژ هرعشیرتکی
بیست و پینج میرمه هنار نه گری پیش نیروه کی گندی سوتو .
بنده و تو تنبیه لِوان کِر کو کس چه تفنگان نه هاویژیت . و
هجوم نکن حتی صبه أز بِخو تینم . اگر اوشوه سوتو حلات .
چو . چا که . اگر نه دی دوره لگندی دین نا هیلین کس
درکویت . وی شوی خفیت سوتو لناو ریکانی هبون . خبردا نه
سوتو . کو وی کردی قوتکی و تو ها تیه رزگه . هم عشیرتی . هم
حکومتی . کوایدی . تو نشیی له نیروه رونیی . وی شوی
سوتو حلات چو هوره ماری . دگل سپیدی أم بیت مای لرزگه
چوین گهشتینه بیت چو یه گری پیش نیروه کی . مه پیکوه
دوره لگندی دا . وشیلکیت تفنگان کرنه . گندی . چه
دنگ ژ گندی نهات . هیدی هیدی خلام پارستنه گندی .
زانین چوله . کس تیدا نیه . أم ژی چوینه گندی . مه گوتنه
تتو . وی جاری نوبتا تیه . تولاخو . وکه . تتو . ومرو ویت
وی آگر بردا نه قصریت نیروکی گند همی سوت . وختی تری
بولشکر چو رزان . باریت تری اینان بو رزگه . هوستان
دست کر به چیکرنا قصری . روژا پاشتر . صد میر مه لرزگه
هیلان سیصد میر دگل احمد بگی بره سوری کو ییلک بو ژ
چاوشیت خلامیت شیخ محمد صدیق مه هنار نه سر گندی بیری.

www.zheen.org

وگندی چی . تیس تالان کرن . وبزی وان وهیستر یت وان . همی اینان . هاتنه رزگه . ومه گاغذ بو شیخی هنار کو الحمد لله سایهٔ همتا اجدا دی عالی نژا دی حضر تی شیخ أرواحنا فداه بالکمال موفقیت گهشتینه رزگه . ولدو ییل غلبه ومظفریت باحصول . هرمرام وأخذ انتقام أز دشمنی بدانجام دکاردایه . وکیفیتا حال هویه دام ظلّه العالی آمین بنده سعید شیخ گلک کیفخوش بو . تبریکا فتوحا تیت مه بو مه شرف اصدار فرمو . نو یسی بو . ذاتا دایمی امیدا داعی ژکالا فراست ودرایت وبجسار تاامثالی هنگو ژوان فتوحاتیت مسرّت انگیز زیده تر هیه وفقکم الله آمین الداعی صدیق بچینه سربحثی حالی سوتو. وختی سوتو چو هوره ماری. ملاحسن شوکی . کو کاتبی وی بو. وقاضی دوسکانی وهوره ماری بو. هناره لالی طاهر آغای گوری وختی ملا حسن هاته لالی طاهر آغا. گوت سوتو آغا أز هناریمه خزمت هنگو تواسد آغایی سری مه همی عشیرتا دوسکیانی. وتو اعضای حکومتا گوریی خزماتی. ودوستینی. بو روژکی هویه. نو که تدبیرا مه چیه . وأم چه بکین . چاکه . طاهر آغا مرووکی تیگشتیه. گوته ملا حسن هندی أز ملاحظه دکم. نو که بو سوتو. ژغیری راضی کرنا شیخ محمد صدیق . چه ری نمانه . چونکو

بنکەی ژین
www.zheen.org

شری وی. دگل تتو . و دگل خلا میت شیخی . و کشتنا سوره
چاوش دگل دواز ده خلامان معلومی همی مقاماتان بویه. حکومت
طرفداری شیخیه . بس نو که لازمه دلی شیخی بیته خوشکرن .
ملا حسن گوت بلی . وَیَه وکی دفرموی . أز ژی و تو دزانم .
أمانزانم . ریکا دلخو شکرنا شیخی دی چاوا بیت. طاهر آغا گوت.
حقیقة بِزَحمَتَه. أمّا اگر ممکن بیت تو بشی بچیه رزگه لا لی
ملاسعید ژوی به پرسی ممکنه . کو أو ریککی بوته بیرٛیت .
ملاحسن ژ لا لی طاهر آغا گریاوه قصدا لا لی بنده کر. خو گهانده .
گندی هیشی. ژعشیر تاریکانی گندی مسیحیانه. ساعتکی دوره ژرزگه.
شوی ملا حسن لِوِی دَری مٛا. صبحٛی زو. مه دیت مرووکی نصرانی.
ژ هیشی هاته لا لی مه . گوت حز دکم ملا سعید بتنی به بینم . وختی
بنده دیت . گوت ملا ی. سوتو لِه ما لا من رونشتیه . دبیریت قوی
حز دکم بهیمه لا لی ملاسعید .چند خبر هنه عرض بکم. أمّا نوَی دِرمْ
بهیم . ژ بَرْ قراولان نکو من بکرٛن. بنده ژی ده خلام دگل
نصرانی هنارن. من گوَت هرن ملاحسن ژ هیشی بسلامتی بیننه
ایره. مُویکْ ژ سری ملاحسن بکویت هنگو همیان. دی کَمَه
آ ز مٛانجی . مارتینان . خلاصه . خلام چون . ملا حسن اینا
دوشوان ما . لا لی مه . همی گفتگومه کرن . بنده گوته ملاحسن
اگر حضرتی شیخ سوتو قبول بکت . و ژ کشتنی عفو بکت : تو

بنکەی ژین
www.zheen.org

وعده دِدَیْ کو سوتو بِچیتِه حضورا شیخ . گوت بـلـی أمـا
بشرطیکو سوتو أمین بیت ژروحاخو. بنده گوت بس توهره لالی
سوتو . بتمامی دگل وی به آخِوَه . و قوَلِی ـِژوی وَ زگِرَه . حتـی
تو تیپه وَه . از ژی . دی دگل حضرتی شیخ . مخابره . بکم . بزانم
رأیا شیخ چیه. ملا حسن.مه هِنارَهَ وه. بولالی سوتو. وبنده دست
کر به کاغذ نویسینی وسوآل وجوابی . دگل شیخی .چونکو بنده
عادتی مأموریت عشا نیان دزانی . کوچه وختان قول. و فعلیت وان
موافق نینه . ژغیری پاتنا کَبْا بِا غرَضا خو . چه مقصود دی نینه .
مه دزانی کو مدّتکی . دی سوتو طنگاو کن . حتی پاره یکی زور ژ
شیخی دخون . پاشی . دومای . هیدی هیدی . دی سوتو تلطیف
کن . حتی گللک پاره ژوی ژی . دخون. کسک بو کس محونا کن .
بنده وتو صلاح ومناسب دیت کو شیخ . سوتو قبول بکت .
هیشتا شول ژدستی وی در نکوتی . خلاصه به وی مضمونی بنده
بو شیخ نویسی . وکیفیتا هاتن وچون . وآخوتنا مه دگل ملا حسن
بتفصیل مه بو حضورا شیخ بیان کر . وهنار . حضرتی شیخ جواب
بو بنده هنار . هرطرزی کو موجب جفظا شرف و ناموسا داعی
بیت . دوی ماده یی دا . تو وکیل. ومأذونی . زین پس هیچ حاجت
بِرا جماداعی نیه. چاوا بفکرا خودزانی عمل بکه.عزیزم والسلام.
الداعی محمد صدیق . وختی أوجوا به هـات . ملاحسن ژی . روژا

پاشتر هاته رز گه . ملاحسن گوت . اگر تو ژ لالی شیخی خاطر
جمع بی . از ژی ژ لای سوتو خاطر جمم . کو ژ خبری من در
نا کویت بنده گوت ما دام وَیَه . أوه أم هردو وکیلین . أزهو صلاحا
سوتو دزانم . طاهرآغا وعلی افندی پایلانہی دگل خو بیتْ بچیته
نهری . سرمرقدی سید طَه . داشیخ . وی عفو بکت . اگر سوتو
وِهِی نکت . تو دزانی أولِه دَوُلَتِی محکومه . دی هیته محو کرن .
ملا حسن گوت . اگر تودزانی دِی . هُوچیبیتْ . أز دی وِهِی کم .
من ژی تأمینات داملاحسن . أو ژی چو . بِوِی طرزی . بو سوتو .
گوت . وسوتو ژی قبول کر . دگل طاهرآغا . وعلی افندی چونهری .
شیخ گلك کیفخوش بو . چو انکو دایِی مقصودا جنابی شیخ
آرَکِی هُوز بُو . ژناوْ دُو بَرِیتْ رق . أوْدِ خما سوره چاوش ذانَبوُ
وِی پارَه دِوِیا . گوته سوتو . بُوخاترا طاهر آغا وعلی افندی .
وبوخاترا . شرفا مرقدی باپیری خو . من توعفو کری . ژ کشتنی .
وگرتنی . و سورگون کرنی . أمّا هیتیمیت سوره چاوش فقیرن .
وهیتیمیت خلامان . بی چاره نه . خونا هَرْیِیکِی صد لیژان هزار .
وسیصد لیره بدت . بخیر بچیته مالاخو . سوتو ژی قانع بو .
دوجندرمه . وهشت خلام دانه سوتو . کوبچیته ناو دوسکی
وهوره ما ریان کو هزار وسیصد لیره بوشیخ . جما کت . بینیت .
خلاصه چو سیهزار لیره زیده تر پلاته کر . لِسَرْ عشیر تا

بنکەی ژین www.zheen.org

دو سکی وهوره ماریان . وتحصیل کرن هزار وسیصد دا نه شیخ .
یی زیده بوخوهلگرت . وحتیکو سوتو ملاحظه کر . تیگشت .
کو اگر تتو مرووی شیخ بیت . ودایمی خلامیت شیخ لا لی
تتو بِنْ حالی وی دی نخوش بیت . منفعتی وی دی کیم بیت . گوت
چا که تدبیر کی وتو بکم تتو بدوستینی تلف بکم . پاشی سالکی .
کوجي ریکانی تمام کَوْتَه دستی شیخ وحاصلاتی ریکانی . ژ کَرِی
گُنْ . نه گَشْتَه تتو . سوُتوُ . زانی . کَوْلی هَیَه کو تتو بِهِ لیبینیتْ .
سوتو . ملاحسن هِنارَه لالِی تتو . کو بیرْیته وی . هَرْچِی
چُوِیْ . چُو . بِلابِهیتْ . أزْ أوْ . عهْدَ کِی بِکَرِینْ . ژ نُوکَه
ویوَه . بِبینَه دوست . چِه چارَانْ . ضرَرَا . بیلِ وَدُو . نا کین .
شیخ محمد صدّیق أژْدَهایَه دی مه هَرْ دُوْیانْ خُوتْ . أوَه
سالکه أو دزانیت چه منفعت گَشْتِیَه وِی . فَرْقَا وی . و
کِرْ مَا نجَکَبِی نیه لِنِکْ خلامیت شیخی . مادامکه شیخ دی مه مَحْوْ
کت . أم مصالحه بکین صلاح تره . اگر باور نکت . أزدی کچا
خو ژی دَمَهوِی داچال باور بکت . کو أژدل مصلحتی دخوازم ،
ملاحسن چو لالی تتو بوی طرزی بو تتو گوت . تمام کَوْتَه عقلی
تتو . وقبول کر . سوتو کچا خو دا تتو . روژ کی . تتو هَجَتَکْ
پیدا کر . همی چکیت خلامیت شیخ محمد صدیق ستاندن .
وخلام بیچِك کرنه در . هاتنه لالی شیخی . شیخ گالك عاجز بو .

بنکەی ژین www.zheen.org

أمافایده نکر . چو نکو سوتو . وتتو تمام متفق بون . وشیخی بارزانی ژی دژمنی شیخ محمد صدّیق بو . سوتو و تتو پیکوه چونه لالی شیخی بارزانی . بونه تابعیت وی . دوسالان هو رابارن . تتو تمام خاطر جمع بو . پاشی شیخ محمد صدیق مر . و شیخی بارزانی ژ حکومتا عثمانی عصیان کر . هیدی هیدی آسبْاپیتْ سوتو مهیّا بون . زانی کوایدی تتوچه پناه نمانْ . وسوتو ملاحظه کر . چاکه . له حکومتی ژی وی محکوم بکم . داچهِ ری بووی عینن پاشی وی بِفوِ تینم . خبردا تتو . أوهرسالْ هنده پارهْ أغنامی ددته حکومتی . چه لزوم هیَه . همی عشیرتا دوسکیان نیوکا وی نادن . أوساله ونختی پَظْ هرژ مناری . حیوانی ریکانیان بهنیریته لالی مه حتی مأمور دچن . پاشی پظی خو بِبَنْ . تتو ژی وَه کرِ . سوتو بمخفی خبر دا قائم مقامی آمیدیِی حالی تتو أوه یه . هندی نصیحت دکم قبول ناکت . نزانم چبکم ژ ترسا دَوْلتی نَوبِرم تربیه بکم . اگرنه . لِنِكْ من ترَ بیناوی . ژ آوْ خُواز نَه وَیَکی سنَای تره . قائم مقامی آمیدیی . جوابکی گللك به تشکرَ و ممنونی بو سوتو هنار . گوتبو . تو مأذونی هر کسی ذرّه قدر . خیانتی د گل دَوْلَتا عَلِیَّه یا اِسلاٰمِیَّه بکت تربیه بکه . سوتو تمام خاطر جمع بو . روژکی خو نخوش کر . کَوْتَه ناقْ نِوینانْ خبر بو همی دوستان . وخزمان هنار . کو سوتو . نیز یکی مِرِنی یَه . بلاهَمی بهین دا

وختی مرنی حازربن. ملاحسن لەنِك بالگهی وی رونشتبو.
لدوییك سُورَهْ یاسینْ دخوند. همی قومی وی جمابو. بووی
دگرین. جواب دانه تتوژی کوأوژی زاوای سوتویه بلابهیت.
وکچا سوتوژی دگل خوبینیت. کوأوه آغا لسرمرنی یه: نَکو
جارکی دی بساخی ییك ودو نبینن. تتو. وژنا خو. وبرای وی
تمو. دگل چار پینج خلامان. چونه نیروکی گندی سوتو. وختی
چون دیتن خلك همی بوآغا دگرین. تتو. وتموژي گلك گرین.
تتو گازی کر. آغا. آغا. پیچك چاویت خورا که. أم همی
قربانی ته بین. خوزی جارکی دی. تورْ وی نخوشي. دابوبای.
بلامن چه لِدنیایِ غابا. سوتو پیچك چاویت خو راکرن. آهیك
کیشا. گوت. تتو أزمریمه. الحمدلله جارکی دی من همی مروویت
خودیتن ...رن حُکمی خدی یه ریکامه همیانه. گوت. اوُسمانْ.
تیلی. خزمتکی چاك بو تتو بکن. أوه أزدمرم. تتو برا مَزِنهی
هنگویه. چه جاران ژخبری تتو در نه کون. همیان گوتن بلی.
هرأمری آغابفرموت. بجان ودل مه قبوله. شوی منزلك جدا.
دانه. تتو. وتمو. وختی نوستن. سوتو. اوسمان وتیلی گازی
کرن. هنگی گوته وان. أزساخم. فکرامن. أوه یه. أوژی
سِوِك چون. چندمرو لازم بون دگل خوبرن چونه منزلا تتو.
وتمو. هردو. دِخَوی دا. کشتن. وخلامیت وان ژچك کرن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سوتو رابو گوت. شکر بوخدی. کو من دژمنی خو تلف کر.

و تولا خو کره وه أز مانم سلامت والسلام

---

I would call attention to one feature in this Kurdish text which seems to me rather particular. The verb does not accord with the subject, but with the preceding complement, i.e. the subject being in the singular (Suto, Tato, Qaimaqam, I) the verb is in the plural *because of plurality of the complement* (all tribes, four and five men, twenty gendarmes, ten golams), as we see in these sentences:—

ستو همی عشیرتا دو سکانی و هوره ماری جما کرن

Suto *have* collected all the tribesmen . . .

تتو هر جاری چار پینج ژوان دکشتن و ددانه پاش

Tato *were* killing and throwing back four or five at every rush . . .

قائمقام بیست جندرمان هنارنه رزگه

Qaimaqam *have* sent twenty gendarmes to Razga . . .

بنده ژی ده خلام دگل نصرانی هنارن

I have sent ten golams with the Christian (to show the difference, let us say in French "*j'avons* envoyé").

I do not think it is a kind of pluralis majestatis, because I find such sentences too: ستو همی دوسکانی و هوره ماری گازی کرن گوته وان and بنده ژی ده خلام دگل نصرانی هنارن من گوت هرن, where the verb is in the plural for the reason explained above and in the regular singular form when there is no plural complement preceding.—B. N.

# بەدرخانی

بەدرخانی، سورەیا (1838-1883) و جەلادەت (1893-1951) کورانی ئەمیر ئەمین عالی، کوری گەورەی بەدرخانی (سالی 1868مردووە) میری بۆتان (جەزیرەی ئیبن عومەر) لە بنەماڵەیی ئازیزانن، کە لە ماوەی ساڵەکانی 1836-1845 بۆ سەربەخۆیی کوردستان دژ بە تورکەکان خەباتی کردووە.

ئەم جووتە برایە لە مەکتەلە Maktala لە (سووریا) لە دایکبوون، یەکەمیان لە پاریس و دوەمیشیان بە روداوی ناگەهان لە شام کۆچی دوایی کردووە، هەردووکیان هەموو ژیانی خۆیان بۆ پرسی نەتەوەیی کورد تەرخانکرد: سوورەیا لە لایەنی ڕێکخراوەیی و پرۆپاگەندەیی و سیاسییەوە، جەلادەتیش لە بواری کولتووریدا.سورەیا، دوای ئەوەی دیپلۆمی ئەندازیاری کشتوکاڵی لە زانکۆی کۆنستانتینۆبل وەدەست دەهێنێ، دەخزێتە نا و ژیانێکی پر بزاڤ کە رەنگدانەوەی مێژووی خەباتی گەلەکەی بوو. ساڵی 1904 بە تۆمەتی دژ بە ئاسایشی تورکیا وە تاوانبار دەکرێ، دوو ساڵ و نیوو لە زیندان و ئاوارەیی بە سەر دەبات، دوای کۆدیتای توورکە لاوەکان دەگەرێتەوە کۆنستانتینۆپل و رۆژنامەی کوردستان [137] بە کوردی و تورکی بلاودەکاتەوە. ساڵی 1909 رۆژنامەکە رادەگیرێ و خودی خۆیشی لە نوێوە بە تاوانی بەشداریکردن لە ئامادەکردنی شۆرشێکی چەکداری دەیخەنە زیندانەوەو فرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن و بەلام دواتر ساڵی 1910 دەبەخشرێ و ساڵی 1912 دەگەرێتەوە

[137] بە داخەوە تا ئێستەکە ئەم رۆژنامەیە شوێنەواری ونە و بەردەستنەکەوتووە، کەس تا ئێستەکە ژمارەکانی ئەم خولەی نەبینیووە برایان مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی هەرتەنها ئەوەندە زانیاریەیان لە بەردەستبووە کەوا لە پاش مەشرووتە 1908 بلاوکراوەتەوە و لە 13 ی نیسانی 1909 داخراوە بگەرێوە سەر: Malmîsanj & mahmûd Lewendî. Li kurdistana Bakur û li Tirkiyé Rojnamegeriya kurdî 1908- 1981, Ed. JN , Suède, 1989, p. 43

پایتـەخت ( کۆنسـتانتینۆپل) و کۆمیتـەی نـهێنی شۆڕشـگێرانی کـورد دادەمەزرێنیّ[138]. جارێکی دیکە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن و بۆ سێیەم جار تووڕی هەڵدەدەنە ناو زیندانەوە، بەڵام سالی 1913 بە یەکجارەکی تورکیـا جێدەهێڵیّ.

لە ماوەی جەنگی 1914، سوورەیا لە قاهیرەوە دەستدەکات بە بڵاوکردنـەوەی رۆژنامەکەی کە هەر لە وێدا کۆمیتـەی سەربەخۆیی کوردستان دادەمـەزرێنیّ کە رۆلی خۆی دەبینیّ لە ئامادەکردنی پەیماننامـەی سیڤەردا (1919-20)، بەڵام ئـەم پەیماننامە دیپلۆماتیە کە پێشبینی ستاتوویێکی نێو دەوڵـەتی دەکرد بۆ کورد هـەر تـەنیا وەکـوو بڕیـاری سـەر کاغـەز مایـەوە. سـوورەیا دوای مۆرکردنـی پەیماننامەی لۆزان 1923 تێهەڵدەچێتەوە ناو چالاکیە شۆرشگێریەکانی و سالی 1927 لە گەل لایەنگیرەکانی دەچێتە ناو کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد ( خۆیبوون) کە تازە دامەزرا بوو. دوای سەفەری بۆ وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا، سـالی 1929 گەرایەوە بۆ سووریا، بەڵام سالی 1930 ( سالی شۆرشی گـەورەی کورد لـە تورکیا) لە سەر زەویەکانی ژێر ماندانی فرەنسی یاساغ بوو و دەبوایە پـەریوەی پاریس بێت، کە لە وێدا بوو بە نوماینەدەی خۆیبوون لە پاریس. لە م مێژووەوە دەسترەنگینیی زۆر و باوەری سوورەیا بە دیارکەت لەوانە ئاشتبوونەوەی کورد و ئەرمەن. بە شێوەیەکی گشتی میر سوورەیا یەکەم نیشتمانپەروەری کورد بوو کە بە گوێرەی پـەیرەو پرۆگرام و وەسیلەی سیاسیی مۆدێرنـەوە هەلمـەتێکیی گێرا بە پـەیڤ و بە نووسین، ئـەوەندەی ئێمە ئاگاداربین ژمارەیەك نامیلکـەی بە ژمارەییەك زمانانی بێگانە نووسیووە[139].

---

[138] بە داخەوە ئێمە هیچ زانیاریـەکی وامان لە بارەی ئەم کۆمیتە نهێنیە لـە بەر دەستادا نییـە و دەبیّ ئـەم کۆمیتەیـە زۆر نـهێنی و سـنووردار بووبێـت، وا پێدەچـیّ سـوورەیا خـۆی بـەزار ئـەم زانیاریانەی دابێتە نیکیتین.

[139] دەتوانین لە ناو نووسراوەکانی سورەیا بە ئینگلیزی و فرەنسـەوی ئـەم کتێب و نووسـراوانە دەستنیشانبکەین کە زۆربەیان بە ناوی خواستراوەی (دکتۆ بلەچ شێرکۆ) بلاوکراونەتەوە:
1-The Case of Kurdistan against Turkey, Philadelphia, 1928, 76.

هەرچی کاراکتەری جەلادەت بوو، کەمتر پەلهاویشتن بوو بە مەلا و بەمەلا وەك لەوەی سوورەیا. جەلادەت خاوەنی لیسانسی یاسابوو لە زانکۆی کۆنستانتینۆپل، خوێندنی لە شاری میونیخ تەواو کردبوو و ساڵی 1927 بە یەکەم سەرۆکی خۆیبوون هەڵبژێردرا. ساڵی 1930 سەرکردایەتی هەوڵدانی سەرهەڵدانێکی کوردی کرد لە تورکیا و لە گەل حاجۆ ئاغا چوونەوە ناو کوردستانەوە. دوای شکستی ئەم پرۆژەیە لە شام جێنشین بوو و لە وێدا خۆی بۆ کاری ئەدەبی تەرخانکرد و لە 15 ی ئایاری 1932 تا 1935 و دواتر لە 1941 تا 1943 گۆڤاری هاواری[140] بە فرەنسی و کوردی بڵاوکردەوە ( جەلادەت ئەلفبێ یەکی کوردی بە پیتی لاتینی[141] دانا کە کاری یەکگرتنەوەی کوردیی کورمانجی

---

2- La question kurde: ses origines et ses causes, publication de la Ligue Nationale kurde –Hoyboun- n° 6, La Caire, 1930.
3- La femme kurde et son rôle social, In XVI e congrès international d'anthropologie et d'archéologie, Bruxelles, 1935, pp : 719-725.
4- Cité et compagnes du Kurdistan, In *Ibid*, pp : 714-719.
5- La littérature populaire et classique kurde, In Ibid, pp: 725-731.
6- Appel des kurdes du Sud à la Société des nations, Publication de la ligue de Défense des droits kurdes, n° 3, Paris, 1931, (68) p.

[140] گۆواری هاوار ژمارە یەکی لە 15 ی مایسی 1932 لە شام بڵاوکرایەوە و یازدە ساڵ ژیا و تا 15 ی ئابی 1943 ، (57) ژمارەی لێدەرچوو، بنۆرە: د، کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، 1978، لا:235 .

[141] بە داخەوە ئەفسووس ئەم کارەی جەلادەت بەدرخان ئەگەر لە ( شیرپاکی) یەوە کردبێتی یان ( پێیانکردبێت) لە بارەی زمانی کوردیەوە هەڵەیەکی هێندە مێژوویی گەورە بوو کە کاریگەریەکەی زۆر لە تەلبەندی سنوورە دەستکردەکان زیاتر بوو و کوردی ( باکوور- رۆژئاوا) و کوردی ( رۆژهەلات- باشوور) ی لەیەکدا دابری. ئەم بە لاتینیکردنەی زمانی کوردی یان راستتر ئەم بە کەمالیزەکردنەی زمانی کوردی یەکێکە لەو ئامانجانەی کە برێك لە رۆژهەلاتناسەکان بەو هۆیەوە دەیانەوێ زمانی کوردی پێبکەنە دوو زمانی جیاواز و ئەگەر کرا زێتریش، لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەم باسە پێویستی بە باسێکی دوورو درێژە.

ورووژاند. بێجگە لەوە گۆڤارەکە بەشداریکرد لە ژیاندنەوەی ئەدەبی میللی و تەواوی هەوڵی خۆی خستە گەر بۆ ئاشتکردنەوەی سەرکهۆزەکان و رووناکبیرەکان کە سەرۆکهۆزەکان لە گوماندابوون. هەروەها جەلادەت ماتێریالی قوتابخانەکانیشی ئامادەکرد و کەوتە بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەلفبێ، کتێبەکانی خوێندنەوەو ئایین، کە هەمووی بە سەر یەکەوە 12 ژمارەیان لێبڵاوکرایەوە. لە دوای دوا جەنگیشدا ( واتە جەنگی دووەمی جیهانی ) جەلادەت گۆواری ( روناهی)[142]ی بڵاوکردەوە.

## بیبلیۆگرافی:

تێبینیەکانی ئۆتۆبیۆگرافیی میر سوورەیا، W.G. Elphinston, The Emir Jaladet Aali Bedrkhan, dans RCAS, 1951, 91-3 ; M. Shalita et y.malik, ذكرى امير جلادت بدرخان ( 1897–1951)، Rondot, Les kurdes de Syrie, dans France méditerranéenne et Africaine, I, 1939 ; Sharaf nama, ed. Du Caire, 156-191 ; Muh. Amin Zaki, Tarikh al-duwal wal-imarat al-kurdiyya, Caire 1945, 363-6 ; B. Nikitne, Les kurdes, sv..

بنکەی ژین
www.zheen.org

[142] روناهی لە شام ژمارە یەکی لە 1 ی نیسانی 1942 بڵاوکرایەوە گۆوارێکی مانگانە بوو بە تیپی لاتینی لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە بڵاودەکرایەوە تا ئاداری 1945 بە سەر یەکەوە 28 ژمارەی لێبڵاوکرایەوە، بنۆرە د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، *تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا*، بڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، 1978، ل: 236-37.

# برادۆست

برادۆست Bradust ناوی دوو هەرێمی کوردییە، یەکەمیان لە باشوور لە نێوان شنۆ، رایات و رەواندز، ناوچەی ئیداریەکەی کانی رەشە، لە سەر دۆندێکی 1330 م بەرزایی لە رووی دەریاوە هەڵکەوتووە. لە باکوور هاوسنوورە لە گەڵ گەردی ( شەمدینان ) و لە رۆژئاوا شێروان و لە رۆژهەڵاتیشدا بلباس. زنجیرە چیایەکانی قەندیل ( C.J. Edmonds, 244, n ) بربرەی پشتی ئەم ناوچەیە پێکدەهێنن. سەرچاوەکانی زێی بچووک ( لاوێن، دواتر کالوو لە سەر سنووری دەوڵەتی ئێران ) لەم ناوچەیەدان. کۆتەڵی بەناوبانگی ئۆراراتۆری کێلە شین ئەویش هەر لەم ناوچەیەدایە، لە سەر دەربەندێکەوە هەر بە هەمان ناوەوە. هەرچی برادۆستەکەی دیکەیە پێی دەڵێن برادۆستی سۆمای، دەکەوێتە باکوورەوە، لە نێوان تەرگەوەر و قووتوور، لە گەڵ قەڵای چەهریق وەکوو شوێنی نیشتەنی سەرەکی ( B. Nikitine, 79, 263 )[143]. باب Bab پێش کوشتنی لە تۆرۆسدا زیندانی کرابوو. مێژووی کۆنی برادۆست بۆ ئێمە هێندە ناسراو نییە. بە گوێرەی م، ئەمین زەکی ( تاریخ، 389، 388 ) دامەزرێنەرانی ئەم میرنشینە لەوانەیە نەوەی حەسنەویەکان ( 1159-1015/ 406-384 ) بن، کە کەسی وەکوو ناسر ئەلدەولە بەدر و سێ کوڕەکانیان هەیە. غازی کیران،ب، سولتان ئەحمەد Ghazi Kiran b. Sultan لە میرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم وەچەیەن. ئەم میرە سەرتا دژی شا سمایل وەستا، بەڵام دواتر پێوەندییەکانی لە گەڵ شا سمایل باشبۆوە، ( شا) شۆرەتی غازی کیرانی پێدا و هەرێمەکانی تەرگەوەر، سۆما و دولی پێبەخشی. ئەم میرە مێرخاسە هەروا بە سەربەخۆیی مایەوە لە کاروباری

---

[143] باب Bab : مەبەست لە مە سەید عەلی موحەمەدی شیرازی دامەزرێنەری ئاییـنی نوێی بابییە. باب خۆی بە مەهدی دادەنا ودواتر بەدەستی زانایانی ئاینییەوە کوژرا.و.

ناوەخۆی خۆیدا تا شەری بەناوبانگی چالدێران ( 920/1514 ) کە دوای ئەوە، وەکوو زۆربەی میرەکانی دیکە خۆی دایە پاڵ سولتانی عوسمانییەوە. سولتان ددانی بە ئازایەتی ئەم میرە دانا و ژمارەیەك هەرێم (ناحیە) ی لە ئەیالەتی ئەربیل، بەغدا و دیاربەکر پێبەخشی - ئیمارەتی سۆمای لە لایەن شا مەحەمەد بەگ، ب، غازی کرات دامەزرا کە نەوەکانی تا لەناوچوونی ئەم نەوەیە هەر حوکمیاندەکرد.

لە ساڵی 395/1005 میری سۆمای ناوی ئەولیا بەگ بوو. هەرچی میری تەرگەوەر بوو، میرەکانی ئەم چڵە هەروا لە هۆزی برادۆستەوە سەریانهەڵدابوو. شەرەفخان نووسیوویە کە ناسر بەگ.ب، شیرین ب.ب. شێخ حەسەن میری ئەم ناوچەیە بووە لە کاتی خۆیدا ( سەدەی دەیەم/سەدەی شانزەهەم) . میر خان یەکدەست یەکێك لە میرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم چلەیە بوو. خۆی لە قەڵای دمدم قایمکردبوو، یەکێك لە تێمە فۆلکلۆریەکانی کورد داستانی دمدم دەگێڕێتەوە. میر لە سەرەتای حوکمی شا عەبباسی یەکەمدا دژی ئەو راپەری و خۆی لە قەڵا دا قایمکرد. رووداوەکانی دمدم دەبێ لە ساڵی 1017 روویاندابێت.

لە سەرۆکە کوردەکانی دیکەی برادۆست دەتوانین لە باشوور ناوی فەیزوڵڵا بەگ بهێنین کە لایارد ئیشارەی بۆ دەکات ( 374، 373 ) و یوسف ب کە بە شەری دژ بە میر موحەمەدی شەمدینان ناوێکی بۆ خۆی پەیداکرد، وێرای ئەم رێککەوتنامەیەی کە پێکەوە بەستبوویان کەچی بە غەدر کوشتی، هەر لەوە گوتەی " برادۆست بیر نای دۆست " واتە ( برادۆست هەر تەنها هاورێی یەك مانگە ) گوتراوە. لە باکووردا سەدیق خان حوکمرانبوو کە بەشداری لە تاج لە سەرنانی بنەماڵەی قاجارەکانی کرد و دواتر، دژ بە فەتح عەلیشا (211/1796) راپەری. نیزیکتر لە دەورانی خۆمان دەبێ ئیشارە بۆ سمایل ئاغای سمکۆ عەبدۆی بکەین کە تەواو ناسرا بوو لەماوەی یا لە بەرەبەیانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەر بەرەکانیی جەنگی رووسی- تورکی و بەرەکانی جەنگ لە عێراقدا. لە فێڤریەی 1918 سمکۆ لە ناو کەمین دانانەوەیکدا پاتریارشی

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەستووریەکان بێنیامین مار شەمعوون دەکوژێ[144]. لەو ماوەیدا سمکۆ سەرداری تەواوی ئەوم ناوچەیە بوو لە رۆژئاوای گۆلی ورمێ وە، بەڵام ساڵی 1922 لەشکرکێشیەکی سزایی فارس رەدووی نا. سمکۆ پەریوەی رەواندز بوو. چەند ساڵێك دواتر هەولیدا بگەرێتەوە وڵاتی ئێران بۆ ئەوەی دەست بە سەر رەوشەکەدا بگرێتەوە، بەڵام لە نزیك شنۆ کوژرا ( C.J. Edmonds, 232, 305, 315, 365 ).

لە ناو هۆزە سەرەکیەکانی برادۆست، ئەوەی ئەم ناوەی هەڵگرتبێ گرینگی خۆی لە دەستداوە. ئێستەکە هۆزی باڵەکی لە باشوور لە هەموویان بە هێزترە و نزیکەی دە هەزار بنەماڵە دەبن. زەوی و زارەکانیان لە بەرزاییە سەخت و هەڵەمووتەکانی قەندیلەوەیە. شارۆچکەی رایات دەکەوێتە ناوەراستیەوە. جاران قەلەمرۆی میری سۆران بوو و لە هەر بنەماڵەیەکدا پیاوێکی دەگرت و دەیخستە ناو سوپاکەیەوە. دوای لە ناوچوونی ئەمارەتی سۆران ، ئەم هۆزە سەربەخۆیی خۆی بەردەستخستەوە کە تا رۆژی ئەمرۆ ( 1956) پێی شادن. سەرۆکی ئێستەکەیان عەزیز بەگە ( م. ئە. زەکی، خولاسە 392). لە باکوورەوە، شکاك هۆزی سەرەکیە کە نزیکەی 2000 بنەماڵە دەبن (. ئە. زەکی، خولاسە، 413 ). ئەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

[144] یەکێك لە هەڵە گەورە سیاسییەکانی سمکۆ کە هیچی بۆ کورد تێدا شین نەبوو کوشتنی مار شەمعون بوو؛ سمکۆ خۆی لە دیمانەیەك گەڵ موستەفای پاشا یامولکی هۆی کوشتنەکە بە زاری خۆی دەگێرێتەوە ( لە دوای ئەوەی ئاسووریەکان بە سەر فارسەکاندا سەرکەوتن و بانگەوازی سەربەخۆییان بڵاوکردەوە هاتنە لام و داوای هاریکارکردنیان لێ کرد بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە؛ منیش بەڵێنی یارمەتیدانم پێدان، بەڵام ئێرانییەکان بە مەیان زانی کە ئاسووریەکان داوای یارمەتیان لە من کردووە، نوێنەرێکی ئێرانی هات و داوای لێکردم کە پشتی ئاسووریەکان نەگرم و بەرامبەر بەوە بەڵێنی پاداشت و چاکەدانەوەیان دامێ، لەبەر ئەوەی دەمزانی ئاسوورییەکان نیازیان وابوو کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆ مارشەمعونم کوشت و ئێرانیەکانیش لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە، بۆیە پەلاماری ئێرانییەکانیشم دا و ورمیەم گرت و کاربەدەستانی خۆمانم لێ دانا، بگەرێوە بۆ : محمد رسول هاوار، سمکۆ ( ئیسماعیل ئاغای شکاك) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئاپێك، سوید، 1995 لا: 356

هۆزە بە گوێرەی مێژووەکەی جەودەت بنچینەی هاوبەشیان لە گەڵ هۆزی حەیدەرانلووەوە هەیە (لە م. ئە. زەکی، سەرچاوەی پێشوو، لا: 238 راگوێزراوەتەوە). شوێنی سەرەتاییان دەوروبەری میفاریقین Mayyafarikin بووە.

بیبلیۆگرافی:

H.C. Rawlinson , notes on a journey….. through Persian Kurdistan, dans JRGS, X 20 ; Layard., Nineveh and Babylon, Londres 1853, 373-374 ; Binder, Voyage au Kurdistaan, 1887, 103 ; F. Millingen, Wild Life among the Kurds, 1870, 354 ; O. Mann, Die Mundart der Mukri Kurden, 1906, II, I-4, 19-48 Dimdim), 24 n.17 ( Kaniresh) ; Westrap, Unter Halbomond n.Sonne, 1912, 211-225 ; M.A. Zaaki, Tarikh al-duwal…. Al-kurdiyya, caire 1945 ; Le même, Khulasat tarikh al-kurd, Bagdad 1936, 200-206 (Dimdim) ; C.J. Edmonds, Kurds, Turks, Turks, arabs, Oxford 1957 Folklora kyrmanca, Erivan 1936, 567-578 ( Dimdim ) ; Nikitine, Les kurdes, 1956, 79, 80, 263, (çehrik Kala).

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە:

Encyclopédie de l'Islam ( Nouvelle édition), tome I, (A-B), Ed. Brill, 1960, p. 1062.

# ئۆرەمار

ئۆرەمار oramar، ئورمار Urmar : جوگرافیای ئیداری تورک تاوێك باسی قەزای ئۆرەمار دەکات کەوا دوو ناحیەی جیلەوەر و ئیشتازن Ishtazin بە خۆیەوە دەگرێ لە گەڵ 32 گوند و 259110 دانیشتوان. ( بنۆرە Cuniet, La Turquie d'Asie, II, 756 ) تاوێك باسی ناحیەیەك دەکات بە هەمان ناو کە بە شێکی قەزای گاوار، سنجاقی هەکاری، ویلایەتی وانە. ئێمە کە لە ناو چەقی کوردستانی ناوەندا سەردانی ئەم هەرێمە ونبووەمانکردووە زێتر بەرەو لای پێناسەی دووەم دەچین، نەك تەنها لە بەر ئەوەی ئۆرەمار گرینگی قەزایەکی نییە، بەڵکوو ئەم دوو ناحیەیەی کە دراونەتە پاڵی دانیشتوانەکەی بە روویێکی تایبەت نەستووریەکانن و بە شێوەیەك جیلوە سەربە خۆیە، لە کاتێکدا ئۆرەمار ئێستە بەلای کەمیەوە تەواو کوردییەو ئیمتیازی بنەماڵەی مالا میری Mala Miri ، هۆزی دۆسکانی ژوورییە نەوەکا هەرکی ( Cuniet, op.cit ) ئەمە بەڵگەیەکی ناتەواوی ئەو زانیاریە تورکیانەیەکە لە بارەی ئەم ناوچەیەی کوردستانەوە دراون. سنوورەکانی ئۆرەمار لە باکوورەوە بریتین لە ئیشتازن و گاوار، لە باشوورەوە - ریکان، لە رۆژئاواوە - جیلووە، بازوو و تکوومە ( بنۆرە NESTORIENS ) و ئارتووس، لە رۆژهەڵاتیشەوە - سات ( بنۆرە Shamdinan ).

ئۆرەمار کەوتۆتە سەر بەرزاییەکی 5552 پێ لە سەر رووی دەریاوە ( بنۆرە Dickson ) بریتیە لە کۆمەڵە ئاواییەکی پەرت و بڵاوی دوو کەناری ملە چیایەکی بەردین کە سەرچاوەکانی ئاوی رووباری شین بە ناویا پێچ دەکاتەوە. لە سەر هەمان ملەی چیا کە پێی دەڵێن گاپارانی ژێر، لەو شوێنەی کە پێی دەڵێن گیرە بۆتی، ناوەندی ئەم کۆمەڵەیە و نشینگەی ئاغا لە ناو گوند دایە کە واتەی" ناو چەقی گوند" دەگەیەنێ. گۆرستانێکی گەورە لووتکەی چیایەکە دەگرێتەوە کە بریتییە لەو پەری ملە چیایەکەوە بە ناوی گیرە بۆتی Gire Buth، کە ئێمە بە " بەرزە بت" لێکیدەدەینەوە کەوا دەردەکەوێ نیشانەی ئەوە بێت کە لە کۆنەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانیشتوانی تێدابووبێت. بەو پێیەی کەوا دەربەندەکان بە گاپاران gaparân لە یەك جیادەبنەوە بە بایەخپێدانێکی ووردەوە چێندراون و سستمێکی ئالۆزی تەیمان چکۆڵەی هەس کە هەریەکەیان کێڵگەیەك یا وەکوو بێستانێکی زۆر چکۆڵەی بە خۆیەوە دەگرێ کە وا بروا دەکرێ لە مێژوویێکی زۆر کۆنەوە مرۆڤ ئەم شوێنەی بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردبێت. دەشێ ئەمەیان بەهۆی ئەو پەری دووری شوێنەکە بێت لە ناوندی سروشتێکی کێوییەوە.

## چیاناسیی Orographic

بۆ کاراکتەری گشتی ناوچەکە بگەرێوە سەر ئەو پەرەگرافەی لە بارەی ئەستووریەکانەو نووسراوە ( لە ناو ئینسکلۆپیدیای ئیسلام ). ئۆرەمار کەوتۆتە ئەو پەری رۆژهەلاتی ئەو چەماوەیەی کە تۆرەی جیلوە داغ Djilu Dag ی نەخشەکێشاوە. بە گوێرەی پێناسی Dickson زنجیرە چیا و شیوەکانی کوردستانی تورکیا ئەوانەی ئاراستەیەکی گشتی روو ئەستوونیان چەمانەوەیەکی هەیە بەو پێوانەیەی کە لە سنووری دەوڵەتی فارسەوە نزیکدەبنەوە، ئاراستەی باشوور- رۆژهەلات وەردەگرن و ( لە شوێنی گۆڕانی تەوەرکانیان) گیرۆدەی ئاستەنگیەکی چیایی دەبن، ئەو شوێنەی کە لە هەموان زێتر نا ئارمترە بە شێوەیەکی نزیکەیی کەوتۆتە ناوەراستی ئەو چەمانەوەی باسی لێوەدەکەین، کە دەکرێ ناوی بنێین هەکاری- ئۆرەمار.

## رایەڵەکانی رێگەوبان Réseau routier

وێرای ئەوەی کە لێرەدا مەبەست تەنها بە ووردی باسکردنی ئەو شوێن رێچکانەیە کە بە مەبەستی پێوەندییە نێو خێڵەکیەکان بەکاردەهێنرێن، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا سرنج راکێشە ئەو ئاراستەیە دەستنیشانبکەین کە بۆ بەستنەوەیان بەو رایەڵە رێگەوبانانەی کە لە باسی رواندز و شەمدینانا

باسمانکردن ( بنۆڕه ئەم بابەتانە ) و کە ناچار بوونە رولێکی بەرچاوتر بگێڕن لە دەورانی کۆنی زووەوە. کەوایە ئۆرەمار لە ڕێگەی Shamsiki دەربەندی باشتانن، عەلی خانی، بازیزگا و دیزا هوە بەستراوەتەوە بە گاوار Gawar هوە. ئەمەیان ڕێگەیەکە کە چەند شوێنکارێکی کاری پرۆژەکاریەك لە ناوچەیەکی لە هەمووان ترسناکتر بەرچاودەکەوێ، بەرەو باشوور، ڕێگەکە بە درێژی شیوێکی تەواو بەرتەسکەوە، سەرەتا دەگاتەوە نێروا Nerwa ( بنۆڕە خوارتر)، کە لە وێدا دوو لقی لێدەبێتەوە : یەکەمیان لە رۆژئاواوە – لە زەوی و زارەکانی ئارتووش، لە ڕێگەی ویلا و پیری هالانا، ئەم ناوچەیەی دوایی دەکەوێتە سەرە ڕێگەی ئاکریێ بیزالی– ساهەجاو ئاوی مارییك ( رووبار) لە بارزان و بەحری رەش لە سەر کەنارەی چەپی زێ ی گەورە بەرانبەر بیرا کێران، هەروەها لە سەر ڕێگەی ئاکرێ. ڕێگەی سێیەم لە نەروا وە بۆ نەهری – ناوەندی شەمدینان، لە سەر ڕێگەی رەزگە، بەرزاییەکانی پێرامز ( سنووری سێ خێڵ : ڕێکانی، هەکاری و دۆسکانی )، دەری deri ، شیوی هەرکی ( شیوا هەرکی)' بیگۆر، مازرا، نەهری – قەرار وابوو کە لە کاتی دواین هێڵکێشانی سنووری تورکیا و عێراق، ئەم ناوچەیە لێکۆڵینەوەیەکی کارتۆگرافی تەواوی بۆ بکرێ و چیتر وەکوو ئێستەکە شوێنی سپی یا جێگەی سەرچیخ چوون نەبووبێ لەسەر نەخشەکاندا ( بنۆڕە: Asie Française, Oct-Nov.1926, Traité de délimitation )

## ئێتنۆگرافی :

ئەم هۆزە کوردیانەی خوارەوە دەبێ لە ئۆرەمار خۆیی و لە دەورووبەری ئۆرەماردا ئیشارەییان پێبکرێ، لە گەڵ لك لێبوونەوەیەك کە ناوەندە کوردییەکە بە هۆی کۆچ و کۆچبارییەوە بە خۆیەوە دەبینێ. دوای ئەوەی ناوی هۆزەکان بەدەستەوە دەدەین لە نێوان دوو کەوانەدا ژمارەی بنەماڵەکان دەنووسین – دۆسکانی ژووری ( ئۆرەمار، 2000 )، نێروی ( نێروا، قەزای ئامێدی، 800)، دیری، گاوار و گەلیا دیری، 1000)، پێنیەنیش ( لە نێوان گاوار و جولە مێرگ،

هەروا بەشی پیر هولکی؛ نزیك بە باشقەلا: 4000 )، دۆسکانی ژێری ( قەزای دهۆك، 2000)، مزووری ژێری؛ هەمان قەزا، 5000)، بەرواری ( هەمان قەزا، 4000)؛ گیوی، کۆچەر ( زستانە هەوار hivernage لە دهۆك، هاوینە هەوار لە کاوار و ئۆررەمار ، 1400)؛ چەلی ( جیلووەمێرگ 600)، ئارتووش، کۆچەر ( کوێستانان لە فیراشین، گەرمیانان لە پێریری ژەنگار، 60000)، ئارتووشی نیشتەجێ ( ئالبەك 1000، نوور دز، 1000)، بەشەکانی ئارتووش: گەودان، مامخۆران، زیرکی ( لە دەورووبەری جولەمێرگەوە، 6000).

## مێژوو:

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە هیچ تێکستێك نییە ناوی ئۆرەماری تێداهاتبێت، جگە لەم تێبینیە کورتەی کە لە مرآت البلدان ( چاپی تاران، لا: 22 ) دا هاتووە:

*ارمار به ضم اول و سکون ثانی یکی از اصقاع اذربایجان است. در انجا جمعی کثیر برای جنگ و مدافعه سعید ابن العاص جمع شدند. سعید جریر ابن عبد الله البجلی را به جنگ ان جماعت مامور کرد، جریر ان جماعت را منهزم و سرکرده ایشان را به دار زد.*[145]

لێرەدا ئەمانەی خوارەوە تێبینی دەکەین:

– وانەی ئورمار urmar کە بەرامبەر بە گۆکردنی نەستوورییە جیاجیایەکان دێت بۆ بەشی یەکەمی ur دەگرێتەوە، بەڵام لەوەی دواتر بەوەی (ئە) ( a)

---

[145] ئەم نووسراوەی کتێبی (مرات البلدان) نیکیتین وەکوو خۆی بە فارسی بەلام بە دەنگنووسکردنی فرەنسیی نووسیوویەتەوە و ئێمەش لە رووی چاپی ساڵی 1364 ی تاران فارسییەکەیمان وەکوو خۆی نووسیوەتەوە، بنۆرە: *مرآت البلدان*، جلد اول، اثر محمد خان اعتماد السلطنة، چاپ اول، 1364، تهران، ص: 42. وەرگێر.

دەدات نەوەکا (ئا) ( â )بۆ بەشی دووەم ( بە کوردی بە شێوەی هۆرمار Hormâr بە هەناسەکێشانی تایبەتەوە گۆدەکری).

- بوونی ناوی وەسفی ئەل-بەجەلی Al-Badjali لە ناوی بجێلی ناوچە کورد نشینە هاوسێ کەی نزیکدەکاتەوە لە ڕێگەی بنەماڵەی شێخی بجێلەوە.
- بەو پێیەی کەوا مێژووی ئەم ڕووداوە گرینگانە دەستنیشاننەکراوە، هەڵبەت ئۆرەمار، وەکوو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی ناوەند، مێژوویێکی دەوڵەمەندی هەیە کە پەیوەستە بە مێژووی مەسیحایەتییەوە لە ناوچەکەدا. لێرەدا هەوڵدەدەین وەسپی کلێسەی ماری ماموو Marî Mamu ی نەستووریەکان بکەین کە دەکەوێتە ناو ئاواییەك بە هەمان ناوەوە لە ئۆرەمار کە هێشتا هیچ کەسێك باسی نەکردووە. Dickson ناوی دەهێنێ، هەرچی Cuinet ە هەمان سەرچاوەی پێشوو بەشی ( II . p. 757 ) دەڵێ " ئەو 40 ڕەعیەتە نەستووریانەی کە لە ئۆرەماردا دەژین ئەرکی پاراستنی دوو کلێسەی نەستووریانیان لە ئەستۆدایە کە کەوتۆتە ناو ئەم شارە ( بەمشێوەیە) کوردیەوە". کلێسەی دووەم لە ژێر ناوی مار دانێل Danil کەوتۆتە ناو گوند Naw Gund ( بنۆرە سەرووتر) کە ڕاستیەکەی بە یادی ئەم وەچەیەوە کردوویانە بە مزگەوت.

شێوازی گووتنی نەستووری کە دەبێ لە کاتی بینینی مارێك کە بۆ خۆپارێزی لە گازلێگرتنیەوە گۆبکرێ هێشتا لە یەك کاتدا بە یەکجار ناوی دوو چاك دەبات: ماری ماموو مار دانیێل کیپا ل-هووا هیش ( M.D. M.M., بەرد لە سەر ماران ) چونکو ئەفسانەکە وادەخوازێ ماری ماموو کە لە کوشتن ڕزگاری بووە لە سەردەمی Julien l'Apostat, دەبێ بە ئیمپراتۆری Cappadoce خۆی لە ناو ئەم چیا و شاخانە دەشارێتەوە کە لە وێدا خشۆکەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە و خۆی دەخزێنێتە ژێر کێلی گۆڕێك کە کلێسەکە لەسەریەوە هەر بەناوی ئەوەوە بینا کراوە. ( cf Acta Marytyrum et sanctorum, éd. Bedjan, VI, 1896 ) لە لایەکی دیکەوە ژیانی ئەم چاکە نە ناوی ئۆرەمار و نە ناوی خشۆکەکان نابات، بەڵام چەند دەسەڵاتێکی پێدەبەخشێ بە سەر ئاژەڵە کێوییەکانەوە. ئەم گێرانەیەوەیەی

که له لایەن Disckon ەوە گێردراوەتەوە وا پێدەچێ زۆر لە ژیانی پیرۆزییەوە دوورکەوتبێتەوە. Dikcson ئەوە فەرز بکات کە کلێسەکە لە سەر شوێنی zikkurat ی ئاسورییەوە دروستکرابێ. هەرچۆنێك بێت، ئەمەیان وەسپی ئەو پەرستگەیە کە لە لایەن بنەماڵەیەکی نەستووریەکانەوە هەڵگیراوە کە ناوی سەردار بی ماری ماموورە.

بێجگە لە دەرگەیەکی زۆر چکۆڵەی نەخشکراو لە بەشی سەرەوە بە خاچێکی نەستووری و دوو بازنەوە کە تێیدا هەمان خاچی لەسەردا نووسراوەتەوە، کە هیچ شتێك ئەوە دووپاتناکاتەوە کە بیناکەی کە لە بەردی پاك بیناکراون و بنکەی هاویەکیان هەیە کە بوونەتە کلێسە. لە ناوەوەدا نیمچە تاریك، ئەوە تێبینی دەکرێ کە چارەگێکی رووبەرەکەی تەرخانکراوە بۆ گومەزێك کە بە دیوارێکەوە لە حەوشەی کلێسەکە جیاکراوەتەوە. لەوەی چەپ دەچینە ناو گومەزێك بە مانای تەسکی ووشەکەوە کە بە بەردێکی بەرزتر لە یەك مەتر و پانایی نزیکەی 60 سەنتمیترە کە خۆی لە ناو نیووە دیوارێکی رووخاو دەبینێ کە تەرەفەکانی کەمێك بەرە و سەرەوە باریکتردەبنەوە. لە سەرووی ئەم گومەزەوە کلاورۆژنەیەك هەیە کە کەمێك رێگە بە تێپەڕبوونی رووناکی دەدات، لە لای چەپەوە، لە ناو دیوارەکەوە هێلانەیەکی چکۆڵەی لێیە.

لە گومەزەکەوە دەرگەیەکی بەردین بۆ چوونە دەرەوە هەیە کە دەگاتەوە ناو بەشێکی دیکە تەعمیدگای کلێسەی bapistère سەرەتایی تێیدا دەبینرێ کە بە خۆیەوە لە ناو بەرد دا هەڵکەنراوە و کەمێك سەرووتر لە سەر هەمان بنکەوە ئاگردانێك بۆ ئامادەکردنی نانی نەستوورك azyme درووستکراوە. لە بەردەم ئەم بەشەی کە بۆ کەشیشی خودایی l'office divin تەرخانکراوە، دوو جێگە خوێندەوە یا تاقیچکەی لە بەرد دروستکراو دەبینرێن بۆ کتێبەکانی وێردی ئایینی و ئینجیل و خاچ. زەنگەکان بە دوو بنکەی ئاسنین گۆردراون لە سێگۆشەیەکەوە کە دوو دیوارەکە لە بنەوانی گومەزەکە جیادەکاتەوە هەڵواسراون. وێنەی هیچ چاکێك نابینرێ. دوورابییەکانی کلێسەکە: 12 مەتر درێژی، 4 مەتر پانی، 5 مەتر بەرزایی.

بنکەی ژین www.zheen.org

بە گوێرەی ئەفسانەیەك ئەو خشۆكانەی كە ئاپۆرەی ژێر پەرستگەكەیانداوە دەرۆن ئەگەر بنەماڵەی پاسەوانەكان لە ئیمتیازی كۆنینەیان بێبەشبكەن. تۆزو خۆڵی دیوارەكان پیرۆزیان هەیە دژ بە گازلێگرتنی سەگی هار، قەپگرتنی مار و دووپشك هتد - ئێمە زانیاریەكی زۆر كەممان لە بارەی برێك لە كلێسە نەستووریەكانی كوردستان هەیە؛ كە برێكیان لەوانە؛ ئەوەی ماربیشوو، لەسەر سنووری فارس ( تەرگەوەر)، ئەوەی مارزایا لە جیلوە، ئەوەی مارساوە لە ئاشیتە، هەروەها كەلاوەكانی كۆچانیس. دەبێ لە گەڵ كلێسەی ماری ماموو بگەرێینەوە دەورانێكی زۆر كۆن لە نێوان سەدەی چوارەم و سەدەی پێنجەم؛ چونكو لەو سەردەمەیە كە دەزانین یەكەمین دەستەی مسیۆنێرەكان، مار ئاوگین، ماربیشوو هتد گەیشتوونەتە ناوچەكە. دەتوانین پلانی ماری ماموو لە گەڵ ئەوەی ماری بیشوو بەراورد بكەین كە Hezell ( Kurds and Christians ) باسی دەكات، لە كاتێكدا لای ویگرام Wigram ( The assyrians and their neighbours, London, 1929) دەبینین كە دیاردی بۆ ناوی كلێسەی مار شالیتە دەكات لە Kucanis. بە هەر حال جێگەی باوەرپێكردنە كە جاران ئۆرەمار نیشتەنی مەسیحیەكان بووە. گێرانەوەیەكی ناوەخۆیی ئەوە نیشاندەدات كە هەتاوەكوو باوباپیرانی ئاغایەكانی ئەمرۆ جاران لەم ناوچەیەی مەسیحیەكانەوە هاتوون و بە هۆی فێلبازی و دەسیسەوە هاتوون خەڵكەكەیان لێوەدەرخستووە. تۆپۆنیمی[146] toponymie ئۆرەمار وا پێدەچێ ئەم گریمانەیە دووپاتە بكاتەوە. ئیتمۆلۆژی ناوی خودی ئۆرەمار واپێدەچێ ئەویش لە بنەرەتدا لە ئارامییەوە هاتبێ- ئێمە قەرزباری ئارشەڤێك Graffin. ین بۆ لێكدانەوەی ئەم ناوەی وەك ئۆرەمار -Ur mar، واتە " قەلای سەرۆك"[147] ( cf. Ur-Shalim) ئەم لێكدانەوەیە بە هۆی كاراكتەری سەختی ناوچەكەوە دووپاتە دەبێتەوە. ئەم لێكۆڵینەوەیە لە هەمان

---

[146] تۆپۆنیمی: toponymie ( لێكۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی بۆ بنچینەی ناوی شوێنە جوگرافیەكان).

[147] Citadelle du maître

کاتدا گریمانەی ئێمە ( بنۆرە سەرووتر) لە بارەی زۆر کۆنی نیشتەنی ئەم ناوچەیە دووپات دەکاتەوە - لە سەرێکی دیکەوە ناوچەکە بۆ خۆی ناوچەی هاوشێوەی هەیە: ئورا بیشوو، یەکێك لە گێرانەوەکانی Kiria Tawka ، ئۆریشوو، گوندێکی ئەودیوو، گەلیا نوو، ئۆری، تیرەیەکی نەستووری، دواجار ورمێ خۆی.

## بیبلیۆگرافی:

تاکە سەرچاوەیەك کە ئێمە پێیبزانین لە بارەی ئۆرەمارەوە باسکرابێ لە ناو لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا بووە لە گەڵ ئی.بی،سۆن E.B.Soane, Suto and Tato, a Kurdish text with transl. And notes, BSOS, vol. III, p. I- لە گۆواری کۆمەلەی جوگرافی پاریسشدا Revue de la société de Géographie de Paris گوتارێکمان ساڵی 1935 بە ناوی Le système routier du Kurdistan بڵاوکردەوە، کە تێیدا لە گەڵ چەند پێوەچوونێکی جیۆگرافی، چاوپێداخشانێکی سەرتاسەری ئۆرەمار و وێنەی ناوازەی ئۆرەمارمان بڵاوکردۆتەوە.

www.zheen.org

سەرچاوە:

- Encyclopédie de l'Islm. Tom III ( L-R), Ed. E.J. Brill & Librairie C. Klincksieck, 1936, pp. 1059-1061.

# بەهلوول

بەهلوول (ئەمیر)، بە گوێرەی م. ئەمین زەکی ناوی سێ کەسایەتی کوردە.

1- ئەندامی بنەماڵەی سولێمانیەی میری چڵی میافارقین، کوری ئەلوەد بەگی شێخ ئەحمەدە. ماوەیەکی زۆر لە گەڵ ئەسکەندەر پاشا، والی دیاربەکر بووە، دواتر ماوەیەك بووەتە سەرکردەی قەڵای ئەسکەندەرییە ( نێوان حلە و بەغدا) ، دوای ئەوە، سولتان سولێمان شوێنێکی بەرزی پێدا لە میافارقین. پیاوێکی بەجەرگ و ئازا بوو، لە جەنگ لە گەڵ شاسوار بەگ کوژرا.

2- کوری ئەمیر جەمشیدی سەرۆکی هۆزی دونبلی بووە و لە تۆرۆس نیشتەجێ بووە، ساڵی 760 –1359 مردووە.

3- کوری ئەمیر فەرەیدوون، ئەویش سەرۆکی دونبلیەکان بووە. حاکمی تەبەرستان و تاجیکستان (؟) بووە. هاوسەردەمی شێخ حەیدەر سەفەوی بووە و یەکێك لە لایەنگیرە هەرە دلسۆزەکانی بوو لە مەیدانی جەنگدا. لە جەنگی نێوان حەیدەر و شێخ خەلیلی ئاق قۆینلوو Ak Kuyunlu ی ساڵی 1475–76 880 کوژرا.

هەروەها بەهلوول پاشایەکی دیکەش هەبووە کە حاکمێکی تورك بووەە و لە بایەزید تا ساڵی 1821– 1236. لەم مێژووە بە دواوە لێخراوەو چوار ساڵ دواتر مردووە. Wagner ( II, 297, sqq ) چەند لاپەرەیەکی بۆ ئەم کەسایەتیە تەرخانکردووە و زۆر بە چاکە باسی دەکات.

بیبلیۆگرافی:

- م.ئەمین زەکی، مشاهیر الکرد و الکردستان، بغداد، 1945.، M. Wagner, Reise nach Persien und dem Lande der Kurden, Leipzig, 1852.

سەرچاوە:

-Bahlul, In Encyclopidie de l'Islam ( Nouvelle édition), tom I, (A-B), Ed. G-P Maisonneuve, bril

# رەواندز*

رەواندز، رواندز، شارێکی کوردستانی عێراقە، ناوەندی قەزای لیوای هەولێرە، دەورووبەری 1940 ژمارەی دانیشتوانی نیزیکەی 7000 کەس بووە. کەوتۆتە نێوان هێلی پانی 37° –36° لە باکورەوە و هێل° 44 -° 33 درێژی لە رۆژهەلاتەوە. 915 م لە رووی زەریاوە بەرزە، کەوتۆتە سەرە رێگەیەك موسل و هەولێر لە رێگەی دەربەندی گەروو شینکە Garu Shinka ( 1830 م) بە مەهاباد– سابلاغ دەگەیەنێ. رێگەکە لە دەورانی ناوەراستدا تەنها لە لایەن یاقووتەوە وەسپکراوە کە رێگەکە لە نێوان موسل و سابلاغ بە حەوت قۆناغ ژمێردراوە.

## مێژوو:

رەواندز کەوتۆتە ناو چوار ریانی ئەو شوێنە رێگەیانەی کە هەم لە ناوەو هەم لە دەرەوەی کوردستاندا رێگەی هاتووچۆبووە و هەر سەردەمانیك شوێنەکەی گرینگی خۆی هەبووە. جێگەی تێبینیکردنە کە لە دەورانی شکۆی کلێسەی نەستووریەکاندا تەواوی ئەم ناوچەیە بە تایبەت لە سایەی نفوزی بارەگەی پایتەخت لە هەولێرەوە رۆلێکی گەورەی بینیووە. ئەوە بەسە ئەوە وەبیر بهێنینەوە (cf. Hoffmann, Auszuge کەوا ناوەکانی دەرە، هانیچە، شەقلاوە ( کە تێیدا یەکێك لەو دەستنووسانەی کە باوەکە شابۆ Chabot لێیکۆلیوەتەوە تێکستەکەی (Synodicon Orientale, Paris 1902 ) بنووسێتەوە، هەر بەو

---

* ئەم ووتارەی نیکیتین لە بارەی رواندوز لە بنەرەتدا یەکەمجار سالی 1936 لە Encyclopidie de l'Islam بلاوکرایەوە، دواتر لە چاپە تازەکانی ئەم دواییەی ئنسیکلۆپیدیای ئیسلامدا، رۆژهەلاتناس C.E. Bosworth هەمان ئەم ووتارەی نیکیتینی کورتکردۆتەوەو چەند سووکە دەسکاریەکیشی کردووە و هەر بە ناوی نیکیتین بلاکراوەتەوە و ناوی خۆیشی لە تەك ناوەکەی نیکیتین نووسیووە، ئەم گوتارەی ئێرە لە راستیدا لە رووی چاپە تازەکەوە کراوەبە کوردی.

بنکەی ژین www.zheen.org

هۆیەوە ژمارەیەك دێرە couvent لەم ناوچەیە بەرچاو دەكەون. بە شێوەیەكی تایبەتیش بە گوێرەی شارە كەشیشیەكەی مار هانیانیشوو؛ لە مەحالی برادۆست ( نابێ لە گەڵ برادۆستی كوردەكانی شكاكی سەرووی تەرگەوەر تێكەڵبكرێن، بنۆرە - بابەتی ورمێ- كە هەتا بەر لە جەنگ 1914-18 هێشتا چەند گرووپێكی مەسیحیەكانی لێبوو. بە گوێرەی نوختە خاڵی مێژووی كورد تایبەتیەكانی رەواندز زۆربەی جار لە گەڵ ئەوەی شارەزوور تێكەڵ بەیەكدەكرێن كە لە دەورانێكدا سەر بەو ناوچەیە بووە. مێژوونووسیی ئێرانی ئەحمەد كسرەوی تەبرێزی ( شهریاران گمنام، بەشی دووەم، رەوادیان، تاران 1929-1308 ) چەند ووردەكاریەك ( 125، 133-36) لە بارەی رەواندز لە سەردەمی ئەتابگیەكانی ئەحمەدیلی 501-624 / 1106-1227 ) بە دەستەوە دەدات كە دویەمینیان ژنێك بووە كە دواتر شووی بە جەلالەددینی خوارەزمی كردووە. مێژوویەكی ناوچەیی والیەكانی ئەردەلان كە ب. نیكیتین كورتەیەكی لێبلاوكردۆتەوە ( RMM, XLIX, 70 sqq) ئەویش برێك زانیاری بە كەڵك لە بارەی ئەو بنەماڵانە بە دەستەوە دەدات كە تا ساڵی 1834-1249 رەواندزیان بەرێوەبردووە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، یەكێك لە میرەكان، موحەمەدی كۆرە ( كوێر) ( نیمچە كوێر بووە) قەڵەمرۆی خۆی بەسەر هەموو هۆزە ناوچەییەكان گرتووەو لە ساڵی 1826 ەوە تا زێی بچووك و هەولێر دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندوون. پاشان، ساڵی 1833 قەڵەمرۆی تا ئامێدی و زاخۆ هەڵكشاوە و بە ناوی ئەلئەمیر مەنسوور مەحەمەد بەگ پارەی لێداوە، بەڵام دوای رووخاندنی ئەمارەتەكەی ساڵی 1836 و پەرپووەكردنی لە لایەن عوسمانیەكانەوە رەواندز دەبێتەوە شارێكی بازاری گرینگ.

لە ماوەی جەنگی گەورەدا، رێگەی رەواندز لە زستانی 1914-15 خەلیل بەگ لەم رێگەیەوە هێرشی بردە سەر ورمێ ( بە پێچەوانەی ئەوەی كە لە لایەن H. Grothe, Die Türken und ihr Gegner, Fraancfort sur M., 1915) پاشان لە تەمووزی 1916 سوپای رووس ( رەتلی Rybalcenko ) ئەو رێگەی گرتە بەر.

دوای ئاگر بەس و لە ماوەیەوە تا دیسامبەری 1925، ئەو دەمانەی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان Société des Nations لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە دەرچوو، ڕەواندز بنکەی هەوڵدانەکانی ئۆتۆنۆمیخوازی یا سەربەخۆخوازی بوو لە ژێر سەرکردایەتی شێخ مەحموودی بەرزەنجی کە ساڵی 1922 لە لیوای سلێمانیەوە " پادشایەتی کوردستان " ی ڕاگەیاند، هەر بە هەمان شێوە مانۆڕی تورکەکان بۆ هێشتنەوەی ناوچەکە لە ناو خاکی تورکیاوە، قایمقامێکیان بە ناوی عەلی شەفیق [148] دەستنیشانکرد. ساڵی 1923 لە ڕێگەی ئۆپێراسیۆنێکی هاوبەشی سوپای عێراق و هێزە مەسیحیە ئاسووریەکان کە لە ناوەخۆ سەربازگیرکرابوون بە قازانجی پاشانشینی عێراق وەرگیرایەوە؛ ئیدارەیەك بە سەرۆکایەتی سەید تەهای نەهری وەکوو قایمقام تێیدا دامەزرا. ساڵی 1925، کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان S.D.N ویلایەتی موسڵی بە ڕەواندزیشەوە بە عێراقەوە لکاند.

---

[148] لە تەمموزی ساڵی 1921 ەوە کەمالیەکان دەستیانکرد بە دروستکردنی کێشە لە ناوچە سنوورییەکانی ویلایەتی مووسڵ. لە 17 ی ئاداری 1922 حکومەتی ئەنقەرە ڕەمزی بەگ ناوێك کە یەکێك لە پیاوەکانی خۆیان بوو کرد بە قایمقامی ڕەواندز. هێندەی نەبرد هێزی دیکەی تورك بۆ سەندنەوەی ویلایەتی موسڵ هاتنە ناوچەکە. لە ناوەڕاستی حوزەیران کۆلۆنێل عەلی شەفیق ناسراو بە ئۆزدەمیر، عەسکەری لێهاتوو و سەرەڕۆ دەورێکی زۆری بینی لە تەنگەتاوکردنی هێزەکانی بریتانیا، چالاکیەکانی ئۆزدەمیر لە ناو هۆزە کوردیەکان هێندە پەرەی گرتبوو، تەنانەت گەیشتبووە شارێکی وەك کۆیە و ناوچەی خۆشناوەتی هەولێر. کەمالیستەکان بە ئاوازی هاوئایینی کوردی ئەم بەشەی کوردستانی باشووریان تەفرەدابوو و زۆربەی سەرۆکهۆزە کوردەکانیان بۆ خۆیان کڕیبوو. بە داخەوە شێخ مەحمودیش لە ڕێگەی ئەو هەموو سەرۆکهۆزە تورکخوازەی دەوریەوە کەوتە ناو گەمەی یارییەکانی موستەفا کەماڵ و بوون بە کاغەزی فشاری تورکیا لە ململانێی کەمالی و ئینگلیزدا و دواتریش دوای کۆتایی هاتنی یاری ململانێیەکە تەنها کورد بە دەستی بە تاڵ مایەوە، بۆ باسێکی بە داوێن لە بارەی چالاکییەکانی تورکیای کەمالی لەم ناوچەیە بگەڕێوە سەر: C. J. EDMONDS., Kurds, Turks and Arabs: Politics, Travel and research in North-eastern Iraq 1919-1925, London, Oxford University Press, 1957, pp. 244-262.

## زمان:

زمانی ئاخاوتن لەو ناوچەیە کوردیە، جگە لەو خەڵکە شارنشینە نەبێ کە لە ( هەولێر، ئالتوون کۆپری و کەرکووك هتد ) بە رەگەز تورکمانن. بە گوێرەی O. Man ( Die Mundart der Mukri Kurden, II, 205 ). دیالێکتی رەواندز بە شێوەیەکی بەرچاو هەمان دیالێکتی شەمدینانە، هەڵبەت ئی. ب، سۆن E. B.Soane لە گەڵ ئەم رایەدا نییە ( Kurdish grammar, Londers 1913 ) کتێبەکەی R.F. Jaardine, bahdinan kurmanji, a grammaar of the kurmanji of the Kurds of Mosul division and surrounding districts of Kurdistan, Londres 1922 ) زۆر بە تایبەتی تەرخانی ئەم دیالێکتە کراوە.

## بیبلیۆگرافی:

Uschnuje und die Stadt Urumije, Viennee, M. Bittner, Der Kurdengau 1895 ; M. Streck, Das Gebiet der heutigen Lanschaften… Kurdistaan, dans ZA, XV (1900) ; S.H. Longrigg, Four centuries of modern Iraq, Oxford 1925 ; Admiralty Handbooks. Iraq and the persian Gulf, Londres 1944, 548-50 et index ; Longrigg, Iraq 1900 to 1950, a political, social and economic history, Londerss 1953 ; B. Nikitine, Les kurdes, étude sociologique et historique, Paris 1956 ; C.J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, Londers 1957, هەروەها بنۆرە بابەتی کورد، کوردستان ( لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا)

سەرچاوە:

Rawandiz In Encyclopédie de l'Islam, 1994, 8, pp. 478-479 .

www.zheen.org

# دوا ووتە

خوێندەوارانی هێژا؛

ئێستە کە ئەم بەرگی یەکەمە تەواو بوو پێم خۆشە سرنجتان بۆ یەک دوو تێبینی چکۆلە رابکێشم. یەکەمیان ئەوەیە یەک دوو ووتاری وەرگێڕاوی ناو ئەو کۆمەڵەیە کاتی خۆی لە گۆواری هاڤیبوون لە بەرلین بڵاوکراونەتەوە؛ بەڵام وەک چۆن هەڵەی چاپیان زۆرە تکایە پشت بەم چاپە ببەستن. دووەمیان ئەوەیە کە لە وەرگێڕانی ئەم گووتارەدا ناوی کۆمەڵێکی زۆر شار، گوند، رووبار و ناوچەی جیاجیای کوردستان هاتووە، بۆیە دەشێ لە دووبارە نووسینەوەی ناوەکان هەڵە پەڵەی تێدا هەبێت، بە تایبەت لەو ناوە زۆر و زەوەندانەی تایبەتن بە کوردستانی باکوور. من زۆرم پێخۆشبوو کەسێکی شارەزا ناوەکانی بۆ راستبکردبوومایەوە، بەڵام داخەکەم کەسێکم وەگیر نەکەوت، بۆیە منەتباری هەرکەسێک دەبم دەستم بگرێ بۆ راستکردنەوەی ناوەکان بۆ چاپەکانی دواتر.

وەرگێڕ

بنكەی ژین
www.zheen.org

# ئەلبووم، پاشکۆ

# و

بنکەی ژین

# ئیندێکس

بنکەی ژین
www.zheen.org



1-مەلا سەعید قازی شەمدینانی ا دەستە راستدا

2-ئاغا پەترۆس ا دەستە چەپدا

ورمێ- 1918



حاجی میرزا ئاقاسی و خەسرەو خان خواجە لای چەپی میرزا ئەبو حەسەن خان



کوردەکانی شەمەدینان



میرزا عەلی ئەکبەر وەقایعی نیگاری کوردستانی اسایدق لەلمولکدا



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمانوڵلاخانی دووەم: غولام شاخان



کوشکی شێخەکانی نەهری



کەریم خانی هەرکی



سمایل خانی شکاک



سولێمان خان مەنسور ئەلمولک زەرزا

www.zheen.org



عەبدولسەلامی دووەم لە گەڵ پێشمەرگەکانی



سێ کورەکانی رەزا قولی خان.

BASILE NIKITINE
ANCIEN CONSUL DE RUSSIE EN PERSE, MEMBRE DE LA SOCIÉTÉ ASIATIQUE
ET DE LA SOCIÉTÉ D'ETHNOGRAPHIE DE PARIS
MEMBRE À VIE DE L'INSTITUT INTERNATIONAL D'ANTHROPOLOGIE
MEMBRE ADHÉRENT DE L'ACADÉMIE DIPLOMATIQUE INTERNATIONALE

# LES KURDES

## ÉTUDE SOCIOLOGIQUE ET HISTORIQUE

Ouvrage accompagné de 15 cartes et 12 planches

PRÉFACE DE M. LOUIS MASSIGNON
PROFESSEUR AU COLLÈGE DE FRANCE

بنکەی ژین
www.zheen.org

INV. 982
INSTITUT
D'ÉTUDES
IRANIENNES

PM
257
8

PARIS — 1956

IMPRIMERIE NATIONALE
LIBRAIRIE C. KLINCKSIECK

چاپی یەکەمی کتێبی: کوردەکان: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی
پاریس-19156

كتيبخانا هاوارى

هژمار

٧

# كورد مسئله‌سى

## بر اجنبى نقطه نظرندن

[ممتاز مستشرق موسيو بازيل نيكيتين‌ك ديكسيونر ديپلوماتيك‌ده كورد مسئله‌سى حقنده نشر اولنان مقاله‌سنك ترجمه‌سى] .

بنكەی ژین
www.zheen.org

ناشرى : حاجو آغا

شام

مطبعة الترقي

١٩٣٤

# ROCZNIK ORJENTALISTYCZNY

WYDAJE

POLSKIE TOWARZYSTWO ORJENTALISTYCZNE

Z ZASIŁKIEM

MINISTERSTWA W. R. i O. P.

بنکەی ژین
www.zheen.org

TOM VIII

(1931—1932)

بەرگی ئەو گۆوارەی "ستایشیکی کوردیی سوننیزم" ی تیدابلاوکراوەتەوە

LWÓW — 1934

BC 1.

Nikitine

Souvenirs

لاپەرەی یەکەمی دەستنووسی بیرەوەرییەکانی بازیل نیکیتین بە فەرەنسی

sie

... Activité administrative. Activité
udiciaire. Notariat et commerce. Rôle politique

rchives du Consulat. Orientalistes en Orient

onctions protocolaires. Arrivée de M.Korostovets
orps consulaire. Vie de société.Distractions.
hasse.

e pays du Guilan. Paysage.Vie paysanne.Tournées
ans le district consulaire.Travaux d'orientalisme

volution de la Perse au cours du XIX° s.

pinion publique russe à l'égard de la Perse

épart de Recht en congé.

ie. LA PERSE NEUTRE EN TEMPS DE GUERRE.

nitiation aux problèmes de l'Azerbaïdjan.Délimi-
ation de la frontière persano-turque. Tiflis.
ffensive russe

ntre Tauris et Ourmiah. Arrivée à Tauris.
omination à Ourmiah.

بنکەی ژین
www.zheen.org

DONS
N° 35358
IN
SNOB

236

de l'Anglo-Persian Oil C° remplacé par un autre plus avantageux pour la Perse. Quelles que soient, d'ailleurs, les intentions soviétiques et anglaises à l'égard de l'Iran, elles se heurteront certainement à une opposition patriotique efficace. Si la Perse de 1921, au déclin des Kadjars, a pu résister à l'emprise anglaise, celle de 1941, avec toute une nouvelle génération formée dans les écoles de l'Occident, saura faire face à toute tentative dirigée contre l'indépendance du pays. - "Zendé bad esteklal-é Iran !" (I) -

Septembre 1941,

PARIS.

(I) "Vive l'indépendance de l'Iran".

بنکەی ژین
www.zheen.org

دوا لاپەڕەی بیرەوەریەکانی بازیل نیکیتین بە فرەنسی

# ئیندێکسی ناو و شوێنەکان

## ئیندێکسی ناوەکان*

(ئا)

ئەفشار: 32

ئیسماعیل چۆل: 34

ئەبووبەکر ( خەلیفە): 43

ئەمیری حەسەنپوور: 11

ئەنوەر پاشا: 171

ئەحمەد جەودەت پاشا: 62

ئەبو موسلێم مەروزی: 75

ئازاد خانی ئەفغانی: 91، 93-،

ئەمانوڵلاخان: 97، 98، 105، 106

ئەمانوڵلاخانی دووەم: 104

ئەمانوڵلاخانی گەورە: 87

ئەمیر کبیر تقی خان: 104

ئەڵلا قولی خان زەنگەنە: 94

ئەلقاس میرزا: 77

ئەهلی هەق: 128

ئەفلاتون: 133

(ب)

بەسات بەگ: 78

بنکەی ژین
www.zheen.org

* بە داخەوە لەبەر زۆری ناوی کەس و شوێنەکان نەتوانراوە هەموویان لەم ئیندێکسەدا تۆماربکەین و برێکجار لە هێندێک جێگەدا چاومان لە زۆر ناو قوچاندووە کە هێندە گرینگ نەبوونە، کە ئەگەر وامان نەکردبووایە جێگەیەکی زۆری لێدەگرتین.

بەهلوول: 36 ، 229
بەدرخانی : 37
بارزان ( شێخەکان): 39
بارزان (هۆز): 163
بجێل (شێخەکانی): 162، 167
باپیر ئاغای مەنگور: 21
برادۆستی ( هۆز): 50
بەلیلەوەند (ئێل): 72
بوورەکەیی (ئێل(: 72
بەهرەم میرزا: 77
بارۆ هالۆ:60
بەگە بەگ: 76
باب (سەید عەلی موحەمەدی شیرازی): 217
باڵەك (هۆز):51 ، 219
بلباس (هۆز) 80 ، 217
بلەچ شێرکۆ (دکتۆر) :214

(پ)

پەرپێشە: 72

(ت)

تۆمابووا: 15
تەتۆ: 30
تەیموورخان: 78
تەیموورخانی ئاجەرلوویی: 84
تەهماسب (شا): 77
تەمەرتووزە (ئێل): 73

(ج)



بنكەی ژین
www.zheen.org

جەنگیزخان: 75
جواد مەلا: 30
جەودەت بەگ: 62
جەلادەت بەدرخان: 213، 215، 216
جەلالەدین خوارەزمی: 231

(ح)

حاجۆ ( ناشن): ، 33 ، 215
حوسێن بەگی داسنی: 76
حەسەن عەلی خان گەرۆسی: 74
حاجی میرزا ئەقاسی: 102–103
حوسێن پاشا: 77
حوسێن عەلیخان :86
حەسەن عەلی خان: 85، 90، 91، 96–98
حوسێن حوزنی موکریانی: 135
حاجی مەلا وێردی خان: 90
حوسنی ئەفەندی: 58
حەسەن سولتانی: 105
حوسنی جیهان خانم (والیە خانم): 98

بنکەی ژین
www.zheen.org

(خ)

خان عەلیخان: 80–83، 85و 86، 105
خانە پاشای بابان: 87
خالدیەکان: 29
خالیدی حسامی (هێدی): 16
خەسرەخانی گەورە: 92–96، 101
خەلیل بەگ: 131
خەسرەو خواجە: 103

خۆشناو (هۆز): 51
خۆیبوون: 214

(د)

دۆراجی (ئێل): 73

(ر)

ڕێکانی (هۆز): 50
ڕیا تازە (ڕۆژنامە): 36
ڕەزاقولیخان: 102–104
رابینۆ: 68

(ز)

زێباری ( هۆز): 40، 42، 45، 49،50 ، 163، 164، 174
زەبیحی: 16
زیادئۆغلو: 85
زەینەلخان شاملو: 82
زاهیر بەگ:89
زەینەلعابدین: 103

(ژ)

ژابا: 14، 120

(س)

سەید تەهای شەمدینانی: 40، 41
سادیق بەگ: 177
سەید تەهای دووەم: 12، ، 50،58، 119 ، 163، 232
سەعید خان( دکتۆر): 14
سمکۆ: 22، 60 ، 218، 219
سۆتۆ: 30
سپیگێل: 134

بنكەی ژین
www.zheen.org

سالْح زەکی پاشا: 46
سەفوەت بەگ: 52، 53،57،59
سولتان عەبدولحەمید: ، 51، 59
سەلیم پەشاک 91
سورچی (هۆز):51 ، 163
سۆفی عەبدوللا بەگ: 61
سەید عەبدوللای شەمدینانی :65
سەگوەر (ئێل):73
سورخاب بەگ: 76 ، 77، 78، 81، 84
سوبحان وێردی خان:87-90، 97
سلێمان پاشای بابان: 84، 93، 94
سولتان سلێمان: 77
سولتان ئەحمەد: 217
سولتان مورادی چوارەم: 82
سولتان رەشاد: 171
سیڤەر (پەیماننامە): 214
سورەیا بەدرخانی: 213-216

(ش)

شێخ بابا: 23
شێخ عوبەیدوللا: 31، 41، 42، 44، 49، 58 ، 117، 119 ، 165، 175
شێروانی (هۆز): 42، 45، 48، 50
شێخ سەعید: 38
شێخ سالْح: 21
شێخ عەبدولقادر: 41، 58 ، 163
شێخ عەبدولسەلامی یەکەم: 42، 43 ، 166
شێخ عەبدولسەلامی دووەم: 49، ، 50-53، 58،59، 61

بنکەی ژین
www.zheen.org

شا سمایلی سەفەوی: 76 ، 78 ، 217

شێخ ئەحمەد بارزانی: 43

شا تەهماسب: 76 ،

شێخ محەمەد صدیق: 12، 49، 50 ، 167

شێخ محەمەد بارزانی:16، 43، 44، 45، 46، 47، 48، 49 ، 165-167

شێخ عەبدولقادر گەیلانی: 42، 63 ، 118 ، 126، 163، 164، 174

شێخ تەها: 58، 59، 60

شەوقی ئەفەندی: 49

شامیل داغستانی: 53

شێخ حەیدەر: 63 ، 119

شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی: 65 ، 164، 167

شێخ ماریفی نۆدەیی:65

شێخ ئیسماعیلی (ئێل): 73

شێخ ئەبووبەکر: 119

شا عەباس: 80، 81، 83 ، 218

شا وێردی خان: 79، 83

شمیدت. ئا.ئی: 123

شێخ رەزای تاڵەبانی: 176

شێخ هادی: 179

شێخ نەبی: 173

شکاك: 219

شێروانی (هۆز) : 166

شێخ مەحموود بەرزەنجی: 232

(ع)

علیمحمد فرەوشی: 25

عەبدوڵڵا مەردوخ: 11


بنکەی ژین
www.zheen.org

عەلی خان:21
عەبدولعەزیز ئاغا:56
عومەر خەیام: 57
عەبدولرەزاق بەگ:59
عەبدولرەحمان بەگ (ئیل):72
عەلی ئەکبەر خان سادیقولمولوك:74
عەزیزخان: 105
عەزیز بەگ : 219
عوسمان پاشا: 78
عومەربەگی کەڵهوری: 79
عەلی بابا (جلودار): 80
عادیله خان: 89
عەلی خانی ئەردەلانی: 90
عەلی مەردان خان: 91
عەلی قولی بەگ :86، 90
عەباس قولی خان: 86
عەلی بەگی داسنی: 179
عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر): 232

(ف)

فەقێ عەبدولرەحمان: 48
فازیل پاشا(والی موسل): 51-57
فەرهاد میرزا موعتەمەد ئەلدەولە: 106
فەیزوڵلا بەگ : 218
فەتح عەلیشا: 218

(ق)

قاسم: 43

بنکەی ژین
www.zheen.org

قزلجی: 16

قازی فەتاحی سابلاغی:54

قاسم سولتان هەورامی: 85

قولیخان: 87

(ك)

كۆمەلەی گەلان: 39

كەمال مەزهەر ئەحمەد: 25 ، 215، 216

كریستۆف : 34

كاترینی دووەم: 18

كۆویك (ئێل): 73

كەشكی (ئێل): 73

كلاوكەر (ئێل): 73

كێوەكێش (ئێل): 73

كەریم خانی زەند: 90–94،

(گ)

گەردی (هۆز):42، 45، 50 ، 166

گەڵباغی (ئێل): 73

گورگەیی (ئێل): 73

گۆردۆن پاشا: 55

(ل)

لیروی. ه: 19

لاله (ئێل):73

(م)

مامەش (هۆز): 51

مەلا عەبدوللا: 40

مەلا عەبدولرەحمان: 40، 41

بنكەی ژین
www.zheen.org

مەلا ئەحمەد فەقێ ئاکرەیی: 50
مەلا صدیقی خاتوونە: 44
مریم خانم: 49
مزووری ( هۆز): 42، 45، 48، 49، 50 ، 166
مەلا مستەفای بارزانی: 43
مەلا پیریزێ: 45 ، 167
مەلا مستەفای عادیلی: 45
مەلا محەمەد مزووری: 45
مەلا مارف پیران: 45
مەلا سەعید شەمدینانی: 12، 13، 14، 15، 16، 21، 30. 161، 165، 167، 169، 170، 172، 175، 186، 188
مەلا مەحموودی بایەزیدی: 14
مەکەنزی: 15
محێ چیچۆ: 48، 61
مار شەمعون: 22، 23، 52 ، 219
میرخانی یەکدەست: 218
میرزا کوچك خان: 25
میر محەمەدی شەمدینانی: 218
مێجەر سۆن: 30
مەکتەبی بیرو هۆشیاریی: 32
موستەفا کەمال: 38 ، 232
مەولانا خالید: 39، 65، 67 ، 119 ، 164
مەلا سالْح: 63 ، 163
مەلا محەمەدی باڵەك: 65
مەحموود جوبرایلی(ئێل): 73
مەنمی (ئێل): 73

بنکەی ژین
www.zheen.org

مینۆرسکی: 69 ، 89، 109، 117 ، 126، 128

مەلا ئەحمەد: 62

مەستوورەی کوردستانی: 74

موزەفەرەدین پاشا: 74

مونزیری کوری بەهلوول: 76

مەئموون بەگ: 76

میر سەیفەدینی سۆران: 76

مەلا حاجی : 119 ، 163

محەمەد پاشای بابان: 100

مەحموود پاشای بابان: 101

میرزا ئەحمەد خان: 97

محەمەد حەسەن خانی قاجار: 92، 93، 96

مێجەر سۆن: 123، 188، 228، 233

محەمەد بەگ: 77، 78

ماسینۆن: 126، 189

مار.ن (پرۆفیسۆر): 134، 143

مەجد ئەلسەلتەنە: 130

محەمەد پاشای کۆرە: 231

محەمەد خانی گورجی: 83، 85

موکری (هۆز): 80، 96

مەئموون بەگی دووەم: 77

(ن)

نەقشبەندی ( تەریقە): 39، 40، 119 ، 126، 163

نەهری ( شێخەکان): 39، 40 ، 227

نیکیتین: 9–18، 20–28، 30، 33، 35، 38، 40، 70، 74 ، 107 ، 140، 188، 224، 230 ، 231

بنكەی ژین
www.zheen.org

ناسرەدین شا:74 ، 104، 105
نەستوورییەکان:
نادر شا: 88–91 ، 176

(ﻫ)

هەرکی(هۆز): 12،
هێمن: 16
هەڵکەوت حەکیم: 35
هەژار: 16
هێرۆدۆت: 110
هەلۆخان : 79

(ی)

یاس (کۆلۆنێل): 20
یوسف زەنگەنە: 30

بنکەی ژین
www.zheen.org

*ئیندێکسی شوێنە جوگرافیەکان.*

( ئا )

ئامێدی: 45، 50، 56، 75 ، 78 ، 163، 177، 223

ئێران: 19، 25، 26

ئاکرێ: 43، ، 46، 51، 57، 63 ، 118، 120 ، 172،

ئەسفەهان: 19 ، 84–86، 92، 94، 96

ئۆرەمار: 37 ، 108، 116 ، 135، 161، 221–224، 227، 228

ئیتالیا: 18

ئەستەموول: 56 ، 77، 89

ئەسفەند ئاباد: 70، 72، 73 ، 82 ، 102

ئێلاق: 71

ئەمیر ئاباد: 71

ئازەربایجان:20، 93، 97، 105، 119 ، 165

ئالتوون کۆپری: 233

بنکەی ژین
www.zheen.org

(ب)

بالکان: 19

بەرازگیر (دەشت): 50

باکۆ: 26

باتۆم: 26

بارزان (گوند): 40، 41، 43، 44، 48، 49، 52، 53، 56، 58–61 ، 263

بیراکەبران: 40

بەغدا: 42، 76، ، 81، 82، 91 ، 164، 218

بەرسیان: 42

بجێل: 163

بێتواتە: 51

بێڵەوار: 91
بولگارستان: 18
برادۆست: 36، 60 ، 217، 218، 231
بانە: 70
بابسیڤا: 52–56
باڵەك: 51
بەسرە: 57

(پ)

پاریس: 9، 24–27، 37 ، 178، 189، 213، 214
پۆلەندا: 13
پیترەسبوورگ (زانکۆ): 18
پڵنگان: 71، 76 ، 83
پاوە: 71

(ت)

تفلیس: 22، 59 ، 97
تەورێز: 20
تورکیا: 19، 61 ، 89 ، 161، 162، 169، 214 ،232
تریپۆلی: 48
تۆرۆس: 59 ، 78 ، 217، 229
تیاری:52
تخوب: 52
تیلەکۆ: 70
*تاران: 90، 104، 106*
*تەرگەوەر:217، 128، 227*

*(ج)*

*جۆرجیا: 17*

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەلفا ( ئەسفەهان): 18

جەزیرە: 59 ، 213

جیلوە داغ: 222

جوانرۆ: 71

(چ)

چەمریق: 60 ، 217

چاڵدێران: 217

(ح)

حەسەن ئاوا: 71

حوسێن ئاوا: 72

حجاز: 44

حەسەن ئاباد (قەڵا): 83

حەلەب: 89

(خ)

خۆی: 21، 22

خوورخورە: 70 ، 79

خوراسان: 106

خانەقین: 79

(د)

دەریای رەش: 17

دەجلە (رووبار): 48

دیمەشق: 67

دەلهی: 65

دیاربەکر:76 ، 89، 114 ، 218

داوران: 76

داغستان: 56

بنکەی ژین
www.zheen.org

دیمانێ سوفلا: 63 ، 119 ، 163

دینەوەر: 79

دمدم (قەلا): 218

(ز)

زەلم: 75 ، 77، 83 ،

زەهاو: 94

(ر)

رەشت: 19، 20، 25

رووسیا: 59

رواندز: 37، 46، 49، 51 ، 60، 75 ، 100، 108، 120 ، 163، 173، 217، 219،
222، 230–232

راژان: 58–61

(س)

سان پێترەسبوورگ: 19

سابلاغ: 20، 21، 74، 80، 99 ، 230

سەقز: 75 ، 78، 84

سۆمای: ، 60 ، 113 ، 217

ستوون: 63

سەروای هەوی: 71

سلێمانی:57، 65 ، 82، 84، 94، 101، 102، 105 ، 164، 174، 232

سارالّ: 71

سنە: 74–76 ، 82، 84، 86، 87، 89–94، 101، 102، 104–106

سولتانیە: 93، 104

سەنگەر: 79

سووریا: 164، 213، 214

سەعد ئاباد: 78

بنکەی ژین
www.zheen.org

(ش)

شەمدینان: 13، 33، 63 ، 108، 113–120 ، 127، 161، 169، 174، 217، 222، 233

شام: 33، 43، 45 ، 213، 215، 216

شارەزوور: 65، 75 ، 77، 78، 82، 83، 89، 99، 106

شێروان: 217

شەمێران: 76

شنۆ: 51، 60 ، 108، 113 ، 217، 219

شیراز: 94

شارباژێر: 75 ، 78، 83

(ع)

عەسکەر ئاوا: 23

عەلی شوکر: 76

(ف)

فرەنسا: 18

بنكەی ژین
www.zheen.org

(ق)

قەوقاز: 17، 18 ، 141، 142، 171

قرم: 17

قەزوین: 24، 25

قەرەداغ: 76 ، 78

قەرەتەوەرە: 71

قەسری شیرین: 79

قاهیرە: 214

قەندیل: 217

(ك)

کۆنستانتینۆپل: 17، 18، 43، ،47 ، 52، 53، 56–58، 67 ، 77 ، 128، 166، 213، 214

کرماشان: 21 ، 79، 81، 91، 94، 95

کۆیه: 51، 75، 76 ، 78، 81 ، 173، 232

کەرەفتوو: 70

کورەوز: 71

کەلاتیٚ ئەرزان: 71

کەمکەم: 77

کەرکووك: 81، 82، 253

کێلەشین: 11 ، 185، 217

(گ)

گیلان: 25

گولعەنبەر: 76

گەورۆس: 79، 104، 105

گاباران: 222

گیرەبۆتیٚ: 221

(ل)

لانگزۆ (کتێبخانە) : 25، 27، 34

لۆزان (سویسرە): 17

لازەریف (ئەنستیتۆ): 18، 19

لاجان: 99

لورستان: 86

(م)

مەریوان: 70 ، 77، 78، 84، 87، 106

مەراغە: 57

مەرگەوەر: 58، 60 ، 108، 113، 116

میلێن: 63 ، 263

بنکەی ژین
www.zheen.org

موسڵ: 13، 16، 28، 30، 39، 40، 45، 51، 52، 57، 59، 61، 65 . 81-83، 89،
110، 11، 119 ، 126، 161، 163، 167، 230، 232

میونیخ: 215

مێرگەسوور: 46،42

مۆسکۆ: 17، 18 ، 242

مەکتەلە: 213

مەریوان( قەڵا): 83

میفایقین: 219، 229

ماری ماموو: 135، 225، 227

(ن)

نەهری: 12، 13، 49، 63، 65 ، 108-110، 116، 117 ، 161-163

نەوسوود: ، 71، 76 ، 105

نۆڤۆریسک: 58

(و)

ورمێ: 14-16، 20-28،24، 32، 39، 57-59 ، 81، 88، 107، 108، 121 ، 128،
130، 186، 231، 232

وارشۆ: 17، 20

وەلاش: 51

(هـ)

هەرامان: 128

هەورامان تەخت: 71

هەرامانی لهۆن: 71 ، 105

هەوەتوو: 71

هەکاری: 63 ، 108، 110، 114، 118، 119، 120 ، 221، 222

هەرین: 75

هەولێر: 76 ، 230، 232، 233

بنکەی ژین
www.zheen.org

مێرێ (چیا): 52
هومارۆو: 108، 111، 116، 119، 163
هاوران: 76
هەولێر: 120
هەمەدان: 84، 87، 88، 105
هەریر: 78، 81

(ی)

یەمەنستان: 48

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرهەمەکانی دیکەی وەرگێڕ:

1-*کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی-فارسی 1639 1847* ، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، 2000.

2-*ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم 1991- 1921*، وەرگێران لە فەرەنسییەوە، بنکەی هاڤیبوون، ئەلمانیا، 2002.

3-ژان- پۆل سارتر: *مێشەکان* ( شانۆنامە). وەرگێران لە فەرەنسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کوردستان، 2002.

4- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا 1879-1882، بەرگی یەکەم، وەرگێران لە فەرەنسییەوە، کوردستان، 2004،

بەرهەمی ئامادە بۆ چاپ:

5- *کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فەرەنسی لە بەغدا ساڵی 1919*. بەرگی یەکەم، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.

6- کوردەکانی فارس و هێرشی عوسمانی، نووسینی گیلان، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە.

7-*ئەلیکساندەر .شۆدزکۆ: چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی لە بارەی زمانی کوردی ( دیالێکتی سلێمانی)، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.*

8- *ک.س.پ، فیمان-گرێنڤیل: ڕۆژ ژمێرەکانی کۆچی و زایینی ( 622-2222 ز ( 1-1650 ك)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە.*

9- *ڤ.مینۆرسکی: بنچینەی کورد، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.*

10- *ڤ.مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەهلی حەق، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.*

کاری بەردەست:

11- *نامەکانی مارێشال مۆلتکە لە بارەی کوردستانەوە 1838*، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.

12- *بیبلیۆگرافیای کوردناسی ( ئینگلیزی- فەرەنسی).*

13- *کتێبی ئێزیدییەکان و بیبلیۆگرافیای ئێزیدیزم، وەرگێران لە فەرەنسییەوە.*

14- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا 1881، ( بەرگی دووەم)، وەرگێران لە فەرەنسییەوە،

بنكەى ژين
www.zheen.org

*Collections bibliotègue kurdologie*
**(1)**

# BASILE NIKITINE
# ET
# KURDOLOGIE

**( Recueil d'articles)**

*Tom I*

بنكەی ژین
www.zheen.org

*Traduit du français en kurde,*
*présenté et annoté*

*par:*

**Najat ABDULLA**

**Kurdistan - 2004**